سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
دوو مانگ جارێک دەریدەکات


# ئایندەناسی


گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژی دەدات

ژمارە (١١) کانوونی دووەمی ٢٠٢٢، ساڵی دووەم


- کوردستان لە سایەی جەنگێکی ڕانەگەیەنراوی ئاویدا
- کوردستان لەبەردەم هەڕەشەی هاوسێکان و بێباکی هەرێمدا
- دۆخی ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان
- قەیرانی ئاو و گۆڕانی کەش و هەوای عێراق، هۆکاری کۆچ و ناکۆکی نێوخۆیی
- براندسازیی نەتەوەیی: چەمکەکان، بنەماکان و ڕێکارەکان
- گۆڕانی کەش لە کوردستان:  ئاڵنگاری و ڕووبەڕووبوونەوە
- چۆن کەمئاویی بووەتە هۆکاری بەرپابوونی جەنگەکان؟
- پرسی ئاو؛ کلیل لە بەغدا و کێشە لە هەرێم
- تیۆری سڵپێکردنەوە



# ئایندەناسی

CFS
Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژی دەدات
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات

ژمارە (١١) کانوونی دووەمی ٢٠٢٢، ساڵی دووەم

خاوەنی ئیمتیاز: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

سەرنووسەر: د. هەردی مەهدی میکە

بەڕێوەبەری نووسین
ئەژی ئازاد ئەبوبەکر

بەڕێوەبەری کاروباری هونەری
عەدنان ئەحمەد

بۆردی ڕاوێژ
د. یوسف گۆران
د. ئومێد رفیق فتاح
د. عابد خالد رسول

دیـــزایـــن: شـێـرکـۆ خـانـزادی

هەڵـەبـڕ: بـاخـان ئـەحـمـەد



شوێن:
عێراق: هەرێمی کوردستان. سلێمانی
Address: Iraq, Kurdistan, Slemani
Tel: (+964) 0773 836 3758 - (+964) 0751 833 9135

ناونیشانی ئەلیکترۆنی:
www.centerfs.org
Facebook: Center.of.Future.Studies
Instagram: centerfs
Email: info@centerfs.org

# ئایندەناسی

ئایندەناسی؛ گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژیی دەدات و سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات. دوومانگ جارێک دەردەچێت، ئامانجی گرنگی دانە بە لێکۆڵینەوەکانی ستراتیژی و ئاییندەیی بە تەوەرێتی و گرنگیدانی بە کوردستان و هەرێمایەتی و دۆخی نێودەوڵەتی پەیوەست بە ناوچەکەوە بە ئامانجی تێگەیشتن لە ئێستا و ئایندەی وەرچەرخانە جیهانیی و هەرێمییەکان و کاریگەرییان لەسەر کوردستان، بواری توێژینەوەی بریتی دەبێت لە سیاسەتڕێژی کورتمەودا و دورمەودای کوردستانی، شرۆڤەی سیاسەتی وڵاتانی هەرێمایەتی، توانای ئێستا و ئاییندەیی سەربازیی و سیاسیی وڵاتان، هەل و هەڕەشەکان، توانا و نەرمەهێز و سەختەهێزی هەرێم و هەرێمایەتی، ئاستەنگ و هۆکار و ڕێکارەکانی بە دامەزراوەییکردنی دەزگاکانی سیاسەت، یاسادانان، میریی و توانا بەرگرییەکان...تاد. مەرجیشە هەر بابەتێکی بڵاوکراوە لە خۆگرییگریمانە و سیناریۆی ئاییندەیی و گریمانەیی بێت ئەمەش لەپێناو هاوکارییکردنی سیاسەتڕێژیی و شرۆڤەی دۆخی ئێستا و هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لەوەی ڕوویداوە و ڕوودەدات.

میتۆدی کارپێکراوی توێژینەوەکان بریتی دەبێت لە بەکارهێنانی میتۆدەکانی چەند پسپۆڕێتی (Multidisciplinary) و نێوپسپۆڕیی (Interdisciplinary)، بە سوودوەرگرتن لە زانست و لێکۆڵینەوە هاوچەرخەکان، لە ڕێگەی بە پشتبەستن بە زانیاریی و ئاماری نوێی ناوچەیی و جیهانی و دەوڵەمەند بە گرافیک و چارت ئامارییی.

هەوڵدەدرێت هەر ژمارەیەکی ئایندەناسی لە خۆگری توێژینەوە، وەرگێڕان، شرۆڤە و ڕاپۆرتی ئاماریی و گریمانەسازیی بۆ وەرچەرخان و گەشەکردنەکانی کەرتەجیاوازەکانی حکومەتداری و کۆمەڵگە، چاوپێکەوتنی پسپۆڕ و خاوەن بۆچوونەکان، بێت.



کوردستان لە سایەی جەنگێکی ڕانەگەیەنراوی ئاویدا (ئیلیسو بە نموونە)...7-6




کوردستان لەبەردەم هەڕەشەی سیاسەتی ئاوی دەوڵەتانی دراوسێ و بێباکیی حکومەتی هەرێمدا...31-10



دۆخی ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان 45-32...




گۆڕانی کەش لە کوردستان: ئاڵنگاری و ڕووبەڕووبوونەوە 57-46...



براندسازیی نەتەوەیی: چەمکەکان، بنەماکان و ڕێکارەکان 69-58...


قەیرانی ئاو و گۆڕانی کەش و هەوای عێراق، هۆکاری کۆچ و ناکۆکی نێوخۆیی 83-72...


چۆن کەمئاویی بووەتە هۆکاری بەرپابوونی جەنگەکان؟ 93-84...



هایدرۆپۆلەتیکی گەنجینە ئاوهەڵگرە سنووربڕەکان؛ بەرەو هاوکاریی کردەیی 119-94...


پرسی ئاو؛ کلیل لە بەغدا و کێشە لە هەرێم 135-122...



دوژمنسازی، یاخود چۆن بە ویژدانێکی ئاسوودەوە بکوژیت؟ 141-138...


تیۆری سلێپکردنەوە (نظرية الردع - Deterrence theory) 145-144...



هەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی 149-146...

سەروتار

# کوردستان لە سایەی جەنگێکی ڕانەگەیەنراوی ئاویدا

## (ئیلیسو بە نموونە)



د. هەردی مەهدی میکە

جیا لە کێشە ئاسایشی، سیاسی و مەزهەبییەکانیان، کێشەی سیاسەت و چۆنێتیی بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکانیشیان لە پەرەسەندندایە. دواجار سەرەڕای ناڕەزاییە ژێرلێوییەکانی تاران و بەغدا، ئەنکەرە کاری خۆی تەواو کرد و کۆتاییەکانی ساڵی ڕابردوو بەنداوی ئیلیسوی لەسەر خاکی باکووری کوردستان خستە گەڕ. گەرچی سەرچاوە ئاوییەکانی و بەنداو و ڕێڕەوەکانی ئەم کێشەیە لە خاکی کوردستانەوە (تورکیا) دەست پێ دەکات و هەر بە خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (ئێران) و باشووری کوردستاندا (عێراق) تێدەپەڕێت و یەکەمین بەرکەوتە و زۆرترینی شوێنەوارە نەرێنییەکانی لەم خاکە بێدەوڵەتەدا جێ دەهێڵێت، دیارە لەم دۆسێیەدا ئەوەی بێدەنگترین بێت؛ هەرێم و هێزە کوردستانییەکانی ئەو پارچانەی دیکەن. وەک دەریشدەکەوێت، یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکان و داینەمۆی پێکدادانی هەرێمایەتیی ئایندەیی وڵاتانی ناوچەکە، شێوازی بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکانە، هاوتای ئەو ململانێ باوەی کە لە ڕابردوودا لەسەر سەرچاوەکانی دیکەی وزە بوو. ئەم هەنگاوەی تورکیا لە سیاسەتی ئاویدا، دوور نییە بیکاتە هێزی تاقانە و پۆلیسی نوێی هەرێمایەتی و ئاراستەکاری جڵەوی وڵاتانی ناوچەکە.

تورکیا لە ساڵی ١٩٩٢دا، بە خستنەگەڕی پرۆژەی بەنداوی ئەتاتورک لەسەر ڕووباری فوڕات، کە تواناکەی بەتەنها بەرامبەر ٦٥٠ بەنداوی ئێرانییە، بووە هۆی پیسبوونی ژینگە و زیادبوونی خۆڵبارین و تۆز و غوبارێکی بێوێنە لە ئێراندا و دیاردەی بەبیابانبوونی لە هەندێ ناوچەی عێراقیشدا کردە خەڵاتی دانیشتووانەکەی. ئێستاش وا بەنداوی ئیلیسوی لەسەر ڕووباری دیجلە کردەوە و نزیکەی ٦٠٪ی ئاوی ڕووبارەکە کەم دەکات.

بێدەنگیی کورد ڕەنگە لەبەر بێکیانی و لاوازی و ناهاوتایی باڵانسی هێزی بێت لەگەڵ دراوسێکانیدا، بەڵام بێتوانایی و نیمچەبێدەنگیی تاران و بەغدا مایەی سەرسوڕمانی شارەزایان و خەمخۆرانی ژینگە و خەڵکی ئەو دوو وڵاتەن لە ئاست ئەنکەرەدا و کە لە بەنێودەوڵەتیکردنی ئەو پرسەدا و بە دادگا گەیاندنی تورکیادا حکومەتەکانیان کەمتەرخەمییان نواند. لە کاتێکدا ئاوی دیجلە و فوڕات لە ڕووی یاسا نێودەوڵەتییەکانەوە بە ئاوە هەرێمییەکان هەژمار دەکرێن نەک ئاوی دەوڵەتی، بەو پێیەی ڕێڕەوەکەی بە دوو وڵات زیاتردا تێدەپەڕێت بە ئاوێکی هەرێمی دادەنرێت و دەکرێت دەزگا و ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کاریگەری هەر لە سەرەتاوە لەسەر بهێنرایەتە دەنگ. ئەمە نەک ئێستا، دەبوو هەر ئانی ئەندازەگیری و پلانە سەرەتاییەکانی ڕاگەیاندنی پرۆژەکەدا لەلایەن تورکیاوە بکرایە، کە نەکرا و ئەویش کاری خۆی کرد و چیتر نەیارانی دەبێت وەک واقیع لەسەر مێزی دانوستاندن لێدوانی لەسەر بدەن.

ئیلیسو بۆ کوردستان و ناوچەکە چیی لێ دەکەوێتەوە؟

بەنداوی ئیلیسو (Ilisu Baraji) لەسەر ناوچەکانی دارگچیتی سەر بە پارێزگای ماردینی باکووری کوردستان (تورکیا) دروست کرا و ساڵی دەستپێکی گلدانەوەی ئاوی دەگەڕێتەوە بۆ ٢٠١٨ و ساڵی تەواوبوونی یەکجاریی

پرۆژەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ٢٠٢١/١١/٨ و توانای گلدانەوەی دە ملیار و شەش سەد ملیۆن (١٠،٦٠٠،٠٠٠،٠٠٠) مەتر چوارگۆشە ئاوی هەیە. ئەم بەنداوە لەسەر ڕووباری دیجلە ساز کراوە و نزیکەی ٦٠٪ی ئاوی دیجلە (کۆڵەکەی ژیان و شارستانیەتی عێراق) بۆ عێراق کەم دەکاتەوە و هەر بەو ئاراستەیەش لەبەر ئەوەی بە درێژایی ڕەوتەکەی دەبێتە هۆی لاوازکردنی دیجلە، دەبێتە هۆی وشکبوونی حەوزی هۆری مەزن (هور العظيم)ی ئێران و وشکبوون و بەبیابانبوونی ئەو هەرێمە بەرفراوانەی لێ دەکەوێتەوە و زیانەکەی بەر دانیشتووانی هەریەک پارێزگاکانی ئەحواز (خوزستان)، عیلام، بوشەهر و بویرئەحمەد دەکەوێت. لەوێشدا دیسان هەر ناوچە کوردستانییەکان و عەرەبییەکان کە پێکهاتەی فەرامۆشکراوی دەوڵەتی ناوەندین، زیانباری سەرەکین. بۆ کوردستان وەک خاک و شوناس و مێژوو، زیانەکانی چەند بەرامبەرن، هەم لە ڕووی مێژووییەوە شوێنەواری شارستانیەتی هەزاران ساڵەی حەسەنکێفی مێژوویی هەڵدەگێڕێتەوە کە ناوچەی سەرەکیی بونیادنانی بەنداوەکەیە و بۆ ڕەوتی ژیانیش چەندین لادێ و ناوچەی دانیشتووانی ڕووبەڕووی زیان دەکاتەوە. بە درێژایی ڕووباری دیجلەش، لێکەوتەکانی بەنداوەکە زیان دەگەیەنێت بە ناوچە کوردستانییەکان لە هەردوو وڵاتی عێراق و ئێران. بۆیە لە سەرچاوەوە، چ وەک زیانی مرۆیی و ژینگەیی، چ وەک شوناس و خاک، کورد لە هەرسێ وڵات بەرکەوتەی شوێنەوارەکانی بەنداوی ئیلیسو دەبن.

**نیگەرانییە ژینگەییە ئایندەییەکان لە عێراق و ئێران**

ئەوەی بەوردی دەتوانرێت لەبەرچاو بگیرێت لە لێکەوتەکانی سیاسەتی ئاوی تورکیا بەگشتی و بەنداوی ئیلیسو بەتایبەت لەسەر هەردوو وڵات، دەکرێت لەم خاڵانەدا کورت بکرێنەوە:

١. مەترسییەکانی لەسەر عێراق:

- کەمبوونەوەی لانی کەم ٥٠٪ی پشکی ئاوی عێراق لەو سەرچاوەیە.
- سەرهەڵدانی قەیرانی وشکەساڵیی توند.
- زیانگەیاندن بە کشتوکاڵ و ژینگە.
- خێراکردنی جەنگی گریمانەکراوی ئاویی هەرێمایەتی.
- وشکبوونی لەسەرخۆی ڕووباری دیجلە.

٢. مەترسییەکانی لەسەر ئێران:

- وشکبوونی تەواوەتیی زەلکاوە بەپیتەکانی "هور العظيم".
- کێشە دروستکردن بۆ ژیانی ئاسایی خەڵکی (٢٣) پارێزگا.
- بڵاوبوونەوەی زیاتری خۆڵبارین و تۆز و غوبار لە سەرانسەری وڵاتدا.
- پەرەسەندنی قەیرانی وشکەساڵی لە باشووری ئێراندا.
- بەرزبوونەوەی ڕێژەی کۆچ بە هۆی قەیرانە ژینگەییەکان.

وا دەردەکەوێت، جیا لە بەهێزبوونی هەژموونە سەربازییەکەی و بە وردبوونەوە لە مێژووی ٣١ ساڵی ڕابردووی ناوچەکە، تورکیا براوەی یەکەمی ئەو ئاڵۆزییانەیە کە ڕووبەڕووی وڵاتانی ناوچەکە بەتایبەت عێراق و سووریا و ئێران بوونەتەوە. وەک دەرکەوت لە جەنگی کوێت و لێکەوتەکانی لەسەر عێراق و هەرێم، بەنداوی مەزنی ئەتاتورکی جێبەجێ کرد و لەپاش (٢٠٠٣)شەوە بە هۆی سەرقاڵی و لاوازبوونی عێراقەوە و سەرگەرمیی وڵاتانی زلهێز بە دۆسێکەوە، بە سیاسەتە ئاوییەکانی و کردنەوەی ڕێڕەوە نوێکانی لە ئاو و بازرگانی و وزەدا دیسانەوە قازانجی خۆی کرد. لە ئانوساتی دەرکەوتنی تیرۆر و داعش و کاردانەوەکانی لەسەر ناوچەکە، ئەو لە پەلهاوێژییە ستراتیژییەکانی و هەژموونی خۆی نەکەوت و هەلەکەی قۆستەوە و دوایین بەرهەمیشی بە هۆی لاوازی و قەیرانەکانی وڵاتانی ناوچەکە، دیسان تورکیا لە پەناوە بە سێ ساڵ بەنداوی ئیلیسوی لە بەرژەوەندیی خۆی یەکلا کردەوە و ئایندەیەکی نادیاری ژینگەیی و مرۆیی و ئابووریشی کردە دیاری بۆ دراوسێکانی.

ئایندەناسی

# توێژینەوەکان

# کوردستان لەبەردەم هەڕەشەی هاوسێکان و بێباکی هەرێمدا



د. خەلیل کەریم محەمەد
پسپۆڕ لە جوگرافیای سامانی ئاو



**بەرایی**

کوردستان لەبەردەم هەڕەشەی چۆڕبڕبوونی ڕووبارە سەرەکییەکانیدایە، بە هۆی ئەو سیاسەتەی کە دەوڵەتانی دراوسێی گرتوویانەتە بەر و لە ئایندەشدا هەموو توانای خۆیان بۆ کۆکردنەوەی ئاوی ڕووبارەکان بەکار دەبەن. ئێران (٢٧) بەنداوی لەسەر ئاوە هاوبەشەکان دروست کردووە، چەندین تونێلیشی بۆ گواستنەوەی ئاو بۆ ناوچەکانی گەرمەسێر لێ داوە لە چوارچێوەی "پرۆژەی ئاوی گەرمەسێر"دا. تورکیا تەنها لەسەر دیجلە و لقەکانی ئەوەی تا ئێستا زانراوە، (٦) پرۆژەی گەورەی دروست کردووە کە هەریەکەیان چەندین بەنداو و تونێلی ئاو لەخۆ دەگرن، سەرباری پرۆژەکانی تری لە چوارچێوەی پرۆژەی "گاپ" و دەرەوەی ئەم پرۆژەیەشدا. پەیوەست بە حکومەتی هەرێمەوە، ئەگەر پلانی هەیە بۆ گەشەپێدانی ئابووریی وڵات، ئەوا هەرێم پێویستی بە دروێنەکردنی ئاوی داباریین و گەنجینەکردنی ئاوی ڕووبارەکانە، دەبێت وەک گەنجینەیەکی ستراتیژی لە ئاوی ژێر زەوی بڕوانێت و ڕێگە لە بەفیڕۆدانی بگرێت. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ڕێژەی (٥٧.٢٥٪)ی ڕووبەری ئاوزێڵەکان دەکەوێتە کوردستانەوە، ئەمە بوار دەڕەخسێنێت بۆ کۆکردنەوە و دروێنەکردنی ئاوی لە نیوە زیاتری ئاوزێڵەکان. هەرێم نابێ چاوەڕوانی بەزەیی دەوڵەتانی دراوسێ بێت تا ئاوی بۆ بەر بدەنەوە، بەڵکوو پێویستە ئازایانە هەڕەشەکان بەرچاو بخات و پلانی چارەسەر سەرڕێ بخات. سیاسەتی ئاویی دراوسێکان، هەڕەشەی سروشت و کەمبوونەوەی داباریین، ڕێژنەگرتن و بێباکی لە ئاست سەرچاوە ئاوییەکان؛ ئەو مەترسییانەن کە خۆیان یەکتر بەرهەم دێننەوە، واتە چەند مەترسیی سروشتی زیاد بکات، ئەوەندەش هەڕەشەی دراوسێکان لەسەر هەرێم گرانتر دەبێت و چەندیش هەڕەشەی دەوڵەتانی دراوسێ گەورە ببێت، ئەوەندەش مەترسییە سروشتییەکان گەورە دەبن.

**دەستپێک**

سیاسەتی ئاوی بە واتای ئەنجامدانی چەند کردەیەکە بۆ ڕۆنانی چەند بنەمایەک، کە کار دەکەنە سەر کۆکردنەوەی ئاو و دروێنەکردنی و ئامادەکردنی و بەکارهێنانی و چارەسەرکردنی ئاوی پیسبووی پاش بەکارهێنان، بە ئامانجی پاڵپشتیکردنی بەکارهێنانە مرۆییەکان و پاراستنی ڕەگەزە ژینگەییەکان. سیاسەتی ئاوی بڕیارەکانی ئاوپێدان و بەکارهێنانی و چارەسەری و بەردەوامبوونی لەخۆ دەگرێت. ئاوپێدان کۆکردنەوەی ئاو و دیاریکردنی بڕی پێویست و گەیاندنی ئاو بۆ بوارەکانی بەکارهێنانی دەگرێتەوە، بەکارهێنانی ئاویش بواری مرۆیی ڕاستەوخۆ و کشتوکاڵ و پیشەسازی و پاراستنی سیستمی ژینگەیی دەگرێتەوە، بۆیە پێویستە سیاسەتی ئاوی بنەماکانی چۆنێتیی دانانی بەشەئاو بۆ بەکارهێنانە جیاوازەکان دیاری

بکات. دواجاریش چارەسەرکردنی ئاوی قورس و ئیدارەدانی ئاوی باران و لافاوە، لەپاڵ ئەمانەشدا، پرۆسەی بەردەوام چەندین کێشەی وەک پرزەلێبڕینی ئاوی ژێرزەوی و ئیدارەی گەنجینەکانی ئاو و پاراستنی لە پیسبوون لەخۆ دەگرێت[1]. سەرچاوە ئاوییەکان بەزۆری دەکەونە ئەودیوی سنوورە سیاسییەکانەوە، بۆیە دانوستاندن لەسەر دەستکەوتی ئاوی لەنێوان قەوارە سیاسییەکاندا هەر دەبێت بکرێت. دروستکەرانی سیاسەتی ئاوی کۆمەڵێک لە باشترین ڕێوشوێنەکان دەگرنە بەر بۆ ڕێکخستنی ئیدارەی ئاو، وەک دروستکردنی بەنداو و ڕێکخستنی پرۆتۆکۆلات بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی ئاو و بەکارهێنانەوەی ئاوە قورسەکان، جا چ لە هەرێم و ناوچەکاندا بێت، یان ئاوزێڵەکانی ڕووبار و ئاوە هاوبەشەکان و ڕووبارە سنووربڕەکان و ئاڵوگۆڕی نێوان ئاوزێڵەکاندا بێت. ئەوەی کە سیاسەتی ئاو ئاراستە دەکات، چەندین مومارەساتی کارگێڕییە کە باشترینیان لەلایەن دەستەکانی دروستکەری بڕیارەوە دیاری دەکرێن و هەڵدەسەنگێنرێن و هەموار و بڵاو دەکرێنەوە. ئاماژەی مەترسیدار هەیە کە لە هەندێ ناوچەدا گرفتەکانی ئاو چوونەتە ئاستێکی باڵاوە و بوون بە قەیران، ئەم قەیرانە کاریگەریی جیهانی دەبێت، بۆیە لەم ڕۆژگارەدا پرسی سیاسەتی ئاوی و بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکان لەسەر ئاستی جیهان گرنگییەکی زۆری پێ دەدرێت.

لەژێر کاریگەریی بەشە جەختگەراییەکەی سرووشدا، کوردستان بەقورسی دەکەوێتە بەر هەڕەشەی سیاسەتی ئاویی دەوڵەتەکانی دراوسێی، بۆیە ڕوونکردنەوەی سیاسەتی هەر یەکە لەو دەوڵەتانە پێویستە.

**سیاسەتی ئاویی ئێران**

دەوڵەتی ئێران کۆنترۆڵی حەوت سەرچاوەی ئاویی کوردستانی لە دەستدایە، کوردستان توانای سەپاندنی سەروەریی خۆی بەسەر سەرچاوەی ڕووبارەکاندا نییە، لە ڕووباری دیجلەوە بۆ ڕووبارەکانی زێی گەورە و زێی بچووک و سیروان و هەواسان و قۆرەتوو و ئەڵوەند. ئێستا دەوڵەتی ئێران بە پلان خەریکی وەبەرهێنانی سەرچاوە ئاوییەکانە، چونکە بڕی باران لە ئێران بە ڕێژەی (٢٥٪) کەمی کردووە، بڕی ئەو ئاوەش کە دەکرا لە بەنداوەکانیدا گەنجینە بکرێت؛ (٣٣٪) کەمی کردووە، واتە لە (٣٢ ملیار م٣) ەوە کەمی کردووە بۆ (٢٥ ملیار م٣)، بۆیە بەم بڕە ئاوەی کە دەستی دەکەوێت، ئێران ناتوانێ بڕی دانەوێڵە و وزەی پێویست بەرهەم بهێنێت، ناچار لە ڕێگای کۆکردنەوەی بڕی زیاتری ئاوی ڕوبارەکانەوە چارەسەری گرفتی خۆراک و وزە دەکات. سەرباری ئەمەش، شارەزایانی بواری هایدرۆلۆژیا و ئاوهەوای ئێرانی جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئەگەر دەوڵەت سەرچاوە ئاوییەکانی بەوردی وەبەر نەهێنێت، ئەوا لە چەند ساڵی ئایندەی نزیکدا دووچاری کێشەی گەورە دەبێت و دوور نییە کۆچی بەکۆماڵ

ڕوو بدات و ناوچە بێئاوەکان چۆڵ بکرێن[٢].
هەروەها بەڕوونی لە ٢٠١١دا ئێران بە عێراقی ڕاگەیاندووە کە هەموو ئەو ڕووبارانەی لە ئێرانەوە دێنە عێراقەوە؛ دادەخات، چونکە وڵاتەکەی بەدەست کەمئاوییەوە دەناڵێنێت، ئەمەش گرفت بۆ کوردستان دروست دەکات هەر لە دابەزینی ئاستی ئاوی ڕووبارەکان و وشکبوونی هەندێکیان (ڕووباری ئەڵوەن و قۆرەتوو بە نموونە). کاریگەرییە خراپەکانی ئەمە لەسەر کشتوکاڵ و ژینگەی کوردستان دەرکەوتووە، سەرباری کەمبوونەوەی ئاوی خواردنەوە و گۆڕانی مۆرفۆلۆژیای ئاوزێڵەکان.
سیاسەتی ئاویی ئێرانی بەخراپی کاری لە سەرچاوەکانی ئاوی کوردستان کردووە، چونکە جگە لەو ڕووبارانەی کە لە ئێرانەوە دێن، هیچ سەرچاوەیەکی گەورەی ئاویی تر لە ناوچەکانی گەرمیاندا نییە. فشاری زۆری ئێران لەسەر ئاوی سنووری لەگەڵ کوردستاندا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئێران بانێکی فراوانە و بە چیای بەرز چواردەور دراوە، بۆیە ئاوهەوایەکی وشکی هەیە، تەنها لە ناوچەکانی کوردستان و ئەوەی پێی دەڵێت ئازەربایجانی خۆرئاوا؛ بارانی باشە و سەرچاوەی ئاوی زۆرە، بۆیە بۆ بووژاندنەوەی بانە وشکەکەی و پەرەپێدانی کشتوکاڵی، بەدیاریکراوییش بۆ ئاودانی نزیکەی (١٨٠) هەزار هێکتار لە زەویی کشتوکاڵی و دابینکردنی خۆراک بۆ (٨٤٢٦٠٠٠٠) کەس[٣].
بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجەش، پێویستییەکی زۆری بە وەبەرهێنانی سەرچاوە ئاوییەکانی هەیە، بەبێ ئەوەی لەبەرانبەر ئەم سیاسەتەدا کوردستان جووڵەیەکی وای هەبێت کە لە ئاستی ئەم مەترسییەدا بێت و خوێندنەوەی بۆ ئایندەی دۆخی مەترسیداری ئاوی کوردستان هەبێت. کوردستان سەرباری ئەوەی کە بڕی ئاوی نوێبووەوەی زۆرە و خاوەنی سەدان سەرچاوەی ئاوی ناوخۆیی و چەند گەنجینەیەکی فراوانی ئاوی ژێرزەوییشە، کە لەمەدا تۆپۆگرافیاکەی ڕۆڵێکی سەرەکیی بینیوە و ئەتمۆسفیرەکانی دەریای ناوەڕاست و کەمتر لەمانیش گەردەلوولەکانی دەریای عەرەبیش، کە لە زەریای هیندییەوە دێن دەدەن بەسەریدا و بارانی لەسەر دەبارێنن، بەڵام بەگوێرەی نەخشەی ئاوی جیهانی کە بۆ ناوچەکانی مەترسیی ئاوی کراوە، کوردستان لە چوارچێوەی مەترسیدایە، بۆیە بەهەندوەرنەگرتنی ئەم مەترسییە لە پاشەڕۆژێکی نزیکدا دۆخێکی کارەساتئامێز دەخولقێنێت.

## پڕۆژە ئاوییەکانی ئێران لەسەر ئاوە هاوبەشەکان

ئێران لەسەر ڕووبارە هاوبەشەکان چەندین پڕۆژەی بونیاد ناوە لە شێوەی لێدانی کەناڵی ئاوی بۆ کێشکردنی ئاوی ڕووبار و لقەکانیان، لەوانە لێدانی سێ کەناڵ لەسەر لقەڕووباری بناوەسووتە کە ئاودەرێکی گرنگی زێی بچووکە، ئەمە سەرباری پڕۆژەکانی تر لەسەر ڕووبارە سنوورییەکانی لە ناوەڕاست و باشوورەوە.

هەموو ئەو پڕۆژە ئاوییانەی کە دەوڵەتی ئێران لەسەر ڕووبار و لقەکانیانی دروست کردوون، بە هیچ شێوەیەک ڕا و بیروبۆچوونی دەوڵەتی عێراق و ئیدارەی هەرێمی کوردستانیشی وەرنەگرتووە، هەتا بیروبۆچوون بگۆڕدرێتەوە و لەبەر ڕۆشنایی بەرژەوەندیی ئاویی کوردستان و دەوڵەتی عێراق و خودی ئیران خۆیشیدا بڕیار لەسەر دروستکردنی ئەو پڕۆژانە بدرێت. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، تایبەتمەندیی سروشتی ڕووبارە هاوبەشەکان دەخەینە ڕوو:

**١. ڕووباری ئەڵوەن**

ئێران بەتەواوی بەسەر ئەم ڕووبارەدا زاڵە کە ڕووبەرەکەی نزیکەی (٢٨١٢کم٢)ە، بەو پێیەی کە (٨٠٪)ی ڕووبەرەکەی لە ئێراندایە، واتە نزیکەی (٢٢٥٠کم٢)ی لەناو سنووری ئێراندایە. ئەم ڕووبارە هەتا ئەو کاتەش کە ئێران لە ساڵی ١٩٥٣دا دەستی کرد بە گلدانەوەی ئاوەکەی شاری خانەقین و دەوروبەری تێرئاو دەکرد، پاش ئەم گلدانەوەیە و دروستکردنی هەردوو کەناڵی "قەسری شیرین و خوسرەوی"، بڕە ئاوی ڕووبارەکە لە (٥٨م٣/چرکە)ەوە کەمی دەکرد بۆ (٢م٣/چرکە)[٤]، ئەمە لە بارودۆخی ئەم شەپۆلی وشکەساڵییەدا کەمتر لەو بڕەش بە خانەقین و دەوروبەری دەگات، هەر چەندە لە کاتی خۆیدا دەوڵەتی عێراق هەندی ڕێوشوێنی گرتە بەر وەک دروستکردنی ڕووباری باڵاجۆ و لێدانی بیر بۆ دابینکردنی ئاو بۆ شاری خانەقین، لەدوای ساڵی (٢٠١٣)شەوە بەنداوێک لەسەر ئەم ڕووبارە دروست کراو لە باشووری خۆرهەڵاتی خانەقینەوە بۆ پاراستنی شارەکە لە لافاو بە توانای ئاوگرتنی (٣٨ ملیۆن م٣)، ئەویش ئەگەر ئاوی پێ بگات، چونکە لە بەرانبەردا ئێران (٧) بەنداوی لەسەر ئەم ڕووبارە دروست کردووە کە ئەمانەن:

ا. بەنداوی ڕێژاو، بە توانای گەنجینەکردنی (٥٠ ملیۆن م٣).

ب. بەنداوی زاگرۆس، بە توانای گەنجینەکردنی (٥٣ ملیۆن م٣).

ج. بەنداوی مەخزەنی، بە توانای گەنجینەکردنی (١٧ ملیۆن م٣).

د. بەنداوی سەراوی گێڵان، بە توانای گەنجینەکردنی (٦,٥ ملیۆن م٣).

هـ. بەنداوی کەڵکەش، بە توانای گەنجینەکردنی (٩,٥ ملیۆن م٣).

و. بەنداوی حەلوان، بە توانای گەنجینەکردنی (٣٠ ملیۆن م٣).

ی. بەنداوی پاتاق[٥]

کەواتە توانای گەنجینەکردنی ئەم (٧) بەنداوە، (٤, ١٦٢ ملیۆن م٣) ئاوە.

لەم بارودۆخەی کە عێراق و کوردستانی پێدا تێدەپەڕێت، کە سەریان ناپەرژێتە سەر گرفتی ئاوی ئەڵوەن، ڕووبارەکە بەرەو وشکبوونی تەواو دەچێت.

**٢. ڕووباری کەنگیر**

سەرباری گرنگیی ئەم ڕووبارە بۆ دابینکردنی ئاو بۆ باخەکانی مەندەلی، بەڵام

بڕینی ئاوەکەی زیانی گەورەی لە ناوچەی مەندەلی داوە، چونکە ئێران بەتەواوی ئاوی ئەم ڕووبارەی بڕیوە، سەرباری بارودۆخە سروشتییەکە کە ئەوەندەی تر قوڕەکەی خەست کردووەتەوە، ئەویش بە لەناوچوونی نزیکەی (٣٢) هەزار هێکتار لە زەویی کشتوکاڵی و باخی بەردار[٦]. ئەو ئاوەشی کە لە وەرزی زستاندا پیایدا دێت، پاشماوەی ئاوی داشۆرگەکانی ئێرانە و بە هۆی ڕێژەی بەرزی خوێوە بەکەڵکی بەکارهێنان نایەت.

**٣. ڕووباری گەنجان چەم**

لە ناوچەی بەدرە و جەسانەوە دێتە ناو خاکی کوردستانەوە. هەر لە ساڵانی ١٩١٤ بەدواوە، ئێران بەردەوام بەشەئاوی عێراقی لەم ڕووبارە کەم کردووەتەوە، بە شێوەیەک کە دوای دروستکردنی بەستێک لەسەری، ڕاستەوخۆ ڕووبەری زەویی کشتوکاڵی لە (٢٥٠) هەزار دۆنمەوە کەمی کرد بۆ تەنها (٦٠) هەزار دۆنم[٧]. شیرزەیی دۆخی عێراق و شەپۆلە دووبارەبووەوەکانی وشکەساڵی، ئەم ڕووبەرەشی لەناو برد. لە ناوچەیەکدا کە بۆ بەرهەمهێنانی میوە شوێنێکی ستراتیژییە، بەگشتی کوردستان و عێراق ئاوی ڕووبارێکی گرنگیان لەدەست دا.

**٤. ڕووباری سیروان**

گرنگترین ڕووبارە کە ناوچەی گەرمیان ئاو دەدات، ڕووبەری ئاوزێڵەکەی (٣١٨٩٦کم٢)ە، لەم ڕووبەرە نزیکەی (٤٧٪) دەکەوێتە ناو کوردستانەوە کە (١٤٩٩١کم٢)ە و (١٦٩٠٥کم٢)ی بە ڕێژەی (٥٣٪)ی دەکەوێتە ئێرانەوە، بەشێکی زۆری پێخۆری ئاوییەکەی لە چیا بەرزەکانی سنەوە وەردەگرێت. جەمی قشڵاخ لقێکە لە ڕووباری سیروان، لە ساڵی (١٩٧٨)ەوە پڕۆژەی لەسەر دروست کراوە، بەئامانجی وەبەرهێنانی زەوییە کشتوکاڵییەکانی پارێزگای کوردستانە، سەرباری گەیاندنی ئاوی شیرین بە شاری سنە[٨]. بەگوێرەی ڕاپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی سەرچاوە ئاوییەکانی دەوڵەتی عێراق، تێکڕای ئاودەرکردن (Discharge)ی ساڵانەی (٦٣٠٧٢٠٠٠٠م٣)ە. بە لەبەرچاوگرتنی شەپۆلەکانی وشکەساڵی کە ناوچەکەی گرتووەتەوە، ئەم بڕە زۆر کەمە، لە کاتێکدا لە ساڵی ١٩٨٨دا بڕی ئاودەرکردنەکەی (٢٧, ٢ ملیار م٣) بووە. ئەمە ئاماژەیەکی مەترسیدارە بۆ بەرەو وشکبوونی تەواوەتیی ئەم ڕووبارە گرنگە.

**پڕۆژەکانی ئێران لەسەر ڕووباری سیروان**

پڕۆژەکانی ئێران بەتەواوەتی بریتین لە گواستنەوەی ئاو لە ئاوزێڵی لقەکانی ڕووباری سیروانەوە بۆ ناوچەکانی گەرمەسێری ئێران و ناوچەکانی ئیلام و ئەهواز، کە بە پڕۆژەی گەورەی ئاوی گەرمەسێر ناسراون، ئەمە مەترسیدارترین دەستدرێژییە بۆ سەر سروشتی ئاوزێڵەکان و تێکدانی مۆرفۆلۆژیای بەشەکانی تری ئاوزێڵی سیروان، دەرئەنجامە خراپەکانیشی دەکەوێتە سەر خۆراک و نەمانی ئاوی پێویست

بۆ بوارەکانی شارستانی و پیشەسازی و تێکدانی سیستمی ژینگەیی بەشەئاوزێڵی سیروان لە دیوی هەرێمی کوردستانەوە. گرنگترین پرۆژەکان ئەمانەن:

١. **بەنداوی داریان:** ئەم بەنداوە توانای گەنجینەکردنی (٣١٦ ملیۆن م٣) ئاوی هەیە، دەتوانێت ساڵانە (٣٧٨ ,١ ملیارم٣) ئاو بنێرێت بۆ تونێلەئاوی نەوسوود، کە دوو تونێلی ئاوی لەخۆ دەگرێت و بە هەردووکیان (٢٠٢٣م) درێژییانە. ئامانج لەم پرۆژەیە، ئاودانی زەوییە کشتوکاڵییەکان و بەرهەمهێنانی (٥٠٠ ملیۆن کیلۆ وات/کاتژمێر) وزەی کارەبایە. ئەم بەنداوە ئاستی ئاوی هەردوو بەنداوی دەربەندیخان و حەمرینی زۆر دابەزاندووە، ناوچەی هەڵەبجە و گەرمیانیش ڕووبەرێکی فراوانی زەویی کشتوکاڵییان لەدەست داوە، ئەمە سەرباری خراپبوونی جۆریی ئەو بڕە ئاوەی کە دەگاتە هەرێمی کوردستان و زیانگەیاندن بە دەرامەتی ئاویی ڕووبارەکە، بەتایبەتی سامانی ماسی.

٢. **بەنداوی هیروی:** ئەم بەنداوە توانای گەنجینەکردنی (١٢ ملیۆن م٣) ئاوی هەیە. تەنها (٦کم) لە سنووری عێراق و ئێرانەوە دوورە. مەترسیی ئەم بەنداوە لەوەدایە کە ناهێڵێت ئەو بەشە ئاوەی لە بەنداوی داریانەوە دەردەچێت؛ بگاتە کوردستان، بەڵکوو ڕاستەوخۆ دەنێردرێت بۆ تونێلەئاوی نەوسوود، ئەمە سەرباری ئەوەی کە ئاوی لقەڕووباری "باوەڕوود"یش کۆ دەکاتەوە و ناهێڵێت بگاتە کوردستان.

٣. **بەنداوی زەمکان:** لەسەر ڕووباری زەمکان بنیات نراوە، بە توانای گەنجینەکردنی (٢٣ ملیۆن م٣) ئاوی بۆ بەراوکردنی (١٨٠٠) هێکتار زەویی دێم.

٤. **بەنداوی گاوشان:** توانای گەنجینەکردنی (٥٥٠ ملیۆن م٣) ئاوی هەیە، ئامانج لێی گواستنەوەی ئاوە لە ئاوزێڵی ڕووباری سیروانەوە بۆ ئاوزێڵی ڕووباری کەرخە، واتە گۆڕینی ئاوی ئاوزێڵی سیروان و بردنی بەشێک لە ئاوەکەی بۆ ئاوزێڵی کەرخە، دیسان ئەمەش جووڵەیەکی زۆر مەترسیدارە، بەمە ئێران دەتوانێت (٣٠ هەزار) هێکتار ئاودار بکات، لە بەرانبەریشدا هەمان ڕووبەر لە عێراق و کوردستان بێ ئاو بکات.

٥. **بەنداوی گاران:** توانای گەنجینەکردنی (١١٠ ملیۆن م٣) ئاوی هەیە و دەتوانێت (١٠ هەزار) هێکتار زەوی ئاو بدات، سەرباری ئاوپێدانی شاری مەریوان، ئەمەش مەترسییە بۆ سەر ناوچەکانی گەرمیانی کوردستان، بەخراپی کار دەکاتە سەر ئاوی گەنجینەکراوی هەردوو دەریاچەی دەربەندیخان و حەمرین، بەوەش هاوسەنگیی هایدرۆلۆژی و ژینگەیی کوردستان تێک دەدات، بەتایبەت لەم بارودۆخە وشکەی ناوچەکەی گرتووەتەوە و چاوەڕێ دەکرێت شەپۆلی وشکی ئاوهەوایی و هایدرۆلۆژی لە ساڵانی داهاتووی نزیکدا دووبارە ببێتەوە.

٦. **بەنداوی ئازاد بنیر:** ئەم بەنداوە دەکەوێتە سەر لقەڕووباری "گورە"، توانای گەنجینەکردنی

(٣٠٠ ملیۆن م٣) ئاوی هەیە بۆ مەبەستەکانی خواردنەوە و کشتوکاڵ و بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا سوودی لێ وەردەگیرێت.

**٧. بەنداوی زێوە:** لەسەر ڕووباری شاینی دروست کراوە، بە توانای گەنجینەکردنی (١٧ ملیۆن م٣) ئاوی، ئامانج لێی ئاودانی زیاتر لە (٢٥٠٠) هێکتار زەویی کشتوکاڵییە.

**٨. بەنداوی ژاوە:** یەکێکە لە باشترین بەنداوە خەرسانەییەکانی جیهان، توانای گەنجینەکردنی (١٧٢ ملیۆن م٣) ئاوی هەیە. توانای پڕکردنەوەی پێویستیی ئاوی خواردنەوە و پیشەسازیی هەیە و زیاتر لە (١٧٠٠٠) هێکتار زەوییش ئاو دەدات.

**٩. بەنداوی ئازادی:** توانای گەنجینەکردنی (٧٠ ملیۆن م٣) ئاوی هەیە. جگە لە مەبەستەکانی خواردنەوە و دابینکردنی ئاو بۆ کارگەکان، توانای ئاودێریکردنی (٤٢٠٠) هێکتار زەویی هەیە.

**١٠. بەنداوی سلێمان شا:** لەسەر ڕووباری گاوەڕ دروست کراوە، توانای گەنجینەکردنی (٤٨ ملیۆن م٣) ئاوی هەیە، بۆ ئاودێریکردنی (٢٦٠٠) هێکتار زەوی، سەرباری دابینکردنی ئاو بۆ کارگەکان و ئاوی ناو ماڵیش[٩].

**١١. بەنداوی ئەمیر ئاباد:** لەسەر ڕووباری ئەنگێوەر دروست کراوە، توانای گەنجینەکردنی (٦ ملیۆن م٣) ئاوی هەیە، بە هۆیەوە (٨٥٥) هێکتار زەویی دێمی دەگۆڕێت بۆ زەویی بەراو، بەمەش بەرهەمی کشتوکاڵی زیاتر دەکات.

**١٢. بەنداوی ڕامشات:** ئەمیش هەر لەسەر هەمان ڕووبارە و توانای گەنجینەکردنی (٦ ملیۆن م٣) ئاوی هەیە و دەتوانێت (٣٥٥) هێکتار زەویی دێم ئاودار بکات.

**١٣. بەنداوی ئاژگەلە:** لەسەر ڕووباری هەواسانە و توانای گلدانەوەی (٣٠ ملیۆن م٣) ئاوی هەیە[١٠]. لە بەنداوەکانی ترەوە و لە ڕێگەی تونێلی نەوسوودەوە ئاو وەردەگرێت، بۆ دووبارە دابەشکردنەوەی ئاو بەگوێرەی خواستی ناوچەکان زۆر گرنگە.

**١٤. بەنداوی قشلاخ:** لەسەر ڕووباری قشلاخ دروست کراوە، بە توانای گەنجینەکردنی ( ٢١٥ ملیۆن م٣)، (٩٠٪)ی ئاوی خواردنەوەی سنە و ئاودێریی دەوروبەری دابین دەکات.

**١٥. چەمی قۆرەتوو:** لە گوندی تەنگی حەمامەوە دێتە ناو کوردستانەوە، لە چەمی باڵاجۆوە دێتە ناو ڕووباری سیروانەوە و لە گوندی قۆرەتوودا ئاوی لەبەر ناڕوات بە هۆی پڕۆژەکانی ئێرانەوە، بەمەش کوردستان ڕووبارێکی گرنگی لە گەرمیان لەدەست دا.

ئەم پڕۆژانە بۆ سەر ئاوی سیروان زۆر مەترسیدارن، چونکە لە ڕێگای ئەمانەوە ئاوی سیروان دەبات بۆ ناوچە وشکەکانی ئێران و کوردستان و عێراقیشی لێ بێبەش دەبێت. ڕێکخەری لقەڕووباری مرخێڵ و لقەڕووباری لێلە و گردی قاسمان و لقەڕووباری زەمکان، هەموویان ئاو دەگوێزنەوە بۆ تونێلەئاوی نەوسوود، کە یەکێکە لە گەورەترین تونێلە

ئاوییەکانی جیهان، درێژییەکەی نزیکەی (٤٩ کم)ە و تیرەکەی زیاتر لە (٦-٩م)ە و دەتوانێت لە چرکەیەکدا (٧٠م٣) ئاو بگوێزێتەوە. لقەڕووباری ئیمام حسێن، کە ئاو دەگوێزێتەوە بۆ بەنداوی ئاژگەلە. دواجار بە هۆی ئەم ئاوبڕ و ڕێکخەرانەوە، ڕووباری سیروان بەرەو وشکبوون دەڕوات، چونکە ساڵانە بڕی زیاتر لە (١ ملیارم٣) ئاو لە ڕووباری سیروان و لقەکانیەوە دەبات بۆ ناوچەکانی ئیلام. لەگەڵ بەردەوامبوونی ئێران لەسەر کارپێکردنی ئەم پرۆژانە و فراوانترکردنیان، ئەوا ڕووباری سیروان دەکەوێتە بەردەم وشکبوونی کۆتاییەوە.

**پرۆژەکانی سەر زێی بچووک**

ڕووبەری ئاوزێڵی ئەم ڕووبارە (٢٠٠١٢کم٢)ە لەم ڕووبەرە (١٥٠٦٥کم٢)ی لە کوردستاندایە، کە (٧٥٪)ی کۆی ڕووبەری ئاوزێڵەکە و تێکڕای ئاوی ساڵانەی نزیکەی (٦ ملیار م٣)ە. گرنگترین لقەکانی ئەمانەن:

**١. چەمی بانە:** لە بەرزاییەکانی بانەوە سەرچاوە دەگرێت و دەڕژێتە چەمی چۆمانەوە، بەنداوێکی لەسەر دروست کراوە بە ناوی بەنداوی سەبەدلوو، نزیکەی (٦, ٥ ملیۆن م٣) ئاو دەگرێت لە دووریی (٥کم) لە باکووری خۆرهەڵاتی بانەوە، کە سەرچاوی ئاوی خواردنەوەی شارەکەیە. بەنداوی نوربانە بە نەخشەی (٩٥٠م) درێژی و (٧٠٠م) پانی و قووڵی (٢٦م)، وە پلانی هەیە بۆ دروستکردنی بەنداوێکی تر، بەڵام زانیاریی تەواوی لەسەر نییە.

**٢. چەمی سەردەشت (زێی بچووک):** کە بەنداوی سەردەشت (بریسوە)ی لەسەر دروست کراوە، بە توانای ئاوگرتنی (١٨٠ ,١ ملیۆن م٣) و بەرهەمهێنانی (١٥٠ مێگاوات/کاتژمێر) کارەبا، لە کاتێکدا لەنزیک ئەم بەنداوەدا داهاتی ئاوی ساڵانەی زێ (٤, ١ ملیار م٣)ە. ئەمە ڕۆڵێکی گرنگی لە کەمبوونەوەی ئاوی زێی بچووکدا هەیە و کوردستان ڕووبەڕووی گرفتێکی گەورەی ئاوی دەکاتەوە.

**٣. ڕووباری لاڤین:** ڕووباری لاڤین ئاودەری سەرەکیی زێی بچووکە، لەنزیک "پیران شهر" بەنداوی سیلوەی لەسەر دروست کراوە، بە مەبەستی هێنان و بردنی ئاو لەنێوان ئاوزێڵەکاندا، بەتایبەت گواستنەوەی ئاوی ئاوزێڵی زێی بچووک بۆ چاڵاوی ورمێ بە توانای ساڵانەی (٧ ,١٢١ ملیۆن م٣) ئاو و ئاودانی (٩٤٠٠) هێکتار زەویی کشتوکاڵی. توانای گەنجینەکردنی (١٦٣ ملیۆن م٣) ئاوی هەیە[١١].

**٤. ڕووباری بناوەسوتە:** ئەم ڕووبارە دەڕژێتە زێی بچووکەوە، هەمیشە کێشەیەکی هەڵواسراو بووە لەنێوان عێراق و ئێراندا، ئێران سێ کەناڵی ئاویی بۆ کێشکردنی ئاو لەسەر دروست کردووە[١٢]، ئەمەش بووەتە هۆی کەمبوونەوەی ئاوی هاتوو بەرەو کوردستان، ئاشکرایە دەرئەنجامی کەمبوونەوەی ئاویش چۆڵکردنی گوندەکان و ڕۆیشتن و پاشان نیشتەجێبوونیانە لەو شوێنانەی کە دەتوانن ئاوی تێدا دەستەبەر بکەن.

**٥. بەنداوی گەرژاڵ:** لەسەر زێی بچووک دروست کراوە، بە توانای گەنجینەکردنی (٠٨٠ ,١ ملیار م٣) ئاو و بەرهەمهێنانی (٤٠ مێگاوات/کاتژمێر)[١٣]. تێکڕای بڕی ئاودەرکردنی (١١ ,٤٦م٣/چرکە)ە[١٤].

### سیاسەتی ئاویی تورکیا

سیاسەتی ئاویی تورکیا پشت بە دراوە جوگرافیاییە سروشتی و مرۆییەکان دەبەستێت، بەو پێیەی کە تورکیا دەوڵەتی سەرچاوەیە، ئەمە تایبەتمەندییەکی جوگرافی و ستراتیژیی دەداتێ بۆ دەستبەسەراگرتنی ئاوی هەردوو ڕووباری دیجلە و فوڕات و بێبەشکردنی دەوڵەتانی ئاوەڕێژگە (کوردستان و عێراق). تورکیا لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەوە جەخت لەوە دەکاتەوە کە زۆرترین سوود لە سەرچاوە ئاوییەکانی وەربگرێت، ئەمەش خۆی لە پرۆژەی باشووری خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵ (G. A. P) و چەندان بەنداوی تری دەرەوەی ئەم پرۆژەیە دەبینێتەوە. "G. A. P" بەتەواوی دەکەوێتە کوردستانی باکوورەوە، بە ڕووبەری (٧٥٣٥٨کم٢)ە، (٦٠٥٨٩٠) هێکتار زەویی نێوان هەردوو ئاوزێڵی دیجلە و فوڕات ئاو دەدات، بۆ ئەمەش پێویستی بە ئاوێکی زۆر دەبێت. ئەم پرۆژەیە (٢٢) بەنداو و (١٩) وێستگەی کارۆئاوی و تۆڕێکی فراوانی ئاودێری لەخۆ دەگرێت، زۆربەی بەنداوەکان سەرەکین، سەرباری (٤٥) بەنداوی بچووک لەسەر زۆربەی لقەڕووبار و کەناڵە ئاوییە وەرزییەکان، کە ئەمانیش توانای گەنجینەکردنی ئاویان نزیکەی (٢٥ ملیار م٣)ە. گومانی تێدا نییە کە تورکیا هەر بەمەوە ناوەستێت و بەردەوام دەبێت لەسەر دروستکردنی ئەم جۆرە پرۆژانە لەسەر تەواوی دۆڵ و کەناڵ و ڕێڕەوە ئاوییەکان، بەتایبەتی لەسەر ئەوانەی دەکەونە نزیک سنوورەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان، بەمەش هەڕەشەکە لەسەر هەرێم زیاتر دەبێت. لەبەر ئەوەی پرۆژەکانی سەر ڕووباری دیجلە کاریگەری دەخەنە سەر ئاوی هەرێمی کوردستان، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا تەنها باس لەمانە دەکەین و شیکردنەوە بۆ پرۆژەکانی تورکیا لەسەر ڕووباری فوڕات ناکەین کە توانای گەنجینەکردنی (٥٢٣ ,٨٨ ملیارم٣) ئاوی هەیە، لە کاتێکدا بەرهەمی ئاوی ساڵانەی بۆ عێراق تەنها (٦٢ ,١٤ ملیار م٣)ە. بۆ پڕکردنی پرۆژەکانی سەر فوڕات، دەبێ بۆ ماوەی (٦) ساڵ ڕووبارەکە وشک بکرێت، بۆیە عێراق لەبەردەم مەترسیی بەبیابانبووندایە، ئەمەش ئەگەری هاتنی شەپۆلی کۆچ لە باشورەوە بۆ کوردستان بەهێز دەکات و مەترسی لەسەر سەرچاوە ئاوییە شیرینەکانی کوردستان دروست دەبێت و دوور نییە مێژوو دووبارە ببێتەوە و ئەم جارە کورد لە سەرچاوە ئاوییەکان دوور بخرێتەوە، هەروەک چۆن لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستدا لەسەر چاڵە نەوتەکان هەڵکەنرا و کۆچی زۆرەملێی پێ کرا.

**پرۆژە و بەنداوەکانی ئاوزێڵی دیجلە**

تێکڕای داهاتی ئاوی ساڵانەی دیجلە بۆ عێراق، (٩٤ ,٣٢ ملیار م٣)ە. تورکیا هەوڵ دەدات ئاوزێڵی ئەم ڕووبارە بەتەواوی وەبەر بهێنێت، بەمەش بەرهەمی ئاوی دیجلە بۆ عێراق-کوردستان دەهێنێتە سەر کەمتر لە نیوە، ئەگەرچی هەتاکوو ئێستا پڕۆژەکانی سەر ئەم ڕووبارە (٨٧٢ ,١٦ ملیار م٣) ئاو گەنجینە دەکەن، بۆیە مەترسیی کەمبوونەوەی ئاوی دیجلە لە کوردستان و عێراقدا بەتەواوی دەرنەکەوتووە، بەڵام بە تەواوبوونی هەموو پڕۆژەکان و پڕکردنیان، لە ئایندەیەکی نزیکدا کوردستان و عێراقیش دەکەونە ناو کارەساتێکی ئابووری و ژینگەیی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە، کە چارەسەرکردنیان قورس دەبێت، چونکە تەنها بۆ پڕکردنی ئەم پڕۆژانە، تورکیا پێویستی بە گرتنەوەی تەواوەتیی ئاوی دیجلە بۆ ماوەی نزیکەی دوو ساڵ هەیە و وەخۆنەکەوتنی عێراق بە کوردستانیشەوە هەتا ئێستا، گرفتی ئاویی هەردووکیان ئاڵۆزتر دەکات.

**١. پڕۆژەی دیجلە-کیرال کیزی:** توانای گەنجینەکردنی هەردوو پڕۆژەکە (٥ ,٢ ملیارم٣) ئاوە، (٢٠٤ مێگاوات/کاتژمێر) کارەباش بەرهەم دەهێنێت، ئەمە سەرباری ئاودانی (١٢٦ هەزار هێکتار) زەویی کشتوکاڵی.

**٢. بەنداوی باتمان:** توانای گەنجینەکردنی (١٨ ,١ ملیارم٣) ئاوی هەیە، دەتوانێت (١٩٨ مێگاوات/کاتژمێر) کارەبا بەرهەم بهێنێت.

**٣. پڕۆژەی باتمان-سلیڤان:** توانای گەنجینەکردنی (٩٣١ ,٠ ملیار م٣) ئاوی هەیە. مەبەست لەم پڕۆژانە، ئاودێریکردنی (٢٥٧ هەزار) هێکتار زەوی و بەرهەمهێنانی (٦٢٣ مێگاوات/کاتژمێر) کارەبایە، ئەمە سەرباری وێستگەی کارۆئاویی قەیسەر کە توانای بەرهەمهێنانی (٣٤٠ مێگاوات/کاتژمێر) کارەبای هەیە.

**٤. بەنداوی گارزان:** ئامانج لێی؛ ئاودێریکردنی نزیکەی (٥٤ هەزار) هێکتار زەویی کشتوکاڵییە، لەگەڵ بەرهەمهێنانی زیاتر لە (١٧٠ مێگاوات/کاتژمێر) کارەبا[١٥] و گەنجینەکردنی نزیکەی (٥٠٠ ملیۆن م٣) ئاو.

**٥. بەنداوی ئیلیسو:** ئەم بەنداوە لە گەورەترین بەنداوەکانی سەر ڕووباری دیجلەیە، توانای گەنجینەکردنی (٤ ,١١ ملیار م٣) ئاوی هەیە، ڕووبەری دەریاچەکەی (٣٠٠کم٢)ە، توانای کۆنترۆڵکردنی هەموو ئەو ئاوەی هەیە کە بۆ کوردستان و عێراقیش دێت، چونکە بڕی ئاودەرکردنی ڕووباری دیجلە لە سنووری هەرێمی کوردستان و تورکیادا تەنها نزیکەی (٢١ ملیار م٣) ئاوی ساڵانەیە، بەم پێیە لە دۆخی پڕکردنی بەنداوی ئیلیسۆدا تەنها (٦ ,٩ ملیارم٣) بۆ ساڵێک ئاو دێتە ناو کوردستان و عیراقیشەوە[١٦]. لەبەر ڕۆشنایی ئەم ژمارانەدا، دەتوانین زیانە گەورەکانی سەر کشتوکاڵ و بەرهەمهێنانی وزەی کارۆئاوی و ئەو پیشەسازییانەی کە ڕاستەوخۆ پەیوەستن بە ژیانی دانیشتووانەوە ببینین، ئەمە سەرباری

تێکچوونی ژینگەی عێراق کە خۆی لە وشکبوونی تەواوی زۆنگاوەکانی عێراقدا دەبینێتەوە.

**٦. پرۆژەی جیزرێ:** ئامانج لەم پرۆژەیە هەمەلایەنەیە، دەتوانێت (٣٦٠ ملیۆن م٣) ئاو گەنجینە بکات و (٢٤٠ مێگاوات/کاتژمێر) کارەباش بەرهەم بهێنێت. ناهێڵێت ئەو ئاوەش کە لە بەنداوی ئیلیسۆوە دەردەچێت، بگاتە کوردستان. بۆیە ئەم پرۆژەیە بۆ کوردستان زۆر مەترسیدارە، کەچی چاوەکان تەنها لەسەر مەترسییەکانی بەنداوی ئیلیسۆیە.

ئەمە سەرباری پرۆژەکانی تری ئاودێریی "میسچەلانەوس"، کە بەنداوی "دەڤەگەجیدی گۆکسۆ" دەگرێتەوە کە توانای ئاودێریکردنی سەروو (١٤) هەزار هێکتار زەوییان هەیە.

پرۆژە پێشنیارکراوەکانی تورکیا لەسەر زێی گەورە بریتین لە (بەنداوی زابی باڵا، سولوت، چاڵدێران، بانی بەرز، هەکاری، دیلیلی، تیبیان)، ئەمە سەرباری دانانی پلان بۆ بونیادنانی بەنداوەکانی (دوغانلی، چوکورغا، ئەسلانداند، بیوردو)[١٧].

**سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستاندا**

ساڵ دوای ساڵ بڕی ئاوی پێویست بۆ دانیشتووانی هەرێمی کوردستان لە زیادبووندایە، بە هۆی زۆربوونی ژمارەی دانیشتووانەوە کە بە ڕێژەی (٣٪) زیاد دەکات و بەرزتربوونەوەی ئاستی گوزەران و زیاتر خڕبوونەوەی دانیشتووان لە شارەکاندا، چونکە پێداویستیی ئاوی شارنشین لە دێنشین زیاترە، لە بەرانبەردا بڕی ئاوی هەرێم بەرەو کەمبوونەوە دەچێت، بە هۆی دەرکەوتنی ئاماژەکانی گۆڕانی ئاوهەواوە کە خۆی لە بەرزتربوونەوەی پلەکانی گەرمی و زۆربوونی بەهەڵمبوون و کەمبوونەوەی بڕی باران و دەرکەوتنی شێوازی بارانی برووسکەئاسا، کە دەبێتە هۆی ڕوودانی لافاو و ڕاماڵرانی زۆر و وێرانبوونی ئاوەدانییەکان، هەر بۆیە بەبێ پلانێکی نوێ کە وەڵامدەرەوەی ئەم بارودۆخە نوێیە بێت؛ ناتوانرێت بەر بە کێشەکانی کەمبوونەوەی ئاو بگیرێت.

کورستان خاوەنی (٤) ڕووباری سەرەکی و دەیان لقەڕووباری بچووکە، ئاراستەی شەپۆلدان و ئاوڕێکردنیان و شێوازی هایدرۆگرافییان بەگشتی لە باکووری خۆرهەڵاتەوە بۆ باشووری خۆرئاوایە، بەشێکی زۆری سەرچاوەی سەرەکیی ئەم ڕووبارانە دەکەوێتە دەرەوەی هەرێمی کوردستانەوە. ڕووباری خاپوور و هیزڵ بەشی زۆری سەرچاوەکەی ناوخۆی کوردستانە، کە ڕووبەرەکەی نزیکەی (٦٠٥٨کم٢)ە، لەم ڕووبەرە نزیکەی (٢١٩٨کم٢)ی ڕووبەری ئاوزێڵی ڕووباری "هیزڵ"ە، بۆیە هەرێم دەتوانێت هەموو ڕووبەری ئاوزێڵی خاپوور و چەند لقێکیش لە ئاوزێڵی هیزڵ وەبەر بهێنێت، تێکڕای داهاتی ساڵانەی (٠٣٥, ٢ ملیارم٣)ە (نەخشەی ١). ڕووبەری ئاوزێڵی زێی گەورە (٢٦٣٢٣کم٢)ە، (٩٤٦٣کم٢)ی دەکەوێتە تورکیاوە و (١٦٨٦٠کم٢)ی دەکەوێتە

کوردستانەوە (نەخشەی ٢) و لە هەرێمدا تێکڕای بەرهەمی ئاوی ساڵانەی (٨,٧٦ مليارم٣)ە و هەتا ئێستا تاکە پرۆژەیەک لەسەر ئەم زێیە دروست نەکراوە، ئەوەی هەیە شوێنی بەنداوی بێخمە و بەنداوی مەنداوایە لەسەر زێی گەورە و بەنداوی باکرمان و خلیکانە لەسەر خازر، کە لە دۆخی چاوەڕوانیدان کە کەی کاریان تێدا دەکرێت و کەی تەواو دەبن و ئامادە دەبن بۆ گەنجینەکردنی ئاو. هەر چی زێی بچووکە ڕووبەری ئاوزێڵەکەی (٢٠٠١٢کلم٢)ە و (٧٥٪) دەکەوێتە کوردستانەوە (نەخشەی ٣)، تێکڕای بەرهەمی ساڵانەی پێش گەیشتنی بە دەریاچەی دوکان (٦ مليارم٣)ە، سیروانیش بەشێکی زۆری سەرچاوەکانیان دەکەونە ئێرانەوە و (٤٧٪)ی ڕووبەرەکەی دەکەوێتە کوردستان و عێراقەوە (نەخشەی ٤)، تێکڕای ئاوی ساڵانەی کەمی کردووە بۆ (١,١ مليارم٣)، بەڵام ڕووباری عوزێم بەتەواوی سەرچاوەکەی دەکەوێتە ناوخۆی کوردستانەوە (خشتەی ١)، بەڵام بەرهەمی ئاوی زۆر کەمە و تێکڕاکەی لەنێوان ساڵە وشک و تەڕەکاندا (١,٣٧ بۆ ٠,١٧ مليار م٣)( )، بە تێکڕای (٠,٧٧ مليارم٣)ە.

**خشتەی (١): دابەشبوونی ئاوزێڵی ڕووبارەکان**

| حەوزی ڕووبار | ڕووبەر (کم2) | پشکی عێراق لە حەوزی ڕووبارەکاندا | پشکی تورکیا لە حەوزی ڕووبارەکاندا | عێراق ٪ | تورکیا ٪ |
|---|---|---|---|---|---|
| خاپوور + هیزل | 6058 | 2611 | 3447 | 43 | 57 |
| زێی گەورە | 26323 | 16860 | 9463 | 64 | 36 |
| حەوزی ڕووبار | ڕووبەر (کم2) | پشکی عێراق لە حەوزی ڕووبارەکاندا | پشکی ئێران لە حەوزی ڕووبارەکاندا | عێراق ٪ | ئێران ٪ |
| سیروان | 32957 | 15343 | 17614 | 47 | 53 |
| زێی بچووک | 20012 | 15065 | 4947 | 75 | 25 |
| حەوزی ڕووبار | ڕووبەر (کم2) | پشکی عێراق لە حەوزی ڕووبارەکاندا | پشکی هەرێم لە حەوزی ڕووبارەکاندا | عێراق٪ | هەرێم ٪ |
| عوزێم | 12707 | 7660 | 5047 | 60 | 40 |
| | | کۆی گشتیی ڕووبەری هەر (5) حەوزی ڕووبارەکە | 98057 | | |

سەرچاوە: ١. کاری توێژەر بە پشتبەستن بە "ArcGIS10.8"

2. https://bit.ly/3plZBeh


ئەو ئاوزێڵە سەرەکییانەی سەرەوە دابەش دەبن بۆ (١٦٠) ئاوزێڵی بچووک، وا لە خوارەوە هەموو ئەو پرۆژانەی کە لەسەر ڕووبارەکان یاخود لە ئاوزێڵەکاندا دروست کراوە؛ دەیانخەینە ڕوو.

لە هەرێمی کوردستاندا بە بەنداوی موسڵیشەوە، کە (١٣,٣ ملیار م٣) ئاو دەگرێت، (١٤) بەنداو هەن کە تەواو بوون و ئاویان تێدا گەنجینە دەکرێت، ئەوانیش بەنداوی دوکان (٣ ,٦ ملیار م٣) و دەربەندیخان (٣ ملیارم٣) ئاو دەگرن، بە گەنجینەی مردووشەوە. لەم دۆخە سروشتییەی ئێستادا، بڕی ئاوی گەنجینەکراوی ناو ئەم دوو بەنداوە بۆ زیاتر لە نیوە کەمیان کردووە. بەگوێرەی لێدوانی هونەرییەکانی بەنداوی دوکان، پێش نوێترین شەپۆلی بارانی ئەمساڵ (٢٠٢١)، تەنها (٢ ملیار م٣) ئاوی تێدا بووە. بۆ بەنداوی دەربەندیخان دۆخەکە مەترسیدارترە، لە ساڵە ئاساییەکاندا و لە مانگی ئازاردا تێکڕای بڕی ئاوی هاتوو بۆ ناو دەریاچەکە لەنێوان (٤٠٠-٥٠٠م٣/چرکە)دا بووە، کەچی بۆ ساڵی ٢٠٢١ تەنها (٢٨م٣/چرکە) بووە. لەپای پرۆژە ئاوییەکانی ئێران و دووبارەبوونەوەی شەپۆلەکانی وشکەساڵی، نابێ کوردستان و عێراقیش بەتەمای ئاوی ڕووباری سیروان بن. ئەم کەمبوونەوەیە نەک هەڕەشەیە بۆ سەر چالاکیی کشتوکاڵ و وزەی کارۆئاوی و کەمبوونەوەی ئاوی خواردنەوەی شارەکان، بەڵکوو مەترسییە بۆ سەر خودی پەیکەری بەنداوەکانیش. ئەو بەنداوە بچووکانەی تر کە تەواو بوون، لەچاو بڕی ئاوی لەدەستچوو لە ماوەی شەپۆلەکانی باراندا زۆر کەمن و ئەو توانایەیان نییە کە بتوانن بەشێکی زۆر لە ئاوی کوردستان گەنجینە بکەن و کوردستان لە پێداویستییە ئاوییەکان خاترجەم بکەن. بەنداوی حەمرین کە لەسەر ڕووباری سیروان بونیاد نراوە، توانای گلدانەوەی (٢ ,٣ ملیار م٣) ئاوی هەیە و زیاتر پارێزگای دیالە لێی سوودمەند دەبێت. بەنداوەکانی (کەشکان، حەمامۆک، باوەشاسوار (٦ ملیۆن م٣)، حەسەن کەنۆش، هەڕاوە، جەلی، دێگەڵە، شیوەسوور، شوان، هەشەزینی، چەمی سمۆر، قادرکرم، ئاوەسپی) (نەخشەی ٦)، هەموو ئەم بەنداوانە لە باشترین دۆخدا توانای گەنجینەکردنی کەمتر لە (٧٥ ملیۆن م٣) ئاویان هەیە. بەنداوی دهۆک کە لەسەر ڕووباری دهۆک دروست کراوە، توانای گەنجینەکردنی (٥٢ ملیۆن م٣) ئاوی هەیە، ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر بڕی ئاوی خەمڵێنراوی ڕۆیشتووی ساڵانەی هەندێ لە ئاوزێڵەکان وەربگرین، بە نموونە ئاوزێڵی تانجەرۆ کە بەنداوی چەقچەقی لەسەر دروست کراو و بەرگەی نەگرت و ڕووخا، بڕی دەستکەوتی ئاوی ساڵانەی خەمڵێنراوی (١ ,١ ملیار م٣)ە، ئەگەر بزانین ڕووبەری ئاوزێڵەکەی لە دۆڵەڕووتەوە هەتا دەریاچەی دەربەندیخان (١٣٠٥کم٢)ە[١٩]، بەڵام ئەگەر نموونەی ئاوزێڵێکی

نیمچەوشک وەک ئاوزێڵی ئاوەسپیی گەرمیان وەربگرین، ئەوا بڕی ئاوی خەمڵێنراوی ساڵانەی نزیکەی (١ ملیار م٣) ئاوە. هەموو ئاوزێڵەکانی تریش بەگوێرەی ڕووبەر و بڕی بارانی ساڵانەیان، بڕێکی دیاریکراو لە دەستکەوتی ئاوی ساڵانەی خەمڵێنراویان هەیە کە بەفیڕۆ دەڕوات و ناوچەکەیان بێبەش دەبێت لە سامانی ئاوی و توانای دابینکردنی ئاویان بۆ بوارە جیاوازەکان نابێت. لێرەوە کێشەکان سەر هەڵدەدن و هەڕەشەی دەوڵەتانی دراوسێ لەسەر هەرێم دەبێت بە مایەی لەدەستدانی توانای بەرهەمی کشتوکاڵی و تەنانەت دابینکردنی ئاوی خواردنەوەش دەبێت بە کارێکی گران. بەگوێرەی پلانی ڕاگەیەنراوی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ژمارەی هەموو ئەو بەنداوانەی کە جێبەجی کراون و بڕیارە جێبەجێ بکرێن، (٢٨) بەنداون. دەتوانرا بڕێکی باش لە ئاوی ڕووبارەکان گەنجینە بکرایە. ئەمە ئەگەر بەنداوی بێخمە ڕانەگیرایە و تەواو ببووایە، ئەوا نزیکەی (١٠ ملیار م٣) ئاوی تر لە هەرێم گەنجینە دەبوو و کوردستان و عێراقیشی لە مەترسیی کەمئاوی ڕزگار دەکرد و لە بەرهەمهێنانی وزەی کارۆئاوییشدا هەردوو لا خاترجەم دەبوون. سەرباری بوونی بڕێک ئاوی زۆر لە کوردستاندا، بەڵام لە سایەی بەهەندوەرنەگرتنی هەڕەشەکانی دەوڵەتانی دراوسێ و بێباکیی حکومەتی هەرێم لە ئاستی ئاماژەکانی دەرکەوتنی گرفتی ئاودا، هەمیشە کوردستان لەنێوان بەرداشی سیاسەتی ئاوی هەردوو دەوڵەتی ئێران و تورکیادایە، بە هۆی کۆنترۆڵکردنی بەشێک لە سەرچاوە سەرەکییەکانی ئاوەوە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ڕووبەری هەموو ئاوزێڵەکان (٩٨٠٥٧کم٢)ە و لەوە (٥٧٥٣٩کم٢)ی دەکەوێتە کوردستان و عێراقەوە، ئەگەر تەنها ڕووبارەکانی سیروان و زێی بچووک و زێی گەورە و خاپوور-هیزڵ وەربگرین، ئەوا کۆی ڕووبەرەکەیان (٨٥٣٥٠کم٢)ە و لەو ڕووبەرە (٤٩٨٧٩کم٢)ی دەکەوێتە کوردستان و عێراقەوە کە ڕێژەی نزیکەی (٤ ,٥٨٪)ە


ئەگەر یەک یەک ڕووبارەکان وەربگرین: ئەوا ئاوزێڵی خاپوور (٤٣٪) ڕووبەرەکەی لە کوردستاندایە و (٥٧٪)ی دەکەوێتە تورکیاوە. زێی گەورە (٦٤٪)ی ڕووبەرەکەی لە کوردستاندایە و (٣٦٪)ی لە تورکیادایە. زێی بچووک (٧٥٪)ی ڕووبەری ئاوزێڵەکەی لە کوردستاندایە و (٢٥٪) ی دەکەوێتە ئێرانەوە. هەر چی سیروانیشە، ئەوا (٤٧٪)ی ڕووبەرەکەی لە عێراق و کوردستاندایە و (٥٣٪)ی دەکەوێتە ئێرانەوە. کە وا بێ بە کۆی گشتی، ڕێژەی (٢٥ ,٥٧٪)ی کۆی ڕووبەری ئاوزێڵەکان دەکەوێتە کوردستانەوە، ئەمە بوار دەڕەخسێنێت بۆ کۆکردنەوە و دروێنەکردنی ئاوی لە نیوە زیاتری ئاوی ئاوزێڵەکان، هەر چەندە دەبێ ئەوەش لەبەرچاو بگیرێت کە بڕی دابارین لە دەوڵەتانی سەرچاوەدا کە ڕێژەی (٧٥ ,٤٢٪)ی ڕووبەری ئاوزێڵەکانیان تێ دەکەوێت؛ زیاترە.

## نەخشەی (١): ئاوزێڵی ڕووبارە سنوورییەکان





سەرچاوە[٢٠]: کاری توێژەر، پشتبەست بە سیستمی زانیارییە جوگرافییەکان (GIS10.8).

## نەخشەی (٢): ئاوزێڵی ڕووباری خاپوور-هیزڵ




سەرچاوە: کاری توێژەر، پشتبەست بە "GIS10.8".

**نەخشەی (٣): ئاوزێڵی زێی گەورە**





سەرچاوە: کاری توێژەر، پشتبەست بە "GIS10.8".

نەخشەی (٤): ئاوزێڵی زێی بچووک





سەرچاوە: کاری توێژەر، پشتبەست بە "GIS10.8".

## نەخشەی (٥): ئاوزێڵی ڕووباری سیروان




سەرچاوە: کاری توێژەر، پشتبەست بە "GIS10.8".

**نەخشەی (٦): بەنداوەکانی کوردستان**




سەرچاوە[٢١]: ڕێبین ڕۆستەم ڕەسووڵ حمد، بایەخی جیۆپۆلەتیکیی توخمە سروشتییەکانی جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، نامەی ماجستێر، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، بەشی جوگرافیا، ٢٠١٤، ل١٠٩.

**ئەنجام**

لەبەر ڕۆشنایی ئەو سیاسەتەی دەوڵەتانی دراوسێ گرتوویانەتە بەر، کوردستان دەکەوێتە بەر هەڕەشەی کەمبوونەوەی ئاوی ڕووبارە سەرەکییەکانی، چونکە ئێران بەتەنها لەسەر ڕووباری ئەڵوەن (٤ ,١٦٢ ملیۆن م٣) ئاو گەنجینە دەکات، لە کاتێکدا تێکڕای بەرهەمی ئاوی ساڵانەی نزیکەی (٦٣ ملیۆن م٣)ە، لەسەر ڕووباری سیروان (١, ٨٧٥ ملیار م٣) ئاو گەنجینە دەکات، بەرهەمی ئاوی ساڵانەی ڕووبارەکەش (٦٣ ,٠ ملیار م٣)ە، لەسەر زێی بچووک (١, ٣١ ملیار م٣) ئاو گەنجینە دەکات و تێکڕای بەرهەمی ساڵانەی ڕووبارەکە نزیکەی (٦ ملیار م٣)ە. تورکیا لە ڕووباری زێی گەورە ساڵانە (٣٧ ,٥ ملیار م٣)

ئاوی دەست دەکەوێت، ئێستا پڕۆژەکانی سەر ڕووباری دیجلە (١٦,٨٧٢ ملیار م٣) ئاو گەنجینە دەکەن، لە کاتێکدا تەنها بۆ پڕکردنی ئەم پڕۆژانە تورکیا پێویستی بە گرتنەوەی تەواوەتیی ئاوی دیجلە هەیە بۆ ماوەی نزیکەی دوو ساڵ، ئەگەر تەنها (٣٢,٩٤ ملیار م٣) ئاو هەژمار بکەین کە لە تورکیاوە دێتە عێراق. لە بەرانبەردا کوردستان کە ڕێژەی (٥٧,٢٥٪)ی ڕووبەری ئاوزێڵەکان دەکەوێتە کوردستانەوە و ساڵانە بڕی (١٨,٦٦٥ ملیار م٣) ئاوی تەنها لەم ڕووبارانەوە دەست دەکەوێت. هەموو بەنداوەکان کە هەندێکیان تەواو بوون و هەندێکیشیان تەواو نەبوون، لە باشترین دۆخدا توانای گەنجینەکردنی کەمتر لە (٧٥ ملیۆن م٣) ئاویان هەیە، کە وا بێ ئەگەر (٢ ملیار م٣)ی بەنداوی دوکان و (١,٥ ملیار م٣)ی بەنداوی دەربەندیخان هەژمار بکەین، چونکە ئەم دوو بەنداوە توانای گەنجینەکردنیان دابەزیوە، هەرێم تەنها توانای گەنجینەکردنی (٣,٦٢٧ ملیار م٣) ئاوی هەیە، کەواتە (١٥,٠٣ ملیار م٣) ئاو بەفیڕۆ دەڕوات. لەم ژمارانەوە تێدەگەین کە کوردستان ساڵانە چەند بڕ لە ئاڵتوونی شین لەدەست دەدات و قەبارەی گرفتەکانیش ساڵدوای ساڵ گەورەتر دەبن.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان:

(١) محمود الاشرم، (٢٠١١)، اقتصاديات المياه في الوطن العربي و العالم،٢٠٠١، ص٣٠١.

(2) https://www.dw.com › a-58764729

(3) https://ar.wikipedia.org › wiki

(٤) د. فؤاد قاسم الامیر، هاوسەنگیی ئاوی لە عێراق و قەیرانی ئاو لە جهاندا، وەرگێڕانی د. خەلیل کەریم محەمەد و ئەحمەد عەلی ئەحمەد، ٢٠١٦، لا٢٤٧.

(٥) ئازاد محەمەد ئەمین نەقشبەندی، بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکانی هەرێمی کوردستان، سەنتەری دیراسات و توێژینەوە و ئەکادیمیای پارتی، هەولێر، ٢٠٢١، لا٢٥٩.

(٦) سليمان عبدالله اسماعيل، السياسة المائية لدول حوضي دجلة و الفرات و انعكاساتها على القضية الكردية، ٢٠٠٤، ٢٣٢.

(٧) د. فؤاد قاسم الامیر، هاوسەنگیی ئاوی لە عێراق و قەیرانی ئاو لە جیهاندا، وەرگێڕانی د. خەلیل کەریم محەمەد و ئەحمەد علی ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٤٨.

(٨) هەمان سەرچاوە، ٢٤٦.

(9) Dana Muhammad Faraj, Kawa Zaiydan; the Impact of the Tropical water project on Darbandikhan Dam and Diyala river Basin, IRAQI JORNAL OF CIVIL ENGINEERING, 014-001, UNIVERSITY OF ANBAR,2020, P3-6.

(١٠) ئازاد محەمەد ئەمین نەقشبەندی، بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکانی هەرێمی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، لا٢٥٥.

(11) https://en.wikipedia.org/wiki/Silveh_Dam

(١٢) عليان محمود عليان، المياه العربية من النيل الى الفرات، ٢٠١٤، ص١١٠.

(١٣) سعيد خضري، جغرافیای طبیعی کوردستان،حوضه زاب، سنندج،٢٠٠٠، ص١٣٣.

(١٤) سعيد خضري، هایدرومورفولوجی ڕووباری زێی بچووک، ٢٠١١، ص١١٤.

(١٥) ئازاد محەمەدئەمین نەقشبەندی، پڕۆژەی گاپ (G. A. P.) و کاریگەرێتیی لەسەر دەوڵەتانی ناوچەکە و کوردستان، ٢٠٠٣، لا٤٥.

(١٦) د. فؤاد قاسم الامیر، هاوسەنگیی ئاوی لە عێراق و قەیرانی ئاو لە جیهاندا، وەرگێڕانی د. خەلیل کەریم محەمەد و ئەحمەد عەلی ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، لا١٦٦.

(17) https://www.ahewar.org › show.art.asp

(١٨) ئازاد محەمەد ئەمین نەقشبەندی، بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکانی هەرێمی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٠٧ و ٢٢٢ و ٢٣٨ و ٢٥٢ و ٢٨١.

(١٩) خليل كريم محمد، الخصائص الهايدرولوجية لحوض نهر تانجرو و امكانية استثمار مياهه، قسم الجغرافية، كلية العلوم الانسانية، جامعة السليمانية، اطروحة دكتوراه (غ. م)، ٢٠١٤، ص١٠٩.

(٢٠) کاری توێژەر پشتبەست بە سیستمی زانیارییە جوگرافییەکان (GIS١٠,٨).

(٢١) ڕێبین ڕۆستەم ڕەسووڵ حمد، بایەخی جیۆپۆلەتیکیی توخمە سروشتییەکانی جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، نامەی ماجستێر، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، بەشی جوگرافیا، ٢٠١٤، لا١٠٩.

# دۆخی ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان



عەبدولموتەڵیب ڕەفعەت سەرحەت
پسپۆڕی بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو



**بەرایی**

پێویستیی مرۆڤ بە ئاو؛ هیچی کەمتر نییە لە پێویستیی بە ئۆکسجین، چونکە بەبێ ئەو دوو هۆکارە، هیچ ئەگەرێك بۆ ژیان نامێنێت. لە کۆندا ئاو وەکوو سەرچاوەیەکی سروشتیی تازەگەر (الموارد الطبيعية المتجددة) تەماشا دەکرا، چونکە زیاد لە پێویست بوونی هەبوو و بە شێوەیەکی ئاسان بەردەست دەبوو. بەڵام دیاردەی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا، تێکچوونی هاوسەنگی لە پاترۆنی دابارین و پەیدابوونی دیاردەی وشکەساڵی و بەبیابانبوون لە هەموو جیهاندا؛ بوونەتە هۆی ئەوەی کە ئاو و ئاسایشی ئاو گرنگییەکی ئێجگار

زۆری پێ بدرێت بە مەبەستی زامنکردنی ئاو بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە و دوورکەوتنەوە لە مەترسییەکانی گەیشتن بە هێڵی هەژاری. چونکە کەمبوونەوەی ڕێژەی ئاو و ڕوودانی ململانێ لەسەر ئاو، تەنها واتای جەنگ نییە لەنێوان دوو وڵاتدا، بەڵکوو لەگەڵ ئەوەشدا ململانێ و کێشەی کۆمەڵایەتی لەنێوان هەرێمەکان یان پارێزگاکانیشدا ڕوو دەدات و تەنانەت لەنێوان جووتیاراندا لە هەمان شوێنی جوگرافیدا. هەرێمی کوردستان وەکوو بەشێک لە دەوڵەتی عێراق، ئاسایشی ئاوی مەترسیی زۆر گەورەی لەسەرە بە هۆی ئەو هۆکارانە کە ئاماژەی پێ کرا، لەگەڵ زیادبوونی ڕێژەی دانیشتووان و زیادبوونی گەشەی شارستانیەت (اتساع النمو الحضري) و سیاسەتی ئاوی وڵاتانی دراوسێ (لە ڕێگەی دروستکردنی پرۆژەی ئاودێریی گەورە و دروستکردنی بەنداو بەبێ گوێدان بە پێویستییەکانی یان مافە ڕەواکانی وڵاتانی هاوبەش لە ئاو)، هەموو ئەو خاڵانە بوونە پاڵپشتێکی بەهێز و پێویست بۆ گەڕان بەدوای ستراتیژیەتێکی نوێ بۆ بونیادنانی ئاسایشی ئاو. بۆیە ئەگەر هەوڵی جددی نەدرێت بۆ بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو بە شێوەیەکی زانستی و بەرپاکردنی ئاسایشی ئاو، ئەوە بێگومان وڵاتەکەمان و ئاسایشی نەتەوەییمان لەژێر مەترسیی لەناوچون دەبێت. لەم نووسینەدا بەوردی باس لە گرنگیی ئاسایشی ئاو دەکرێت و هەموو گرفت و مەترسییەکانی سەری دەخرێتە ڕوو، لەگەڵ چارسەر و چۆنێتیی بەرپاکردنی ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان.

**ئاسایشی ئاو**

ئاو یەکێکە لە پێداویستییە هەرە گرنگەکانی ژیان و شوێنی تایبەتی خۆی لە نەخشە و پلانی وڵاتاندا هەیە، هەروەها ڕۆڵێکی گەورەی لە ململانێی سیاسی و ئابووریی وڵاتاندا هەیە. ئاسایشی ئاو گرنگییەکی یەکجار زۆری هەیە و یەکێکە لەو بابەتە ستراتیژییانەی کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ئاسایشی خۆراك و ئاسایشی نەتەوەیی و ئاسایشی نیشتمانی هەیە. سەرجەم وڵاتانی جیهان پێشووتر هەوڵیان داوە گرنگییەکی تایبەت بدەن بەم چەمکە و وایان پێناسە کردووە کە هۆکارێکی پێکهێنەرە بۆ دەسەڵاتی نیشتمانی و ئاسایشی نەتەوەیی. هەروەها پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان ئاسایشی ئاو و سەربەخۆیی ئابووری و سیاسی هەیە، بەدەستهێنانی ئاسایشی ئاو پاڵنەرێکە بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی ئابووری و سیاسی(١). هەروەها لەدەستدانی خاڵی یەکەم دەبێتە هۆی لەدەستدانی خاڵی دووەم و بەپێچەوانەوە.

ئاسایشی ئاو هاوتای ئاسایشی خۆراکە، چونکە ئاسایشی خۆراك بەبێ ئاسایشی ئاو بەدەست ناهێنرێت، بۆیە ئاسایشی ئاو پێویستی بە گەشەکردن و پاراستن و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەگەرەکانی تێکچوونیەتی(٢). چەمکی ئاسایشی ئاو بە واتای پەیداکردنی پێداویستییەکانی کۆمەڵگایە لە ئاو بە چۆنێتی و چەندێتی و پاراستنی بەرژەوەندیی سامانە ئاوییەکان لەگەڵ بەردەوامبوونی بەبێ بوونی هیچ کاریگەرییەکی نێگەتیڤ لەسەر سیستەمە ئیکۆلۆژییەکان، بەڵکوو ببێتە هۆکارێك

بۆ پاراستنی[٣]. ئەوەش لە ڕێی بەکارهێنانی سەرچاوەکانی ئاو بە شێوەیەکی تەندروست و پارێزگاریکردن لە بڕە ئاوی بەردەست (Available) و هەوڵدان بۆ گەڕان بەدوای سەرچاوەی نوێدا.

یان بە واتای دابینکردنی ئاو دێت بەبەردەوامی لە ڕووی جۆر و بڕەوە و لە هەموو بارودۆخێکدا، بە مەبەستی بەکارهێنانی بۆ سەرجەم بوارەکان وەکوو خواردنەوە، پیشەسازی، کشتوکاڵ و بوارەکانی تر[٤]. نەبوونی ئاسایشی ئاو لە شوێنێکی جوگرافیی دیاریکراو، مرۆڤ و ئاسایشی مرۆڤایەتی تێك دەچێت و ژیان لەسەر ئەو شوێنە جوگرافییە دەخاتە مەترسییەوە، چونکە ئاو گەورەترین سەرچاوەی سروشتییە کە کاریگەریی لەسەر ژیانی مرۆڤ و ئاسایشی مرۆڤایەتی بە دوو ئاراستەی جیاواز هەیە، ئەوانیش:

١. ئاراستەی ئەرێنی (پۆزەتیڤ): خۆشگوزەرانی بە بوونی سەرچاوەی ئاو، کە دواجار هۆکارێکە بۆ بەرهەمهێنان و ئاسایشی خۆراك.

٢. ئاراستەی نەرێنی (نێگەتیڤ): هەڕەشەی جددی لەسەر مرۆڤ هەیە بە هۆی تایبەتمەندییە تێکشکێنەرەکانیەوە، وەکوو وشکی و وشکەساڵی و بەبیابانبوون و تەنانەت لافاویش.

سەدەی ڕابردوو بە سەردەمی نەوت و سەرکردایەتیی بەرهەمە نەوتییەکان ناسرابوو، بەڵام ئەم سەدەیە سەرەڕای گرنگیی نەوت، بە سەدەی ئاو ناسراوە، چونکە ئاو ڕۆڵێکی زۆر کاریگەر دەبینێت، بەتایبەتی لەناوەڕاستی ئەم سەدەیە. زۆرێك لە وڵاتانی سەرچاوە (المنبع) لەم سەردەمە کۆنترۆڵی سەرچاوەکانی ئاو دەکەن و وەك چەکێکی بەهێز بەکاری دەهێنن، بەتایبەتی دژی وڵاتانی ڕێژگە (المصب). بۆیە ئاسایشی ئاو دەبێت پلانێکی ستراتیژی بێت و هەموو ئامرازەکان و ڕێگاکان بگیرێتە بەر بۆ جێبەجێکردنی و بەدەستهێنانی.

**گرنگیی ئاسایشی ئاو**

هەندێ لە شارەزایان پێیان وایە ئاسایشی ئاو واتە دابینکردنی ئاوی خاوێن بۆ هەموو تاکێکی کۆمەڵگا (بۆ هەموو پێداویستییەکانی) بە بڕ و ڕێژەیەکی تەواو و بە کەمترین تێچوو، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی تەندروست سوود لەو ئاوە وەربگیرێت و ببێتە هۆی زیادبوونی بەرهەمی بەروبووم، بەڵام دابەزینی بڕ و ڕێژەی ئاوی خاوێن دەبێتە هۆی دروستبوونی مەترسی لەسەر کۆمەڵگا لە ڕێی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەوە.

ئامانجی ئاسایشی ئاو لەگەڵ ڕێنماییەکانی لیژنەی وڵاتە یەکگرتووەکان یەك دەگرێت، کە تایبەتە بە مافە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان کە تیایدا باس لە ڕەوایی یاسایی (مەشرووعیەتی) مرۆڤی کردووە لە دەستکەوتنی ئاو بە شێوەیەکی تەواو و لە ڕێگەی سەرچاوەی پاك و خاوێنەوە[٥]. بۆیە دەستکەوتنی ئاو مافێکی ڕەوایە بۆ هەموو تاکێکی کۆمەڵگا و پەیوەستبوون بە مافی مرۆڤ لە ئاودا، ئامانجێکی گەورەیە و ئامرازێکە بۆ پێشکەوتن و بەدەستهێنانی مافە گشتییەکان.

دیارە گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا (Climate Change) و دیاردەی قەتیسبوونی گەرما (Global Warming) لە چەند ساڵی ڕابردوودا، لەگەڵ

تێکچوونی هاوسەنگی لە پاترۆنی (Pattern) داباریبن و پەیدابوونی دیاردەی وشکەساڵی و بەبیابانبوون بوونەتە هۆی ئەژمارکردنی ئاسایشی ئاو بە بەشێکی بەستراو بە توانای پێشبینیکردنی مەترسییەکانی ئەو دیاردانەوە (کە ئاماژەیان پێ کرا) و توانای کەمکردنەوەی زیانەکانی ئەو دیاردانە.

پێویستیی مرۆڤ بە ئاو هیچی کەمتر نییە لە پێویستیی بە ئۆکسجین، چونکە بەبێ ئەو دوو هۆکارە هیچ ئەگەرێك بۆ ژیان نامێنێت. لە کۆندا ئاو وەکوو سەرچاوەیەکی سروشتیی تازەگەر (الموارد الطبيعية المتجددة) تەماشا دەکرا، چونکە زیاد لە پێویست بوونی هەبوو و بە شێوەیەکی ئاسان بەردەست دەبوو، بەڵام گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا و دابەزینی ڕێژەی داباریبن و زیادبوونی ڕێژەی بەبیابانبوون (بە هۆی وشکەساڵی و کەمیی سەرچاوەکانی ئاو) و زیادبوونی ڕێژەی دانیشتووان و زیادبوونی گەشەی شارستانیەت (اتساع النمو الحضري) و سیاسەتی ئاوی وڵاتانی دراوسێ (لە ڕێگەی دروستکردنی پرۆژەی ئاودێریی گەورە و دروستکردنی بەنداو بەبێ گوێدان بە پێویستییەکانی، یان مافە ڕەواکانی وڵاتانی هاوبەش لە ئاو)، هەموو ئەو خاڵانە بوونە پاڵپشتێکی بەهێز و پێویست بۆ گەڕان بەدوای ستراتیژیەتێکی نوێ بۆ بونیادنانی ئاسایشی ئاو.

### ئامانجەکانی ئاسایشی ئاو

ئاسایشی ئاو چەند ئامانجێکی سەرەکیی هەیە کە پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، ئەوانیش بریتین لە:

١. دانپێدان بە مافی هەر تاکێك لە ئاو لە چوارچێوەی دەسەڵاتە تەشریعی و جێبەجێکارەکاندا.

٢. دابینکردنی ئاوی پێویست بۆ بەکارهێنان، بە مەبەستی گەرەنتیکردنی ژیانی مرۆڤ لە ڕێی پاراستنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی لە خواردنەوە و کشتوکاڵکردن و دابینکردنی وزە... هتد[٦].

٣. بەدیهێنانی ئاسایشی خۆراك.

٤. پاراستنی هاوڵاتیان لە کێشە و ململانێیەکان لەسەر سەرچاوە ئاوییەکان[٧].

٥. دابینکردنی سیستمێکی ئاوەڕۆی گونجاو (صرف صحى)، کە هۆکارێك بێت بۆ پاراستنی ژینگە.

٦. دابینکردنی بڕێکی گونجاو لە ئاو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی وشکی و وشکەساڵی و بەبیابانبوون و هۆکار و ئامرازی پێویست هەبێت بۆ کەمکردنەوەی زیانەکانی لافاو.

لەو ئاستانەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئاسایشی ئاو بەندە بە ئاسایشەکانی خۆراك، تەندروستی، ژینگەیی، ئابووری، هەوڵدان بۆ دوورکەوتنەوە لە ململانێ و جەنگی ئاو و بەدیهێنانی بەرقەراربوون و خۆشگوزەرانی.

### ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان

دیارە هەرێمی کوردستان لە ڕووی سەرچاوەکانی ئاوەوە جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ عێراق بەگشتی نییە، بە هۆی ئەوەی ڕووبارە سەرەکییەکان و لقی ڕووبارەکان لە وڵاتانی دراوسێوە دێنە نێو خاکی هەرێمی کوردستانەوە، ئەمەش وا دەکات کە

هەمان مەترسیی گرفتی ئاو کە تووشی نییە، دەبێت لە داهاتوویەکی نزیکدا بە هەمان شێوە تووشی هەرێمی کوردستانیش ببێت.

ئەگەر بەراوردێکی ورد لەنێوان هەرێمی کوردستان و زۆرێك لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ڕووی سەرچاوەکانی ئاوەوە بکرێت، ئەوە بێگومان دۆخی هەرێمی کوردستان زۆر چاکترە و بە ناوچەیەکی پڕ ئاو دادەنرێت. بە پشتبەستن بە هەموو سەرچاوەکانی ئاوی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی (ئاوی سەرزەوی)، بۆمان دەردەکەوێت کە پێداویستییەکانی ئەم هەرێمە دابین کراوە، بەڵام کێشەی لاوازی یان نەبوونی سیاسەتی ئاو لە بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاودا هەیە.

ئاوی سەرزەوی لە هەرێمی کوردستان تووشی لەناوچوون دەبێت، بەبێ ئەوەی سوودی لێ وەربگیردرێت بۆ زۆربەی سێکتەرەکان. ئاوی سەرزەوی (ڕووبارەکان، دەریاچەکان و گۆماوەکان) پشتگوێ خراون و وەکوو پێویست بە شێوەیەکی زانستی سوودیان لێ نەبینراوە، بەڵکوو تەنها پیس دەکرێن بە پاشەڕۆ و پاشماوەکان (بە هەموو جۆرەکانیەوە)، لە بەرانبەردا ئاوی ژێرزەوی کە موڵکی نەوەی داهاتووە و پێویستە لە ئایندەدا بەکار بهێنرێت، ئەو کاتەی کە ئاوی سەرزەوی بەرەو نەمان دەچێت.

لە ڕووی زانستییەوە تا دڵۆپێك ئاوی سەرزەوی مابێت، پێویستە دەست نەبردرێت بۆ ئاوی ژێرزەوی. تەنانەت لە زۆربەی وڵاتاندا کە لە بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاودا پێشکەوتوون، ئەو ئاوەی کە وەکوو زیادە دەمێنێتەوە، بە ئامرازی تایبەت دەیخەنە ژێر زەوییەوە بە پڕۆسەیەك کە بە "Artificial groundwater recharge" ناسراوە، ئاوی ژێرزەوی بە شێوەیەکی زانستی بەکار دەهێنن، بەڵام لە کوردستاندا تا ئێستا ئاوی ژێرزەوی بە نازانستیترین شێوە بەکار دەهێنرێت و بەفیڕۆ دەدرێت و زیاد لە ڕێژەی دەرهێنانی تەناهیکراو (الاستخراج الآمن - Safe Extraction) دەردەهێنرێت، تەنانەت لەو ناوچانەی کە دەکەونە لێواری ڕووبارەکانەوە[٨].

ئەم کارە هەڕەشەیەکی زۆر ترسناکە بۆ ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان، بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێم و وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو وەك پرسێکی ئایندەیی مامەڵە لەگەڵ ئاوی هەرێمی کوردستان بکەن. هەروەها وەکوو پرسێکی چارەنووسساز لێی بڕوانرێت و هەوڵی جددی بدرێت بۆ دۆزینەوەی چارەسەری هەنووکەیی.

حکومەتی هەرێم هیچ پلان و هیچ ستراتیژیەتێکی بۆ چارەسەرکردنی گرفتی ئاو و بەدیهێنانی ئاسایشی ئاو نەبووە، تا کێشە و گرفتی ئاو لە کوردستاندا بەواقیعی سەر هەڵنەدات و ڕوو نەدات و پەرە نەسێنێت؛ هەنگاوی بۆ نانرێت و گوێ لە شارەزایانی ئەم هەرێمەش ناگیرێت. هەروەك چۆن پێشتر گوێ بە شارەزایانی ئابووری نەدرا و نەوتی کوردستان هەرزانفرۆش کرا و خەڵکی ئەم هەرێمە تووشی قەیران و دەردەسەری بوو و حکومەت نەیتوانی چارەسەری بکات، هەر وا دواجار مەترسی لەسەر ئاسایشی ئاو لەم هەرێمە هەیە و مەترسیی ئەوە

هەیە بە دەردی فرۆشتنی نەوتدا بچێت.

**گرفتەکانی ئاسایشی ئاو لە کوردستان**

دیارە چەند هۆکار و گرفتی سەرەکی هەن کە مەترسییان لەسەر ئاسایشی ئاو هەیە و بووەتە هۆی لەدەستدانی، ئەو هۆکارانەش لەم خاڵانەی لای خوارەوە پێك هاتووە:

١. کەمبوونەوەی ئاو و زیادبوونی ڕێژەی دانیشتووان

هەر چەند تا ئێستا داتایەکی ورد و باوەڕپێکراو لەسەر ژمارەی دانیشتووانی هەرێم نییە، بەڵام بێگومان لە زیادبووندایە، ئەمەش وای کردووە کە خواست لەسەر ئاو زیاتر بێت. لەگەڵ ئەوەشدا، سەرچاوەکانی ئاوی سەرزەوی بەتایبەتی ڕووبارە نێودەوڵەتییەکان لە کەمبووندان بە هۆی سیاسەتەکانی وڵاتانی سەرچاوە، بەتایبەتی ئێران. ئەم کێشەیە لە ئایندەدا زەقتر دەبێتەوە و کوردستان تووشی گرفتی زۆر گەورەتر دەکات.

٢. ئاودێری و بەفیڕۆدانی ئاو

ئەمە یەکێکە لە گرفتە گەورەکانی کوردستان، چونکە تا ئێستا تەکنەلۆژیا تێکەڵ بە سێکتەری کشتوکاڵ نەکراوە. شێوازی کشتوکاڵکردن و ئاودێری بە سیستمی کۆن (کە ڕێژەیەکی خەیاڵی لە ئاو بەفیڕۆ دەدرێت) و ڕێنمایی کشتوکاڵی لە کوردستاندا لە خراپترین ئاستیدایە و هەموو ئەوانە بوونەتە هۆکاری گەورە بۆ بەفیڕۆدانی ئاو لە کەرتی کشتوکاڵدا بەگشتی.

خراپ بەکارهێنانی ئاو و پەیڕەونەکردنی ڕێگای زانستیی نوێ لە ئاودێری، دەبێتە هۆی بەفیڕۆدانی زیاتر لە (٧٠٪) لە ئاوی بەکارهاتوو، بەشی گەورەی بەفیڕۆدان بەر کەرتی کشتوکاڵ دەکەوێت بە هۆی لاوازیی سیستمی ئاودێریی پەیڕەوکراو[٩].

٣. هۆکارە دەرەکییەکان

سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستاندا بە ڕێژەی (٦٠٪) لە دەرەوەی سنووری هەرێمەوە سەرچاوە دەگرن. ئەو ڕێژەیە وەکوو پێویست و بە شێوەی زانستی بەکار ناهێنرێت، بەڵکوو بەفیڕۆ دەدرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وڵاتانی هاوسنوور بەتایبەتی ئێران، دەیان بەنداوی لەسەر ڕووبارە نێودەوڵەتییەکان دروست کردووە، ئەو وڵاتە هیچ بایەخێکی بە پێداویستییە سەرەکییەکانی عێراق و کوردستان نەداوە و نادات لە مافی بەشە ئاو[١٠]. ئەمە جگە لەوەی کە دەسەڵاتدارانی هەردوو حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان بەتەواوەتی ڕادەستی سیاسەتە ئاوییەکانی تورکیا و ئێران بوون و هیچ هەوڵێکی جددی نەدراوە بۆ پاراستنی مافە مێژووییەکانی عێراق و هەرێم لە ئاوی ڕووبارە نێودەوڵەتییەکان.

ئێستا بەڕوونی ئاستی ئاو لە هەموو ئەو ڕووبارانە دابەزیوە و ڕەنگە لە ئایندەیەکی نزیکدا زۆرێك لەو ڕووبارانە ببنە ڕووباری وەرزی و شتێك بە ناوی ئاسایشی ئاو و ئاسایشی خۆراکەوە نەمێنێت لە هەرێمی کوردستان.

٤. لاوازیی بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو

لە هەرێمی کوردستاندا نەك لاوازی لە بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاودا هەیە، بەڵکوو شتێکمان نییە بە ناوی بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی

ئاو، ئەوەش هەیە، جگە لە شێوازێکی هەڕەمەکی و بێبەرنامەیی، هیچی تر نییە. بەڵگەش لەسەر ئەوە، ئاوی ڕووبارەکان بەفیڕۆ دەدرێن و پیس دەکرێن بە هەموو جۆرەکانی پاشماوە و پاشەڕۆ. لە بەرانبەردا حکومەت تا ڕادەیەکی زۆر پشتی بە ئاوی ژێرزەوی بەستووە (چونکە تێچووی زۆر ناکەوێتە سەر حکومەت). ئەمە لە ڕووی زانستییەوە هەڵەیەکی کوشندەیە بەتایبەتی بۆ عێراق و کوردستان، کە هەڕەشەی جەنگ و گرفتی ئاومان لەسەرە و پێویستە پارێزگاری لە ئاوی ژێرزەوی بکرێت، نەك بەکارهێنانی بە شێوەیەکی هەڕەمەکی.

٥. نەبوونی سەروەری لە کوردستاندا

سەروەری واتە مومارەسەکردنی مافەکانی وڵات، یان بوونی هێزێکی تۆکمە لە دەسەڵاتێکدا کە توانای هەبێت فەرمانڕەوایی بکات بەبێ هیچ کاریگەرییەکی دەرەکی.

سەرچاوە سروشتی و کشتوکاڵی و ئابوورییەکان لە هەر وڵاتێکدا بە ژێرخانی ستراتیژیی هەمیشەیی و داهاتووی وڵات دادەنرێن و مافی تەواوی هەموو نەوەکانیەتی بە نەوەی داهاتووشەوە. سەروەری بوونی نییە، بەبێ بوونی سەروەریی ڕاستەقینە لەسەر هەموو سەرچاوە سروشتی و کشتوکاڵی... هتد. لە بڕیاری ژمارە (١٨٠٣)ی کۆمەڵەی گشتیی وڵاتە یەکگرتووەکان هاتووە، کە: "سەروەریی هەمیشەیی لەسەر سەرچاوە سروشتییەکان پێویستە لە بەرژەوەندیی وڵات و میللەتدا مومارەسە بکرێت[١١]". بۆیە پێویستە ئەو دەسەڵاتەی کە فەرمانڕەوایی دەکات، خاوەن بڕیار و ئیرادە بێت و بەرپرسیارێتیی پارێزگاریکردن لە سەرچاوە سروشتییەکان و سەرچاوەکانی تر بگرێتە ئەستۆ.

ئەگەر عێراق (بە کوردستانەوە) وەکوو نموونەیەك وەربگرین لەم بابەتە و بەدوای بنەمای سەروەریدا بگەڕێین، ئەوە بێگومان نایبینینەوە، چونکە ئێستا عێراق بەگشتی (بە کوردستانەوە) دیلی سیاسەتەکانی وڵاتە هەرێمییەکان، وەکوو ئێران و تورکیا و خاوەن سەروەریی خاك و نیشتمانی خۆی نییە. لە ڕووی سەروەریی سەرچاوە سروشتی و کشتوکاڵییەکانیشەوە، بە هەمان شێوە خاوەن ئیرادە و دەسەڵات نییە و ناتوانێت پارێزگارییان لێ بکات. بەڵگە لەسەر ئەم قسانە، بێتوانایی عێراق و کوردستانە لە چارەسەرکردنی کێشەی ئاو و ڕووبارە نێودەوڵەتییەکانی لەگەڵ ئێران و تورکیادا. ئەم بابەتە ئێستا گرنگترین بابەتە کە پێویستە عێراق بە هەرێمیشەوە لەسەری بوەستن و قسەی خۆیانیان هەبێت، چونکە بەبێ ئاسایشی ئاو؛ ئاسایشی خۆراك وەدەست ناهێنرێت.

نەبوونی سەروەری لە عێراق و کوردستاندا، وایان کردووە کە ئەو دوو وڵاتە (تورکیا و ئێران و سووریا لە داهاتوودا) بەئاسانی پلان و سیاسەتە ئاوییەکانیان کە پێشووتر داڕێژرابوو، جێبەجێ بکەن. تورکیا یەکێکە لەو وڵاتانەی کە جگە لە ئاو؛ هیچ سەرچاوەیەکی سروشتیی تری نییە، بۆیە لە مێژەوە درووشمی "ئاو بەرانبەر بە نەوت"ی هەڵگرتووە و لەناوەڕاستی سەدەی ڕابردووەوە پلانی هەبووە بۆ بونیادنانی پرۆژەی "GAP"ی فرەمەبەست، کە لە ڕێی ئەو پرۆژەیەوە بتوانێت

ئاو و شتومەکی کشتوکاڵی و کارەبا بفرۆشێتە وڵاتانی دەوروپشتی خۆی و بەتایبەتی عێراق و وڵاتانی کەنداو[١٢]، بەڵام هیچ چانسێکی نەبوو ئەو پڕۆژەیە جێبەجێ بکات، لەبەر ئەوەی عێراق خاوەن سەروەری بوو و کەسێك حوکمی عێراقی دەکرد کە بەلایەوە زۆر ئاسان بوو گەلی خۆی کیمیاباران بکات،چ بگات بە وڵاتێکی وەکوو تورکیا. عێراق چەندین جار هەڕەشەی تێکشکانی بەنداوەکانی تورکیای دەکرد، ئەگەر بێتوو تورکیا بەسەربەخۆیی بەنداوەکانی دروست بکات، بۆیە تورکیا و ئێرانیش نەیاندەوێرا پڕۆژە ئاوییەکانیان جێبەجێ بکەن تا ساڵی ٢٠٠٣. ئەو کاتەی کە شتێك لە عێراق بە ناوی سەروەرییەوە نەما و عێراق لە گۆماوی ململانێی سیاسی و مەزهەبییەوە خنکابوو. بۆیە زۆربەی پڕۆژە ئاودێرییەکانی ئەو دوو وڵاتە لەدوای ساڵی (٢٠٠٥)وە دەست کرا بە دروستکردنیان.

سەروەری پەیوەستە بە ئاسایشی ئاو و ئاسایشی خۆراکەوە، نەبوونی سەروەری واتە نەبوونی توانا لە پارێزگاریکردن لە ئاسایشی ئاو، کە لە ئەنجامدا کاریگەریی لەسەر ئاسایشی خۆراك دەبێت.

٦. گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا

هەموو جیهان بەدەست ئەم دیاردەوە دەناڵێنێت، کە وای کردووە خواستی لەسەر ئاو زیاتر بێت بە هۆی بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرمی، بەرزبوونەوەی ڕێژەی بەهەڵمبوون و تێکچوونی شێوازی داباریین. ئەم دیاردەیەش لە کوردستاندا بەدی دەکرێت و کێشە و گرفتی زۆر گەورەی دروست کردووە، وەکوو سەرهەڵدانی دیاردەی بەبیابانبوون و وشکی، بەتایبەتی لە هەندێ ناوچە. گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا تەنها هەڕەشە و مەترسیی لەسەر سەرچاوەکانی ئاو دروست نەکردووە، بەڵکوو هەڕەشەی لەسەر ئاسایشی خۆراك و ئاسایشی مرۆیی و تەندروستییش دروست کردووە.

٧. تێکچوونی هاوسەنگیی ئاو

هاوسەنگیی ئاو، پەیوەندیی نێوان ڕەگەزەکانی خولی هایدرۆلۆژی لە سروشتدا شی دەکاتەوە[١٣]. واتە جیاوازی لەنێوان ڕێژەی ئاوی دەستکەوتوو و ڕێژەی ئاوی بەکارهاتوو، یان جیاوازی لەنێوان ئەو بڕە ئاوەی کە لە ڕێی دابارینەوە دەست دەکەوێت و ئەو بڕە کە لە ڕێی بەهەڵمبوونەوە لەدەست دەچێت.

$$\pm = P - Ep$$

P: داباریین

Ep: بەهەڵمبوون

هەر کاتێ ڕێژەی ساڵانەی داباریین یەکسان یان زیاتر بوو لە ڕێژەی ساڵانەی بەهەڵمبوون، ئەوکات ئاو هاوسەنگە و گرفتی نییە، بەڵام هەر کاتێ ڕێژەی ساڵانەی بەهەڵمبوون زیاتر بوو لە ڕێژەی ساڵانەی داباریین، واتە هاوسەنگیی ئاو تێك چووە. گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا و زیادبوونی پلەی گەرمی وایان کردووە کە ڕێژەی بەهەڵمبوون زیاتر بێت لە ڕێژەی داباریین لە زۆربەی ناوچەکانی جیهاندا، ئەم گرفتە لە کوردستان و عێراقدا زۆر گەورەترە، ئەمەش هەڕەشەیەکی مەترسیدارە لەسەر کۆی سیستمی ژینگە و لە ئەنجامدا ئاسایشی ئاو و خۆراك دەخاتە مەترسییەکی زۆر گەورەوە.

٨. پیسبوونی ئاو

کێشەی پیسبوونی ئاو یەکێکە لە کێشە سەرەکییەکانی سەردەم، چونکە پەیوەندیی بە هەموو جومگەکانی ژیانەوە هەیە و هیچی کەمتر نییە لە کێشەی کەمی و بەفیڕۆدانی ئاو. پیسبوونی ئاو زیاتر کاریگەریی لەسەر ژیانی گوندنشینەکان دەبێت، کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و بەبێ خاوێنکردنەوە ئاو لە ڕووبارەکانەوە بەکار دەهێنن.

دیارە زۆربەی سەرچاوەکانی ئاو لە عێراق و کوردستان بە پاشماوە و پاشەڕۆی (پیشەسازی، کشتوکاڵی، وێستگەکانی بەرهەمهێنانی وزە... هتد) ی وڵاتانی دراوسێ و شارەکانی ناوەوەی عێراق لە ڕێی ئاوەڕۆی گشتی (مجاری الصرف الصحی)ی شارەکانەوە لەناو دەبرێت، دواتر دەڕژێنرێتە نێو ڕووبار و ڕێڕەوە ئاوییەکانەوە. هەندێ جار فڕێ دەدرێتە سەر زەوی لەو ناوچانەی کە سیستمی ئاوەڕۆی (صرف صحی)ی پێ نەگەیشتووە و دەبێتە هۆی پیسبوونی ئاوی ژێرزەوی.

بۆیە ڕەنگە ئێستا عێراق بە کوردستانەوە، گرفتی پیسبوونی ئاوی زیاتریان هەبێت لە گرفتی کەمیی ئاو (شحة المیاه)، ئەمە و لەپاڵ نەبوونی یان لاوازیی هۆشیاریی تاک لە ڕووی ژینگەییەوە.

ئەمڕۆ کێشەی پاشەڕۆکان لە عێراق و کوردستان بەردەوامە، بەبێ پەیڕەوکردنی هیچ ڕێگەچارەیەکی زانستی و هەموو سەرچاوەکانی ئاو لەژێر مەترسیی پیسبووندان، چ سەرچاوەکانی ئاوی سەرزەوی بێت یا ئاوی ژێرزەوی.

٩. نەوت وەك نەهامەتییەك بۆ ئایندەی ئاو لە کوردستان

ئێستا نزیکەی (٩٥٪) لە پرۆژەی گاپ (GAP) تەواو بووە و زۆربەی پرۆژە ئاوییەکانی ئێران لە تەواوبووندایە و عێراق لە گرفتی گەورەی کەمئاوی و گەیشتن بە هێڵی هەژاریی ئاو نزیك بووەتەوە و هیچ هەوڵێکی جددیی نەداوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو گرفتە و لە داهاتوودا هەمان کێشە و گرفت ڕووبەڕووی کوردستانیش دەبێتەوە و دروشمەکانی تورکیا وەك "ئاو بەرانبەر بە نەوت" خەریکن دێنە دی، کە پێشتر ئێمەومانان وەکوو خەون دەمانبینی.

ڕەنگە دۆخەکە خراپتریش بێت لە داهاتوودا، چونکە ئاو پێچەوانەی نەوتە، هەرگیز بەهای خۆی لەدەست نادات و تورکیا ئێستا گەورەترین سوودمەندە لە سیاسەتی "نەوتی"ی هەرێمی کوردستان. خەڵکی ئەم هەرێمە نەوت وەکوو نەهامەتییەك دادەنێن، چونکە لەو ڕۆژەوە نەوت لە کوردستان بەرهەم هێنراوە، خەڵکەکە خێریان لێ نەبینیوە، لە کاتێکدا نەوت دەبێت مایەی خۆشگوزەرانی بێت بۆ هاوڵاتیان و لە کاتی کەمبوونەوەی ئاودا دەتوانرێت وەکوو کارتێکی فشار بەرانبەر سیاسەتە ئاوییەکانی وڵاتانی دراوسێ بەکار بهێنرێت و ئاسایشی ئاو لە کوردستاندا بپارێزرێت. بەڵام نەوت لە ئێستا و داهاتوودا وا دانراوە تەنها خزمەتی چەند کەسێك بکات لەم هەرێمەدا، ئەگینا بیر لە ئایندەی هەرێم نەکراوەتەوە و لە بەرنامەدا نییە.

بۆیە ئەگەر گرنگی بە سەرچاوەکانی ئاو نەدرێت لە هەرێمی کوردستاندا، ئەوە لە ئایندەدا مەترسیی زۆر گەورە لەسەر هەرێم دروست دەبێ و دانیشتووانی هەرێم تووشی گرفتی گەورەی کەمئاوی دەبن و دوور نییە لە ئایندەیەکی نزیکدا بە هۆی دابەزینی ئاستی ئاوی سەرزەوی، بە شێوەیەکی لە ئێستا خراپتر دەست ببرێت بۆ ئاوی ژێرزەوی و ئەو سامانە گرنگە لەناو ببرێت و نەوەی داهاتوو بخەینە مەترسییەکی زۆر گەورەوە و لە هەموو بارودۆخەکان ئاسایشی ئاو، ژینگە و خۆراک بەرەو هەڵدێرمان دەبات.

**ڕاسپاردە و چۆنێتیی بەدەستهێنانی ئاسایشی ئاو لە کوردستاندا**

بە مەبەستی دەربازبوونی کوردستان لە گرفتی ئاو و فەراهەمکردنی ئاسایشی ئاو، پێویستە ئەم خاڵانەی لای خوارەوە پەیڕەو بکرێن:

١. گفتوگۆکردن لەسەر ڕووبارە نێودەوڵەتییەکان لە چوارچێوەی عێراقدا

هەوڵدانی عێراق بە شێوەیەکی جددی بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ وڵاتانی سەرچاوە، بە مەبەستی گەیشتن بە ڕێککەوتننامە بۆ دڵنیابوون و زامنکردنی بەشەکانی عێراق لە ڕووبارە نێودەوڵەتییەکان بە پشتبەستن بە یاسا نێودەوڵەتییەکان. بۆیە پێویستە گفتوگۆکان لەگەڵ ئێران و تورکیا چڕتر بکرێنەوە و هەوڵی جددی بدرێت کە لە گرفتی کەمیی ئاو و ئەنجامەکانی تێبگەن، کە زیانی گەورە لە عێراق و کوردستان دەدات. لە ئێستادا ناتوانرێت ڕێگری لە دروستکردنی بەنداوەکان بکرێت، چونکە تازە کار لە کار ترازاوە، بەڵام پێویستە بە گفتوگۆ داوای مافە مێژووییەکانی عێراق و کوردستان لە سەرچاوەکانی ئاو بکرێت. پێویستە جەخت لەوە بکەنەوە کە بەکارخستنی ئەو بەنداو و پرۆژانە، کاریگەریی خراپ لەسەر سیستمە ئیکۆلۆژییەکانی ڕووبارەکان لەنێو عێراق و کوردستاندا دروست نەکات.

٢. بەکارهێنانی ئاو بە شێوەیەکی زانستی

پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی گونجاو بۆ بەکارهێنانی ئاو بە شێوەیەکی زانستی و بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو لە چوارچێوەی پلانێکی داڕێژراو و بەهێز و گرنگیدان بە ئاوی ژێرزەوی و بەکارهێنانی بە شێوەیەکی زانستی و لە چوارچێوەی دەرهێنانی تەناهیکراو (پارێزراو - الاستغلال الآمن - Safe Extraction) و ئاوی سەرزەوی بکرێتە سەرچاوەی سەرەکیی یەکەم بۆ بەکارهێنان. پێویستە هەوڵی جددی لە بەرزکردنەوەی ئاستی ئاوی ژێرزەوی لە ڕێی پرۆسەیەك بدرێت، کە بە دووبارە پڕکردنەوەی ئاوی ژێرزەوی ناسراوە (Artificial groundwater recharge)، ئەویش لە ڕێگەی دروستکردنی پۆند لە شوێنی گونجاو یا لە ڕێی هەڵکەندنی بیری تایبەت (فیدینگ) بۆ ئەو مەبەستە، کە لە ئەنجامدا ئاوی ژێرزەوی لە چینەکانی خوارەوە بەرز دەبێتەوە.

٣. ئاو بەرانبەر بە نەوت

عێراق بە کوردستانەوە وڵاتێکی دەوڵەمەندە بە پترۆڵ، بەڵام ڕووبەڕووی کەمیی ئاو بووەتەوە و لە ئایندەشدا ئەو گرفتە زەقتر دەبێتەوە. لە لایەکی ترەوە تورکیا وڵاتێکی بێ پترۆڵ و دەوڵەمەندە بە ئاو. بۆیە عێراق و بەتایبەتی کوردستان لە چوارچێوەی

عێراق دەتوانێ نەوت و گاز وەکوو فشارێك بەکار بهێنێت بەرانبەر بە فشاری ئاو، کە وڵاتانی دراوسێ پەیڕەی دەکەن، بەڵام لە داهاتووشدا ئەم شێوە چارەسەرە دەبێتە کێشەیەکی زۆر گەورە بۆ نەوەی داهاتوو بەتایبەتی لە کاتی نەمانی نەوتدا، یان دابەزینی بەهای نەوت بۆ کەمتر لە بەهای ئاوی سازگار.

٤. دووبارە سوودوەرگرتنەوە لە ئاوی بەکارهاتوو (پاشەڕۆ)

ڕێژەی ئاوی پاشەڕۆ لە کوردستان و عێراق زۆر بەرزە و ئەم جۆرە ئاوە بە سەرچاوەیەکی ئاویی گرنگ دادەنرێت، چونکە دەتوانرێت هەندێ پێداویستیی ناوخۆی پێ پڕ بکرێتەوە، وەکوو پێداویستییەکانی کەرتی پیشەسازی، یان دەتوانرێت وەك سەرچاوەی دووبارە پڕکردنەوە (فیدینگ)ی ئاوی ژێرزەوی بەکار بهێنرێت دوای چارەسەرکردن و خاوێنکردنەوەی. هەروەها دەکرێت بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی ژینگە بەکار بهێنرێت.

ڕەنگە ئەم پرۆسەیە پێویستی بە بودجەیەکی زۆر هەبێت، بەڵام ڕێگەیەکی زانستییە بۆ پاراستنی ئاو، چونکە ئەم جۆرە پاشەڕۆیە لە جیهانی ئەمڕۆدا بە سەرچاوەیەکی گرنگی ئابووری دادەنرێت. سەرەڕای سوودوەرگرتن لە ئاو دوای پاڵاوتنی، لە ئەنجامیشدا دەتوانرێت سوود لە پاشماوە ڕەقەکانی وەربگیردرێت و وەکوو پەیینی ئۆرگانی یا کیمیایی بەکار بهێنرێت، بەمەش ڕێژەی هاوردەکردنی پەیینی کیمیایی لە دەرەوەی وڵاتەوە کەم دەبێتەوە.

٥. پەیرەوکردنی سیستمی گۆماوی دەستکرد

یەکێکە لە ئامرازە هەرە گرنگەکان بۆ کۆکردنەوەی ئاوی باران و بەکارهێنانی، بەتایبەتی لە بواری کشتوکاڵدا. ئەم سیستمە بە دوو ڕێگا دەبێت:

أ. کۆکردنەوەی ڕاستەوخۆ: واتە کۆکردنەوەی ئاو لەنێو زەوییە کشتوکاڵییەکان، کە لێژایی تێدایە و دەتوانرێت وەکوو ڕێگرێك بەکار بهێنرێت بۆ کەمکردنەوەی ڕاماڵینی خاك.

ب. کۆکردنەوەی ناڕاستەوخۆ: واتە کۆکردنەوەی ئاوی "لافاو" لە شوێنێکی تایبەت و بەکارهێنانی بۆ ئاودانی "تەواوکەر"، یان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئاوی ژێرزەوی، یان بۆ خواردنەوە بۆ ئاژەڵەکان.

ئەم سیستمە زۆر گرنگە بۆ ناوچە وشك و نیمچەوشکەکان، بەتایبەتی بۆ مەبەستی ئاودێریی تەواوکەر و بۆ زەوییە کشتوکاڵییە دەیمەکان. گرنگیی ئەم سیستمە لەوەدایە کە تێچووەکەی زۆر کەمە و دەتوانرێت بڕێکی زۆر لە ئاو کۆ بکرێتەوە.

٦. دروستکردنی بەنداو

بەنداوەکان چەند سوودیان هەبێت، ئەوەندەش زیانیان دەبێت، بەڵام عێراق و هەرێمی کوردستان ڕێگەچارەی تری گەورەیان بەدەستەوە نەماوە، چونکە وڵاتانی سەرچاوە (تورکیا و ئێران و سووریا لە داهاتوودا) هەموو سەرچاوەکانی ئاویان گرتووە بە بەنداو. بەنداوی بێخمە گرنگترین بەنداوە، کە پێویستە لە هەرێمی کوردستان دەست بە تەواوکردنی بکرێتەوە، چونکە توانای گلدانەوەی (١٧ ملیار م٣) ئاوی هەیە و توانایەکی یەکجار زۆری بۆ بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا هەیە. پێشبینی دەکرێت ئەم بەنداوە بەس بێت بۆ کۆتاییهێنان بە

گرفتی ئاو و دواتر بەدەستهێنانی ئاسایشی ئاو لە عێراق و کوردستاندا.

٧. ڕێنماییکردن و هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان لە ڕووی بەکارهێنانی ئاوەوە

پێویستە هاوڵاتیان لە مەترسییەکانی کەمئاوی هۆشیار بکرێنەوە، کە بووەتە هەڕەشەی جددی لەسەر ئاسایشی خۆراك و ئاسایشی تەندروستی و دواتر ئاسایشی نەتەوەیی. ئەمە کاری حکومەت بەتەنها نییە، بەڵکوو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و کەرتی تایبەت دەبێت، کە هەستن بە ئەنجامدانی کەمپینی تایبەت بە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا و دەتوانرێ لە ڕێگەی پرۆگرامەکانی خوێندنیشەوە ئەم کارە ئەنجام بدرێت.

٨. پەیرەوکردنی سیستمی ئاودێریی مۆدێرن

بەفیڕۆدانی ئاو کاریگەریی ئابووریی زۆر خراپی لێ دەکەوێتەوە، بۆیە بەرنامەی پرۆسەی پاراستنی ئاو بەشێکی گرنگە لە پرۆسەی پاراستنی سەرچاوە سروشتییەکان. کارامەیی لە بەکارهێنانی ئاو بەتایبەتی بۆ سێکتەری کشتوکاڵ زۆر گرنگە، چونکە لەم سێکتەرەدا زۆرترین بڕی ئاو تیایدا بەکار دەهێنرێت و بەفیڕۆ دەدرێت. پەیڕەوکردنی سیستمی ئاودێریی کۆن پێویستە کاری جددیی لەسەر بکرێت و کۆی سیستمەکە بگۆڕدرێت، بەتایبەتی لەم سەردەمەدا کە لە لایەکەوە تەکنەلۆژیا پێشکەوتووە و لە لایەکی ترەوە سەردەمی گرفت و کێبڕکێیە لەسەر سەرچاوەکانی ئاو و سیستمی ئاودێریی مۆدێرن، کارامەیی پرۆسەی ئاودێریی بەرز دەکاتەوە و ڕێژەی بەفیڕۆدانی ئاو تا (٩٠٪) کەم دەکاتەوە[١٤].

٩. بەڕێوەبردنی تەواوکار لە سەرچاوەکانی ئاودا (IWRM)

سەرچاوەکانی ئاو لە زۆربەی سێکتەرەکان و چالاکییە جیاوازەکانی مرۆڤدا وەك (خواردنەوە، خزمەتگوزاری، پاككردنەوە، کشتوکاڵ، پێشەسازی... هتد) بەکار دەهێنرێت و هەر سێکتەرێك لەوانە جیاوازە لەگەڵ ئەوی تردا.

هەر بۆ نموونە؛ لە کوردستاندا چەندین لایەنی حکومی هەیە، لەسەر سەرچاوەکانی ئاو و دابەشکردنیان بەرپرسە، بۆ نموونە "وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو" و "وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار" و لە خوارەوەی ئەو دوو وەزارەتەوە، ئەم بەڕێوەبەرایەتییانە هەن: بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بەنداوەکان، بەڕێوەبەرایەتیی ئاو و ئاوەڕۆ، بەڕێوەبەرایەتیی ئاوی ناوشار، بەڕێوەبەرایەتیی ئاوی دەوروبەر، بەڕێوەبەرایەتیی ئاوی ژێرزەوی، بەڕێوەبەرایەتیی ئاوی سەرزەوی، ڕەنگە بەڕێوەبەرایەتی و یەکەی تریش هەبێت. هەریەك لەو لایەنانە بە شێوەیەکی سەربەخۆ کارەکانیان ڕادەپەڕێنن، بە شێوەیەك کە ئاگایان لە یەك نەبێت و هیچ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە نەبێت، بۆ نموونە مۆڵەتی هەڵکەندنی بیر هەر لایەنێك لای خۆیەوە مۆڵەت دەدات، بێ ئەوەی ئاگایان لە یەك بێت.

بەڵام لە سیستمی بەڕێوەبردنی تەواوکار لە سەرچاوەکانی ئاودا، پێویستە هەموو ئەو سێکتەر و بەڕێوەبەرایەتییانە پێکەوە ببەسترێنەوە بە شێوەیەکی زانستی[١٥]. مەبەست لەم سیستمە ئەوەیە ئاو دابین بکرێت بۆ هەموو سێکتەرێك

بەپێی پێداویستییە ڕاستەقینەکانی و چاودێریکردنی سەرچاوەکانی ئاو، بە شێوەیەك كە لەگەڵ ئامانجە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ژینگەیی و ئابوورییەکاندا بگونجێت، چونکە بوونی چەند لایەنێکی جیاواز لە سیستمی بەڕێوەبردنی ئاودا، هۆکارێکە بۆ کێشە و گرفت و ناسەقامگیری لە پرۆسەی بەڕێوەبردندا[١٦].

لە عێراقدا بەگشتی بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو کارێکی ئاڵۆزە و چەندین کاری بەستراو بە یەك لەخۆ دەگرێت، وەکوو پلاندانان و بەکارخستن و چاککردن و دانانی نرخ و شیاندنی ژینگەیی (التأهيل البيئي) و گەشەکردنی گەڕاوەکان (انعاش الأهوار) و دانانی چەند یاسایەکی تۆکمە و بەهێز بۆ ڕێکخستنی کەرتی ئاو، کە دەبێت لەلایەن (وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاو، وەزارەتی کشتوکاڵ، وەزارەتی شارەوانییەکان، یەکە ئیدارییەکان و هەرێمی کوردستان) بەڕێوە ببرێت، ئەمەش پێویستی بە جێبەجێکردنی بنەماکانی بەڕێوەبردنی تەواوکارە (إدارة متكاملة) و چاککردنی بەڕێوەبردنی ئاو بە شێوەی ئاسۆیی (لەسەر ئاستی دەزگا ناوەندییەکان) و ستوونی (لەسەر ئاستی پەیوەندییەکانی ناوەند بە هەرێم و پارێزگاکانەوە).

بۆیە کەرتی ئاو پێویستی بە جێبەجێکردنی ڕێسای ناوەندێتیی کارگێڕی (مركزية الإدارة) و سیستمی ناناوەندیی خزمەتەگوزارییەکان (لا مركزية الخدمات) هەیە. ئەمەش پێویستی بە دانانی یاسا و ڕێسا و سیاسەتی ڕوون لە بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو لە سەرجەم پارێزگاکان و هەرێمی کوردستاندا هەیە، کە بەرپرسیارێتیی حکومەتی ناوەندە، بەڵام لە ڕووی خزمەتگوزارییەکانەوە دەبێت ئەو دەسەڵاتە بەسەر هەرێم و پارێزگاکاندا دابەش بکرێت، کە دەبێت بە یاساکانی پاراستنی ژینگە و بەرژەوەندییە باڵاکانی وڵاتەوە پابەند بکرێن. بە هەمان شێوەی حکومەتی ناوەند، دەبێت سەرچاوەکانی ئاو لەناو هەرێم لە چوارچێوەی سێ پارێزگاکەدا بەڕێوە ببرێت.

لە ئەنجامی نەبوونی بەڕێوەبردنی تەواوکار بۆ سەرچاوەکانی ئاو لە هەر وڵاتێکدا؛ گرفتی ئاو، پیسبوونی سەرچاوەکانی ئاو، تێکچوونی سیستمی ئیکۆلۆژی و هەڕەمەکی لە بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاوی لێ دەکەوێتەوە، وەکوو ئەوەی ئێستا لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا هەیە، بۆیە سەرەکیترین و گرنگترین ئامانج لە ئامانجەکانی بەڕێوەبردنی تەواوکار، لە سەرچاوەکانی بەدەستهێنانی ئاسایشی ئاوە.

١٠. کۆنترۆڵکردنی ژمارەی دانیشتووان

ئەم گرفتە حکومەتی ناچار کردووە بە فراوانبوونی شارەکان، بەڵام بەداخەوە هەموو جارێ لەسەر حیسابی زەوییە کشتوکاڵییەکان دەبێت. بۆیە نەمان یان کەمبوونەوەی پانتایی زەوییە کشتوکاڵییەکان، بە واتای بەبیابانبوون دێت. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە بەجددی بیر لە کۆنترۆڵکردنی ڕێژەی دانیشتووان بکرێتەوە، دوور لە هەموو بنەمایەکی ئایینی و کۆمەڵایەتی، چونکە هەموو ئامرازەکانی خۆشگوزەرانی خەریکە لەدەست دەدەین و لە داهاتوودا سەرچاوە سروشتییەکان بەتایبەتی ئاو، پێداویستیی ناوخۆیی پڕ ناکەتەوە،

ئەمەش ناچارمان دەکات ڕێژەی دانیشتووانی هەرێم لەگەڵ توانای هەرێم بۆ دابینکردنی خۆراك و پاراستنی ئاسایشی خۆراك و ئاسایشی مرۆیی بگونجێنین.

لەگەڵ هەموو ئەو خاڵە سەرەکییانە کە ئاماژەیان پێ کرا، حکومەتی هەرێم پێویستە ئەم چەند پێشنیارە لەبەرچاو بگرێت، بەتایبەتی بۆ ڕێکخستنی بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو لە ناوخۆی هەرێم:

١.ڕێکخستنەوەی سەرجەم ئەو دامودەزگایانەی کە پەیوەندییان بە سامانی ئاوەوە هەیە.

٢. دانانی سیستمێکی نوێی تایبەت بە زانیاری و داتا و بەکارهێنانی زانیارییەکان بۆ توێژینەوەی زانستیی تایبەت بە سەرچاوەکانی ئاو.

٣. دانانی یاسای تایبەت بە سەرچاوەکانی ئاو و گرنگیدان بە چۆنێتیی پاشەکەوتکردنی ئاو و بەکارهێنانی لە کاتی سەرهەڵدانی کێشە و قەیرانەکان.

سەرچاوەکان:

١. النجار أحمد وآخرون (٢٠٠١)، الأبعاد السياسية والاجتماعية لتطوير استخدام الموارد المائية، كراسات استراتيجية رقم ٩٧، مركز الدراسات السياسية والاستراتيجية بالاهرام، القاهرة، مصر.

٢. أشرف صبحي عبد العاطي (١٩٩٩)، ترشيد المياه: واقع وأفاق، الطبعة الأولى، دار ومكتبة الاسراء، طنطا، مصر.

3. Larry, W, Mays, McGraw, Hill Prof Med 2004, Water supply systems security, Tech.

4. Buzan, B 1983, 'The National Security Problem in International Relation ', Whet sheaf Bool , 1983, pp: (7).

٥. أشرف صبحي عبد العاطي (١٩٩٩)، هەمان سەرچاوە.

٦. تقرير التنمية الانسانية (١٩٩٤)، الابعاد الجديدة للامن البشري، برنامج الامم المتحدة الانمائي (PUND).

7. Food and Agriculture Organization (FAO) 2002, The State of Food Insecurity in the World, Rome, pp. 5-7.

8. H., A. Loáiciga 2016, The Safe Yield and Climatic Variability: Implications for Groundwater Management, NGWA, in: <https://doi.org/10.1111/gwat.12481>.

٩. عرعر، عبدالله عبدالرزاق (١٩٩٧)، "استخدام المياه للاغراض الزراعية في الوطن العربي"، ورقة مقدمة لندوة مصادر المياه واستخداماتها في الوطن العربي، الكويت، ص(١٨-٢٠).

١٠. سرحت، عبدالمطلب رفعت (٢٠١٩)، کورد و عێراق لە سیاسەتی ئاوی وڵاتانی سەرچاوە، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

١١. قرارات الجمعية العامة للأمم المتحدة:

https://www.un.org/ar/sections/documents/general-assembly-resolutions/index.html

١٢. سرحت، عبدالمطلب رفعت (٢٠١٩)، هەمان سەرچاوە.

13. Domenico, P, A, and Schwartz, F, W 1998, 'Physical and Chemical Hydrogeology', John Wiley and Sons Inc., New Yourk. Pp: (506) P.

١٤. عرعر، عبدالله عبدالرزاق (١٩٩٧)، هەمان سەرچاوە.

15. Global Water Partnership 2000, Integrated Water Resources Management, TAC Background Papers, no: 4, www.gwpforum.org/gwp/library/Tacno4.pdf

16. Global Water Partnership 2002, Integrated Water Resources Management, http://www.gwp.ihe.nl.

# گۆڕانی کەش لە کوردستان: ئاڵنگاری و ڕووبەڕووبوونەوە



خالد سلێمان
ڕۆژنامەنووسی تایبەت لە بواری ژینگە و گۆڕانی کەش



## بەرایی

خەڵکی کوردستان لە ناکاوێکدا بۆیان دەرکەوت ڕووبەڕووی ئالەنگارییەکی گەورەی ئاو بوونەتەوە، لە کاتێکدا ئاماژەکانی بێئاوی زیاتر لە دەیەیەکە دەرکەوتوون و لە هەندێ ناوەندی میدیادا باس کراون. دەزگاکانی حکومەت، ناوەندەکانی زانکۆ و توێژینەوە، کۆمەڵگەی مەدەنی و میدیا، هەروەها کۆمەڵگەی کوردستان بەگشتی، بەبێ پێشینە و بەبێ ئاماری پێویست دەربارەی گۆڕانکارییەکانی کەش و دەرەنجامەکانی، لەبەردەم واقیعێکی ژینگەیی بێوێنەدا خۆیان بینییەوە. بێئاوییەکی دەگمەن، بەرزبوونەوەیەکی لەڕادەبەدەری پلەکانی گەرما، زەقبوونەوەی سیاسەتاکانی ئێران و تورکیا لە تینووکردندا، نەبوونی پلانێکی دوورمەودا بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر دۆخێکی لەم شێوەیە، خەسڵەتی دیمەنی ئێستای هەرێمی کوردستانن. ئەم باسە هەوڵ دەدات لەسەر فاکتەرەکانی پشت وشکەساڵی، کەمبوونەوەی دابارین و دەرەنجامەکانی بوەستێت و لێیان تێبگات، هەروەها سیناریۆ و چارەسەر و پێشنیارەکان بۆ زامنکردنی داهاتووی کوردستان.

## کوردستان و حەوزە گەرمەکە

کەشی[1] هەرێمی کوردستان بە پێچەوانەی ناوچەکانی تری باشوور و ڕۆژئاوای عێراق، لەژێر کاریگەریی کەشی حەوزی دەریاری سپیی ناوەڕاستدایە کە لە زستاندا سارد و باراناوییە و پلەی گەرما لەنێوان (٢-١٣)دایە، لە هاوینیشدا وشک و گەرمە و پلەی گەرما لەنێوان (٣٥-٤٠)دایە. تێکڕای پلەی گەرما لە بەهاردا لەنێوان (١٣-٣٢) پلە و لە پاییزیشدا لەنێوان (٢٤-٢٩) پلەی سیلیزیدایە. ئەم دۆخەی کەشوهەوای کوردستان، بەبێ وەرگرتنی گۆڕانکاری و ناجێگیریی ڕێژەکانی دابارین لە وەرزێکەوە بۆ وەرزێکی تر وەک پێوەرێکی جێگیر، مەزەندە دەکرێت لە سێ دەیەی داهاتوودا گۆڕانکاریی ڕادیکاڵ بەخۆیەوە ببینێت و پلەکانی گەرما بەو شێوەیە نەمێنن. ئەویش بەگوێرەی چەند مۆدێلێکی لاساییکردنەوە لە زانستی کەش و بەرگەهەوادا لەسەر گۆڕانەکان، هەروەها لە ڕێگەی وێنەی سەتەلایتەوە لەسەر حەوزی دەریای سپیی ناوەڕاست. ئاژانسی نیشتمانیی بۆشایی و ئاسمانیی ئەمەریکا (ناسا)، لە ڕاپۆرتێکدا کە لە مارسی ٢٠١٦ بڵاوی کردەوە، باسی لە تەوژمێکی توندڕەویی وشکانی کرد کە لەنێوان ساڵانی (١٩٩٨-٢٠١٢) ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتەوە. بەگوێرەی "ناسا"، لە ماوەی ٩٠٠ ساڵی ڕابردوودا ناوچەکە تەوژمی لەو شێوەیەی بەخۆوە نەبینیوە کە دەبێتە هۆکاری وەرچەرخانێکی قووڵ لە پاشەکشێی ئاوی سازگاردا و هەڵکشانی دیاردەی وشکانی[2] لە هەرێمەکەدا. جگە لە چاودێری و ڕاپۆرتەکانی ناسا لە کۆتایی سەدەی ڕابردووەوە تا ئەمڕۆ، سەنتەرەکانی تایبەت بە کەشی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ژمارەیەکی زۆر لێکۆڵینەوەیان بڵاو کردووەتەوە، نزیکترینیان

لێکۆڵینەوەیەکی ئەنستیتوتی ماساچوستز بۆ تەکنەلۆژیا (MIT) بوو، کە ڕێکەوتی ئەنجامدان و ڕاگەیاندنی دەرەنجامەکانی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠٢٠. لێکۆڵینەوەکەی "MIT" جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە حەوزی دەریای سپیی ناوەڕاست بە شێوەیەکی خێرا و فراوان بەر گۆڕانکارییەکانی کەش کەوتووە و بووەتە گومەزێکی ڕاگرتنی گەرمەهەوا، واتە تەوژمی گەرما لەبریی دۆزینەوەی ڕاڕەوێک بۆ دەرچوون؛ وەک میلی کاتژمێر دەخولێتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خاڵەی لێوەی دەست پێ دەکات. لەبەر ئەم هۆکارەش، وەک توێژینەوەکەی ماساچوستز بۆ تەکنەلۆژیا بۆی دەچێت، مەزەندە دەکرێت هەردوو بەری حەوزەکە لە سێ دەیەی داهاتوودا، ٤٠٪ یان ٦٠٪ ڕێژەی دابارین لەدەست بدات[٣].

بەپێی ئەو مێتۆدەی توێژینەوەکەی لەسەر نووسراوە، ئەوەی کە ڕوو دەدات قەتیسبوونی تەوژمێکی گەرمە لە ئاسمانی ئەم هەرێمەدا بە بەرزیی ١٠ کیلۆمەتر. گەرمەهەواکە لەبریی دۆزینەوەی ڕاڕەوێک بۆ دەرچوون، وەک میلی کاتژمێر دەسوورێتەوە. هۆکاری ئەمەش بەپێی پشکنین و ئانالیزەی پرۆفیسۆر "الفاتح التاهیر[٤]" لە "MIT" کە لە هەمان کاتدا نووسەری هاوبەشی لێکۆڵینەوەی ئاماژەپێکراوە، دەگەڕێتەوە بۆ دەرەنجامی گۆڕانکارییە گڵۆباڵەکانی کەش کە ناوچەکەیان تووشی گۆڕانێکی دەگمەن کردووەتەوە:

یەکەم: فاکتەری یەکەم گۆڕانە لە ناوچەیەکدا لە بۆشایی ئاسمان پێی دەوترێت "Tropopause"، بە بەرزیی ١٠ کیلۆمەتر لە زەوییەوە. ئەمەش ئەو ناوچەیەیە کە گۆڕانی کەشی تیا ڕوو دەدات، هەروەها خولانەوەی با. سروشتی گۆڕانەکەش پاڵەپەستۆیەکی بەرزی با بەسەر هەرێمی دەریای سپیی ناوەڕاستدا دەسەپێنێت. فاکتەری دووەم ئەوەیە کە دەریای سپی گۆماوێکی گەورەی ئاوە بە زەوی چواردەوری گیراوە و ڕاڕەوێکی بچووکی هەیە، لەگەڵ گۆڕانی کەشدا، لە زستاندا خاکەکەی دەوروبەری لە ئاوی دەریاکە گەرمتر دەبێت، لە دۆخی سروشتیدا ئاوەکە لە خاکەکە گەرمترە، ئەمەش وا دەکات کە پلەی گەرمای گۆماوەکە لە چواردەوری ساردتر بێت و لە دەرەنجامدا پاڵەپەستۆیەکی بەرز بەسەر دەریاکەوە دروست بکات.

ئەو فاکتەرانەش وایان کردووە ئەم حەوزە ببێتە خاڵێکی گەرم لەسەر نەخشەی کەشی جیهان، گڵۆباڵن و دەرەنجامێکی ڕاستەوخۆی دەردانی گازەکانی دووانەئۆکسیدی کاربۆن و میتانن لەلایەن دەوڵە پیشەسازییە پەرەسەندووەکانەوە. بەپێی هەندێ ناوەندی ئەکادیمی، ئەگەر جیهان لە ساڵی (٢٠١٠) ەوە هەنگاوی بنایە بۆ کەمکردنەوەی گازە گەرمکەرەوەکان بە ڕێژەی ٣,٣٪ لە هەر ساڵێکدا، دەتوانرا لە کۆتایی سەدەی بیست و یەکدا پلەی گەرما لە سنووری (١,٥)دا بهێڵرێتەوە،

بەڵام ئێستا باس لەوە دەکرێت کە پلەی گەرمای هەسارەی زەوی لە کۆتایی سەدەدا بگاتە ٢,٧ پلەی سیلیزی[٥]. بۆ ئەوەی ئەمە ڕوو نەدات و قەرەبووی ئەو ساڵانە بکرێتەوە کە لەدەست چوون، ڕزگارکردنی زەوی بەگشتی و هەرێمە بەرکەوتووەکان بەدیاریکراوی، پێویستیان بە کەمکردنەوەیەکی زۆرە لە دەردانی گازە گەرمکەرەوەکان. پرۆفێسۆری جوگرافیا فرێدریک دووران لە زانکۆی تولوز لە فەرەنسا، پێی وایە کە ئێستا باری جیهان لەژێر گازەکاندا کە هۆکاری گۆڕانکارین لە کەشدا، گرانتر بووە، بۆیە دەبێت لە ئێستاوە دەست بکرێت بە کەمکردنەوەیان[٦] بە ڕێژەی ٧٪ لە هەر ساڵێکدا. بە پێچەوانەی هەر کەمکردنێکی لەم شێوەیە و گەیشتنی گەرما بە سەرووی ٢ پلەی سیلیزی، وەک ڕۆژنامەی "لۆمۆند دیپلۆماتیک"ی فەڕەنسی پێشبینیی دەکات، لە هەر پەنجا ساڵێکدا زەوی ڕووبەڕووی نزیکەی چواردە تەوژمی گەرمای خنکێنەر دەبێتەوە، واتە لە هەر ١٠ ساڵێکدا ڕووبەڕووی نزیکەی سێ وەرزی گەماری چڕ و خنکێنەر دەبینەوە، ئەوەش بە بەراورد بە دۆخی پلەی گەرمای ئێستای زەوی کە (١,١) سیلیزییە و هەر پەنجا ساڵێک نزیکەی پێنج جار زەوی ڕووبەڕووی تەوژمی گەرمای خنکێنەر دەبێتەوە، لە کاتێکدا زەوی لە ساڵی ١٩٠٠دا هەر پەنجا ساڵێک یەک جار ڕوبەڕووی تەوژمی گەرمیی خنکێنەر بووەتەوە (گرافیکی ژمارە ١).




گرافیکی ژمارە (١)

### کوردستان لەسەر نەخشەی گۆڕانکارییەکانی کەش

بەگوێرەی ئەو بەرایەی سەرەوە لەسەر نەخشەی کەشی باشووری حەوزی دەریای سپیی ناوەڕاست کە وەک خاڵی گەرمی گۆڕانکارییە گلۆباڵەکانی کەش ئەژمار دەکرێت، دەبێ پێشبینی و ئاکاری گۆڕانەکان لە کوردستاندا لەسەر ڕۆشنایی هەمان نەخشە بخوێنرێنەوە. لەوانەیە لە خاڵێکیشدا مەزەندەی زیاتری کاریگەرییەکان لەسەر داباریی بکرێت، چونکە بەپێی لێکۆڵینەوەکەی "MIT"، ئەو بایەی لە بەرزاییەکانی ڕۆژهەڵاتی دەریای سپیی ناوەڕاستەوە هەڵدەکات، پێش پەڕینەوە بەسەر چیا و ناوچە بەرزەکاندا، بارگاوییە بە هەور و هەڵم و داباریی دروست دەبێت. بەڵام دوای پەڕینەوەی بەرەو نزماییەکان، ڕێژەیەکی کەم هەڵم لە تەوژمەکاندا دەمێنێت، ئەمە جگە لەوەی کە بای بیابانی گەورە کە لە ڕۆژئاوای حەوزی سپیی ناوەڕاستەوە هەڵدەکات، وشک و گەرمە و کاریگەریی زیاتری لەسەر ئاستی داچۆڕین دەبێت، ئیتر لێرەوە بەشێکی ناوچەکە دەبێتە "Rain Shadow"، واتە سێبەرەباران.

کاریگەرییەکانی ئەم گۆڕانکارییە لەسەر کەشوهەوای حەوزی سپی، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە کوردستاندا هەستی پێ دەکرێت، فاکتەری ئەمەش وەک لە سەرەتادا ئاماژەی پێ کرا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەرێم بە پێچەوانەی ناوچەکانی تری عێراق کە لەژێر کاریگەریی کەشی مەداری یان نیمچەمەداریدان، بەستراوە بە کەشی حەوزی ناوەڕاستەوە. ئەگەر تا سەردەمانێک لەژێر ئەم کارگەرییەدا زستانی کوردستان بە داباریی و بەفرەوە دەناسرا، ئێستا کەشی میدیتێرانێ (ناوەڕاست) گۆڕانێکی زۆری بەسەردا هاتووە، ئەمەش وا دەکات چیتر داباریی و بەفری زستان ئەو بڕە ئاوە لە کوردستاندا دابین نەکەن لە ڕابردوودا هەبوو. هۆکاری ئەمەش بەتەنها ناگەڕێتەوە بۆ کەمبوونەوەی داباریی، بەڵکوو بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ دابارینی پچڕپچڕ و ناجێگیر، یان تارماییەباران وەک ئەوەی لە نزماییەکانی کوردستاندا ڕوو دەدات.

بە تەماشاکردنێکی ئەم تابلۆیەی خوارەوە، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە نزماییەکانی باشووری سلێمانی لە دیوی گەرمیانی زنجیرەچیاکانی قەرەداغەوە، بە بەراورد لەگەڵ بەرزاییەکاندا، کەمترین داباریی‌یان بەر کەوتووە. هەڵبەتە بە بەراورد لەنێوان هەردوو وەرزی دابارینی (٢٠٢٠-٢٠٢١)دا، وەک لە تابلۆی خوارەوەدا دەردەکەوێت (ڕەنگی سوور)، نزمترین ئاستی داباریی؛ ساڵی دووەم واتە ٢٠٢١ بووە. لێرەدا حەوزی دەربەندیخان وەک لە تابلۆکەدا دەستنیشان کراوە، تەنها دەریاچەکە ناگرێتەوە، بەڵکوو هەموو ئەو ئاوڕێژانە دەگرێتەوە کە ئاو دەگەیەننە دەریاچەکە.




**گرافیکی ژماره ٢**[٧]

ساڵی ٢٠٠٨ كە وەرزێكی وشكی بەخۆوە بینی و ڕێژەی داباڕین كەمتر بووە لەوەی ساڵی ٢٠٢١، بەڵام لەبەر ئەوەی عەمارەكانی ئاو وەرزی پێشووتری وشكی هاوشێوەیان بەخۆوە نەبینیبوو، كاریگەرییەكەی لەسەر ئاوی خواردنەوە و كشتوكاڵ و سروشتی كوردستان كەمتر بوو. لێرەدا یەكێك لە دەریاچەكانی كوردستان وەک نموونە وەردەگرین كە ئەویش دەریاچەی دەربەندیخان و دەوروبەریەتی. بەگوێرەی بەڕێوەبەری بەنداوەكە، ڕەحمان خانی، ڕێژەی داباڕین لە ساڵی ٢٠٠٨دا تەنها ٢٢٤,٨ ملیمەتر بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەی ڕێژەی داباڕین لە ٢٠٢١دا زیاتر بووە، كەمترین داهاتی ئاو هەبووە. ئەم بەراوردە بە پلەی یەكەم ئەوەمان بۆ ڕوون دەكاتەوە كە جیاوازییەكان لە داباڕیندا پەیوەستن بە گۆڕانی كەشەوە نەک ئاوهەوا، كە لە ماوەی زیاتر لە دەیەیەكدا چۆن دەرەنجامەكانی بەڕوونی دەردەكەون، واتە لەگەڵ ئەوەی لە وەرزی وادا هەبووە كە ڕێژەی داباڕین بە بەراورد لە وەرزی ئاسایی زیاتر بووە (وەرزی ٢٠١٨-٢٠١٩ بە نموونە)، بەڵام ئامارەكانی ئاو دابەزینیان بەخۆوە بینیوە.

ئەگەر ئەم چوار ساڵەی دوایی لە ڕووی داباڕینەوە وەک نموونە لە كوردستاندا وەربگرین، تەماشا دەكەین ڕێژەی داباڕین لە ساڵی ٢٠١٩دا دوو ئەوەندە و نیوی ڕێژەی ئاسایی ساڵانە بووە، چوار جاریش زیاتر بووە لە ڕێژەی داباڕین

لە ساڵی ٢٠٢١دا، بەڵام ئەمە نەبووەتە هۆی بەرزبوونەوەی سەرچاوەکانی ئاو.

خاڵێکی تر کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر سەرچاوەکانی ئاوی هەرێمی کوردستان هەیە، ئەوەیە کە سێ ڕووباری سەرەکی و چڵوپۆکانیان (سیروان، زێی بچووک و زێی گەورە) لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانەوەن. ئەم پێگە جوگرافییەی ئاویش وای کردووە کە هەرێمەکە لە پێگەیەکی لاوازدا بێت، بەتایبەتی لە سایەی سیاسەتەکانی ئێران و تورکیادا و دان نەنان بە پێوەرە نێودەوڵەتییەکان لە دابەشکردنی ئاودا و ڕەتکردنەوەی پێناسەی نێودەوڵەتی بۆ ڕووبارە هاوبەشەکان کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە و لە ساڵی ١٩٩٧ دانراوە[٨]. ئەوانەش لەم سێ خاڵەدا کۆ دەبنەوە:

یەکەم: قەدەغەکردنی کاریگەریی ئاوە سنووربڕەکان و کۆنترۆڵکردنیان بە شێوەیەک کە زیانی بۆ سەر لایەنەکانی سەر ڕووبارەکان و ژینگە و تەندروستی و سەلامەتی و دۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری نەبێت.

دووەم: لایەنەکان زامنی بەکارهێنانی ڕێکوپێک و یەکسانی ئاوە سنووربڕەکان بکەن، ئەویش بەپێی خەسڵەتەکانی حەوزە ئاوییەکان و بەرژەوەندیی دانیشتووان.

سێیەم: هاوکاری لە ڕێگەی ڕێککەوتن، دەستەی هاوبەش، گۆڕینەوەی زانیاری، لێکتێگەیشتنی بەردەوام، ڕوانگەی هاوبەش و هەڵسەنگاندن.

هەردوو وڵاتی دراوسێ (ئێران، تورکیا) نەک تەنها کار بە خاڵەکانی ئەم ڕێککەوتنە ناکەن، بەڵکوو دانیشی پێدا نانێن. لە دانیشتنێکدا لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی عێراق حەیدەر عەبادی کە وەزیری سەرچاوە ئاوییەکان حەسەن جەنابی ئامادەی بوو (مانگی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧)، سەرۆکی تورکیا ڕەجەب تەیب ئەردۆگان بەئاشکرا بە وەفدەکەی عێراقی وت کە ئەوان دان بە هیچ ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتیدا نانێن لە بارەی ئاوەوە. لەسەر هەمان ڕێچکەی تورکیا، ئێرانیش ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان پشتگوێ دەخات و دانیان پێدا نانێت. لە کۆنگرەیەکدا لەسەر ئاو، کە لە مانگی فێبریوەری (شوبات)ی ساڵی ٢٠١٨ لە تاران بەسترا، یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئێران عەباس عیراقچی بەئاشکرا ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی ڕێگە لە دەرچوونی ڕووبارەکان دەگرێت و لەناو خاکی ئێراندا "حەپسیان" دەکات.

کاریگەریی ئەم سیاسەتەی ئێران و تورکیا کەمتر نییە لە کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەش و کەمبوونەوەی ڕێژەی دابارین، چونکە زۆرترین سەرچاوەکانی ئاوی کوردستان لە دەرەوە هەڵدەقوڵن. لە ٧٠٪-ی زیاتری سەرچاوەکانی ڕووباری سیروان لە دەرەوەی کوردستانەوەن، هەر چی سەرچاوەکانی ئاوی ڕووباری زێی بچووکە، تەنها لە ٢٠٪ لە ناوخۆی وڵاتەوە هەڵدەقوڵن و برەکەی تر لە چیاکانی مەهاباد و سەردەشتەوە دەچۆڕێن و بەرەو کوردستان شۆڕ دەبنەوە. موحسین حسێن[٩] بەرپرسی

فەرمانگەی ئاوی قەڵادزە، ترسی ئەوە ناشارێتەوە کە ساڵی ٢٠٣٠ کۆتایی تەمەنی زێی بچووک بێت. هەر چی ڕووباری زێی گەورەیە، لەگەڵ ئەوەی لە ٦٢٪-ی ڕووبەرە گشتییەکەی لەناو خاکی کوردستان و عێراقدایە، بەڵام بەشی زۆری هەڵقوڵانی ئاوەکەی لەناو کوردستانی باکووری کوردستانەوەیە و تورکیا کۆنترۆڵی دەکات.

**ئالەنگاری و سیناریۆکان**

لەگەڵ ئەم نەخشە جوگرافییەی سەرچاوە سەرەکییەکانی ئاوی سەر زەوی لە کوردستاندا، هێشتا زمان و گوتاری سیاسی و ئەکادیمیی فەرمی باس لەوە دەکات کە هەرێم لە داهاتوویەکی نزیکدا ڕووبەڕووی ئالەنگارییەکان دەبێتەوە، لە کاتێکدا مەترسییەکان ڕیاڵن و بەرۆکیان بە دانیشتووانی کوردستان گرتووە. لە ناوچەکانی کشتوکاڵ، چەم و دۆڵ و ناوچە ئاودارەکان و ڕووبەری سەوزایی و چیاکاندا، بێئاوی بووەتە سیمای وەرزەکان. بەگوێرەی سەردانی مەیدانی و پشکنینی ڕۆژنامەوانیم کە لە هاوینی ٢٠٢١-دا ئەنجامم داون، لە هەندێ چەمی کوێستانەکانی پشدەردا بێئاوییەکی بێوێنە هەیە، ئەمە جگە لەوەی کە زێی بچووک لەو ناوچەیەدا، لە دەرەنجامی گرتنەوەی لەلایەن ئێرانەوە، لە هاوینی ٢٠٢١-دا وەک جۆگەلەیەک دیار بوو. نیوەی جووتیارانی چەمی گەورە لە دیوی گەرمیانی چیای زەردە لە باشووری ڕۆژئاوای دەربەندیخان، لەبەر بێئاوی دەستیان لە مەرەزە بەر داوە[١٠]. لەنزیک گوندی سازان، لە مانگی یۆلیۆ (تەممووز)ی ٢٠٢١-دا، دیسانەوە بە هۆی سیاسەتی "حەپس"کردنی ئاوەوە لەلایەن ئێرانەوە، سیروان وەک جۆگەلەیەک دەردەکەوێت. هەڵبەتە گرفتی سیروان تەنها لەوەدا نییە کە ئێران لە ڕێگەی بەنداوەوە ڕووبارەکە و چڵەکانی دەخنکێنێت، بەڵکوو ڕێڕەوەکانیان دەگۆڕێت بۆ ناوچەکانی تری ئێران، ئەمەش بۆخۆی ئاکتێکی تاوانکارییە نەک تەنها دژی خەڵکی کوردستان، بەڵکوو دژی کۆی سیستمی ژینگەیی ناوچەکە، چونکە هەر ڕووبارێک بۆ خۆی حەوزێکە و لە ڕووی سروشتییەوە سیستمێکی ژینگەیی تەواوی هەیە. واتە حەپسکردن و گۆڕینی ئاراستەی ئاوی ڕووبارەکە دەبێتە هۆی لەناوبردنی ژیانی سروشتی و هەموو ئەو خەسڵەتانەی حەوزەکە پێک دەهێنن. بەگوێرەی ڕەحمان خانی بەڕێوەبەری بەنداوی دەربەندیخان کە سەرچاوەکەی سیروانە، دەریاچەکە لە ساڵی ٢٠٢١-دا کەمترین ڕێژەی ئاوی تیا بووە.

بەکورتی: هەموو ئەو هۆکارانەی گرێ دراون بە گۆڕانکاریی کەش و دەرەنجامەکانی، کە لە کەمبوونەوەی دابارین و بەرزبوونەوەی پلەی گەرمادا دەردەکەون، هەروەها سیاسەتی "حەپس"کردنی سەرچاوەکانی ئاو و خنکاندنیان لەلایەن ئێران و تورکیاوە، کوردستان ڕووبەڕووی ئالەنگاریی سەخت دەکەنەوە. جگە لە ئاوی خواردنەوە و کشتوکاڵ و بەرهەمهێنانی وزە، سیستمی سروشتیی وڵاتەکەش دەخەنە

ژێر مەترسییەوە، بەتایبەتییش سیستمی ژینگەیی و میکرۆئۆرگانیزم[١١]. لەپێش ئابووری و سەرچاوەکانی ژیان و خۆراکی خەڵکی کوردستانەوە، ژیانی کێوییانە و کۆی ئیکۆسیستم زیانیان بەر دەکەوێت، ئەمە جگە لەوەی هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ سەر سەقامگیری و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی، چونکە بێئاوی جگە لەوەی دەبێتە هۆکاری لەدەستدانی سەرچاوەی ئابووریی کۆمەڵگە لۆکاڵییەکان، کۆچوڕەویشی لێ دەکەوێتەوە بەرەو سەرچاوەکانی ئاو. دەرەنجامی هەر ڕەوێکی لۆکاڵییش بە هۆی گەرما و نەبوونی ئاوەوە، ململانێی کۆمەڵایەتیی لێ دەکەوێتەوە، بەتایبەتی لە زۆر شوێندا، گەرمیان وەک نموونە، جگە لە وشکانی و بێئاویی سەرزەوی، سەرچاوەکانی ژێرزەمینیش لە کەمبوونەوەیەکی بەردەوامدان و بەشی پێداویستیی ڕۆژانەی لادێنشینەکان ناکەن، ئەمەش هۆکارێک دەبێت بۆ ڕەوکردن بەرەو سەرچاوەکانی ئاو.

شارەکانی کوردستان، بەو پێیەی لە گەشەسەندن و فراوانبوونێکی بەردەوامدان، داخوازییان لەسەر وزە و ئاو و خۆراک ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر دەکات، ئەمەش فاکتەرێکی تری پاڵەپەستۆ و دڵەڕاوکێیە لەسەر ئەم دەرامەتە سروشتییە دەگمەنە کە کێشی ژیان و بوونی هەیە، بەڵام بە هەرزانترین بەها لەناو دەبرێت و مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.

بە پشتبەستن بەو پێشبینییە زانستییانەی لە سەرەتای ئەم نووسینەدا باس کران، کوردستان بە پلەی یەکەم لەبەردەم سیناریۆی کەمبوونەوەی ڕێژەی دابارین و بەرزتربوونەوەی پلەی گەرمادایە. بۆ ئەوەی باسکردن لە هەر سیناریۆیەک بەشێک نەبێت لە مەزەندە و خەمڵاندن، لێرەدا پشت بەو سیناریۆیە دەبەستم کە پلاتفۆرمی حکومی-نێودەڵەتی لەسەر هەمەچەشنی و خزمەتگوزارییەکانی ئیکۆسیستم (IPBES)[١٢] دایناوە و پێی وایە لە حاڵەتی گەیشتنی پلەی گەرمای گشتی بە ١,٥ لە ساڵی ٢٠٥٠دا، گۆی زەمین لە ٨٪-ی ڕووەکەکان لەدەست دەدات، لە ٦٪-ی مێرووەکان و هەروەها لە ٤٪-ی ئاژەڵە بڕبڕەدارەکان لەناو دەچن. وەرز و تەوژمی گەرماش وەک لە تابلۆی یەکەمدا خراونەتە ڕوو، دەبنە فاکتێکی دووبارەبووەوە. ئەم سیناریۆیە وا دانراوە کە پلەی گەرما لەسەرووی ئەوەوە نەبێت کە دانراوە. لە هەموو بارێکیشدا گەیشتن بەو پلەیە وەک فاکتێکی لێ هاتووە، چونکە مرۆڤایەتی ئەوەندە گازی گەرمکەرەوەی خستووەتە ئاسمانەوە، دوای سێ دەیە گەرمای زەوی بگەیەنێتە پلە و نیوێک، تەنانەت گەر لەم ساتەوە دەردانی کاربۆن و گازە گەرمکەرەوەکانی تر بگەنە سفر. بەو پێیەی کوردستان لەسەر جوگرافیای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفەریقا و لەژێر کاریگەریی کەشی حەوزی سپیی ناوەڕاستدایە، پلەی گەرما لەوە بەرزتر دەبێت کە لە سیناریۆکەدا هاتووە، کەمبارانییش لە ئێستاوە بووەتە بەشێک لە ناسنامەی کەشی ناوچەکە، کەواتە دەکرێ

کەمێک لەو سیناریۆیە دوورتر بڕوانین و بیر لەوە بکەینەوە کە لەبریی هەر وەرزێکی قاتوقڕیی ئاو لە هەر ١٠ ساڵێکدا، ڕووبەڕووی دوو وەرزی قاتوقڕی دەبینەوە. بەڵام ئەی چی بکەین و چۆن ڕووبەڕووی کەمئاوی ببینەوە؟

**ڕاسپاردەکان**

ئێمە لە کوردستاندا هاوینێکی گەرم و وشکمان بەڕێ کرد، خەڵک هەموو چاوەڕوانی وەرزی داباریین، توێژینەوەکان لەسەر کەشی ناوچە و کاریگەربوونی بە شێوەیەکی دیار و ڕاستەوخۆ بە دەرەنجامی گۆڕانی کەش، هەروەها ئاماژەکانی کەشوهەواش وا دەردەخەن کە ئەگەری ئەوە هەیە زستانی ئەمساڵیش زۆر جیاواز نەبێت لەوەی پێشوو، ئەی چی بکەین؟ هەموو لایەکمان دەزانین باسی گرفتەکان بکەین، بەڵام ئەوەی گرنگە، پلانی کەمکردنەوەی زیان و لێکەوتەکانە نەک تەنها دووبارەکردنەوەی وێنەکانی وشکەساڵی.

زۆربەی پێشنیار و ڕاسپاردەکانی تایبەت بە ژینگە و ئاو لە ناوەندە ئەکادیمی و زانستییەکاندا، ئاراستەی حکومەت و دەزگاکانی دەکرێن، بەڵام لەبەر ئەوەی حکومەتیش، بەبێ پلانێکی دوورمەودا، هەر لە چاوەڕوانیی وەرزی داباریندایە و هیچ ستراتیژێکی دوورمەودای نییە، باشترە ڕاسپاردەکان بۆ خەڵک بن و چۆن یارمەتی بدرێت بگەڕێتەوە بۆ چارەسەری وەها لە وەرزی گەرمی داهاتوودا لە پێناو گەڕان بەدوای سەرچاوەکانی ئاودا، تووشی زیان و ڕەوی بەکۆمەڵ نەبێت.

یەکەم: لەبەر ئەوەی وشکەساڵی و بەرزبوونەوەی پلەی گەرما، ئاوی بەنداوەکانیش دەگەیەننە ئاستی نەداری و هەژاری، باشترە لە ئاستی لۆکاڵی و سنووری نیشتەجێبوونیاندا دانیشتووان دەست بکەن بە دروستکردنی گۆماوی ژێرزەوی، واتە سەرگیراو، ئەوەش لە پێناو گلدانەوەی بڕێک لەو دابارینەی لە زستاندا هەیە. ئەم میکانیزمە سادەیە دەبێتە هۆی دروستکرنی عەمباری ئاو بۆ ئاودێری و ئاژەڵ و کاروباری ڕۆژانە لە هاویندا.

دووەم: سکگوشین و دەستپێوەگرتن لە بەکارهێنانی ئاودا لە ئاستی ماڵانەوە بگرە تا دەگاتە ئاودێری و کاری ڕۆژانە و پیشەسازی.

سێیەم: بۆ وەرزێکیش بێت، پێویست دەکات ئەو جۆرە بەروبوومە کشتوکاڵییانە بوەستێنرێن کە پێوستیان بە ڕێژەیەکی زۆری ئاوە و پەنا ببرێتە بەر ئەو بەروبوومانەی کەمترین ئاویان پێویستە.

چوارەم: دروستکردنی گۆماوی ئاو لەناو دۆڵ و چیا و دەشتەکاندا بۆ زامنکردنی مانەوەی ئاژەڵە کێوییەکانی کوردستان، بەڵام ئەمەیان پێویستی بە توندوتۆڵکردنی یاسای دارستان و چاککردن و پاراستنی ژینگە هەیە لە "بکوژانی ئاژەڵە کێوییەکان"، چونکە وەرزی تینووێتی لغاوی ڕاوی نایاسایی و تاوان دژی سیستمی سروشتی زیاد دەکات.

پێنجەم: دیاریکردنی ڕێژەی ئاوی ڕۆژانە بۆ هەر تاکێک، وەک چۆن ساڵی ٢٠١٨ شاری کیپ

تاون لە باشووری ئەفەریقا پیادەی کرد و توانیی ئیدارەی تینوویێتییەکی بێوێنە لە وڵاتەکەدا بکات، چونکە لەو ساڵەدا بە هۆی دانەبارینەوە، بۆ چەند وەرزێک عەمبارەکانی ئاو گەیشتنە ئاستی مەترسیدار لە کەمیدا.

شەشەم: پەلەکردن لە جێبەجێکردنی ئەو بەنداوە لۆکاڵییانەی لە قۆناغی کۆتاییدان و دەستیان لێ هەڵگیراوە. بۆ نموونە: بەنداوی خۆرنەوەزان لە سنووری گەرمیان بۆ چەند ساڵێکە لە قۆناغی کۆتاییدا ڕاگیراوە. ئەم بەنداوە و بە گلدانەوەی ئەو بڕە دابارینەی هەیە، بەشێکی زۆری گرفتەکانی دانیشتووانی ناوچەکە چارەسەر دەکات.

حەوتەم: لابردن و نەهێشتنی هەموو ئەو کار و بزنسانەی ئاو بۆ مەبەستی "خۆشگوزەرانی" بەکار دەهێنن، وەک شوێنی شتن و پاککردنەوەی ئۆتۆمبێل و مەلوانگە... هتد.

هەشتەم: پەیڕەوکردنی یاسایەکی توندوتۆڵ لەبەرامبەر بەفیڕۆدانی ئاودا لە شارەکاندا، وەک دانانی واتەر پەمب بۆ تانکیی سەربانەکان، قەدەغەکردنی بەکارهێنانی ئاوی پاک بۆ پاککردنەوەی جادە و بەر ماڵان، هەروەها لە دوکان و ڕیستۆرانت و قاوەخانە و شوێنە گشتییەکانیشدا.

نۆیەم: بەدڵۆپەکردنی ئاودێری بۆ کشتوکاڵ و باخچە و هەموو بوارەکانی ئاودان.

دەیەم: سەپاندنی مەرج بەسەر شوێنە گشتییەکانی وەک کۆمپانیا و باخی کەسی و تایبەتدا، هەروەها شوێنەکانی خواپەرستی لە بەکارهێنانی ئاودا و دۆزینەوەی چارەسەری خۆبەخۆیی بۆ ئیدارەکردنی ئەو بڕە ئاوەی وەریدەگرن، هەروەها دانانی مەرجی توندوتۆڵ لە هەڵکردنی بیردا.

بەبێ ئەم ڕێکارانە کە بەشێکی زۆریان پەیوەستن بە سیاسەتی حکومەتەوە و بەشێکیان بە سەلیقە و ڕەفتاری ڕۆژانەی هاوڵاتیانەوە لە بەکارهێنانی ئاودا، هیچ شتێکی تر دادمان نادات. دەبێت لەمڕۆوە بکەوینە خۆمان و هاوینی داهاتوو پەشیمانی دەرنەبڕین. لەوانەیە دابارینی چەند ڕۆژێک سەرجەم ئەم قسانە لەبیری خەڵک بباتەوە، بەڵام واقیعی بێئاوی، تەنانەت ئەگەر وەرزێکی تەڕیشمان هەبێت، پێمان دەڵێت پێویستمان بە هەر دڵۆپە ئاوێکە بەفیڕۆ دەدرێت.

ئەگەر ئەو خاڵانەی سەرەوە بۆ چارەسەری کاتی بن، ئەوا لە ئاستی دوورمەودادا، بە پلەی یەکەم کوردستان پێویستی بەوەیە ڕۆڵی زانکۆ و سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوە لەم بارەیەوە کارا بکات. ئەنجامدانی پلانی دوورمەودا لە ڕووبەڕووبوونەوەی کەمئاویدا، لەگەڵ ئەوەی پەیوەستە بە بڕیاری سیاسییەوە، بە پلەی یەکەم کاری زانایان و پسپۆڕانی بواری زانستە سروشتییەکان و ئاوە، بە شێوەیەکی دیاریکراویش لە بواری گلدانەوەی ئاودا (Water Harvesting). تا ئەمڕۆ سیاسەتی بنیادنانی بەنداو لە کوردستاندا بە شێوازی کۆن و باو جێبەجێ دەکرێت، لە

کاتێکدا خێرایی گۆڕانکارییەکانی کەش بەردەوام بۆچوون و ئانالیزەکان دەگۆڕن و میکانیزم و میتۆدی تر دەهێننە کایەوە. بە کورتییەکەی: کوردستان پێویستی بە پلانێکی هەشتا ساڵەیی (تا کۆتایی سەدە) هەیە، کە لە توانایدا هەبێت مانەوەی خەڵک و وڵات بپارێزێت.

سەرچاوەکان:

(١) لەم نووسینەدا کەش لەبەرامبەر "Climate"دا بەکار دەهێنرێت، ئاوهەواش لەبەرامبەر "Weather"دا. گۆڕانکارییەکان لە کەشی هەرێمێکدا یان لە جیهاندا بەگشتی، لە ڕۆژێک، مانگێک، وەرزێک و دوو وەرزدا دەرناکەون، بەڵکوو دەیەیەک یان زیاتریان دەوێت بۆ ئەوەی هەستیان پێ بکرێت. بۆ نموونە؛ ڕێژەی داباربن و بەفر لە کوردستاندا پێش ٤٠ ساڵ، جیاوازییەکی زۆری هەبووە لەگەڵ ئەو ڕێژەیەی ئێستا هەیە. ئەمە دەرەنجامی گۆڕانکارییەکانی کەشە. لەبەرامبەردا گۆڕانکارییەکانی ئاوهەوا (الطقس) کورتخایەنن و لۆکاڵین، بۆ نموونە ئەمڕۆ زنجیرەچیاکانی قەرەداغ دابارین بەخۆوە دەبینێت، بەڵام ڕۆژی دواتر ساماڵ و هەتاوە، ئەمەیان گۆڕانکارییە لە ئاوهەوادا نەک کەش.

(2) Journal of Geophysical research: Atmospheres, March 4, 2016, https://agupubs.onlinelibrary.wiley.com/doi/full/10.1002/2015JD023929

(3) Chandler, David L. (17/6/2020), "Why the Mediterranean is a climate change hotspot", https://news.mit.edu/2020/why-mediterranean-climate-change-hotspot-0617.

(٤) خالد سليمان (٢٠٢٠/٧/٢٨)، " البحر الأبيض المتوسط يشتعل: انخفاض حاد في الأمطار"، ./٥٠٩٩٩/https://daraj.com

(5) Rannard, Georgina (9/11/2021), "COP26: World headed for 2.4C warming despite climate summit – report", https://www.bbc.com/news/science-environment-59220687.

(6) Frédéric Durand, Climat, une conférence à la recherche du temps perdu, LE MONDE diplomatique, Novembre 2021.

(٧) گرافیکی ژمارە (٢) لەلایەن بەڕێوەبەری بەنداوی دەربەندیخان؛ "ڕەحمان خانی"یەوە دروست کراوە.

(٨) لجنة الأمم المتحدة الاقتصادية لأوروبا: اتفاقية حماية واستخدام المجاري المائية العابرة للحدود والبحيرات الدولية. اتفاقية المياه: الاستجابة للتحديات العالمية للمياه، https:// /٠٧-٢٠٢١/unece.org/sites/default/files Arabic_WEB.pdf_٥٢_ECE_MP_WAT

(٩) بختيار قادر (٢٠٢١/٧/٥)، "مخاوف من اختفاء الزاب الصغير في ٢٠٣٠"، https://www. .٠٥٠٧٢٠٢١٦/rudaw.net/arabic/kurdistan

(١٠) ژمارەی ئەو خێزانانەی کە دانیشتووی گوندی چرچەقەڵان و لە چەمی گەورە کشتوکاڵ و کاری مەرەزە دەکەن؛ نزیکەی ٢٠ خێزانە، ئەمساڵ لەبەر بێئاوی ژمارەکە کەم بووەوە بۆ کەمتر لە ١٠ خێزان.


(١١) سیستمی میکرۆئۆرگانیزم لەو بوونەوەرانە پێک دێت کە بە چاوی ئاسایی نابینرێن، بەڵام ڕۆڵێکی سەرەکییان هەیە لە بەردەوامبوونی ژیانی سروشتی و بەرهەمهێنانی خۆراک و بەشێکی دانەبڕاوەیە لە کۆی سیستمی ژینگەیی.

(12) Intergovernmental Platform on Biodiversity & Ecosystem Services.

# براندسازیی نەتەوەیی: چەمکەکان، بنەماکان و ڕێکارەکان



د. کامەران حەسەن
دکتۆرای پیشەی کارگێڕی و کار



**بەرایی**

لە جیهانی ئەمڕۆدا هەر چەندە توانا ئابووری، سیاسی و ستراتیژییە نەتەوەییەکان ڕۆڵی خۆیان لە گەشەکردنی وێنەی وڵاتەکان لە زەینی نێودەوڵەتیدا دەگێڕن، بەڵام لەم چەند دەیەی دواییدا بابەتی "براندینگی نەتەوەیی" سەرنجی زۆر کەسی بۆ خۆی ڕاکێشاوە. براندسازیی نەتەوەیی[1] بە کۆمەڵە چالاکییەکی وەك تەکنیکەکانی براندینگ و پەیوەندیی مارکێتینگ بە مەبەستی بەرزکردنەوە و باشترکردنی باوەڕپێکردن و وێنەی وڵاتان دەگوترێت.

ئەم باوەڕپێکردن و وێنە پۆزەتیڤانەی وڵاتان، دەبێتە هۆی باشتربوونی چالاکیی هەناردەکردن. لێکۆڵینەوەکان دەریدەخەن کە براندینگی نەتەوەیی بۆ ئامانجی ڕکابەریی (Competitive Advantage) وڵاتان دروست دەبێ.

**براندسازیی نەتەوەیی**

داینی کیت[٢] و ئێدین بۆرگ[٣] (٢٠٠٨) براندی نەتەوەیی وەک هۆکارێک کە لە توانایدایە ببێتە سەرچاوەی ڕاکێشانی گەشتیار، وەبەرهێنەری بیانی و بەرزبوونەوەی بەهای دراو؛ دەبینن، هەروەها باوەڕیان وایە دەتوانێ یارمەتیدەر بێت لە کەمکرنەوەی بیروبۆچوونی نێگەتیڤانە یان نەهێڵانی باش تێنەگەیشتن لەسەر وڵاتەکان، ئەمە جگە لەوەی دەتوانێ پێگەیەکی باشتری نێودەوڵەتی بۆ وڵاتان دەستەبەر بکات. نای[٤] (٢٠٠٤) دەڵێ، براندی نەتەوەیی دەبێتە هۆکاری دروستبوونی وێنەیەکی پەسەندکراو لە پرۆسە نێودەوڵەتییەکان و هەروەها هێزی نەرمی وڵاتان بەتواناتر دەکات. کەواتە دەتوانین شایستەییگەلێکی (Advantage) وەک دروستکردنی وێنەی پۆزەتیڤانە و باوەڕسازی (Accreditation)، بەرزکردنەوەی ڕکابەری (Competitive Advantage)، باشترکردنی پرۆسەی هەناردەکردن، دروستکردنی هەلومەرجی باشتر لە مەیدانی نێودەوڵەتی و بەرزکردنەوەی هێزی نەرم لە بەرهەمەکانی بەکارهێنانی براندینگ لەقەڵەم بدەین.

براندینگ یان براندسازی دیاردەیەکی سەرنجڕاکێش، ئاڵۆز و پڕ مشتومڕە، لەبەر ئەوەی لە لایەک بیروبۆچوونی تیۆری لەم بارەیەوە کەمە، بەڵام لە لایەکی دیکە بە شێوەیەکی کرداری ژمارەی چالاکییەکانی زۆرە، ئاڵۆزە، چونکە بریتییە لە پرەنسیپێکی چەند لایەنە، زۆرتر و گەورەترە لە ستراتیژییەکانی ناو[٥] و براندی بازرگانی کە باوە، پڕ مشتومڕە، چونکە سیاسەتکارییەکی زۆری لە خۆیدا شاردووەتەوە کە بەبەردەوامی دروستکەری بۆچوون و باوەڕی دەمارگیرانە و دژبەیەکە. جگە لەمە، لەبەر ئەوەی لە جیهاندا زۆر وڵات هەن کە کار لەسەر براندینگی نەتەوەیی دەکەن، براندینگی نەتەوەیی لە گەشەکردنێکی خێرادایە.

چەمکی براندی بازرگانی دیارە، کۆمەڵە بەهایەکە کە توانایەک دەبەخشێتە وڵاتان هەتا بتوانن بەڵێنگەلێک لە بارەی ئەزموونێکی نایاب ئاراستەی بەکاربەران بکەن. لە براندینگی نەتەوەییدا کۆمەڵە بەهایەک هەن کە پیشاندەری تایبەتمەندییەکانی ڕەفتار و هەڵسوکەوتی خەڵکی وڵاتێکە. لە ڕاستیدا شێوازی دەستووری وڵات، مەزهەب و دابونەریتی کۆمەڵگە؛ وا دەکات هەر تاکێک بتوانێت لە سنووری خۆی تێبگات. تاکەکان بە هۆی مامەڵەی کۆمەڵایەتی و ئابووری، لە بەها گشتگیرەکانی کۆمەڵگا ئاگادار دەبن.

شایانی باسە بە ئاشکراکردنی بەها و ئەزموونەکانی بەڵێندراوی براندی نەتەوەیی، پێویست دەکات گرووپێک لە پشکدارە سەرەکییەکان سوودیان لێ وەربگیردرێت. بۆ ئەم مەبەستە دەکرێ لە پشکدارەکان[٦] داوا بکرێت بیروڕای خۆیان لە بارەی براندی نەتەوەیی دەربڕن. بیروڕا و بۆچوونی جۆراجۆر پەیدا دەبێت و لە دواییدا بە بەکارهێنانی تەکنیکی دێلفی[٧] دەبێ لەسەر یەک بۆچوون ڕێک بکەوین[٨].

بەڕێوەبردنی براند دەبێ وەک سیاسەتێکی نەتەوەیی لەقەڵەم بدرێت، نابێ وەک چالاکییەکی جیا لە پلاندانان، چاودێری یان گەشەی ئابووری پێناسە بکرێت. وڵاتەکانی جیهان بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی کەیسەکانی داهاتوو، سوودیان لە ستراتیژی جیاواز بینیوە. زۆربەی وڵاتان بە مەبەستی جیاوازسازیی[٩] خۆیان و بەهێزکردنی کارکردی ئابوورییان، لە ڕووی هەناردەکردن، وەبەرهێنانی ناوخۆیی و گەشتیاری لە ئاستی جیهاندا، ڕوویان لە براندینگی نەتەوەیی کردووە. وڵاتانی ئەڵمانیا، کۆریای باشوور، نیوزلاند، سکۆتلاند، بریتانیا و ئیسپانیا؛ خاوەن فەرهەنگ و جوگرافیای جیاوازن، هەر بۆیە نووسینی ستراتیژی براندینگی نەتەوەییان بەهەند وەرگرتووە.

جێف و نێبێنزهاڵ[١٠] دەگێڕنەوە کە چۆن لە کەناڵی تەلەڤیزیۆنیی "ZDF"ی ئەڵمانیا لە ساڵی ١٩٩٩دا بۆ یەکەمین جار داوای لە وۆلف ئۆلینز[١١] ڕاوێژکاری شوناس[١٢] دەکەن کە براندێکی نەتەوەیی بۆ ئەڵمانیا بەرهەم بهێنێت. مەبەست لە براندی نەتەوەیی، گۆڕینی بۆچوونی خەڵک و بەکارهێنەری بەرهەمەکانی ئەڵمانیا بوو، چونکە بۆچوونەکان لەسەر ئەم وڵاتە بە شێوەیەک بوون کە داهێنان بوونی نییە و تەنها بیرۆکەیەکی مەکینەیی هەیە، بۆیە دەیانویست ئەم بۆچوونە لەسەر ئەڵمانیا بگۆڕن، چونکە ئەڵمانیا لە ڕاستیدا وڵاتێکە پڕە لە هەیەجان و سەرنجڕاکێشی. وۆلف ئۆلینز بۆ ئەم مەبەستە شەش هەنگاوی کارەکیی خستە بەردەمی وەزیری دەوڵەتی ئەڵمانیا کە پێک هاتبوون لە:

١. دامەزراندنی لێژنەیەکی ڕابەرایەتی بە مەبەستی ئامادەکردنی بەرنامەی براندی نەتەوەیی، بە سەرۆکایەتیی ڕاوێژکاری ئەڵمانیا یان سەرۆککۆمار.

٢. پێکهێنانی تیمێکی لێکۆڵینەوە و گەشەپێدان، بە مەبەستی ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکان بۆ سەرۆکایەتیی لیژنەی ڕابەرایەتی.

٣. دەستپێکردنەوەی پرۆسەی هاوبیری و ڕاگۆڕینی نەتەوەیی بە ئەندامێتیی نوێنەری هەموو بەشەکان، وەک کەسایەتییە نەتەوەییەکان لە بوارەکانی پیشەسازی، بازرگانی، پەروەردە، میدیاکان، فەرهەنگ و هونەر.

٤. لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو بابەتەی کە

خەڵکی جیهان چۆن دەڕواننە ئەڵمانییەکان.

٥. هەڵسەنگاندنێکی تەواو بۆ ئەو مەبەستەی کە چۆن و لە کوێ، بە چ شێوەیەکی گونجاو دەکرێ لە براندی نەتەوەیی سوودمەند بین.

٦. بەرنامەی کۆتایی بۆ جێبەجێکردن کە لەلایەن لێژنەی ڕابەرایەتی ئامادە کراوە، بە مەبەستی پەسەندکردنی؛ ڕادەستی پەرلەمان بکرێت.

**مۆدێلی شوناس و وێنەی زەیینی براندی نەتەوەیی**

مۆدێلی[١٣] شوناس و وێنەی براندی نەتەوەیی لە خشتەی (١ – ١)دا نیشان دراوە، کە باس لە جۆرێتیی چەند ڕەهەندیی بەشەکانی شوناس و وێنەی براندی نەتەوەیی دەکات.

**National Brand Conceptual: (١ - ١) Model**

وڵاتەکان بە مەبەستی دروستکردنی براندی نەتەوەیی خۆیان، بە شێوەیەکی دەستنیشانکردن[١٤] لەسەر ئەو توخم و پەیامانەی شوناس ورد دەبنەوە کە بۆ گەیشتن بە ئامانجە دیاریکراوەکانیان لە براندی نەتەوەیی گونجاوترە. بۆ نموونە؛ ڕەنگە هەندێک لە وڵاتان لەسەر کۆمەڵێک بەرهەمی هەناردەیی کۆمپانیاکان قازانج بکەن و لە ئەنجامدا بە یەکپارچەکردنی بەرهەمە هەناردەییەکان وەک پەیامێک بۆ شوناسی براندی نەتەوەییان بەکاری ببەن. هەندێک وڵات لەسەر وەرزش و گەشتیاری و تەنانەت هاوڵاتییانی دەرەوەی وڵاتەکەشیان وەک هێمای براند بەکاری دەبەن.



**براندسازیی نەتەوەیی و ناسنامەی نەتەوەیی**

وڵاتێکی وەک ڕووسیا سەد ساڵ لە دامەزراندنی پەرلەمانەکەی تێپەڕ بووە، بەڵام هێشتاش وەک وڵاتێکی خاوەن دیموکراسیی تازەپێگەیشتوو لەقەڵەم دەدرێت. لەدوای ڕووخانی یەکێتیی سۆڤیەت، ڕووسیای نوێ وەک شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧، تووشی قەیرانی خۆناسنامەیی[١٥] هات. بۆیە لە ساڵی ١٩٩١دا، بە مەبەستی بنیاتنانەوەی وڵاتێکی تازە لە سفرەوە دەستیان بە کار کردەوە. لە ساڵی ١٩٩١ بەدواوە، ڕووسیا زۆر هەوڵی بۆ بیناتنانەوەی شوناسێکی تازە دا، هەتا دەستبەکاربوونی ڤلادیمێر پۆتین کە ڕۆژئاوا ئەم سەرۆککۆمارە لە ڕیزی سەرکردە گرنگەکانی جیهان لەقەڵەم دەدات و باسی لێ دەکەن. قسەکانی پۆتین لە جیهاندا گرنگە و خەڵکی جیهان چارەسەرکردنی کێشە جیهانییەکان لە پۆتین چاوەڕێ دەکەن. کەواتە پۆتین ئەمڕۆکە ڕوونوێنی ڕووسیایە، چونکە سەرۆککۆماری هەر وڵاتێک وەک ڕوونوێنی وڵاتان پێناسە دەکرێت.

لە لایەکی ترەوە، ناسنامەی نەتەوەیی ڕۆڵێکی گرنگی لە براندسازیی نەتەوەییدا هەیە. ئاگاداری و درکپێکردن بە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ناسنامەی نەتەوەیی، پێشمەرجێکن بۆ دروستکردن و گەشەپێدان بە کەمپەینەکانی براندسازیی نەتەوەیی، چونکە جەوهەری هەر براندێکی نەتەوەیی تەنیا لە کۆمپانیا و براندە بازرگانییەکانی وڵاتەوە سەرچاوە ناگرێت، بەڵکوو بە واتایەکی فراوانتر لە فەرهەنگ، زمان، ئەدەب، مۆسیقا، هونەر، بیناسازی و بابەتی دیکەوە سەرچاوە دەگرێت.

هیچ جۆرە پرەنسیپێکی دیاریکراوی جیهانی بە مەبەستی داڕشتنی ستراتیژی براندینگی نەتەوەیی بوونی نییە، چونکە وڵاتان و نەتەوەکان تەنیا چەند ساڵێکە خەریکی براندینگی نەتەوەیین، بۆیە هەر وڵاتێک خاوەن ستراتیژی تایبەت بە خۆیەتی. بەڵام وەک پرەنسیپێکی سەرەتایی دەتوانین سوود لە سێ پرسیاری جەوهەری وەربگرین: ئێستا لەکوێین؟ دەمانەوێ بۆ کوێ بڕۆین؟ بە چ شێوەیەک دەمانەوێ بگەینە شوێنی مەبەست؟ ئەم سێ پرسیارە دەتوانێ ڕێپیشاندەرێکی باش بێت.

تا دێت نەتەوەکان زیاتر ڕوو لە تەکنیکەکانی براندینگی نەتەوەیی دەکەن، چونکە پێویستە شێوەی کار، تاکتیک و ستراتیژیەتی نوێ ڕوو بدات. بە بەرزکردنەوەی براندینگی نەتەوەیی لە جیهانی ئەمڕۆدا، دەتوانین باشتر لە مەیدانی نێودەوڵەتیدا ڕکابەری بکەین. براندینگی نەتەوەیی مەبەستی نییە تەواوی فەرهەنگ و کولتووری خۆی یەکپارچە بکات، یان یەک تاکە شێوەیان پێ ببەخشێ، بەڵکوو دەرفەت بە خۆپیشاندانی لایەنە جیاوازەکانی فەرهەنگ دەدات. بەڵام بە هەماهەنگی و

پەکپارچەیی ستراتیژیەتێکی تۆکمە، دەتوانین وێنەیەکی باش لە نەتەوەکەمان پیشانی جیهان بدەین. لە بارە پێچەوانەکەشیدا، بە نەبوونی ستراتیژییەکی هەماهەنگ، وێنەیەکی نێگەتیڤانە لە نەتەوەکەمان لە زەینی خەڵکانی ناوخۆ و دەرەوەی وڵات بەرجەستە دەکەین.

**براندسازیی شار**

براندسازیی شار لە فەرهەنگۆکە نێودەوڵەتییەکاندا بەم شێوەیە ئاماژەی پێ کراوە: "Urban Branining, Destination Branding, Place Branding"، کە پێشتر وەک بەبازاڕکردنی شوێنەکان، بەتایبەتی شوێنە گەشتیارییەکان پێناسە دەکرا. بەڵام ئەمڕۆکە بە گۆڕانکاری لە ستراتیژییەکانی بەڕێوەبردن، براندسازی ئەولەویەتێکی زۆرتری لە بەبازاڕکردن هەیە و بەرپرسانی شار زۆرتر بیر لە براندسازیی شار دەکەنەوە.

بابەتێک کە لە براندسازیی شاردا گرنگە ئەمەیە کە چۆن فەرهەنگ، مێژوو، گەشەی ئابووری و گەشەی کۆمەڵایەتی، ژینگە و دیمەنەکان، ژێرخان و بیناسازی لەگەڵ یەکتردا کۆ دەبنەوە و لە چاوی خەڵک پەسەند بن. لە براندسازیی شاردا دەبێت بیر لەوە بکەینەوە کە بزانین دۆخی شارەکەمان بۆ براندسازی چۆنە؟ ئایا توانای پێویست بۆ ئامادەکردنی براندێکی شار بوونی هەیە؟ ژێرخانەکان ئامادەن؟ و چەندین پرسیاری دیکە. شارێک بەبێ براند وەک کەسێکی بێ ناسنامە و بێ بڕوانامەیە. پاریس، فرانکفۆرت، نیویۆرک، تۆکیۆ، مۆسکۆ، بەرلین، مەدرید، بەرسەلۆنە و دەیان شاری دیکەی جیهان کە خاوەن براندی تایبەت بە خۆیانن.

شارەکان و گەورەشارەکان خەریکە لەجیاتیی وڵاتان لە ناوچە جوگرافیاییەکاندا ڕۆڵ دەگێڕن. ڕکابەری لەنێوان شارەکان بۆ خۆپیشاندان وەک باشترین هەڵبژاردە بۆ وەبەرهێنەران، گەشتیارانی ئایندەخواز، بازرگانان، قوتابیان و کەسە بلیمەتەکان؛ ڕۆژ لەدوای ڕۆژدا زۆرتر دەبێت و شارەکان بیر لەوە دەکەنەوە کە چۆن بتوانن لەم ڕکابەرایەتییەدا سەرکەوتوو بن.

شارەکان بۆ چالاکیی ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ژینگەیی خۆیان پەیوەستن بە خەڵک و دانیشتووانی خودی شارەکە. بوونی دانیشتووانی جۆراجۆر، ڕەزامەند و شارەزا بۆ شارەکان زۆر گرنگە، چونکە ئەگەر ئەم کەسانە پەرۆشییان بۆ شارەکەیان لەدەست بدەن، شار دەکەوێت. ئاستی خوارەوەی ڕەزامەندیی دانیشتووان ڕەنگە کاریگەری لەسەر بیروبۆچوونی ئەو بازرگانانە دابنێت کە ڕێژەی ڕەزامەندیی هاوڵاتیان لەگەڵ شوێنەکانی دیکە بەراورد دەکەن. جگە لە هۆکارەکانی ئەستەمی کلاسیکی، کوالێتیی ژیان لەسەر بنەمای بڕیاردانی بەڕێوەبەران و بەشی بەڕێوەبردن و خێزانەکان بۆ گواستنەوەی سەرمایە بۆ شوێنێکی دیکە بەراورد بکرێت. هەروەها

سەرچاوەکانی مرۆیی، ژێرخانەکان، گواستنەوە و دەرفەتەکانی فێربوون و خوێندن، کاریگەریی لەسەر وەبەرهێنەران بۆ گواستنەوەی سەرمایە و کاری وەبەرهێنان هەیە.

**شوناس لەبەرامبەر وێنەی زەینی**

چەمکی شوناس زۆر سەرنجڕاکێشە. لە ڕاستیدا چەمکێکە کە سەرنجڕاکێشییەکی بەردەوامی هەیە و دەتوانێت هۆکارێک بۆ بەرزترین بڕیارەکان و دانوستاندنی ژیرانە، چ بۆ تاک و چ بۆ گرووپێک یان وڵاتێک بێت. بەڵام ڕەنگە بابەتەکانی پەیوەست بە شوناس ببێتە هۆکاری بیرکردنەوەی بێکەڵک. بە مەبەستی کەمکردنەوە ئەم بیرکردنەوە بێکەڵکە، پێویستە هۆشیاریمان لە درکی دەرەکی لە بارەی شوناس بەرز بکەینەوە، بەتایبەت لە بارەی براندسازیی نەتەوەیی کە تەنها پەیوەست بە خەڵکی ئەو وڵاتە نییە و لە سەرجەم جومگەکانی نێودەوڵەتی بوونی هەیە. پێویستە جیاوازی دابنێین لەنێوان براندسازی و وێنەی زەینی.

بەپێی پێناسەی فەرهەنگی ئۆکسفۆرد، شوناس بریتییە لە: ڕاستیی ئێمە کێین و چینی تاکە کەسێک یان شتێک لەگەڵ ئەو تایبەتمەندییانەی کە دیاریی دەکات. لە هەمان فەرهەنگ، وێنەی زەینی بەم شێوەیە پێناسە کراوە: ڕوانگەیەکی گشتیی خەڵک لەبەرامبەر بە کەسێک یان دامەزراوەیەک یان بەرهەمێکە. لە فەرهەنگەکانی دیکەدا بە چەندین شێوە پێناسە کراوە و وا دیارە کۆدەنگییەک لە پێناسەیدا بوونی نییە. شوناس ئاماژە بە ڕاستیی جەوهەری شتێک دەکات، بەڵام وێنەی زەینی چۆنێتیی درککردن بە شتێکە. کەواتە جیاوازی هەیە لەنێوان ئەم دوو بابەتەدا، یەکێک لە جیاوازییەکان ڕوانگەی نەرێنیی خەڵکە لەبەرامبەر وڵاتێک کە هەوڵ بۆ پووچەڵکردنی دەدرێت، ئەو ڕوانگە نەرێنییانەی کە خەڵکانی دەرەوەی وڵات بەهەڵە لێی تێگەیشتوون وەک ڕەگەزپەرستبوون. گرنگترین ئامانجی براندسازیی نەتەوەیی سەرەتا دۆزینەوەی پێشداوەریی خەڵکانە بە مەبەستی پووچەڵکردنەوەیان. کەواتە لە براندسازیی نەتەوەیی سەرەتا بە دیاریکردنی ڕوانگەکان دەست پێ دەکەین و هەوڵ بۆ ڕاستکردنەوەیان دەدەین، ئینجا هەنگاوەکانی دیکە هەڵدەگرین.

**پێگەسازی بۆ براندی نەتەوەیی**

چەمکی پێگەسازی بابەتێکی سەرەکی و گرنگە لە بەڕێوەبردن و ستراتیژی براند. تێگەیشتن و درکێکی دروست کە پێگەسازی، پێشمەرجێکی سەرەکییە بۆ ئەو کەسانەی لە داڕشتنی براندی نەتەوەیی بەشدارن.

کاتلێر و کلێر پێناسەیەکی کورت و ڕوونیان لە پێگەسازی پێشکەش کردووە. بەپێی ئەم پێناسەیە، پێگەسازی بریتییە لە دیزاینی پیشنیار و وێنەی زەینیی دامەزراوە بە مەبەستی بەدەستهێنانی پێگەیەکی جیاواز لە زەینی بازاڕی ئامانج (بەکارهێنەر). جۆبێر ئەم

پێناسەیەی پەرە پێ داوە و دەڵێت کە هۆکارە سەرەکییەکانی سەرکەوتن لە پێگەسازی بریتییە لە: شەفافیەت، سەقامگیری، ڕکابەرایەتی و بوونی متمانە.

بابەتی سەرەکی لە پێگەسازیی براندی نەتەوەیی بابەتی جیاوازییە. جیاوازییەک کە باوەڕپێکراو بێت و هاوتەریب لەگەڵ چالاکییەکان بێت و گشتگیر بێت. ناکرێت لە براندسازیی نەتەوەییدا بەشێک لە بەکارهێنەران پشتگوێ بخرێن. ئەرکی براندسازیی نەتەوەیی پەیوەستە بە سەرجەم جومگەکانی ئابووریی وڵات. مەترسیی پێگەسازیی براندی نەتەوەیی لێرەیە کە لە لایەک پێگەسازی بابەتێکی خوازراو و سوودبەخشە و لە لایەکی دیکە بابەتێکی بێواتایە و کاریگەریی لەسەر هیچ کەسێک نابێت.

بابەتێکی دیکە کە لە براندسازیی نەتەوەیی دەبێت لەبەرچاوی بگرین، کاریگەرییەکانە. لە هەر کۆمەڵگایەک جیاوازی هەیە و پێویستە ڕەچاوی جیاوازییەکان بکرێت، بەتایبەت ئەو وڵاتانەی لە چەندین بەشی جیاواز پێک دێن، وەک بەریتانیا، لەم وڵاتەدا چۆن دەکرێت بەرنامەیەکی براندسازی و پێگەسازیی یەک پارچە دابڕێژین ؟ سکۆتلەندا خاوەن بەرنامەی تایبەت بە خۆیەتی کە ڕەنگە جیاوازیی هەبێت لەگەڵ بەریتانیا، لە کوردستانیش بە هەمان شێوەیە، حکومەتی فیدراڵی ئەگەر بەرنامەیەکی هەبێت و بەنیاز بێت بەرنامەیەکی گشتگیری عێراقی بێت، کێشە بۆ هەرێمی کوردستان دروست دەکات. هەروەها بەرنامەی هەرێمی کوردستان جیاوازە لە حکومەتی فیدراڵی، بۆیە پێویستە بە هەستیارییەکی زۆرەوە بڕوانینە ئەم بابەتە.

براندەکان وەک مرۆڤەکان ڕەسەنن و پێویستە داهێنەرانە و ئازادانە کار بکەن، بەم واتایە کە ناکرێت بۆ داڕشتنی بەرنامەیەکی براندسازی لە یەک شێواز و یەک بەرنامەی کۆنکرێتی سوود وەربگرین. جۆن گرانت باس لەوە دەکات کە پێویستە لە ڕوانگەیەکی خەیاڵئەنگێز بڕوانینە ئەم بابەتە. جۆن گرانت دەڵێت، لە براندسازی و پێگەسازیدا دەبێت بابەتێکی گشتی هەبێت کە دابەش ببێت بەسەر بابەتە لاوەکییەکاندا، کە بەگشتی چەمکێک پێک بهێنن. بەشە لاوەکییەکان لە ئەنجامدا لە خزمەتی بەرنامەی گشتی و سەرەکین، بەم شێوەیە سەرجەم بەشەکان خزمەتی یەک ئامانج دەکەن و ڕێگە لە سەرگەردانی و دوورکەوتنەوە لە ئامانجەکان دەگرن.

## سەرچاوەکان و ڕەهەندەکانی بەهای تایبەتی براندی نەتەوەیی

براندەی نەتەوەیی پێویستی بە سەرمایەیەکە کە بتوانێت بەپێی ئەم سەرمایەیە خۆی بەدەربخات. هەروەها بۆ داڕشتنی بەرنامەیەکی براندسازیی نەتەوەیی، پێویستمان بە دارایی و سەرمایەیە کە هەر

وڵات و نەتەوەیەک خاوەن کۆمەڵێک سەرمایە لە ناوخۆی خۆیەتی کە بەریتین لە:

**سامانە ناوخۆییەکان: وێنەکان و درووشمەکان، سروشت و فەرهەنگ**

لەو تایبەتمەندییانەی نەتەوەکان لە یەک جیا دەکاتەوە؛ وێنەکان و درووشمەکان، سروشت و فەرهەنگە، کە هۆکاری پێکهێنانی براندێکی جیاوازە. ئاڵا یەکێکە لە درووشمەکان، تەنانەت کەسایەتییەکانیش دەکرێت لە سیمبولەکانی نەتەوەیەک بێت وەک نێلسۆن ماندێلا کە کۆپی ناکرێت، خواردنەکان و کۆمەڵێک بابەتی دیکە. سروشت یەکێکی دیکەیە لە سامانەکانی براندسازی، جوگرافیا و شێوازەکانی و دار و درەخت و بەرد و ڕەنگ و خۆڵ لە سامانەکانی براندسازییە، نەتەوەیەک دەتوانێت بە سوودوەرگرتن لە درەختێکی تایبەت بەو نەتەوەیە براندسازی بکات. فەرهەنگ و کولتووری نەتەوەیەک سامانێکی دیکەی نەتەوەیە، فەرهەنگ بابەتێکی دەستکرد نییە و ڕەسەنە، بۆیە گرنگییەکی تایبەتی هەیە. هەر چەندە ناکرێت تەنها پشت بە فەرهەنگی ڕابردوو و کۆن ببەستین، چونکە ڕەنگە بە کۆنەپەرست بناسرێین، بۆیە پێویستە هاوسەنگییەک دروست بێت لەنێوان فەرهەنگی کۆن و مۆدێرن. موزیک، فیلم، ئەدەب و زمان و تەنانەت وەرزشیش لە نیشانەکانی فەرهەنگی هاوچەرخە کە ڕۆڵێکی سەرەکیی هەیە لە ناساندنی براندی نەتەوەیی.

**سامانە پەروەردەکراوەکان: پەسەندبوونی ناوخۆیی، پشتیوانیکردن لە هونەرمەندان، ئاستی وەفاداری**

سەرچاوەیەکی پڕ بەهای براندسازیی نەتەوەیی کە ناکرێت پشتگوێ بخرێت، بابەتی باوەڕپێکردن و پەسەندبوونی ئەو براندەیە لەلایەن خەڵک وکاریگەرییەکانی، واتە ئەگەر خەڵک لە بارەی ئەو وێنەیەی کە دروست کراوە؛ ئاگادار نەبێت یان بەدڵی نەبێت، بەرنامەی براندسازی تووشی شکست دەبێت. پشتیوانیکردنی لە هونەرمەندان، بابەتێکی سەرەکییە لە پەروەردەکردنی سامانەکان. پشتگیری لە هونەرمەندان لەلایەن حکومەت، کۆمپانیاکان، خەڵک؛ وا دەکات کە پرۆسەی براندسازی سەرکەوتووانە بەڕێوە بچێت. جگە لەمە، لایەنی بازرگانی و هونەرییش ناکرێت لەبیر بکەین. وڵاتانێکی زۆر ئێستا بە مەبەستی براندسازی سوود لە دراماکان، موزیک و بەگشتی هونەر وەردەگرن، ئەمەش بۆ بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و کولتووری تایبەت بە خۆیانە، بۆ وڵاتان و نەتەوەکانی دیکە. لە داڕشتن و جێبەجێکردنی بەرنامەیەکی براندسازی، وەفاداری ڕۆڵێکی گرنگی هەیە. بەردەوامبوون لەسەر بەرنامەیەک، وا دەکات کە براندسازیی نەتەوەیی سەرکەوتوو بێت.

**سامانی دەرەکی**

سامانێکە کە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەها دەبەخشێتە براندی نەتەوەیی و

ڕاستەوخۆ ئەزموون ناکرێت. وێنەیەک کە لەلایەن خەڵکی جیهان لەسەر نەتەوەکەی ئێمە دروست بووە. ئەم سامانە دەبێت بەهەند وەربگیرێت.

**سامانی جێگرەوە: تێگەیشتن لە کولتووری ئێمە**

زۆر جار دەشێ ئەو تێگەیشتنەی لەسەر نەتەوەیەک هەیە ڕاست نەبێت، بۆیە پێویستە بە شێوەیەکی هۆشیارانە کار بۆ پووچەڵکردنەوەی بدەین. بۆ نموونە؛ ڕەنگە نەتەوەیەک یان وڵاتێک وەک تاوانبار، گەندەڵ، ناتەبا بناسرێن، بەڵام پێویستە لە براندسازیی نەتەوەیی ئەم بابەتە چارەسەر بکرێت.

**سامانی باڵوێزەکانی براند**

یەکێک لە ستراتیژیە هەرزانەکانی براندسازی؛ باڵوێزەکانی براندسازین، وەرزشوانەکان، خەڵکێک کە لە دەرەوەی وڵات دەژی، ئەو قوتابییانەی لە دەرەوەی وڵات دەخوێنن، ئەو فیلمانەی لە دەرەوەی وڵات نمایش دەکرێن، یان کۆنسێرتەکان و هونەرمەندان باڵوێزی براندسازیی نەتەوەیەکن. ئەم کەسانە نوێنەری کەسایەتیی وڵات و نەتەوەیەکن.

**ستراتیژی براندسازی و توخمەکانی**

بنەماکانی سەرەتایی ستراتیژی ئاماژە بە سێ تەوەری سەرەکی دەکەن کە لەم بابەتەدا جەخت لەسەر نەتەوە دەکەین، یەکەم: ئێستا لەکوێین؟ دووەم: دەمانەوێت بۆ کوێ بڕۆین؟ سێیەم: چۆن دەتوانین بگەینە ئەو شوێنە؟ داڕشتن و جێبەجێکردنی ستراتیژی ئەرکێکی ئاڵۆزە، بەڵام ئەم سێ پرسیارە وەک ڕێبەرێکە کە یارمەتیمان دەدات پانتایی ستراتیژییەک دابڕێژین.

**ئێستا لەکوێین؟ شیکاری ستراتیژی**

هەڵسەنگاندنی دۆخی ئێستای براندسازیی نەتەوەیی بابەتێکی پێویست و گرنگە، هەتا بتوانین شیکاری ناوخۆیی و دەرەکی بەدەست بێنین. گرنگترین شیکاری ناوخۆیی، هەڵسەنگاندنی توانایی براندی نەتەوەیی لە چوارچێوەی کۆمەڵێک پێوەری سەرەکییە. لە لایەکی دیکەوە شیکاری دەرەکی جەخت لەسەر ڕکابەرەکان و ئەو هێزە دەرەکییانەی ژینگە دەکات کە کاریگەرییان لەسەر براندی نەتەوەیی هەیە.

**دەمانەوێت بۆ کوێ بڕۆین؟**
**بەرنامەدانانی ستراتیژی**

بەرنامەدانانی ستراتیژی بریتییە لە ئامانجی تایبەت کە شیانی هەڵسەنگاندنە. وەک دیارە ژمارەی ئەو کارانەی تەنها یەک ئامانجیان هەیە کەمە، بەڵام لەبەرامبەر کۆمپانیاکان چەندین ئامانجیان هەیە وەک قازانج، فرۆشتنی زۆرتر، باشترکردنی پشک لە بازاڕ، ڕیسککردن و داهێنان. نەتەوەکانیش بە هەمان شێوە چەندین ئامانجیان هەیە، ئەم ئامانجانە بناغەی مۆدێلێکی ستراتیژی دادەڕێژێت. یەکێک لەو ستراتیژیانە کە زۆر بەکار دێت، ماتریکسی ئان سوف (Ansoff)

ە کە ڕێگەی تواناکانی پەرەپێدانی ستراتیژی بەپێی کاریگەرییەکانی بەرهەمهێنانی ئێستا و نوێ یان بازاڕەکانی ئێستا یان نوێ دادەڕێژێت. لە براندسازیی نەتەوەیی، ماتریکیس ئان سوف لە دۆزینەوەی ڕێگەکانی ستراتیژی لە چوارچێوەی چالاکییەکانی براندسازیی نەتەوەیی سوودی لێ وەرگرت.

**چۆن دەتوانین بگەینە ئەو شوێنە؟**

**جێبەجێکردنی ستراتیژی**

لەدوای قۆناغەکانی سەرەتایی شیکاری و بەرنامەدانان، دوایین قۆناغ و هەستیارترین قۆناغ؛ جێبەجێکردنی ستراتیژی هەڵبژێردراوە. گەورەترین ئاڵنگاری لە جێبەجێکردنی ستراتیژی، بریتییە لە کۆنترۆڵی دڵنیایی، زانستی بەڕێوەبردن، ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ گۆڕانکارییەکان، داڕشتنی پرۆسەکان و چوارچێوەی گونجاو و کۆنترۆڵی بەڕێوەبردنی پەیوەندییەکانی ناوخۆیی و دەرەکییە.

هەرێمی کوردستان وەک کیانێکی سیاسی لە چوارچێوەی عێراقی فیدراڵ، تا ڕادەیەکی زۆر سەربەخۆیی خۆی هەیە و توانیویەتی سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت. نەتەوەی کورد بۆ بەدەستهێنانی ئازادی، ساڵانێکی زۆرە خەبات دەکات و قوربانی دەدات. کورد وەک گەورەترین نەتەوەیەک کە خاوەن دەوڵەت و وڵاتێکی سەربەخۆ نییە و وەک نەتەوەیەکی ستەملێکراو ناسراوە. بەڵام هاوکێشە سیاسییەکان وای کردووە کە نەتەوەی کورد نەگاتە ئامانجی سەربەخۆیی، تەنها لە باشوور نەبێت کە هەرێمێک لە ساڵی (١٩٩١)ەوە پێک هاتووە. یەکێک لە پرسیارە سەرەکییەکان ئەمەیە کە وڵاتان چۆن دەڕواننە کوردستان؟ چ وێنەیەکیان لە خەیاڵدایە و چۆن لە کورد تێدەگەن؟ پرسیاری دووەم ئەمەیە کورد دەیەوێت چ وێنەیەک بۆ چ مەبەستێک بخوڵقێنێت؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم دوو پرسیارە، پێویستمان بە بوونی ستراتیژییەکی گشتگیر لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانە. ئەم ستراتیژییە وا دەکات باشتر و دروستتر وەڵامی پرسیارەکان بدەینەوە و ڕێکارەکانی بدۆزینەوە.

بە مەبەستی براندسازیی نەتەوەیی، پێویستمان بە کۆدەنگییەک لەلایەن خەڵک و دەسەڵات هەیە کە ببێتە هەوێنی بەرنامەی براندسازیی نەتەوەیی. بەرنامەیەکی تاکلایەنە ناتوانێت سەرکەوتن بەدەست بێنێت و پێویستە سەرجەم کاریگەرییەکانی بەرچاو بگرین. بەرنامەیەک کە پەسەندی هەمووان بێت و هەمووان هەوڵی بۆ بدەن. بەرنامەیەکی یەکپارچە و هاوتەریب کە براندسازیی دامەزراوەیی، براندسازیی شار و براندسازیی نەتەوەیی تێدا وێنا کرابێت. براندسازییەک کە جیاوازییەکانی هەرێمی کوردستان بەرجەستە بکات و وێنەیەکی جیاواز بخوڵقێنێت. جیاوازییە سەرنجڕاکیشەکانە کە وا دەکات براندێک سەرکەوتوو بێت، بۆیە پێویستە لە هەرێمی کوردستان جیاوازی ببێتە چەقی سەرەکیی

براندسازیی نەتەوەیی. کاتێک شارەکان، هێماکان، پرۆسەکان، زمان و...؛ هاوشێوەی شوێنێکی دیکە بێت، براندسازی سەر ناکەوێت و شکست دێنێت. جیاوازییەکان وا دەکات سەربەخۆیی زۆرتر بەدەست بێنین و وێنەیەکی دیکە پێشکەش بکەین. ئەم وێنە جیاوازە وا دەکات لە ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی فۆرمێکی تازە ببەخشێتە هەرێمی کوردستان و سەرنجی جیهان بۆ لای خۆی ڕابکێشێت، بە شێوەیەک کە هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی عێراق نەبینرێت و بەپێچەوانەوە عێراق لەتەنیشت هەرێمی کوردستان ببینرێت، عێراقێکی پڕ لە کێشە و ئاژاوە لەتەنیشت هەرێمێکی ئارام، سەقامگیر، ئازاد، پاک و...

کاتی ئەوە هاتووە کە هەرێمی کوردستان کار لەسەر براندسازیی نەتەوەیی بکات بە مەبەستی پەرەپێدان بە بواری سیاسی، ئابووری، کولتووری و کۆمەڵایەتی. براندێکی بەهێز وا دەکات لەم بوارانەدا بووژانەوەیەکی باش ڕوو بدات و گەشەیەکی بەرچاو ببینرێت. پێویستە دیوە شارەوەکانی نەتەوەی کورد بەرجەستە بکرێت و کار بۆ ناساندنی بکرێت. بۆ نموونە وەک: ئەدەبیات، هونەر، مێژوو. براندسازی تێچوو نییە، بەڵکوو سەرمایەیەکە کە وزەیەکی ئێجگار زۆر دەبەخشێتە وڵات.

پەراوێزەکان:

1 Nation Branding
2 Dinni Keith
3 Edinburgh
4 Nye
5 Name
6 Stockholder
7 Delphi technique
8 De Chernatony, University of Birmingham
9 Differentiating
10 Jeff and Nebenzhal
11 Volff Olins
12 Idenity Consultant
13 Selection
14 Self-identification

سەرچاوەکان:

١. کیت، دینی، "برندسازی ملی"، نبی الله دهقان، محمد پوررضا، حمید علیزاده، سبحان شریفی سیگارودی، ١٣٩٥.
٢. کلر، آرون، رنی مرینو، دن والس، "فیزیك برند"، احمد ارژمند، سمن، ١٣٩٧.
٣. ویلر، آلینا، "طراحی هویت برند"، دکتر سید مهدی جلالی، سیته، ١٣٩٢.
٤. دیویس، ملیسا، "مبانی برندینگ"، لادن رضایی، فرهنگسرای میردشتی، ١٣٩٤.
٥. بیکر، بیل، "برندسازی مقصد گردشگری"، علی صمیمی، ساسان قاسمی، دنیی اقتصاد، ١٣٩٣.
٦. جعفر پیشه، خلیل ، "جستاری در برندینگ شهری"، انتشارات بازاریابی، ١٣٩٥.
٧. کلر، کوین لین، "برنامه ریزی برند"، امین الله اسدی، انتشارات بازاریابی، ١٣٩٤.
٨. دینی، کیت، "برندینگ شهری"، محمد رضا رستمی، نیلوفر، ١٣٩٢.
٩. گولدنر، چارلز آر، "شناخت صنعت گردشگری"، حمید ضرغام بروجنی، مرتضی بذر افشان، حمید ایوبی یزدی، مهکامه، ١٣٩٢.

No.11, January 2022

ئایندەناسی

# توێژینەوەی وەرگێڕدراو

# قەیرانی ئاو و گۆڕانی کەش و هەوای عێراق هۆکاری کۆچ و ناکۆکی نێوخۆیی

سەفا خەڵەف | وەرگێڕان: بارام سوبحی | سەرچاوە: ماڵپەڕی "العالم الجديد"
https://b2n.ir/p05614



ژمارەیەك گەنجی عێراقی لە دیسەمبەری ٢٠٢٠-دا کۆمەڵێك کاری هونەرییان نمایش کرد کە گوزارشت بوو لە خەمە ژینگەییەکانیان. لەسەر تابلۆیەك نووسیبوویان: "چیتر ئاسمانێکی نەخشێنراو بە ئەستێرەمان نییە"، ئەوەش ئاماژەیەکی کۆمەڵایەتیی دەگمەن بوو بۆ قەیرانی گۆڕانی کەشوهەوا کە هەڕەشە لە ژیانیان دەکات و لەمەودوا ئاسمانی عێراق تەپوتۆز و پیسکەرەکان

دایدەپۆشێت، چیتر وڵاتی نێوان دوو ڕووبار بارانێکی زۆری لێ نابارێت کە لە وشکەساڵیی پێشبینیکراو ڕزگاری بکات، ئەوەش دەبێتە هۆی تارومارکردنی کۆمەڵگا ناوچەییەکان و فرەجۆریی کولتووری و زنجیرەکانی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی، هەروەها لە ساڵانی داهاتوودا نیوەی عێراقییەکان ناچار بە کۆچکردن دەکات.

لەدوای ساڵی (٢٠٠٣)ەوە، بەردانەوەی ئاو بۆ عێراق بە شێوەیەکی خێرا بەرەو کەمبوونەوە ڕۆیشتووە، لەو کاتەوەی تورکیا و ئێران دەستیان کردووە بە قۆرخکردنی سەرچاوە هایدرۆلۆجییەکان بۆ خۆیان و عێراقیان لێ بێبەش کردووە. بەو هۆیەوە ڕووبەرە سەوزەکان کەمیان کردووە و زەوییە بیابانییەکان فراوان بوون و گەردەلوولی خۆڵبارین (SDS) لە سەرانسەری وڵاتدا زیادیان کردووە و بەرەو (٢٢٠) ڕۆژ لە ساڵدا درێژ دەبێتەوە، بە جۆرێك تێکڕای خۆڵبارین بە نزیکەی (٨٠ ملم/م٢/مانگانە) دەخەمڵێنرێت، لە کاتێکدا تێکڕای بارانبارین زۆر لە خۆڵبارینەکە کەمترە.

ناوچەی باشوور و ڕۆژئاوای ئێران کە زۆرینەی دانیشتووانی عەرەبە، بە چالاکترین ناوچەی خۆڵبارانی بەهێز دادەنرێت، ئەمەش دوای ئەوەی دەسەڵاتدارانی ئەوێ پەنایان بردە بەر وشککردنی ڕووبار و چەمەکان کە دەڕژێنە عێراقەوە، وەکوو هەوڵێك بۆ قۆرخکردنی ئاو و گۆڕینی بۆ ئامرازێکی سیاسی. لە ماوەی دە ساڵی داهاتوودا، ڕوانگە ژینگەییە نێودەوڵەتییەکان پێشبینی دەکەن شەپۆلەکانی خۆڵ و لم بارین (SDS) بگاتە (٣٠٠) گەردەلوول و زۆرینەی عێراق بگرێتەوە. ئەم چالاکبوونی خۆڵبارینە وێرانکەرە لە باریدایە کۆتایی بە ژیانی کشتوکاڵی و گردبوونەوەکانی دانیشتووان بهێنێت.

**پیسبوون؛ وشکەساڵی خێراتر دەکات**

عێراق لە ڕووی مێژووییەوە و لە سایەی هەردوو ڕووباری دیجلە و فوڕاتەوە کە دەکەونە ئەم وڵاتەوە، هەروەها بە هۆی تۆڕی کەناڵەکان و چەم و دەریاچە بچووك و لقەکانیان لە شارەکاندا، وای کردووە نزیکەی سێیەکی دانیشتووانی لە گوندەکاندا بژین، سێ بەشەکەی دیکەش لە شارەکاندا خڕ ببنەوە. بە وشکبوونی تۆڕەکانی ئاو، بوونی مێژوویی هیچ بەهایەکی نامێنێت. هەروەها بە هۆی ململانێی ژینگەیی و کەمبوونەوەی سەرچاوەکان و توندبوونی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا، یەکپارچەیی وڵات هەڵدەوەشێتەوە. ڕووپێوییەکانی "ڕیزبەندیی بەفیڕۆدانی ئاو"، عێراقی لە ئاستە دەگمەنە مەترسیدارەکان بە (٣,٧) خاڵ داناوە لە کۆی خاڵەکانی ڕیزبەندییەکە کە دەگاتە پێنج خاڵ. لە کاتێکدا لە (٢٠٤٠) ئاستەکە دەگاتە (٤,٦) خاڵ، واتە تەواو وشك و خۆرێکی سووتێنەر و ژینگەیەکی مەترسیدار.

ئاماژە ژینگەییە حکومییەکان دان بەوەدا نانێت کە عێراق بەشدارە لە کێشەی گەرمبوونی هەوای جیهاندا، بە پێچەوانەی ئەوەی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە (IEA) دەیڵێت کە

عێراق بەرپرسە لە دەرپەڕاندنی نزیکەی (٨٪) ی دەرهاویشتنی جیهانیی گازی میسان کە دەرهاویشتەی وەبەرهێنانە لە نەوت و غازدا. میسان پیسکەرێکی ژینگەیی زۆر کارایە و بەرپرسە لە گلدانەوەی (٢٥٪)ی قەتیسبوونی گەرمای جیهان، بە بڕی (٨٣) جار زیاتر لە هەر پیسکەرێکی گەرمکەرەوەی دیکە گەرما گل دەداتەوە.

بە هۆی ئەوەی پەترۆڵ بە شێوەیەکی پاك دەرناهێنرێت، زۆر جار پەڵە هەوری میسان بە ئاسمانی عێراقەوە دەبینرێت. لە مانگی تەمووزی ٢٠٢١-دا، کۆمپانیای "Kayrros" کە بارەگاکەی لە پاریسە و داتاکانی مانگە دەستکردەکان بۆ ئاژانسی گەردوونیی ئەورووپا بۆ بەدواداچوونی دەرهاویشتەکان شی دەکاتەوە، ئاشکرای کرد کێڵگەیەك لە ڕۆژئاوای بەسرە بە تێکڕای (٧٣) تۆن لە کاتژمێرێکدا میسان دەردەدات. لەناوەڕاستی مانگی حوزەیراندا، دوو دەرهاویشتنی دیکەی میسان هەبووە بە نیوەی مەودای نێوان بەسرە و بەغداد، بە تێکڕای (١٨١ و ١٩٧) تۆن لە کاتژمێرێکدا. وەکوو بۆچوونێکی نزیککراوەیی واتە دەرهاویشتنی (١٨٠) تۆن لە میسان لە کاتژمێرێکدا، یەکسانە بە گلدانەوەی گەرمیی ناوەندی دەرهاویشتنی ساڵانەی زیاتر لە (٢٠٠) هەزار ئۆتۆمبێل لە بەریتانیا، بەگوێرەی لێدوانێکی بلۆمبێرگ لەسەر ڕووداوەکە.

وەزارەتی ژینگە جەخت دەکاتەوە کە وڵات کەوتووەتە ناوجەرگەی گۆڕانکارییە توندەکانی دیاردەکەوە، لە ماوەی دوو دەیەی داهاتوودا دەبێتە هۆی خاپووربوونی ژینگەی عێراق. بە هۆی زیادبوونی بێئەندازەی پلەکانی گەرما، کەمبوونەوەی بارانبارین، کەمبوونەوەی ئاوی سەرزەوی و ژێرزەوی، وشکەساڵی، توندبوونی ئاستی گەردەلوولە خۆڵاوییەکان، بەبیابانبوون، ڕاماڵرانی خاك، نەمانی هەمەچەشنیی ژینگەیی، وڵات وای لێ دێت شیاوی ژیان نەبێت. ئەمەش هەمووی واتە پاشەکشە لە ڕووبەرە کشتوکاڵییەکان و داڕووخانی زنجیرەکانی ئاسایشی خۆراك، کە هاوتەریبە لەگەڵ چالاکییە مرۆییە زیانبەخشەکان، بە ئامانجی کەمکردنەوەی لێکەوتەکانی هەڵگەڕانەوەی کەشوهەوا.

**گەرما؛ سامانی ئاوی بەفیڕۆ دەدات**

عێراق زیاتر لە (٦٣٪)ی سەرچاوە ئاوییەکانی لە کشتوکاڵدا بەکار دەبات، بەبێ ئەوەی پێداویستییە ناوخۆییەکانی لە بەروبوومەکان دابین بکات، بەزۆری پشت بە هاوردەی دەرەکی دەبەستێت. ئەمەش مانای وایە بەهای بەفیڕۆدانی ئاو، بەرامبەر بە زیادبوونی بەرهەم نییە.

سەرۆکی لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری لە پەرلەمانی عێراق، سەلام شەممەری، جەخت لەوە دەکاتەوە "تەکنەلۆژیای کشتوکاڵی لە عێراقدا سەرەتاییە، چونکە وەزارەتەکانی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە پێناوی کەمکردنەوەی بەفیڕۆدانی ئاو، تەکنەلۆژیا هاوچەرخەکانی ئاودێری بەکار ناهێنن، بۆیە لەگەڵ زیادبوونی بەروبوومی کشتوکاڵیدا، بەفیڕۆدانێکی

گەورەی ئاومان هەیە. لە دەوڵەتە کشتوکاڵییە پێشکەوتووەکاندا، بەرهەمی یەك دۆنم دەگاتە (٢,٥) ملیۆن تۆن، لە کاتێکدا لە عێراقدا تەنها (٣٥٠) کیلۆیە".

عێراق ڕووبەرە کشتوکاڵییەکانی لەسەر بنەمای "دۆنم" دەپێوێت، ئەوەش ئامرازێکی پێوانەکاریی عوسمانییەکانە. یەك دۆنم لە عێراق یەکسانە بە (٢٥٠٠) مەتری چوارگۆشە، واتە گەورەترە لە تێکڕای سووریا و لوبنان و فەڵەستین و ئوردن، چونکە لەوێ دۆنمێك هەزار مەتری چوارگۆشەیە.

بەگوێرەی داتاکانی بانکی نێودەوڵەتی، لە عێراق کشتوکاڵ نزیکەی (٤٪)ی کۆبەرهەمی ناوخۆیی (GDP) پێك دەهێنێت، بە ڕێژەی (٢٠٪) لە بازاڕی کاردا بەشدارە و زۆرینەی لە گوندەکاندایە. بە هۆی کارتێکەریی کەشوهەوا و کەمبوونەوەی ئاو و توندبوونەوەی ناکۆکییە چەکدارییەکانەوە، لە ساڵی (٢٠١٤)ەوە بە ڕێژەی (٤٠٪)ی بەرهەمی کشتوکاڵی کەمی کردووە. خەمڵاندنەکان ئاماژە بەوە دەکەن پێش ئەو ساڵە، سێ بەشی جووتیارانی عێراق لە توانایاندا بووە بگەنە سەرچاوەکانی ئاودێری، بەڵام دوای سێ ساڵ (وەزری ٢٠١٧-٢٠١٨) ڕێژەکە دابەزیوە بۆ تەنها (٢٠٪). بەپێی خەمڵاندنەکانی حکومەتیش، ئەو دۆخە بووەتە هۆی لەدەستدانی (٧٥٪)ی سامانی ئاژەڵی وەکوو مەڕ و بزن و گامێش.

سەرباری بەفیڕۆچوونی کشتوکاڵ، عێراق ساڵانە لە دەرەنجامی بەهەڵمبووندا بە هۆی بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرماوە، نزیکەی (١٤,٧٪)ی ئاوی گلدراوەی لەدەست دەدات، ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزە بە بەراورد بە تێکڕای بەکاربردنەکانی دیکە. دەریاچەی سەرسار کە گەورەترین کۆگای ئاوی سروشتییە لە عێراقدا، بە هۆی بەهەڵمبوونەوە زیاتر لە (٥٠٪)ی ئاوە گلدراوەکەی بەفیڕۆ دەڕوات. هەر چی ناوچەی هۆڕەکانە کە گەورەترین تەختایی ئاوی سروشتی و زەویی شێداری کەلەپوورییە لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین، بەهەڵمبوون ڕۆژانە نزیکەی (٧٥) مەتری چوارگۆشە لە چرکەیەکدا ئاوەکەی بەفیڕۆ دەدات. بەگوێرەی کارگێڕیی خۆجێیەتیی قەزای سوق شیوخ (باشووری ناسریە)، تەنها لە هاوینی ٢٠١٧دا لە دەرەنجامی بەهەڵمبوون و بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما، بەفیڕۆچوونەکەی بە (٤,٥) ملیار مەتری چوارگۆشە خەمڵێنراوە.

بەرزبوونەوەی بەردەوامی پلەکانی گەرما لە عێراق، بە هۆی گۆڕانکارییە جیهانییەکانی کەشوهەوا و نەبوونی ڕووپۆشی سەوزایی ناوچەیی و نەبوونی چارەسەری حکومی، بە شێوەیەکی کارا لە کەمبوونەوەی سەرچاوە ئاوییەکاندا بەشدار بووە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی تۆڤێنەری "IPCC"، پێشبینی دەکریت بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما لە عێراقدا لە ماوەی ساڵانی داهاتوودا بە تێکڕای دوو پلەی سەدی بێت، واتە بەرزتر لە تێکڕای بەرزبوونەوەی پلەی گەرمای گۆی زەوی کە بە (١,٥) پلە خەمڵێنراوە.

زۆر جار لە هاویناندا پلەکانی گەرما لە عێراقدا (٥٣) پلەی سەدی تێدەپەڕێنن، بەتایبەتی لە ناوچەکانی باشووردا کە بەرهەمهێنەری نەوتن، ئەوەش دەبێتە هۆی لەناوبردنی داچێنراوەکان و گامێش و کوشتنی هەمەجۆری ئیکۆلۆژی لە ئاوی هۆڕەکاندا. هەروەها بە هۆی ژەهراویبوونی ئاوی خواردنەوە لە هاوینی ٢٠١٨دا، نزیکەی (١٤٠) هەزار هاوڵاتی لە شاری بەسرە ژەهراوی بوون. جگە لەوەی ئەو گەرما بەتینە ساڵانە دەبێتە هۆی زیادبوونی ڕووداوەکانی ئاگرکەوتنەوە، بە جۆرێك بەپێی تۆماری فەرمی لە ماوەی دە مانگی ڕابردووی ٢٠٢١دا، نزیکەی (٢٦) هەزار ڕووداوی ئاگرکەوتنەوە تۆمار کراوە.

### مردنی ناوچەی کەلەپووری جیهانی

گامێش ئاژەڵێکی گەورەی وشکانییە، یەکێکە لە گرنگترین سامانە دەگمەنەکان کە دانیشتووانی هۆڕەکانی پێ جیا دەکرێتەوە، بەڵام لە ئێستادا بە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی خوێ و پلەکانی گەرماوە، لە لێواری لەناوچوونی ئەو ئاژەڵەین بۆ هەمیشە و تا ئێستا ژمارەیەکی زۆریان نەماون. بەگوێرەی دوایین ئاماری حکومەت، ژمارەی گامێش لە عێراقدا لە (١,٢) ملیۆنەوە بۆ کەمتر لە (٢٠٠) هەزار کەم بووەتەوە.

عێراق لە زووەوە تێدەکۆشێ لە پێناوی تۆمارکردنی ناوچەی هۆڕەکان لەسەر لیستی کەلەپووری جیهانی و لە ساڵی ٢٠١٦دا ئەوە کرا، بەڵام لەوانەیە ئەوە تەنها ئامرازێکی نەرم بێت بۆ مسۆگەرکردنی بەردانەوەی ئاوی زیاتر بۆ پاراستنی ئەو ناوچە شوێنەوارییە لە لەناوچوون، وا دیارە ئەو ناوچە هەرە دێرینە ئێستا لەسەر کەناری مردنە.

بە وتەی د. جاسم ئەسەدی؛ ڕاوێژکار لە ڕێکخراوی سروشتی عێراق کە تایبەتە بە ژینگەی هۆڕەکان، ڕێژەی بەخوێبوون لە ناوچە جیاوازەکانی هۆڕەکاندا گەیشتووەتە (١٢) هەزار و (٦٠٠) بەش لە ملیۆنێکدا، ئەوەش "ئاستێکی مەترسیداری پیسبوونی لەناوبەرە لە دەرەنجامی وشکەساڵیدا"، کە بووەتە هۆی "تۆمارکردنی کۆچێکی بەرفراوانی دانیشتووانی ناوچەکە لە هۆڕەکانی ناوەڕاست، ئاژەڵی گامێشیش لەسەر کەناری لەناوچوونە".

### زەمینلەرزەکان بە هۆی وشکەساڵییەوەیە

زەمینلەرزە و لەرە گەڕاوەکان کە لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا عێراقی هەژاندووە، لە دەرەنجامی تێکچوونی چینەکانی زەوییە، وای کردووە ئەمباری بیر و دەریاکان "بۆ ئاستێکی مەترسیدار دابەزێت"، وەکوو دابەزینی خێرای ڕێژەی ئاوی دەریاچەی ساوەی مێژوویی لە بیابانی پارێزگای موسەننا (باشووری ڕۆژئاوای عێراق)، دەریاچەکە دەستی کردووە بە وشکبوون کە دابینکەری ئاوی ژێرزەوییە و لەژێر ناوچەی ڕۆژئاوا درێژ دەبێتەوە.

بەڕێوەبەری ژینگەی موسەننا؛ یوسف سەوادی جەبار، کەمبوونەوەی ئاو لە "ساوە" وا شی دەکاتەوە کە "زەمینلەرزەکان بوونەتە هۆی داخستنی کەناڵەکان و ئاوەڕۆی ژێرزەوی

و چاوگە ئاوییەکان کە سەرچاوەی ئاوی دەریاچەکەن". سەرباری "بەهەڵمبوون بە هۆی بەرزبوونەوەی زۆری پلەکانی گەرماوە"، بۆیە "دەریاچەکە لە ئێستادا ئەگەری وشکبوونی تەواوەتیی هەیە".

پارێزگای موسەننا کە دەریاچەی ساوە دەکەوێتە دەوروبەریەوە، گرفتاری کەمئاوییەکی درێژخایەنە، لەبەر ئەوەی زۆرینەی دانیشتووانی ناوچەکە پشت بە کشتوکاڵ دەبەستن، کەمبوونەوەی ئاو وای لێ کردوون بکەونە ژێر هێڵی هەژاریی نیشتمانییەوە، بۆیە کۆمەڵێك لە لادێنشینەکان دەستیان کردووە بە جێهێشتنی ناوچەکە، بە جۆرێك دوای ئەوەی (٢٢) شوێنی پاریزگاکە تۆمار کرا کە گرفتی کەمئاوییان هەیە لەو ناوچانەی کە لە ڕووی کشتوکاڵییەوە زۆر چالاکن، تەنها لە ساڵی ٢٠١٩دا (١٣٢) خێزان ناوچەکەیان بەجێ هێشتووە.

لەو بارەیەوە پارێزگای موسەننا؛ ئەحمەد مەنفی دەڵێت: "ماوەی دە ساڵە گرفتاری وشکەساڵی و کەمبارانی بووین، بۆیە جووتیارەکانمان بێکار بوون. لەبەر ئەوەی دەوڵەت سەرکەوتوو نەبووە لە دابینکردنی ئاوی پێویست، ڕێژەی هەژاری و نەخوێندەواری هەڵکشاوە، ڕێژەی هەژاری گەیشتووەتە (٥٢٪)، ئەوەش بەرزترین ڕێژەی نێو پارێزگاکانی عێراقە." بەڵام نووسینگەی وەزارەتی پلاندانان لە موسەننا، ئاماژە بەوە دەکات ڕێژەی بێکاریی گوندنشینان گەیشتووەتە (٧٥٪)، لە کاتێکدا لە شاردا گەیشتووەتە (٢٣٪)، لەگەڵ بەرزبوونەوەی تێکڕای قەبارەی یەك خێزان لە پارێزگاکەدا کە دەگاتە هەشت کەس.

**هەڵکشانی کۆچ لە ژینگەیەکی داڕووخاودا**

بۆ یەکەم جار و لە سەرەتای ساڵی (٢٠٢٠)ەوە، ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی (IOM) کە چاودێری و بەدواداچوون بۆ زۆربوونی کۆچی ناوخۆیی لە عێراقدا دەکات بە هۆی ناکۆکییە چەکدارییەکانەوە، دەستی کردووە بە بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرت و زانیاری لە بارەی کۆچەوە کە بەرمەبنای گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا و کەمبوونەوەی ئاوە، بەتایبەتی لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراقدا.

جەخت لەوە کراوەتەوە لە ساڵی ٢٠١٩دا بە هۆی کەمبوونەوەی ئاو و بەرزبوونەوەی ئاستی خوێ و بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە گوازراوەکان لە ڕێگەی ئاوەوە لە (١٤٥) ناوچەدا، (٢١,٣١٤) کەس لە نۆ پارێزگای ناوەڕاست و باشووری عێراقەوە ئاوارە بوون. بەر لەوەش، ئاوارەبوونی بیست هەزار کەس لە کۆمەڵگە کشتوکاڵییەکان لە ساڵی (٢٠١٢)دا تۆمار کرابوو، لە کاتێکدا ڕێکخراوی یونسکۆ جەخت لەوە دەکاتەوە زیاتر لە سەد هەزار کەس لە دانیشتووانی باکووری عێراق بە هۆی کەمبوونەوەی ئاو لەنێوان ساڵانی (٢٠٠٥ و ٢٠٠٩)دا گوندەکانیان بەجێ هێشتووە.

بە هۆی کەمبوونەوەی ئاو و لەناوچوونی داچێنراوەکانیان کە لەسەری دەژین، دانیشتووانی ژمارەیەك گوند لە دیالە (باکووری ڕۆژهەڵات)

ئامادەن بۆ جێهێشتنی زەوییەکانیان کە چەندین نەوەیە لەسەری دەژین، هاوشێوەی دانیشتووانی گوندەکانی دیکە لە پارێزگای واست (باشووری ڕۆژئاوا کە سەد کیلۆمەتر لە دیالەوە دوورە)، کشتوکاڵ و بەخێوکردنی گامێشیان بەجێ هێشتووە، دۆخەکە لە گوندەکانی پارێزگاکانی زیقار و میسانیش هاوشێوەیە.

ئەو چوار پارێزگایە هێڵێکی کشتوکاڵیی درێژ بە لێواری ڕووباری دیجلەدا پێك دەهێنن، لە ڕۆژهەڵاتەوە بە زەوییەکانی ئێران گەمارۆ دراون کە ڕووبارەکان و سەرچاوەکانی دابینکردنی ئاوی ڕووبارەکە و هۆڕەکانی لێوە هەڵدەقوڵێن.

پارێزگای میسان (باشووری ڕۆژهەڵات) لە ڕووی وشکەساڵی و کۆچی بەکۆمەڵ بە زیانمەندترین ناوچە دادەنرێت، بەرزترین ڕێژەی وشکەساڵی لە گوندەکانی تۆمار کراوە. بەگوێرەی پۆلێنبەندییەکانی "DTM"، لە میسان (٥٨) ناوچەی زیانلێکەوتوو کۆچکردنی تێدا تۆمار کراوە. دانیشتووانی ئەو پارێزگایە تێکەڵەیەکن لە جووتیارانی نیشتەجێ لەسەر زەوییە کشتوکاڵییەکان، ڕاوچییانی ماسی، بەخێوکەرانی گامێش کە لە هۆڕەکاندا دەژین، هەموویان سکاڵا دەکەن لە دابەزینی ئاستی ئەو ئاوەی پێیان دەگات، سەرباری پیسییەکەی.

سالم گەنجێکە و پیشەی ڕاوکردنی ماسییە لە هۆڕەکانی میسان، دەپرسێت: ئەو دەوڵەتانەی خاوەنی ئاوەکەن؛ نەوتی عێراقیان دەوێت، ئێمەش وڵاتێکی نەوتیین، بەڵام وەکوو هاوڵاتیان هیچ لێی سوودمەند نەبووین و ژیانمان لەسەر ئاو وەستاوە، ئیدی بۆچی حکومەت لەبەرانبەر ئاودا؛ نەوتیان ناداتێ؟ هەروەها دەڵێت: بەبێ ئاو ژیانمان نابێت.

مەترسیی ئەوە هەیە کە کەمبوونەوەی ئاو ببێتە هۆی دیارنەمانی دێرینترین کۆمەڵەی ئایینی لە دانیشتووانی عێراق. سابیئەی مەندائی بچووکترین و دەگمەنترین کەمینەن لە وڵاتدا و لە بەسرە و میسان نیشتەجێن، لە ئێستادا بە هۆی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەواوە هەڕەشەی لەناوچوونیان لەسەرە. ڕیشەی ئەو کۆمەڵەیە دەگەڕێتەوە بۆ "یۆحەنا مەعمەدان"، پشتبەستنیان بە ئاوی زۆر؛ پشتبەستنێکی پیرۆزە، لە ئایینەکەیاندا مەرجی ئەوە دانراوە کە دەبێت ئاوەکە سازگار و هەڵقوڵاو هەبێت. بە وشکبوونی ڕووبارەکان، ئەو کەمە خۆڕاگرەی ئەو کەمینە دەگمەنە ناچارن پەنا بەرنە بەر کۆچکردن بۆ دەرەوەی وڵات.

د. قەیس سەعدی؛ توێژەر و کەسایەتییەکی مەندائیی پایەبەرزە، سەرۆکی ڕایەڵەی مەندائییەکانە لە ئەڵمانیا، دەڵێت: "ئەو ژمارەیەی لە عێراق ماونەتەوە؛ شەش هەزار کەس تێناپەڕێنن، واتە (١٠٪)ی ژمارەی سابیئە عێراقییەکان لە سەرانسەری جیهاندا".

کەریم حەتاب؛ سەرۆکی یەکێتیی جووتیارانی میسان، هاوڕایە لەگەڵ سالم گەنجەکەی هۆڕەکان و دەڵێت: "تەنانەت ماسییەکان لە هۆڕەکاندا

خۆیان ده‌كوژن... سامانی ئاژەڵ كۆتایی هاتووه، ئاوی پێویست نییه، ئیدی بۆچی جووتیاران و ڕاوچییان له‌ زەوییه‌كی مردوودا بمێننه‌وه؟ زۆرینه‌یان كۆچیان كردووه‌ به‌ره‌و شاره‌كان، له‌ شاره‌كانیش كار نییه، بێكاری لێره‌ ڕۆژ له‌دوای ڕۆژ په‌ره‌ ده‌سێنێت".

هه‌ریه‌كه‌ له‌ سه‌نته‌ری تۆماركردنی كۆچی ناوخۆیی (IDMC)و ئه‌نجوومه‌نی په‌نابه‌رانی نه‌رویجی (NRC) ، له‌ ڕاپۆرتێكی فریاگوزارییاندا پێشنیاری تۆماركردنی ناوی ئه‌و تێكۆشه‌رانه‌ ده‌كه‌ن كه‌ له‌ هه‌ر سێ پارێزگاكه‌ی باشووردا (به‌سره‌، میسان، زیقار) سوورن له‌سه‌ر مانه‌وه‌یان له‌ زه‌وییه‌كانیاندا، هه‌ر چه‌نده‌ دووچاری كه‌میی ئاو و لێكه‌وته‌كانی گۆڕانكاریی كه‌شوهه‌وا هاتوون. ڕاپۆرته‌كه‌ ناوی ئه‌و كه‌سانه‌ی به‌ "Stayees" هێناوه، كه‌ ده‌كرێت زیاتر به‌ مانای "خۆڕاگر" وه‌ك له‌ "نیشته‌جێ" لێك بدرێته‌وه. ئه‌مه‌ش ئاماژه‌یه‌كه‌ كه‌ كێشه‌كه‌ ڕوو له‌ زیادبوونه‌ و هه‌ڕه‌شه‌ له‌ یه‌كه‌ی خێزان ده‌كات، له‌وێ چه‌ندین خێزان هه‌ن به‌ته‌واوی هه‌ڵوه‌شاونه‌ته‌وه‌ و له‌نێوان ئاواره‌ و "Stayees"دا دابه‌ش بوون، ئه‌و دۆخه‌ش بۆ ئاینده‌ مه‌ترسیی كۆمه‌ڵایه‌تیی لێ ده‌كه‌وێته‌وه.

### گۆڕانی كه‌شوهه‌وا، دوورخستنه‌وه‌ی دیمۆگرافی به‌هێز ده‌كات

ده‌كرێت پارێزگای دیاله‌ كه‌ ده‌كه‌وێته‌ سه‌ر سنووری ئێران (باكووری ڕۆژهه‌ڵات)، ببێته‌ نموونه‌یه‌كی دیكه‌ كه‌ هۆكاره‌كانی گۆڕانی كه‌شوهه‌وا و گه‌مارۆدانی ئاوی پێكه‌وه‌ كۆ بكاته‌وه، ئه‌و ناوچه‌یه‌ خاوه‌نی حه‌وزێكی كشتوكاڵیی به‌پیته، به‌ڵام ئێستا له‌ ڕووی ژینگه‌ییه‌وه‌ وێران بووه، ئێران ڕووباری سیروانی گرتووه‌ته‌وه‌ (له‌ ناوچه‌كه‌دا به‌ ڕووباری دیاله‌ ناو ده‌برێت) كه‌ سه‌رچاوه‌ی ئاوی شاره‌كه‌ و بێستانه‌كانی بوو.

حه‌یده‌ر عه‌بدوللەتیف سه‌رۆكی هۆبه‌ی كشتوكاڵیی به‌عقوبه، ده‌ڵێت: "وشكه‌ساڵی له‌ سایه‌ی پله‌ی گه‌رماوه‌ كه‌ په‌نجا پله‌ی سه‌دیی تێپه‌ڕاندووه؛ زیانی زۆر بێشوماری هه‌بووه، به‌و هۆیه‌وه‌ داچێنراوه‌كان به‌ هۆی تینی به‌هێزی خۆره‌وه‌ وشك بوونه‌ته‌وه‌ و ڕووپۆشی ده‌ره‌كی و سه‌ره‌وه‌ی دار و ڕووه‌كه‌كان سووتاون".

هه‌نووكه‌ ده‌یان گوند له‌ پارێزگاكه‌دا وێران بوون، دانیشتووانه‌كه‌ی گرفتاری كه‌مئاوی و به‌بیابانبوون و مردنی داچێنراوه‌كانیان بوون. باوكی محه‌مه‌د (٥٥ ساڵ)، جووتیارێكی دێرینی گوندی "ئه‌میله‌ح"ه‌ كه‌ یه‌كێكه‌ له‌ (٢٥) گونده‌كه‌ی شارۆچكه‌ی مه‌نسوریه‌ كه‌ دانیشتووانه‌كه‌ی ئاماده‌ن بۆ به‌جێهێشتنی، دۆخی ناله‌باری ئه‌وێ به‌م جۆره‌ ده‌گێڕێته‌وه: "چه‌مه‌كان ته‌واو وشك بوون، ئاومان نییه‌ نه‌ بۆ ئاودانی زه‌وییه‌كان و نه‌ بۆ به‌كارهێنانی خۆمان، ته‌نها پشت به‌ ئاوی بیره‌كان ده‌به‌ستین كه‌ سوێرن و زۆر خراپن". جه‌خت له‌وه‌ش ده‌كاته‌وه‌ هه‌موو دانیشتووانی گونده‌كه‌ ناچارن كۆچ بكه‌ن و ئاواره‌ی ناوچه‌كانی دیكه‌ ببن.

کۆچی کشتوکاڵی دەبێتە هۆی وشکبوونی بێستانەکان و فرۆشتنیان، تاوەکوو بنە زەوییەکی ڕووتەن. ئێستاش ئەوە لە هەموو عێراقدا بڵاوە، واتە زیاتر کەمبوونەوەی ڕووبەرە سەوزەکان کە خێرایی داڕووخانی ئاوهەوا و بەرزبوونەوەی گەرما کەم دەکەنەوە. بەرپرسانی ناوچەیی لە دیالە بنیاد لەسەر ئەوەی دانیشتووانی گوندەکان دەیبینن، بڕوایان وایە حکومەتی فیدراڵی بەئەنقەست فەرامۆشی کردوون، تاوەکوو ناچاریان بکات لەسەر کۆچکردن لە پێناوی گۆڕینی دیمۆگرافی لە ئایندەدا، هەروەها بۆ گۆڕینی هەمەجۆریی کولتووری دانیشتووانی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی دیالە کە لەگەڵ ئێراندا هاوسنوورن.

**بەسەربازیکردن و توندوتیژیی ئاوهەوا و چەکداری**

حکومەتی فیدراڵی لە بەغدا لە بەڵگەنامەی گەشەپێدانی نیشتمانی (٢٠١٨-٢٠٢٢)دا دان بەوەدا دەنێت کە عێراق لە چوارچێوەی "بازنەی پەیوەندییە نەرێنییە دوولایەنەکانی نێوان ژینگە و ناکۆکیی چەکداری"دا ماوەتەوە. بەگوێرەی بەڵگەنامەکەی حکومەت، لە کۆتاییدا "ئەو دۆخە دەبێتە هۆی پیسبوونی ژینگە و زیانی کوشندەی دەبێت و کاریگەریی لەسەر ئابووری و کۆمەڵگا و تاکەکەس دەبێت".

وێرانکردنی ژینگەی ناوچەیی و ئاو وەکوو یەکێك لە چەکەکانی ناکۆکیی چەکداری لە عێراقدا بەکار دەهێنرێت، بەتایبەتی لەلایەن ڕێکخراوی داعشەوە، بڕێکی زۆروزەوەندی ئاو بە شێوەی لافاوی دەستکرد بەهەدەر دەدرێت، بە هۆیەوە ڕووبەری گەورەی کشتوکاڵی لەناو دەچن و ئاوی ئەمبارکراو بەبێ سوود لەناو دەچێت. وشکەساڵیی ناوچەکانی بەغدا تا شاری موسڵی گرتووەتەوە، تاوەکوو ساڵی ٢٠١٨ زەوییە کشتوکاڵییەکانی بۆ نیوە کەم کردووەتەوە. بەم شێوەیە وشکەساڵی بە هۆی گۆڕانی کەشوهەوا و ناکۆکیی چەکداری (لە باکوورەوە)، چوار سەد خێزانی لە زیقار (لە باشوور) ناچار کردووە کۆچ بکەن و ئاوارە بن بەرەو ناوچەکانی دیکە لە هەمان ساڵدا.

هەروەها دەکرێت کەمبوونەوەی ئاو ببێتە بزوێنەری توندوتیژی و ململانێ، نەوەکوو تەنها بەشێك لێی. لەو کاتەوەی چەکدارانی داعش ئاویان بەکار هێناوە بۆ ڕێگرتن لە پێشڕەویی هێزە حکومییەکان بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان، لە ڕێگەی پڕکردنی زەوییە پانوپۆڕەکانەوە بە ئاو و بووەتە هۆی لافاو، لەو کاتەوە ناوچە نزمەکانی بەغدا بەدەست وشکەساڵییەوە گیرۆدە بوون. لە باشووری وڵاتیش لەسەر سەرچاوەکانی ئاو ناکۆکیی هۆزایەتی هەڵایساوە. ناوچە نزمەکانی عێراق بڕێکی کەم ئاویان پێ دەگات، ئەوەش بە کوالێتییەکی خراپ، دوای ئەوەی سەدان میل دەبڕێت. بۆیە بەزۆری شەڕی خوێناوی لەنێوان خێڵەکاندا لەسەر پشکی ئاو ڕوو دەدات، یاخود فەرمانبەرانی حکومی کە سەرپەرشتیی دابەشکردنی بەشەئاو دەکەن؛ دەکوژرێن.

ئەم خۆچەکدارکردنە نوێیە کە بەرمەبنای داڕووخانی ژینگەیە و دەکرێت بە "توندوتیژیی ئاوهەوا" ناو بنرێت، لەگەڵ زیادبوونی هەژاری و بێکاری، زیادبوونی ناڕێکوپێکی دانیشتووان، بێتوانایی دەوڵەت لە ڕەخساندنی کاری نوێ، گەشەکردنی هێڵی نیشتمانیی هەژاری، کەمبوونەوەی پشکی تاکی عێراقی لە کۆبەرهەمی ناوخۆیی (GDP) لە سایەی داکشانی ئابووری لە دەرەنجامی پەتای کۆرۆنادا، ئاستێکی بەرزی مەترسیدار دەنوێنێت. ئەگەری هەیە گرووپە چەکدارەکان و میلیشیاکان ژمارەیەکی زیاتر لە بێکار و جووتیارە تووڕەکان ببەنە ڕیزەکانی خۆیانەوە، بەو هۆیەوە تێکڕای تاوانکردن بەرز دەبێتەوە و نائومێدیی کۆمەڵایەتی و خۆکوشتن زیاتر دەبێت، دۆخی ناسەقامگیرییش لە عێراق بەردەوام دەبێت.

**نەبوونی یاسای دۆستی ژینگە**

بە شێوەیەکی گشتی عێراق گرفتاری لاوازیی گورزەیەك ڕێسا و یاسای پەیوەست بە ئاو و چاککردنەوەی ژینگەیە. خاوەنی یاسایەکی نیشتمانی بۆ بەڕێوەبردن و پاراستنی سەرچاوەکانی ئاو نییە، سەرباری بوونی ڕەشنووسی پڕۆژەیاسایەکی پەکخراو لە ساڵی (٢٠١٦)ەوە. هەروەك یاسای وەزارەتی سەرچاوە ئاوییەکانی ژمارە پەنجای ساڵی (٢٠٠٨) ناکرێت بە یاسایەکی نیشتمانی بۆ بەڕێوەبردنی ئاو دابنرێت، بەڵکوو تەنها ڕەشنووسێکی کارگێڕییە و تایبەتە بە ئەرکەکانی وەزارەتەکە.

سەرباری بەشداریکردنی عێراق لە کۆنگرەی مێژوویی ئاوهەوا لە پاریس لە ٢٠١٥-دا، بەڵام ناکۆکیی سیاسی لە وڵاتدا ڕێگر بووە لەوەی بەغدا ببێتە ئەندام لە "ڕێککەوتننامەی پاریس بۆ ئاوهەوا" تا سەرەتای ساڵی ٢٠٢١، ئەمەش ئاماژەی ئەوەیە کە دۆسیەی ژینگە لە پەراوێزی بایەخدانەکانی حکومەتدایە.

لە ڕیزبەندیی لێهاتوویی بەڕێوەبردنی ژینگەدا، لە کۆی (١٨٠) دەوڵەت، عێراق بە پلەی (١١٦) دێت، بۆیە بەم دواییانە عێراق بە پشتیوانیی نێودەوڵەتی هەوڵی داوە چارەسەری شکستە ژینگەییەکانی بکات، ئەوەش لە ڕێگەی دەستپێکردنی پلانی خۆگونجاندنی نیشتمانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا لە کۆتایی ٢٠١٩-دا بە درێژایی (٣٦) مانگ، بە هاوکاری لەگەڵ پڕۆگرامی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە و بە بودجەیەکی کەم کە لەگەڵ قەبارەی کارەساتی ژینگە ناگونجێت، چونکە تەنها بڕی (٢,٥) ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخان کراوە کە ئەویش ڕێکخراوی سندووقی ئاوهەوایەکی سەوز بەخشیویەتی.

بەڵام دوای تێپەڕبوونی بیست و یەك مانگ (تاوەکوو مانگی ئابی ٢٠٢١)، هیچ ئامانجێکی پلانەکە بەدی نەهاتووە، عێراقیش لە ڕیزبەندیی پێنجەمی دەوڵەتانی جیهان ماوەتەوە کە زۆرترین مەترسیی تووشبوون بە کەمئاوی و کەمیی خۆراك و بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرمای هەیە، ئەمەش بەپێی ڕاپۆرتی

"GE۰٦"ی ڕێکخراوی ژینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان. ئەوە لە کاتێکدایە دانیشتووان بەبێ بوونی شارەزایی، بەردەوام تێدەکۆشن بۆ زاڵبوون بەسەر گۆڕانکارییە توندەکانی کەشوهەوا و وشکەساڵی و ئابڵووقەی ئاوی کە تورکیا و ئێران سەپاندوویانە.

**سیستمی ئاگادارکردنەوەی پێشوەختی ئاو**

بە مەبەستی چاودێریکردنی قەیرانی ئاو و شیکردنەوەی ئاڵنگارییە ژینگەیی و تەناهی و ئابوورییەکان، هەروەها وەکوو بەڵگەیەك لەسەر مەترسییەکانی داڕووخان و خاپووربوونی ژینگە کە عێراق پێوەی دەناڵێنێت، دوو ئامرازی توێژینەوەی دیجیتاڵی بەگەڕ خراوە.

ئامرازی یەکەم کە گرنگترینە و تەنها تایبەتە بە عێراق و لەلایەن ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی (IOM) و پەیمانگای "DELTARES" کە پەیمانگایەکی سەربەخۆیە بۆ توێژینەوەی کرداری لە بواری ئاودا، بەگەڕ خراوە. ئامرازی دیجیتاڵی (IRAQ – water crisis riskwebtool) گوزارشتە لە ماڵپەڕێکی ئەلیکترۆنی کە دیدگایەکی قووڵ و زانیاریی وردی لە بارەی گۆڕانکارییەکان و چۆنێتی و چەندێتیی ئاو لە ناوەڕاست و باشووری عێراق لەخۆ گرتووە.

هەر چی ئامرازی دووەمە بریتییە لە "WPS"، کە ئامرازێکی ئاگادارکردنەوەی جیهانییە لە بارەی مەترسییەکانی قەیرانی ئاو و وشکەساڵیی ناوچە شێدارەکان، حکومەت و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لە ساڵی ۲۰۱۸ بەگەڕیان خستووە، وەکوو پێشەنگێك لە گەشەپێدانی ئامراز و خزمەتگوزارییە پێشوەختەکان کە یارمەتیدەرن بۆ شیکردنەوە و چارەسەرکردنی مەترسییە تەناهییەکانی پەیوەست بە ئاو لە جیهاندا.

لەگەڵ بوونی ئەو دوو ئامرازەدا کە دانیشتووانی زیانلێکەوتوو هیچی لە بارەوە نازانن، هێشتا عێراق لە بارەی مەترسییەکانی گۆڕانکارییە خێراکانی کەشوهەواوە خاوەنی سیستمێکی نیشتمانیی ئاگادارکردنەوەی پێشوەخت نییە. هەر چی چارەسەرەکانی حکومەتە، هێشتا پشت دەبەستێت بە: بەفیڕۆدانی زیاتری ئەمباری ستراتیژیی ئاو کە ئەویش ڕوو لە کەمبوونەوەیە، کەمکردنەوەی قەبارەی ڕووبەرە کشتوکاڵییەکان و هەڵوەشانەوەی وەرزی کشتوکاڵی و پشتبەستن بە هاوردەی زیاتر لە دەرەوە. دیارترین دانپێدانان بە داهاتووی کارەساتەکەدا، وتەکەی بەرهەم ساڵحی سەرۆککۆماری عێراقە کە دەڵێت: "تێچووە مرۆییە گریمانەکراوەکان بۆ گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا بێشومارە و وشکەساڵی و کۆچی ناچاری بەکرداری زیان بە حەوت ملیۆن عێراقی دەگەیەنن".

**گۆڕانی کەشوهەوا:**

**ئامرازێك بۆ بێزارکردنی سیاسی**

لە ئێستادا گۆڕانی کەشوهەوا وەکوو ئامرازێکی سیاسی یان ئامرازێك بۆ بێزارکردن بەکار دەهێنرێت، هەروەکوو تورك و ئێرانییەکان

لەگەڵ عێراقدا دەیکەن. ئێران ژینگەی لادێی ناوچەی ڕۆژئاوای وڵاتەکەی خاپوور کردووە کە زۆرینەی دانیشتووانەکەی عەرەبی ئۆپۆزسیۆنن و هاوسنوورن لەگەڵ عێراقدا، ئەوەش لە ڕێگەی وشککردنی ڕووبار و چەمەکان لە پێناوی کەمکردنەوەی ئەو ئاوەی دەچێتە وڵاتی نێوان دوو ڕووبارەوە، بە پاساوی ئەوەی گرفتاری شەپۆلی توندی وشکەساڵیی ناوخۆیی هاتووە و بانگەشەی گواستنەوەی ئاوەکە بۆ شارەکانی دیکەی ئێران دەکات، لەسەر ئەم بنەمایەش دانوستان لەگەڵ بەغدا ڕەت دەکاتەوە.

وەزیری سەرچاوە ئاوییەکان مەهدی ڕەشید حەمدانی، لەو بارەیەوە دەڵێت: "بۆ دووبارەکردنەوەی ڕێڕەوە ئاوییەکان بەرەو عێراق، لەسەر بنەمای دابەشکردنی زیانەکان، چەندان جار داوای هاوکاریمان لە ئێران کردووە، بەڵام بەداخەوە ئێرانییەکان وەڵامیان نەداوەتەوە. هەروەها داوای ڕێکخستنی ڕێککەوتنێکی هونەریی ئاویمان کردووە بەدەر لەو ڕێککەوتنە سیاسییەی لە ساڵی (١٩٧٥) لەنێوان هەردوو وڵاتدا واژۆ کراوە، بەڵام بۆ ئەمەش وەڵامیان نەداوەتەوە. بۆیە وەزارەت بڕیاری بەنێودەوڵەتیکردنی کێشەی ئاوی لەگەڵ ئێران و بەرزکردنەوەی بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دادگا نێودەوڵەتییەکان داوە".

بۆ بەرەنگاربوونەوەی بێزارکاری و چەواشەکاریی ئێرانی و تورکی و خەشموقینی کەشوهەوا، حکومەت جگە لە کەمکردنەوەی پشکی ئاوی تاکی عێراقی بۆ کەمتر لە (٢٥٠) مەتری چوارگۆشە کە لە هاوینی (٢٠٢١)ەوە دەستی پێ کردووە؛ چارەسەرێکی دیکەی نەدۆزیوەتەوە، لە کاتێکدا لە ساڵی ٢٠٠٤، بە (٢٤٠٠) مەتری چوارگۆشە مەزەندە دەکرا.

گەشەسەندنی ئاو لە ماوەی پازدە ساڵی ڕابردوودا بەتوندی کەمی کردووە، تاوەکوو لە ٢٠١٩-دا گەیشتووەتە کەمتر لە (٥٠٠م٣). وتەبێژی وەزارەتی سەرچاوە ئاوییەکان عەون زیاب دەڵێت: "ئەم کەمکردنەوەیە مایەی نیگەرانی نییە، چونکە زۆرێك لە دەوڵەتانی هاوسێ پشت بۆ هاوڵاتییەکانیان بەو پشکە دەبەستن".

جیاوازییەکە لێرەدایە، عێراق ئەمساڵ ئاهەنگی یادی سەد ساڵەی دامەزراندنی دەوڵەتە هاوچەرخەکەی دەکاتەوە، هاوزەمان لەگەڵ ئاڵنگارییە ژینگەییەکان کە هەڕەشە لە بوونی دەکەن. تەنها لە ماوەی سەد ساڵدا سیستمە ژینگەییەکەی لەسەر کەناری تیاچوونە، ئاستی بەردانەوەی ئاو بۆ ڕووبارە مێژووییەکانی بۆ نزیکەی دە هێندە کەمی کردووە. لە ساڵی (١٩٢٠)دا، بەردانەوەی ئاو بە (١٣٥٠م٣) لە چرکەیەکدا تۆمار کراوە، بەڵام لە ٢٠٢١-دا بووەتە کەمتر لە (١٥٠م٣) لە چرکەیەکدا.

بۆیە وا دیارە گەنجە خاوەن خەونەکان کە تابلۆکانیان کێشاوە و وێنەی هونەریی گەشبینانەیان بە ئایندەیەکی باشتری ژینگە لە عێراق کێشاوە، ساڵانێکی تاریکی پڕ لە ئاڵنگاریی ژینگەیی سەخت چاوەڕێیان دەکات.

# چۆن کەمئاویی بووەتە هۆکاری بەرپابوونی جەنگەکان؟

**ساندی میلن**
نووسەری فیوچەر و شارەزا لە بواری گۆڕانی کەشوهەوا

**وەرگێڕان: پەرۆش محەمەد**



**سەرچاوە: بەشی فیوچەری کەناڵی بی بی سی**

https://www.bbc.com/future/article/20210816-how-water-shortages-are-brewing-wars

"فیوچەر" بەشێکی کەناڵی "بی بی سی"ی بەریتانییە و بایەخ دەدات بە بابەتە گرنگ و جێبایەخەکانی ڕۆژ. نووسین و چیرۆکەکانی، پشت بە داتا و زانیاری دەبەستێ. بابەتەکانی دەروونناسی، خۆراک، گۆڕانی کەشوهەوا، تەندروستی، بابەتە کۆمەڵایەتییەکان و تەکنەلۆژیا لەخۆ دەگرێت.

بونیادنانی بەنداو و بەکارهێنانی ئاو بە ڕێژەیەکی زۆر لەلایەن ئەو وڵاتانەی دەکەونە سەرووی ڕووبارەکانەوە، وای کردووە ئەو وڵاتانەی لە خوارەوەی ڕووبارەکانن؛ تیبووتر بن، ئەمەش مەترسیی کێشە و ململانێکانی زیاتر کردووە.

لە کاتێکدا لە ڕێگای زوومەوە قسەی بۆ دەکردم و لە شوقەکەی خۆیدا بوو لە ئەمستەردام، عەلی سەدر وەستا و قومێکی لە ئاوی ڕوونی پەرداخەکەی بەردەستی دا. ئایرۆنییەکە ئا لێرەدا دەرکەوت و عەلی پێکەنی و گوتی: "بەر لەوەی عێراق جێ بهێڵم، من هەموو ڕۆژێ بەئاستەم ئاوی پاکم دەست دەکەوت بۆ خواردنەوە". سێ ساڵ پێشتر عەلی پەیوەندیی بەو خۆپیشاندەرانەوە کرد کە لە شارەکەی خۆیدا لە بەسرە داوایان دەکرد دەسەڵاتداران چارەسەری قەیرانە کەڵەکەبووەکانی ئاوی شارەکە بکەن.

عەلی کە تەمەنی ٢٩ ساڵە، ئەوەشی گوت کە: "بەر لە شەڕ، بەسرە شارێکی جوان بوو، خەڵکی بە بەسرەیان دەگوت ڤینیسیای ڕۆژهەڵات". بەسرە کە بە لایەکیدا شەتلعەرەب هەیە، بە تۆڕێک کەناڵی ئاوی سازگار دەورە دراوە. عەلی کە جاران کاری داگرتنی بارەکان بووە لەوێ، حەزی لە کارکردن بوو لەتەنیشت ئەو کەناڵانە. "بەڵام ئەو کاتەی کە من ئەوێم بەجێ هێشت، ئاوی زێرابەکان تێکەڵ بەو کەناڵانە دەکرا، ئێمە نەماندەتوانی خۆمانی پێ بشۆین. بۆنی ئاوەکە منی تووشی سەرئێشە دەکرد، کاتێکیش لە کۆتاییدا نەخۆش کەوتم، چوار ڕۆژ لە جێگادا مامەوە". لە هاوینی ٢٠١٨، ... ١٢٠, لە خەڵکی بەسرە نەخۆش کەوتن بە هۆی ئاوی پیسەوە -کە پۆلیس تەقەی لەو خەڵکە کرد نارەزاییان دەردەبڕی، عەلی بەختی هەبوو کە سەلامەت دەرچوو. عەلی گوتی: "لە ماوەی مانگێکدا جانتاکانم کۆ کردەوە و هاتم بۆ ئەورووپا."

چیرۆکی هاوشێوەی ئەمەی عەلی لە سەرانسەری جیهاندا زۆرە. نزیکەی چارەکێکی دانیشتووانی زەوی ڕووبەڕووی گرفتی کەمئاوی دەبنەوە بۆ ماوەی مانگێک لە تەواوی ساڵەکەدا -لە کەیسی هاوشێوەی عەلییشدا، دەبێتە هۆی ئەوەی کە زۆر کەس هەوڵی دۆزینەوەی ژیانێکی سەلامەتتر بدەن لە وڵاتێکی تر. "ئەگەر ئاو بوونی نەبێ، خەڵکی هەوڵی ڕۆیشتن دەدەن"، ئەمە قسەی کیتی ڤاندەر هایدنە کە بەرپرسی هاریکاریی نێونەتەوەییە لە وەزارەتی دەرەوەی هۆڵەندا و پسپۆڕیشە لە سیاسەتی ئاویدا. کەمئاوی بەدیاریکراوی کاریگەریی هەیە لەسەر ٪٤٠ی دانیشتووانی زەوی و بەپێی پێشبینییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و بانکی جیهانی، وشکەساڵی ڕەنگە ببێتە هۆی ڕاگوێزرانی نزیکەی ٧٠٠ ملیۆن کەس تاوەکوو ٢٠٣٠. کەسانێکی وەکوو ڤان دەر هایدن خەمی ئەوەیانە ئەمە سەر بۆ چی بکێشێت؟

هایدن دەڵێت: "ئەگەر ئاو بوونی نەبێ، لەوانەیە سیاسییەکان هەوڵ بدەن پەیدای بکەن و شەڕ دەست پێ بکەن لەسەر ئەوە."

لە ماوەی سەدەی ٢٠-دا، زیادبوونی بەکارهێنانی ئاو دوو ئەوەندەی گەشەکردنی دانیشتووان بووە. لەمڕۆدا ئەم ناچوونیەکییە وای کردووە لە زۆر شاردا -لە ڕۆماوە بۆ کەیپتاون، چێنای (Chennai) و لیما (Lima)- بڕی بەکارهێنانی ئاو دیاری بکرێت. لە ساڵی (٢٠١٢)ەوە دیداری ئابووریی جیهان لە لیستی "مەترسییە جیهانییەکان بە هۆی کاریگەرییەوە"، هەمیشە ئاوی بە یەکێ لە پێنج مەترسییە سەرەکییەکە داناوە. لە ٢٠١٧-دا وشکەساڵی هۆکاری خراپترین قەیرانی مرۆیی بووە لە جەنگی جیهانیی دووەمەوە، لەو ساڵەدا نزیکەی ٢٠ ملیۆن کەس لە ئەفەریقا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە ناچار بوون ماڵەکانیان بەجێ بهێڵن بە هۆکاری کەمیی خۆراک و ئەو ململانێیانەی کە سەریان هەڵدەدا.

پیتەر گلەیک کە سەرۆکی پەیمانگای پاسیفیکە لە ئۆکلاند، سێ دەیەی ڕابردووی لە توێژینەوە لە پەیوەندیی نێوان کەمئاوی، ململانێ و کۆچ بەسەر بردووە و پێی وایە کە ململانێی ئاو لە زیادبووندایە. ئەو دەڵێت: "لە حاڵەتی زۆر دەگمەندا نەبێ، هیچ کەسێ بە هۆکاری تینوێتی نەمردووە، بەڵام کەسانێکی زیاتر و زیاتر دەمرن، بە هۆکاری ئاوی پیس یان ململانێ لەسەر پەیداکردنی ئاو."

گلەیک لەگەڵ تیمەکەی، "کرۆنۆلۆژیای ململانێکان لەسەر ئاو"یان داناوە: کە لیستی ٩٢٥ ململانێیە، گەورە و بچووک، کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی حامورابیی پاشای بابلیۆن. ئەم لیستە هەموو ململانێکانی لەخۆ نەگرتووە و ئەو ململانێیانەش شەڕی تەواوەتی و دەمەقاڵێی دوو دراوسێیشی تێدایە، بەڵام ئەوان بۆیان دەرکەوت کە پەیوەندیی نێوان ئاو و ململانێ پەیوەندییەکی ئاڵۆزە.

گلەیک دەڵێت: "ئێمە ململانێکانمان پۆلێن کردووە بۆ سێ گرووپ". "وەکوو 'هۆکار'ی ململانێ کە توندوتیژی پەیوەندیی هەیە بە دەستڕاگەشتن و کۆنترۆڵی ئاوەوە، وەکوو 'چەک'ی شەڕ کە ئاو یان سیستمی ئاو چەشنی چەک بەکار دێت لە ململانێکاندا کە خۆی دەبینێتەوە لە بەکارهێنانی بەنداوەکاندا بۆ گلدانەوەی ئاو یان لافاو لە کۆمەڵگاکانی خوارووی ڕووبارەکان، یان وەکوو 'قوربانی' یاخود 'ئامانج'ی ململانێ کە تێیدا سەرچاوە و پڕۆژەکان یان بۆرییەکانی ئاو دەکرێنە ئامانج لە ململانێکاندا."

بەناو ئەو تۆمارانەدا بگەڕێ کە گلەیک و هاوڕێکانی کۆیان کردووەتەوە، بۆت دەردەکەوێ کە بەشێکی زۆری ململانێکان پەیوەندییان بە کشتوکاڵەوە هەیە. ڕەنگە ئەمەش مایەی سەرسوڕمان نەبێت، چونکە کشتوکاڵ لە ٪٧٠ی ئاوی پاك بەکار دەبات. بۆ نموونە: لە ناوچەی ساحیلی نیمچەوشکی

ئه‌فه‌ریقا، به‌رده‌وام ڕاپۆرت هه‌یه له‌سه‌ر جووتیاره‌کانی دانه‌وێڵه که پێکدادانی توندوتیژ ده‌که‌ن له‌سه‌ر که‌میی سه‌رچاوه‌کانی ئاو بۆ ئاژه‌ڵ و دانه‌وێڵه‌کانیان.

به‌ڵام که خواست له‌سه‌ر ئاو زیاد ده‌کات، ئه‌گه‌ری ڕوودانی ململانێکانیش زیاد ده‌کات.

چارلس ئایسلاند به‌ڕێوه‌به‌ری جیهانیی ئاو له په‌یمانگای سه‌رچاوه‌کانی جیهان، ده‌ڵێت: "نوێترین توێژینه‌وه‌کان له‌سه‌ر بابه‌ته‌که، نیشانی ده‌دات که ناکۆکییه‌کانی په‌یوه‌ندیدار به ئاوه‌وه به تێپه‌ڕینی کات له زیادبووندایه." زیادبوونی دانیشتووان و گه‌شه‌ی ئابووری، خواستیان له‌سه‌ر ئاو له جیهاندا به‌رز کردووه‌ته‌وه. له هه‌مان کاتدا، گۆڕانی که‌شوهه‌وا پێدانی ئاوی که‌م کردووه‌ته‌وه و له زۆر جێگاش ڕێژه‌ی دابارینی بارانی ناجێگیر کردووه.

له هیچ ناوچه‌یه‌کی جیهاندا کاریگه‌ریی دووانه‌ی گۆڕانی که‌شوهه‌وا و نیگه‌رانیی ئاو هێنده به‌دیار نه‌که‌وتووه وه‌کوو ئه‌وه‌ی له حه‌وزی دیجله و فوڕاتدا هه‌یه که تورکیا، سووریا، عێراق و ڕۆژهه‌ڵاتی ئێران ده‌گرێته‌وه. به‌پێی وێنه‌ی مانگه ده‌ستکرده‌کان، ئه‌م ناوچه‌یه له هه‌موو ناوچه‌کانی تری جیهان خێراتر ئاوی زه‌ویی تێدا که‌م ده‌بێته‌وه. هه‌ندێ له وڵاتان بێهووده هه‌وڵ ده‌ده‌ن بۆ دابینکردنی ئاوی پێویست و ئه‌م کاره‌شیان کاریگه‌ریی له‌سه‌ر دراوسێکانیان هه‌یه.

له مانگی ٦ی ٢٠١٩، ئه‌و کاته‌ی شاره‌کانی عێراق شه‌پۆلێکی گه‌رمای ٥٠ پله‌ی سیلیزییان تێده‌په‌ڕاند، تورکیا ڕایگه‌یاند که ده‌ست ده‌کات به پڕکردنی به‌نداوی ئیلیسو له‌سه‌ر سه‌رچاوه‌کانی ئاوی دیجله. ئه‌مه نوێترین دانه‌یه له‌و ٢٢ وێستگه‌ی کاره‌با و به‌نداوه‌ی تورکیا به‌نیازه له‌سه‌ر دیجله و فوڕات بونیادیان بنێت، ئه‌مه‌ش به‌پێی ڕاپۆرتێکی نووسینگه‌ی نێوده‌وڵه‌تیی فه‌ره‌نسا بۆ ئاو، کاریگه‌ریی ده‌بێت له‌سه‌ر بڕی ئاوی ڕۆیشتوو بۆ ئێراق، سووریا و ئێران. ڕاپۆرته‌که ده‌ڵێت پرۆژه‌ی گاپی تورکیا له کاتی ته‌واوبوونیدا ٩٠ به‌نداو و وێستگه‌ی کاره‌با له‌خۆ ده‌گرێت.

کاتێک ئاستی ئاو له پشته‌وه‌ی به‌نداوه ١٦٠٠ مه‌ترییه‌که‌ی ئیلیسوو به‌رز بوویه‌وه، ڕێژه‌ی ئاوی ڕۆیشتوو بۆ عێراق بۆ نیوه دابه‌زی. هه‌زاران کیلۆمه‌تر دوورتر له‌مه و له به‌سڕه، عه‌لی و دراوسێکانی بینییان که کوالێتیی ئاوه‌که‌یان خراپتر بوو. له مانگی هه‌شت، سه‌دان که‌س ڕژانه نه‌خۆشخانه‌کانی به‌سڕه‌وه به هۆکاری تووشبوونیان به هه‌ستیاریی پێست، ئازاری سک، ڕشانه‌وه، سکچوون و هه‌تا کۆلێرا، ئه‌مه به‌پێی ڕێکخراوی چاودێریی مافه‌کانی مرۆڤ.

ئایسلاند ده‌ڵێت: "له ڕاستیدا چیرۆکی به‌سڕه دوو به‌شه: ڕژاندنی ئاوی پیسه بۆ ناو که‌ناڵه ئاوییه‌کان به‌بێ خاوێنکردنه‌وه. به‌ڵام ده‌بێت بونیادنانی به‌نداوه‌کانیش له سنووری

تورکیاوە لەبەرچاو بگری -کە ئەمەش ناهێڵێت ئاوی خاوێنی زیاتر بڕژێتە دیجلە و فوڕاتەوە، ئاوی سوێریش تاوەکوو دێت بۆ سەرەوەی ڕووبارەکان دەکشێت (لە کەنداوی فارسەوە). بە تێپەڕینی کات، ئەمە دانەوێڵەکان وێران دەکات و خەڵکی نەخۆش دەخات."

ئەمە وێنەیەکی ئاڵۆزە، بەڵام توانای بینینی پەیوەندی لەنێوان ئەو شتانەی وەها دەردەکەوێ لێکدابڕاو بن، یارمەتیی کارەکانی ئایسلاندی داوە لەگەڵ "کۆمەڵەی هاوبەشی ئاو، ئاشتی و ئاسایش" کە لەلایەن حکومەتی هۆڵەنداوە پاڵپشتی دەکرێت، ئەم کۆمەڵە پێک هاتووە لە شەش ڕیکخراوی "NGO"ی ئەمەریکی و ئەورووپی (لە نێوياندا پەیمانگای پاسیفیک و پەیمانگای سەرچاوەکانی جیهان هەیە). ئەوان پەرەیان بە "ئامرازی ئاگادارکردنەوەی زووتری جیهانی" داوە، ئەم ئامرازە فێربوونی ئامێری بەکار دەهێنێت بۆ پێشبینیکردنی ئاڵۆزییەکان بەر لەوەی ڕوو بدەن. ئەم ئامێرە زانیارییەکان لە بارەی بڕی باران، شکستی دانەوێڵە، چڕیی دانیشتووان، سامان، بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی، ئاستی گەندەڵی، وشکەساڵی و لافاو لەناو بڕێکی زۆرتری داتا پێکەوە دەبەستێ، بۆ ئەوەی ئاگاداری لە بارەی ئالۆزییەکانەوە دروست بکات. ئەمانە لەسەر نەخشەیەکی سوور و پرتەقاڵی نیشان دەدرێن، هەتاوەکوو ئاستی ناوچە ئیدارییەکان. لە ئێستادا ئەم ئامێرە هۆشیاری دەدات لە بارەی نزیکەی ٢٠٠٠ ناوچە وەکوو ناوچەی ئەگەری ئاڵۆزییەوە، کە دروستی و پێکانی ڕاستییەکەی (٨٦٪)ە.

ئەم ئامێرە لەگەڵ ئەوەی دەکرێت بەکار بهێنرێت بۆ دەستنیشانکردنی ئەو جێگایانەی مەترسیی هەڵگیرسانی ئاڵۆزی هەیە لەسەر ئاو، لە هەمان کاتدا یارمەتیدەریشە بۆ پێدانی زانیاری بەوانەی کە دەیانەوێ لەو ناکۆکییانە بگەن کە لە ئێستادا لە هەندێ ناوچەدا هەیە لەسەر کەمئاوی.

ناوچە دەشتاییەکانی باکووری هیندستان، بۆ نموونە یەکێ لە بەپیتترین ناوچەکانی جیهانە بۆ کشتوکاڵ، کەچی لەمڕۆدا ڕۆژانە پێکدادان دروست دەبێ لەنێوان خەڵکی گوندەکانی لەسەر کەمئاوی. داتاکان نیشانی دەدەن کە زیادبوونی دانیشتووان و زۆریی ئاودێری، قەبارەی ئاوی زەویی بەردەستی تێپەڕاندووە. سەرەڕای خاکە کشتوکاڵییە دەوڵەمەندەکەی، کەچی نەخشەکەی "کۆمەڵەی ئاشتی، ئاسایش و ئاو" نزیکەی هەموو ناوچەکانی باکووری هیندستانی بە ناوچەی "زۆر مەترسیدار" نیشان داوە لە ڕوانگەی بنچینەی ناکۆکیی ئاوەوە. چەندان ڕووباری سەرەکی کە ئاو بۆ ناوچەکە دابین دەکەن -ئیندوس، گانجیس، سوتلیج-، هەموویان لە ناوچە سنوورییەکانی تبتەوە هەڵدەقوڵێن، بەڵام گرنگیشن بۆ دابینکردنی ئاو بۆ هەردوو هیندستان و پاکستان.

چەندین پێکدادانی سنووری ڕووی داوە بەم دواییە لەنێوان هیندستان و چیندا، چونکە چین خاوەندارێتی ناوچەکانی سەرەوەی ڕووبارەکان دەکات. لە مانگی ئایاری ٢٠٢٠، پێکدادانێکی توند لە دۆڵی گالوان ڕووی دا کە سەرچاوەکانی ئیندوسی لێوە هەڵدەقوڵێت، ئەمە بوو بە هۆی کوژرانی ٣٠ سەربازی هیندی. چەند مانگێک دوای ئەوە، ڕاپۆرتەکان ئاماژەیان بەوە کرد کە چین "بناغە" بۆ دروستکردنی بەنداو دادەنێت، بۆ ئەوەی ڕۆیشتنی ئاوەکە بۆ هیندستان سنووردار بکات.

بەڵام داتاکانی "ئامرازی ئاگادارکردنەوەی زووتری جیهانی"، شتی دیکەشی دەرخستووە. لە هەندێ لەو ناوچانەی جیهان کە زۆرتر کێشە لەسەر ئاو هەیە، وەها دیارە کە کۆچی خەڵکی بۆ ئەم ناوچانە جیاواز بێت. بۆ نموونە: عوممان ڕێژەی وشکەساڵییەکەی لە عێراق زیاترە، بەڵام ساڵانە سەدان هەزار کۆچبەری وەرگرتووە بەر لە پەتای کۆرۆنا، ئەمەش هۆکارەکەی ئەوەیە کە عوممان زۆر باشترە لە ڕووی گەندەڵی، ژێرخانی دابینکردنی ئاو، دابەشبوونی مەزهەبی و گرژیی سیاسی لەسەر ئاو. "پێگەلاوازیی کۆمەڵگایەک بەرامبەر وشکەساڵی، زۆر گرنگترە لە وشکەساڵییەکە خۆی"، ئەمە قسەی لینا ئێکلوندە کە توێژەرێکی جوگرافییە لە زانکۆی لوندی سویدی.

هەر چەندە ئەم پەیوەندییەی نێوان ناکۆکی و کەمئاوی بەو شێوەش ڕوون و ئاشکرا نییە. هەتا لەو شوێنانەی کە وشکەساڵییەکی زۆریش هەیە، تێکەڵەیەک لە فاکتەری تری ئاڵۆز دەستنیشانی ئەوە دەکەن کە ئایا ئەمە سەر دەکێشێ بۆ ناکۆکی: پێکەوەیی کۆمەڵایەتی یەکێ لە هەرە گرنگترینەکانە. بۆ نموونە؛ با هەرێمی کوردستانی عێراق بە نموونە وەربگرین: ئەم هەرێمە بە هەمان وشکەساڵیی ٥ ساڵەدا تێپەڕی، کە لە سووریادا نزیکەی ملیۆن و نیوێک هاوڵاتیی ناچار کرد لە ئازاری ٢٠١١دا کۆچ بکەن بۆ ناوەندی شارەکان. کەچی کۆمەڵگا پێکەوەبەستراوە کوردییەکە ئەزموونی هەمان کۆچ، ناخۆشی و شەڕی ناوخۆی دواتریشی نەکرد. جێسیکا هارتۆگ کە سەرۆکی بەڕێوەبردنی سەرچاوە سروشتییەکان و گۆڕانی کەشوهەوایە لە "ئاگادارکردنەوەی نێودەوڵەتی"، کە ڕێکخراوێکی ناحکومییە لە لەندەن، دەڵێت ئەمە هۆکارەکەی ئەوەیە کە حکومەتی سووری بە مەبەستی پشتبەخۆبەستن لە مەسەلەی خۆراکدا، بۆ ماوەیەکی زۆر پاڵپشتیی کشتوکاڵی کردووە، وەکوو: دابینکردنی سووتەمەنی، پەیینی کیمیایی و دەرهێنانی ئاوی ژێرزەوی. کاتێک کە حکومەتی دیمەشق لەناوەڕاستی وشکەساڵییەکەدا ئەم پاڵپشتییانەی بڕی، خێزانەکانی ناوچە دوورەدەستەکان ناچار

بوون بەلێشاو کۆچ بکەن بۆ شارەکان و ئەمەش وای کرد متمانەیان بە حکومەتەکەی ئەسەد نەمێنێت، دواجاریش ئەو شەڕە نەگریسە ناوخۆییەی لێ کەوتەوە کە وڵاتەکەی وێران کرد.

بەڵام ئەگەر خاڵی جێگای مەترسی بۆ ناکۆکییەکان لەسەر ئاو دەستنیشان بکرێت، ئایا دەکرێت شتێک بۆ وەستاندنیان لە داهاتوودا ئەنجام بدرێت؟

بەداخەوە، هیچ چارەسەرێک نییە بۆ کەمئاوی کە بۆ هەموو ناوچەیەک بگونجێ. لە زۆرێک لە وڵاتان، بەسادەیی کەمکردنەوەی بەفیڕۆدان و لێچوون دەتوانێت جیاوازییەکی گەورە دروست بکات -بۆ نموونە عێراق دوو لەسەر سێی ئاوی پاکژکراوەی لەدەست دەدات بە هۆی ژێرخانە زیانلێکەوتووەکەیەوە. وڵاتانی هاوبەش لە "کۆمەڵەی ئاو، ئاسایش و ئاشتی"، پێشنیاری چارەسەرکردنی گەندەڵی و کەمکردنەوەی زیاد لە ڕادە بەکارهێنانی ئاو لە کشتوکاڵدا دەکەن وەکوو سیاسەتێکی سەرەکی کە دەکرێ یارمەتیدەر بێت. ئایسلەند تەنانەت پێشنیاری زیادکردنی نرخی ئاو دەکات، بۆ ئەوەی لەگەڵ تێچوونی دابینکردنەکەی یەکسان بێتەوە -لە زۆر ناوچەی جیهان، مرۆڤەکان بەوە ڕاهاتوون کە ئاو سەرچاوەیەکی زۆر و هەرزانە لەجیاتیی ئەوەی شتێک بێت دەستی پێوە بگرن.

زۆر شتی تر دەکرێ ئەنجام بدرێت بۆ زیادکردنی ئاو، وەکوو پاکژکردنەوەی ئاوی سوێری دەریاکان. لە ئێستادا عەرەبستانی سعودی لە (٪٥٠)ی پێویستییەکانی بە ئاو لەم ڕێگایەوە دابین دەکات. ڕیسایکلینی ئاوی بەکارهێنراویش جێگرەوەیەکی هەرزان و ئاسانە بۆ پیادەکردن کە یارمەتیی ئەو کۆمەڵگا کشتوکاڵییانە دەدات وشکەساڵی کاریگەریی هەبووە لەسەریان. هەڵسەنگاندنێک کە بۆ پاکژکردنەوەی ئاوی دەریا و ڕیسایکلینی ئاوی بەکارهێنراو ئەنجام دراوە، پێشبینیی ئەوەی کردووە کە بەکارهێنانی ئەم دوو تەکنیکە ڕێژەی ئەو خەڵکانەی لە جیهاندا کێشەی کەمئاوییان هەیە؛ لە (٪٤٠)ەوە کەم دەکاتەوە بۆ ٪١٤.

لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بونیادنانی بەنداوی زیاتر لەسەر ڕووبارەکان لەلایەن ئەو وڵاتانەی لای ژوورووی ڕووبارەکانن، ئەگەری زۆرە مەترسیی ناکۆکییەکان زیاتر بکات لەگەڵ ئەو وڵاتانەی پشت بە ئاوی ئەم ڕووبارانە دەبەستن لە خوارووی ڕووبارەکانەوە. بەڵام سۆزان شمیر لە پەیمانگای پەروەردەی ئاو لە هۆڵەندا، دەڵێت ناکۆکییە ئاوییەکان لەنێوان وڵاتاندا ئاسانتر دەبینرێت و ئەگەرێکی لاوازە بگات بە شەڕ. "ناکۆکییە ناوخۆییەکان زۆر نارەحەتترە کۆنترۆڵ بکرێن و زۆر بەخێرایی تەشەنە دەکەن -جیاوازییەکی سەرەکییان لەگەڵ ئاستە نێودەوڵەتییەکەی ئەوەیە ئەوی تریان لەنێوان وڵاتاندایە و بەزۆرییش



ناکۆکییەکان سنووردار دەبن و تەشەنە ناکەن."

لە سەرانسەری جیهاندا زۆر نموونە هەن کە گرژییەکان توندن، بۆ نموونە ناکۆکیی دەریای ئەراڵ کە وڵاتانی کازاخستان، ئوزبەکستان، تورکمانستان، تاجیکستان و قرخیزستان دەگرێتەوە، ناکۆکیی دەریای ئوردن لەنێوان وڵاتانی شام، ململانێی ڕووباری میکۆنگ لەنێوان چین و دراوسێکانی لە باشووری ئاسیا. هیچ یەکێ لەمانە هێشتا ئەوەندە تەشەنەی نەسەندووە بگات بە گرژی و بەریەککەوتن. بەڵام شمیر باسی ناکۆکییەک دەکات کە ئاماژەکانی نیشانی دەدەن ڕەنگە بگات بە گرژی و بەریەککەوتن.

میسڕ، سوودان و ئەسیوبیا، هەرسێکیان پشت بەو ئاوە دەبەستن لە نیلی شینەوە هەڵدەقوڵێت و تا ئێستاش چەندان جار لێدوانی توندی سیاسییان گۆڕیوەتەوە دەربارەی پڕۆژەی بەنداوی ڕێنیسانسی گەورەی ئەسیوبی (بەنداوێک کە بە بڕی ٥ بلیۆن دۆلار بونیاد دەنرێت)، کە قەبارەکەی سێ ئەوەندەی دەریاچەی تانای وڵاتەکە خۆیەتی.

کاتێک حکومەتی ئەسیوبی ڕایگەیاند کە دەست دەکات بە دروستکردنی بەنداوەکە بێ گوێدان بەوانی تر، میسڕ و سوودان مانۆڕێکی سەربازیی هاوبەشیان لە مایسی ٢٠٢١ ئەنجام دا و ناویان لێ نا "پارێزوانانی نیل". ڕەنگە ئەم ناکۆکییە ئەگەرێکی زۆری هەبێت لەناو هەموو ئەوانی تردا کە سەر بکێشێ بۆ شەڕی ئاو لە شانۆی سیاسیی ئەمڕۆدا، بەڵام هەندێ خاڵی تریش هەن. بەرپرسانی

پاکستانی لە پێشوودا بەکارهێنانی ئاوەکانی ژووروو لەلایەن هیندستانەوە وەکوو "شەڕی نەوەی پێنجەم" ناو لێ ناوە، لە کاتێکدا ئیسلام کەریمۆڤی سەرۆکی ئوزبەکستان ئاگاداریی ئەوەی داوە کە ناکۆکییە ناوچەییەکان لەسەر ئاو دەکرێ سەر بکێشێ بۆ شەڕ.

کەریمۆڤ هەروەها ئەمەشی گوت: "من ناوی هیچ وڵاتێکی دیاریکراو ناهێنم، بەڵام هەموو ئەمانە دەکرێ تا ئاستێک خراپ بێن کە نەک هەر ڕووبەڕووبوونەوەی جددی، بەڵکوو شەڕیشیان لێ بکەوێتەوە."

ڕێککەوتن لەسەر هاوبەشیکردنی ئاو، ڕێگایەکی باوە بۆ هێورکردنەوەی ئەم ناکۆکییانە. زیاد لە (٢٠٠) ڕێککەوتن واژۆ کراوە لەدوای جەنگی جیهانیی دووەمەوە -وەکوو پەیمانی ئاوی ئیندوس لە ١٩٦٠ لەنێوان هیندستان و پاکستان و هەروەها ڕێککەوتنێک لەنێوان ئیسرائیل و ئوردندا واژۆ کرا لەپێش پەیمانی ئاشتییان. بەڵام هەوڵێکی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هێنانەئارای چارنامەیەکی جیهانیی ئاو دەربارەی ئەو ڕووبار و دەریاچانەی سنووری وڵاتان دەبڕن، دەرئەنجامەکەی ئەوە بووە کە تا ئێستا تەنها ٤٣ وڵات ڕازین پابەندی بن.

هارتۆگ دەڵێت پەیمانە نوێکان دەبێ کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی وشکەساڵییش لەبەرچاو بگرن، بۆ ئەوەی نیگەرانیی بڕانی ئاو لای وڵاتانی خوارووی ڕووبارەکان نەهێڵن لە کاتی قەیراندا، هەروەها دەبێت میکانیزمێک بۆ ناکۆکییەکانیش دابنێن بۆ ئەو کاتانەی گرژییەکان دەگەن بە ئاستی شەڕ.

لە ڕاستیدا ئەمە لە کۆمسیۆنی ڕووباری ئۆرەنج-سەنگو دەچێت کە لیسۆسۆ، ئەفەریقای باشوور و بۆتسوانا دایانمەزراند دوای ئەوەی گرژییەکان گەیشتن بە ئاستێکی مەترسیدار لە بارەی ئاوە هاوبەشەکانەوە لە ساڵی (٢٠٠٠)دا. لەم نموونەدا واژۆکردنی ڕێککەوتنێک بۆ ئاوە هاوبەشەکان و پیرۆزکردنی بنەماکانی ئاو بەکارهێنان بە شێوەیەکی ئاقڵانی بەس بوون بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە. توێژینەوەکان بەردەوام ئاماژە بەوە دەکەن کە پاڵفتەکردنی ئاوی سوێر و پاکژکردنەوەی ئاوی بەکارهێنراو، دوو ستراتیژی هەرە کاریگەرن لە هەر کوێ پێویست بەوە بکات ئاوی زیاتر دابین بکرێت.

لەوە دەچێ میسر لە گرنگیی ئەم پەیامە تێگەیشتبێ. ساڵی ٢٠٢٠ حکومەتی میسر ژمارەیەک ڕێککەوتنی واژۆ کرد بۆ کردنەوەی نزیکەی (٤٧) وێستگەی پاڵفتەکردنی ئاوی سوێر لە وڵاتەکەدا، لەگەڵ گەورەترین وێستگەی پاکژکردنەوەی ئاوی بەکارهێنراو لە جیهاندا. هەر چەندە دەسەڵاتداران خێرا کار دەکەن لە بونیادنانی وێستگەکاندا، بەڵام زۆرینەی ئەم پرۆژانە تاوەکوو ٢٠٣٠ تەواو نابن و ڕەوشی ئاوی وڵاتەکەش بەردەوام دەبێ لە خراپبوون. هارتۆگ پێی وایە میسر،

سوودان و ئەسیوبیا؛ ڕەنگە پێویستیان بە یارمەتیی دەرەکی بێت ئەگەر بیانەوێ لە گرژی بەدوور بن.

هارتۆگ دەڵێت: "ئەگەرێکی لاوازە ئەو سێ وڵاتە خۆیان بگەن بە ڕێککەوتن و هەوڵی دیپلۆماسیی نێودەوڵەتی پێویستە بدرێت بۆ ڕێگرتن لە دروستبوونی گرژی"، هەروەها فشارەکان لەسەر حکومەتە گۆشەگیرەکەی ئەدیسەباباش لە زیادبووندان. "ئەمە لەوانەیە باشترین دەرفەت بێت بۆ ئەوەی وڵاتانی ئەمەریکا، ڕووسیا و چین هێزیان یەک بخەن بۆ یارمەتیدانی ئەم وڵاتە هاوبەشانە لە ڕووباردا کە ڕێککەوتنێکی پابەندیی سێقۆڵی واژۆ بکەن."

ئەی چی لە بارەی ناکۆکییە ناوخۆییەکانەوە؟ چەندان وڵاتی بچووکتر ڕێگایان گرتووەتە بەر بۆ باشتر بەڕێوەبردنی ئاو. پیرۆ کردوویەتی بە مەرج لەسەر ئەوانەی ئامرازەکانی ئاو دابین دەکەن، بڕێک لە قازانجەکەی تەرخان بکەن بۆ توێژینەوە و خستنەکاری میکانیزمی دۆستی ژینگە بۆ بەڕێوەبردنی ئاوی زریانەکان. ڤێتنام شەڕی دەست پێ کردووە دژی پیسکردنی ژینگە لەلایەن پیشەسازییەوە، لەو بەشەی ڕووباری میکۆنگ کە دەکەوێتە سنووری خۆیەوە و لەگەڵ بەکارهێنانی ژێرخانێکی نەریتیی ئاو بۆ ئەوەی دڵنیا بێت کە دانیشتووانی شار و گوندەکانی بەیەکسانی ئاویان بەر دەکەوێت.

لە کاتێکدا گۆڕانی کەشوهەوا و زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان کێشەی وشکەساڵی لە سەرانسەری جیهاندا گەورەتر دەکەن، چارەسەری لەم جۆرە زیاتر پێویست دەبن بۆ ڕێگرتن لە کۆچ و ناکۆکی. لە مانگی ١٢ی ٢٠٢٠، زیاتر لە دوو ساڵ دوای ئەوەی عەلی بەسرەی بەجێ هێشت، کەمتر لە (١١٪)ی ماڵەکانی بەسرە دەستیان دەگات بە ئاوی خاوێن بۆ خواردنەوە. هۆڵەندا بە یارمەتیی یونسێف، لە ڕێگەی بودجەیەکی (٤, ٦) ملیۆنییەوە لە ئێستادا خەریکی تازەکردنەوەی ژێرخانی داڕماوی ئاوی شارەکەیە، بەڵام برانی کارەبا لە هاوینی ڕابردوودا، زۆربەی پەمپی ئاوی شارەکەی کوژاندەوە لە کاتی بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرمادا.


بۆ ئەوانەی عەلی لە بەسرە بەجێی هێشتوون، بینینی کاریگەرییە فراوانەکانی کێشەکەیان شتێکی سەختە لە کاتێکدا ئەوان ڕووبەڕووی گرفتی نەبوونی ئاوی خواردنەوە بوونەتەوە و شارەکەش لە چەند مانگی ڕابردوودا تووشی ئاڵۆزیی تر بووەتەوە. هەتاوەکوو ڕەوشەکە باشتر نەبێ، عەلی ترسی ئەوەی هەیە خۆپیشاندانەکان هەر بەردەوام بن.

عەلی دەڵێت: "کاتێ نارەزاییم دەردەبڕی، نەمدەزانی چی لە پشتی ئەم هەموو شتەوە هەیە، تەنها دەمویست شتێک هەبێ بیخۆمەوە."

# هایدرۆپۆلەتیکی گەنجینە ئاوهەڵگرە سنووربڕەکان بەرەو هاوکاریی کردەیی

**بەردیا ڕەوغەنی** خوێندکاری دکتۆرای ئەندازیاریی ژینگە، کۆلێژی ئەندازیاریی شارستانی، پەردیسی فەنی.
**محەمەد فرشتەپور** توێژەری پۆست دکتۆرا، بەشی زانستی و ئەندازیاریی ئاو، زانکۆی فەردەوسی مەشهەد.
**محەمەدعەلی عەلیایی** دکتۆرای ئەندازیاری و بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو، کۆلێژی ئاوەدانکردنەوە، پەردیسی فەنی تاران.

**وەرگێڕان: موجاهید وەهاب**
سەرچاوە:
فصلنامه ژئوپلیتیك، سال شانزدهم، شماره دوم، تابستان ۱۳۹۹.




**پوختە**

کەمبوونەوەی بەردەوامی ئاوی ژێرزەوی لە زۆربەی ناوچەکانی جیهان کێشەی گەورەی دروست کردووە، هەر لەم سۆنگەوە سەرچاوە ئاوییەکانی دەرەوەی سنوور بەتایبەت گەنجینە ئاوهەڵگرەکان، بە سەرچاوەیەکی گرنگ لە ناوچە وشک و نیمچەوشکەکان هەژمار دەکرێن. لەگەڵ زیاتر لە دەیەیەک، سەرنجی هونەری و سیاسی لە بەرزترین ئاستی نێودەوڵەتی بۆ گەنجینە ئاوهەڵگرەکانی دەرەوەی سنوور، بەرەوپێشچوونی زۆر کەم لە بەرەوپێشچوونی ڕێککەوتنەکان لەم بوارەدا بەدی کراوە. زانیارییە زانستییەکانی تایبەت بە نزیکەی ٦٠٠ گەنجینە ئاوهەڵگری

سنووربڕەکان زۆر لاوازە، تا ئاستێک کە باسکردنی ئەو بوارانەی کە شایەنی ئاڵنگاری و گفتوگۆ بن، تەنیا بە گومانێکی پسپۆڕانە بەکۆتا دێت. ئەم توێژینەوەیە سەرنج دەخاتە سەر گرنگترین ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان لە کیشوەرەکانی ئەورووپا، ئەفەریقا، ئەمەریکا و لە ئەزموون و ئەنجامەکانی هەر کام لەو ڕێککەوتنانە دەکۆڵێتەوە. لە کۆتاییدا بە سەرنجدان لە خاڵە بەهێز و لاوازەکان لە بەستن و زەمەنی پیادەکردنی ئەم ڕێککەوتنانە، چێوەیەک بۆ نووسینەوەی ڕێککەوتنامەی بەکاربەری دەخرێتە ڕوو کە دەتوانێت لە چارەسەری کێشەی تایبەت بە گەنجینە ئاوهەڵگرەکانی سنووربڕ سوودی لێ ببینرێت.

**وشە کلیلییەکان: گەنجینە ئاوهەڵگری سنووربڕ، هایدرۆپۆلەتیك، ڕێککەوتننامە، هاوکارییە کردەییەکان.**

.......................................

## ١. پێشەکی

گەنجینە ئاوهەڵگرەکانی سنووربڕەکان (آبخوان های فرامرزی)[1]، سەرچاوەی ئاوی ژێرزەویی سنووربڕن کە لەنێوان دوو یان چەند وڵاتدا هاوبەشن. ئەم سەرچاوانە لە ڕابردوودا ڕۆڵێکی گرنگیان لە دابینکردنی ئاوی خواردنەوە و دروستکردنی خۆراکدا هەبووە و پەیوەستن بە بژێویی ملیۆنان کەس لە سەرانسەری جیهاندا، بەڵام بەردەوام لەچاو ڕووبارە سنووربڕەکانەوە گرنگییەکی کەمتریان پێ دراوە (Puri et al, 2001: 9 Eckstein and Eckstein, 2005: 680 ;Puri and Aureli, 2005: 661).

لە میانەی لێکۆڵینەوەیەکی بەردەوام لەلایەن ناوەندی هەڵسەنگاندنی سەرچاوە نێودەوڵەتییەکانی ئاوی ژێرزەوی (International Groundwater Resources Assessment Centre)، تاوەکو ئێستا ٥٩٢ گەنجینە ئاوهەڵگر دۆزراونەتەوە کە سنوورە سیاسییەکانی وڵاتان دەبڕن (IGRAC, ٢٠١٥). لەم ژمارەیە؛ کیشوەرەکانی ئەورووپا، ئاسیا، ئوقیانووسیا، ئەفەریقا و ئەمەریکا بەپێی ڕیزبەندی خاوەنی ٣١٨، ١٢٩، ٧٣ و ٧٢ گەنجینەی ئاوهەڵگری سنووربڕن. زیاتر لە (٨٪)ی گەنجینە ئاوهەڵگرە سنووربڕەکان بە هۆکاری لێوەرگرتنی زیاد لە پێویست تووشی گرفت بوون، هەر چەند زۆربەی گەنجینە ئاوهەڵگرە سنووربڕەکان لە ئەورووپا و ئاسیا و ئەفەریقا لە ئێستادا تووشی هیچ گرفتێک نەبوون، بەڵام لەبەر پەیوەستبوونی زیاتر بە ئاوی ژێرزەوی بۆ دروستکردنی خۆراک، ئەم سەرچاوانە لە پەنجا ساڵی ڕابردوودا بە خێراییەکی زۆر بەرەو گرفت هەنگاویان ناوە (Wada and Heinrich, ٢٠١٣:١). لە ساڵی (٢٠٠٠)دا و دوای دروستبوونی گرووپی بەڕێوەبردنی گەنجینە ئاوهەڵگرە هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان (Internationally Shared Aquifer Resources Management)،

هەوڵی زۆر بۆ دۆزینەوەی گەنجینە ئاوهەڵگرە هاوبەشەکان لە سەرانسەری دنیا و هەروەها زیادکردنی ئاستی هۆشیاری لەهەمبەر گرنگییە کۆمەڵایەتی و ژینگەییەکانی ئەم سەرچاوە بەهادارانە خراوەتە گەڕ (Eckstein and Eck-stein, 2005: 679;Puri and Aureli, 2005: 662; Davies et al, 2013: 321).

لە بەڕێوەبردنی هاوکارانەی گەنجینە ئاوهەڵگرە سنووربڕەکان، جیاوازییەکانی نێوان وڵاتانی کاریگەر (وەکوو پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی-ئابووری، تواناکانی بەڕێوەبردن، پێشکەوتنی ژێرخان، ئینتیما سیاسییەکان و هەروەها لایەنی مافناسی) بووەتە هۆی سەرهەڵدانی هەندێک ناکۆکی. لەگەڵ ئەوەشدا هەر ئەم ناکۆکییانە دەبێتە دەرفەتێك بۆ تواناسازی و دروستبوونی هاوکاری لە بواری هونەری، کۆمەڵایەتی، یاسایی و ئابووری (UN Water، ٢٠٠٨) و پێویست بە پێناسەی ڕۆڵی وڵاتان لە باسی گەنجینە ئاوهەڵگرە سنووربڕەکانەوە دەکات (Rivera and Candela، ٢٠١٨:١٣). بۆ نموونە؛ گۆڕانکاریی کەشوهەوا کاریگەرییەکی زۆر بەسەر سەرچاوە ئاوییەکاندا دروست دەکات وەکوو: گوڕی لافاو و وشکەساڵی، کەمبوونەوەی ئاو، داڕمانی زەوی، لەناوچوونی کێوە سەهۆڵینەکان و ناوچە داپۆشراوەکان بە بەفر، کەمبوونەوەی ئاو و لەناوچوونی سووڕی ژینگە. لەگەڵ ئەوەشدا هاوکاری لەسەر بوارە سنووربڕەکان لەنێوان وڵاتە سوودمەندەکان (هەر چەند لە ڕووی پێشکەوتنەوە جیاوازییان هەبێت)، دەتوانێت هاوکارییان بکات تا بە زیادبوونی زانیاریی هاوبەش و تێگەیشتن لە کاریگەرییە ئیحتیمالییەکانی ئەم دیاردەیە، پانتایی ڕێکارەکان بۆ ڕێگرتن، ئامادەبوون و گەڕانەوە زیاد دەکات و بە دۆزینەوەی باشترین و کەمتێچووترین ڕێگەچارە، لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا خۆ بگونجێنن.

لە وڵاتی ئێران وردبوونەوە لە سیاسەت و بەرنامەکانی پاراستنی سەرچاوە ئاوییەکان، نیشاندەری بوونی گرفتی گەورەیە لەم بوارەدا. بەپێی لێکۆڵینەوەکانی ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی پێشکەوتن و ئایندەناسی (٢٠١٨)، نەبوونی بەڕێوەبردنی یەکپارچەی سەرچاوە ئاوییەکان، گرنگینەدان بە ڕۆڵی بەشداریی خەڵک لە پاراستن و وەبەرهێنان لە سەرچاوە ئاوییەکان و لاوازیی هاوکاریی نێوان لایەنە جیاوازەکانی پەیوەندیدار بە بابەتی ئاو؛ تەنیا بەشێکی بچووک لە کێشەکان و گرفتەکانی سیاسەتی پاراستنی چەندێتی و چۆنێتی سەرچاوە ئاوییەکانی وڵاتە. ئەم گرفتانە لە بواری سنووربڕی، کاریگەریی نەرێنیی زیاتری بەدوادا دێت.

تاوەکوو ئێستا ڕێککەوتننامەی زۆر لەسەر سەرچاوە ئاوییە هاوبەشەکانی سەرزەوی بە هۆی بەردەستبوونی ئەم سەرچاوانە و ئاسان بەکاربردن و مانەوەیان لەنێوان وڵاتان واژۆ

کراوە، بەڵام لە هەمان کاتدا سەرچاوەکانی ئاوی ژێرزەوی گرنگییەکی زۆریان لە بەردەوامیی کۆمەڵگەدا هەیە. بە هۆی ئاڵۆزییەکانی سیستمی گەنجینە ئاوهەڵگرە هاوبەشەکان، هێشتا گرنگیدان بە بابەتە هونەرییەکانیان لە چوارچێوەی ڕێککەوتنەکان بە بەراورد لەگەڵ ڕووبارە سنوورییەکان؛ پێشکەوتنی کەمتری بەخۆوە بینیوە. لەگەڵ ئەوەشدا، وردبوونەوە لە ئەزموونی کەم و هەندێک جار سەرکەوتوو لە بواری بەڕێوەبردنی ئاوی ژێرزەویی هاوبەش لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتی، دەتوانێت پێشەکییەک بێت بۆ سەرکەوتن بەسەر ئاڵنگارییەکانی داهاتوو لە ناوچەکانی تر.

پرسیاری سەرەکیی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەمەیە کە ئەزموونە جیهانییەکانی تایبەت بە ئەنجامدانی ڕێککەوتنەکان تا ئێستا تا چەند سەرکەوتوو بووە، یان بە شێوازێکی تر دەبێت بزانرێت کە وڵاتە سوودمەندەکان تا چ ئەندازەیەک مەیلیان بۆ پەیوەستبوون بە ڕێککەوتنەکانەوە هەبووە و بەردەوامی و کردەیی ئەم ڕێککەوتنانە بە چ شێوەیەک بووە. هەروەها دەبێت بزانرێت کە چۆن دەتوانرێت لەم ئەزموونانە بۆ چارەسەری ئاڵنگارییەکانی داهاتووی گەنجینە ئاوهەڵگرە سنووربڕەکان سوود وەربگیرێت. هەروەها بە سەرنجدان لە هەڵکەوتەی ئێران لە جوگرافیایەکی وشک و نیمچەوشک و بەشداربوون لە چەندین ناوچەی ئاویی سنووربڕ، کە لەژێر کاریگەریی بەکارهێنانی بێسنووری لە وڵاتانی وەکوو ئەفغانستان و تورکیا، پێویستە چوارچێوەیەکی ڕێك لەهەمبەر هاوکارییەکان، دەزگا پێویستەکان و چۆنێتیی بەشداریی تەواوی سوودمەندانی ناوخۆیی و ناوچەیی بخرێتە ڕوو. بە دەربڕینێکی وردتر: لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران، دوو وڵاتی ئەفغانستان و تورکمەنستان هەن کە بە هۆی بوونیان لە ناوچەی وشک و نیمچەوشک، تووشی کەمئاوین و پێویستیی هاوشێوەیان هەیە. لەم ناوچەیەدا زۆربوونی دانیشتووان، دابەشبوونی نارێکیی ئاو، سەرچاوەی ئاوی هاوبەش، سیاسەتە هەڵەکانی کشتوکاڵ، نەبوونی بەڕێوەبردنی دروست و یەکپارچە بەسەر سەرچاوە ئاوییەکان و نەبوونی ڕێککەوتننامەی وەبەرهێنان کێشەکانی زیاتر کردووە. هەروەها لە بەشی باکووری ڕۆژئاوای ئێران لەگەڵ سێ وڵاتی ئەرمینیا، ئازەربایجان و تورکیا و لە ڕۆژئاواش لەگەڵ عێراق، خاوەنی گەنجینە ئاوهەڵگری هاوبەشە و لەنێوان ئەم وڵاتانەدا ئێران لە ڕووی وەبەرهێنانی ئاوی ژێرزەوی و بەشی ئەو لە سەرجەم ئاوی بەدەستهاتوو؛ لە ڕیزبەندیی یەکەمدایە، بەڵام چێوەیەکی زانستی بۆ ڕێگری لە سەرهەڵدانی هەر جۆرە ئاڵنگارییەکی ئاوی لە ناوچەکەدا پێویستە. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دراوە دوای لێکدانەوەی خێرای چەمکەکان و تایبەتمەندییەکانی گەنجینە ئاوهەڵگرە سنووربڕەکان، لە چەند

ئەزموونی هاوکاریی نێوان وڵاتانی هاوبەش لە گەنجینە ئاوهەڵگرەکان لە کیشوەرەکانی ئەمەریکا، ئەفەریقا و ئەورووپا بکۆڵینەوە و شیکردنەوەی بۆ بکرێت و خاڵە بەهێز و لاوازەکانی دەربکرێت. لە هەنگاوی دواتردا بە سەرنجدان لە ئەزموونی ڕێککەوتننامەکانی ڕابردوو، چوارچێوەیەک بۆ پێشکەوتنی هاوکاری لەنێوان وڵاتی ئێران و وڵاتانی دراوسێ لە بواری بەڕێوەبردنی سەرچاوەی گەنجینە ئاوهەڵگرە سنووربڕەکان و داڕشتنی ڕێککەوتننامەی بەکاربردن بخرێتە ڕوو.

**٢. میتۆدی توێژینەوە**

ئەم توێژینەوەیە درێژەی توێژینەوەی فرشتەپور و هاوکاران (٢٠١٥)ە و بە سەرنجدان لە گرنگیی بابەتی گەنجینە ئاوهەڵگرە سنووربڕەکان، یەکەمین هەنگاوە بۆ چوونەناوەوەی باسی هونەری و گشتگیر لە نووسینەوەی ڕێککەوتننامەکان لەمەڕ پرسی ئاوی هاوبەشی ژێرزەوی ئەژمار دەکرێت. لەم توێژینەوەیەدا لە شێوازی وەسفی-شیکاری بۆ شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی ڕێککەوتننامە گرنگەکان لە بارەی وەبەرهێنان لە گەنجینە ئاوهەڵگرە سنووربڕەکان لە سێ کشوەری جیهان سوود وەرگیراوە. زانیارییەکانی ئەم توێژینەوەیە بە پەیوەستبوون بە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکە لە کتێب، گۆڤار و بڵاوکراوە ناوخۆیی و دەرەکییەکان و سوودوەرگرتن لە ئینتەرنێت وەرگیراون.

**٣. بنەما تیۆرییەکانی توێژینەوە**

**٣-١. پێناسە و تایبەتمەندییەکانی گەنجینە ئاوهەڵگرە سنووربڕەکان**

گەنجینە ئاوهەڵگرە سنووربڕەکان بەشێک لە سەرچاوە ئاوییەکانی هەر وڵاتێکە کە لە ڕاستیدا لە سنوورە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان تێپەڕ دەبێت و هاوشێوەی سەرچاوە ئاوییە هاوبەشەکان سوودیان لێ وەردەگیرێت. کۆنڤانسیۆنی مافی بەکارهێنانی کەناڵە ئاوییەکان (نۆکەند) لە بەکارهێنانی غەیرەکەشتیوانی (The Convention on the Law of Non-Navigational Uses of International Watercourses) کە بەگشتی بە کۆنڤاسیۆنی کەناڵە ئاوییەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (The UN Watercourse Convention) ناسراوە، لە ساڵی ١٩٩٧ لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسەند کرا و وەکوو ڕێککەوتنێکی پابەندی بە ئامانجی بەکارهێنانی دروست و لۆجیکی لە پێناو پێشکەوتنی بەردەوام ناسێنرا. ئەم ڕێککەوتننامەیە لە ڕێکەوتی ١٧ی ئۆگۆستی (٢٠١٤)ەوە چووە بواری جێبەجێکردنەوە و هەروەکوو لە ناوەکەی دیارە، سەرنجی لەسەر ئاوی سەرزەویە و ئاوی ژێرزەوی تەنیا لە پێناسەی گشتیی کەناڵە ئاوییەکاندا هاتووە. ئەم پێناسەیە هیچ سەرنجێکی نەخستووەتە سەر تایبەتمەندییەکانی وەکوو مەرجی هایدرۆجیۆلۆجیکیی گەنجینە ئاوهەڵگرەکان

(Villar, ٢٠١٦: ٤)، لە کاتێکدا بۆ ڕێکخستنی چوارچێوەی هاوکارییەکان؛ ئەم تایبەتمەندییە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت. ئەگەرچی لە ساڵی ٢٠٠٨دا پێشنیارێک کە لە (١٩) مادە پێک هاتبوو لە چوار بەشی پێشەکی، بنەما گشتییەکان، پاراستن، پارێزگاری و بەڕێوەبردن و لە کۆتاییدا ڕێنماییەکانی تر بە ئاراستەی تەواوکاریی کۆنڤانسیۆنی ١٩٩٧ بە تیشک خستنە سەر گەنجینە ئاوهەڵگرە سنووربڕەکان لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێک خرا (McCffrey, ٢٠٠٩: ٢٧)، لەگەڵ ئەوەشدا ئیعتباری کۆنڤانسیۆنی نەتەوە یەکگرتووەکانی نییە. هێنانەکایەی زمانی هایدرۆلۆجی بۆ ئەدەبیاتی مافی کاناڵە ئاوییەکانی (نۆکەند) نێودەوڵەتییەکان، بەرەهایی کارێکی خوازراوە و ئەو توانایییەی هەیە تا ڕێککەوتنی نێوان وڵاتان لە بارەی ئاوە هاوبەشەکانی ژێرزەوی بخاتە ژێر کاریگەرییەوە (Mccaffrey, ٢٠١١: ٢٨٢). پێویستە بوترێت کە پەسەندکردنی ڕێنماییە ڕەشنووسەکان جارێکی تر لە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی حەفتا و چوارەمی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ٢٠١٩دا دەبێت (UNGA, ٢٠١٦).

گەنجینە ئاوهەڵگرە سنووربڕەکان بەو گرفت و ئاڵۆزییانەی کە لە دۆزینەوەیاندا هەیە، بەسەر شەش جۆردا دابەش دەبن (وێنەی (١) .Eckstein and Eckstein, ٢٠٠٥: ٦٨١-٦٨٥). لە هەر کام لەم مۆدێلانە، پەیوەست یان ناپەیوەستبوونی هایدرۆلیکی بە گەنجینە ئاوهەڵگرەکان و هەروەها پەنگخواردووبوون و نەبوونی گەنجینە ئاوهەڵگرەکان، بارودۆخی ئاڵنگاریی تایبەت دروست دەکات کە لە ئەنجامدا ئاڵۆزبوونی ڕێکخستن و هەڵسەنگاندنیان زیاد دەبێت.

لە مۆدێلی یەکەمدا(A)، گەنجینە ئاوهەڵگرێکی ئازاد کە لەگەڵ ڕووبارێکدا پەیوەندییەکی هایدرۆلیکیی هەیە نیشان دراوە، کە هەر کام بە درێژایی هێڵی سنووری دەڕۆن (واتە ڕووبارەکە سنووری نێوان دوو وڵات دیاری دەکات). بە هۆی پەیوەندیی هایدرۆلیکیی نێوان گەنجینە ئاوهەڵگر و ڕووبارە سنووربڕەکە، ئاوی ژێرزەوی لەم مۆدێلەدا دەچێتە نێو کۆنڤانسیۆنی کاناڵە ئاوییەکان (١٩٩٧) و بنەماکان و یاساکانی. بۆ نموونە: دەتوانین ئاماژە بۆ گەنجینە ئاوهەڵگری "Hueco Bolson" لەنێوان ئەمەریکا و مەکسیک بکەین.

لە مۆدێلی دووەمدا(B)، گەنجینە ئاوهەڵگرێکی ئازاد لەلایەن سنوورێکی نێودەوڵەتی دەبردرێت و بە شێوەی هایدرۆلیکی لەگەڵ ڕووبارێکدا پەیوەستە کە ئەویش لەلایەن ئەو سنوورەوە بردراوە. جیاوازیی ئەم مۆدێلە لەگەڵ مۆدێلی یەکەم لەوەدایە کە سنووری سیاسیی هەم ڕووبارەکە و هەم گەنجینە ئاوهەڵگرەکەی بڕیوە و لە درێژایی ڕووبارەکە نییە. ئەم مۆدێلەش دەچێتە ناو کۆنڤانسیۆنی

کەناڵە ئاوییەکان. لەم مۆدێلەدا ئاراستەی لێژیی هایدرۆلیکی (دیاریکەری ئاراستەی جووڵەی ئاو) دیاریکەری کاریگەرییە سنووربڕەکانن. وەکوو نموونەیەک بۆ ئەم گەنجینە ئاوهەڵگرە، دەتوانین ئاماژە بە گەنجینە ئاوهەڵگری "San Pedro" لەنێوان مەکسیک و ئەمەریکا بکەین.

لە مۆدێلی سێیەمدا(C)، گەنجینە ئاوهەڵگرێکی ئازاد بە درێژایی سنووری سیاسی دەڕوات و بە شێوەی هایدرۆلیکی لەگەڵ ڕووبارێک پەیوەستە کە هەمووی لەنێو وڵاتێکدایە. بەو شێوەیە کە باس کرا، دەبێت تایبەتمەندیی سیستمێکی ڕووبار-گەنجینە ئاوهەڵگر دەبێت لە ڕووبارێکدا هەبێت تا بچێتە ناو کۆنڤانسیۆنی کاناڵە ئاوییەکان، بۆیە ناکرێت ئەم مۆدێلە بخەینە ناو ئەم یاسایە. نموونەی ئەم مۆدێلە، گەنجینە ئاوهەڵگری ئازادی ناوچەی ئاویی نێوان مەکسیک و نیومەکسیکۆ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانە، کە تەنیا لەلایەن ڕووباری "Mimbers" کە لەو وڵاتەدایە؛ تێر دەکرێت.


لە مۆدێلی چوارەمدا(D)، گەنجینە ئاوهەڵگرێکی ئازاد کە بەتەواوەتی لە دیوێکی سنووردایە، نیشان دراوە کە لەگەڵ ڕووبارێک کە لە سنوور تێپەڕیوە؛ پەیوەندیی هایدرۆلیکیی هەیە. لەم حاڵەتەدا هەمیشە گەنجینە ئاوهەڵگرەکە لەلای خوارەوە دەبێت. لەم مۆدێلەدا ڕووبارەکە نێودەوڵەتییە، لە کاتێکدا گەنجینە ئاوهەڵگرەکە بە شێوازی جوگرافیایی بە ناوخۆیی ئەژمار دەکرێت. هەر بەو شێوەیە کە باس کرا، ئەم سیستمی ڕووبار-گەنجینە ئاوهەڵگرە بەدڵنیاییەوە دەچێتە ناو کۆنڤانسیۆنی کاناڵە ئاوییەکان. نموونەی ئەم مۆدێلە، ناوچەی ئاویی "بين النهرين" (Mesopotamian)ی پەیوەست بە ڕووبارەکانی دیجلە و فوڕاتە.

لە مۆدێلی پێنجەمدا (E)، گەنجینە ئاوهەڵگرێکی دەورەدراو دەبینین کە پەیوەندیی هایدرۆلیکیی لەگەڵ پانتاییەکی ئاوی سەرزەوی نییە، مەگەر لەو شوێنەی کە گەنجینە ئاوهەڵگرەکە تێر دەکرێت. ئەم جۆرەی گەنجینە ئاوهەڵگرە ناچێتە ناو کۆنڤانسیۆنی کاناڵە ئاوییەکان، ئەگەرچی لە چوارچێوەی ڕەشنووسی ٢٠٠٨ی نەتەوە یەکگرتووەکان دەگونجێت (٢٠ : Hat-) 2015 ami and Babaei.,

بۆ نموونەی ئەم گەنجینە ئاوهەڵگرە، دەتوانین ئاماژە بۆ گەنجینە ئاوهەڵگری گوارانی (Guarani Aquifer) لەنێوان ئەرژەنتین، بەڕازیل، پاراگوای و ئۆرۆگوای بکەین کە ٩٠٪ی دەورە دراوە.

مۆدێلی شەشەم(F)، گەنجینە ئاوهەڵگرێک نیشان دەدات کە هیچ جۆرە پەیوەندییەکی لەگەڵ پانتایی ئاوی سەرزەوی نییە و پەیوەست نییە بە سووڕی هایدرۆلۆجیکییەوە و بۆیە هیچ جۆرە تێربوونێکی واتادار لەم گەنجینە ئاوهەڵگرەدا ئەنجام نادرێت. بۆ نموونەی ئەم

جۆرە گەنجینە ئاوهەڵگرە، دەکرێت ئاماژە بە گەنجینە ئاوهەڵگری چەو و لمی نۆبیان (Nubian Sandstone Aquifer) لە چوار وڵاتی لیبیا، چاد، میسر و سوودان بکەین. ئەوەی کە ئەم جۆرە گەنجینە ئاوهەڵگرە بچێتە نێو کۆنڤانسیۆنی کەناڵە ئاوییەکان گومانی لەسەرە. ڕەشنووسی ٢٠٠٨، مافی گەنجینە ئاوهەڵگرە سنووربڕەکان بە گشتگیرییەکی زیاتر ئەم جۆرە گەنجینە ئاوهەڵگرانە دەخاتە سنووری خۆیەوە (de Oliveira, ٢٠١٩: ١٣٣).




وێنەی (١)
جۆرەکانی مۆدێلی چەمکی لە گەنجینە ئاوهەڵگرییەکانی سنووربڕی

**٤. هایدرۆپۆلەتیکی گەنجینە ئاوهەڵگرەکان: ئەزموونی هاوکارییە نێودەوڵەتییەکان**

لە جوگرافیای سیاسیدا، ڕۆژبەڕۆژ ڕۆڵ و گرنگیی هایدرۆپۆلەتیک زیاتر دەبێت. ئەم زانستە بە میحوەرییەتی ئاو، سەرنج دەخاتە سەر ڕەفتاری سیاسیی وڵاتانی هاوبەش لە پانتاییەکی ئاوی (Mokhtari Hashi، ٢٠١٣: ٥٣). ئاو بە یەکێک لە سەرەکیترین هۆکارەکانی سنووردارکردنی پێشکەوتنی هەر وڵاتێک ئەژمار دەکرێت، کە دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە هەریەک لە وڵاتان بڕیاری جیاواز بدەن. لەم نێوەندەدا نەبوونی یەکسانیی هێزی سیاسی لەنێوان وڵاتانی هاوبەش لە ناوچەیەکی ئاویدا، بابەتی هایدرۆهەژموونی دێنێتە کایەوە کە وڵاتانی بەهێزتر بەبێ ڕەچاوکردنی هەڵکەوتەی هایدرۆلۆژیکی و جوگرافیایی، زیاتر لە بەشی خۆیان لە ناوچەکە وەردەگرن (Mokhtari Hashi and Ghaderi Hajat، ٢٠٠٨: ٤٣). بۆیە زانستی هایدرۆپۆلەتیک ڕێگەچارەیەکی گونجاوە بۆ ئەم جۆرە دیالۆگانە.

لە دەیەکانی ڕابردوودا، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەوڵی داوە بە شێوەیەکی فراوانتر لە پرۆسەی ناسین و دانانی یاسا لە پێناو فەراهەمکردنی میکانیزمی عادیلانە و عەقڵانییەکانی وڵاتانی بەشداربووی ئێستا لە بەڕێوەبردنی سەرچاوە هاوبەشەکانی ئاوی ژێرزەوی بەشداری بکات. ڕەشنووسی یاسای نێودەوڵەتی بۆ گەنجینە ئاوهەڵگرە سنووربڕەکان، لە ساڵی ٢٠٠٨ وەکوو یەکەمین هەنگاو بۆ ڕێکخستنی وەبەرهێنان لە گەنجینە ئاوهەڵگرە سنووربڕەکان ئەژمار دەکرێت (Eckstein، ٢٠١١).

ئەوەی کە دیارە ژمارەیەکی کەمی پێشنیاری بەڕێوەبردنی گەنجینە ئاوهەڵگرە سنووربڕەکان بوونەتە هۆی دارشتنی ڕێککەوتننامەیەکی فەرمی لەنێوان وڵاتان کە هەندێکیشیان واژۆ نەکراون و نەچوونەتە بواری جێبەجێکردن. لە درێژەی ئەم توێژینەوەیەدا، باسی چەند هاوکارییەکی هابەش لە سێ کیشوەری ئەمەریکا (باکوور و باشوور)، ئەفەریقا و ئەورووپا دەکەین و ڕێککەوتنامە دارێژراوەکان دەخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

**١-٤. کیشوەری ئەمەریکا (ئەمەریکای باکوور - گەنجینە ئاوهەڵگرە هاوبەشەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و مەکسیک)**

یەکێک لە ناوچە گرنگ و پڕکێشمەکێشەکان لە باسی ئاوە سنووربڕەکان لە سنووری نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و مەکسیکە. بەگشتی تاوەکوو ئێستا ٣٦ گەنجینە ئاوهەڵگر لەم ناوچەیە دۆزراونەتەوە کە لە نێویاندا تەنیا لەسەر شانزەیان زانیارییەکانی بەردەست جەخت لەسەر سنووربڕییان دەکاتەوە. نەبوون یان سنووردارنوونی زانیاری لەسەر گەنجینە ئاوهەڵگرەکانی تر لەم ناوچەیەدا، بۆشاییەکی گەورەی لە

میکانیزمی هەڵسەنگاندن و بەڕێوەبردنی ئەم گەنجینە ئاوهەڵگرە سنووربڕانە دروست کردووە (Sanches and Eckstein, ٢٠١٧: ٤٩٥). لە مەکسیک، بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکان لەسەر بنەمای ناوچە ئاوڕێژەکانە و پەیڕەوی سنوورە سیاسییەکان نییە، بۆیە پلاندانان لەم ناوچەیەدا لەلایەن دوو سنووری جیاوازی هایدرۆلۆژیکی و سیاسییەوە تووشی ئاڵنگاری دەبێتەوە. بە پێچەوانەی مەکسیک، لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەر ویلایەتێک بۆ ئاوی سەرزەوی و ژێرزەوی کۆمەڵێک دەسەڵاتی یاسایی لە سنووری قەڵەمڕەوی خۆی داناوە. ئەم بابەتە دەبێتە هۆی سیستمێکی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی جیاواز لە هەردوو سنوورەکە. بۆ نموونە: هەردوو شاری سان دیگۆ و ئەمپریال، بەشێکی سیستمی گەنجینە ئاوهەڵگری هاوبەشی ساندێگۆ-تیخوانا (Tijuana-SanDiego) لە باکووری ئەمەریکا پێك دەهێنن. هەر کام لەم شارانە بە شێوەی سەربەخۆ ئاوی ژێرزەویی خۆیان بەڕێوە دەبەن. لە لایەکی ترەوە، هەر ئەم گەنجینە ئاوهەڵگرە لە دیوی مەکسیک لە لایەنی بەڕێوەبردنەوە بە بەشێک لە ناوچەی هایدرۆلۆژیکی ئەژمار دەکرێت و لەژێر کۆنترۆڵی یاسا پەسەندکراوەکانی ئەنجوومەنی ئەو ناوچەیە وەبەرهێانی لێ دەکرێت. تاوەکوو ئێستاش لە بارەی ئەم گەنجینە ئاوهەڵگرە ئاستی هاوکارییەکان زۆر نزمە، کە لە کۆتاییدا کاروباری بەڕێوەبردنی گەنجینە ئاوهەڵگرەکە سنووردار دەکات (Sanches and Eckstein, ٢٠١٧: ٤٩٧).

لەنێو ئەم دوو وڵاتەدا نموونەی زۆر لە هاوکاریی ناوچەیی لەنێوان شارە سنوورییەکان هەیە، کە بەگشتی لەسەر ئاوی سەرزەوین. یەکەمین هەنگاوی فەرمی بۆ بەڕێوەبردنی گەنجینە ئاوهەڵگرە سنووربڕەکانی نێوان هەردوو وڵات، کۆنووسی ٢٤٢ وەکوو تەواوکاریی ڕێککەوتنی (١٩٤٤)ە کە تیایدا وەبەرهێنانی ئاوی ژێرزەوی لەنێوان هەردوو ویلایەتی ئەریزۆنا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و سونورا لە مەکسیک سنووردار کراوە (Sanches and Eckstein, ٢٠١٧: ٤٩٧). لە دەیەی ٢٠٠٠دا، چەند ڕێکخراو لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و چەند دامەزراوە وەکوو دامەزراوەی لێکۆڵینەوەی سەرچاوەکانی ئاو(WRRIs) لە تەکساس، نیومەکسیکۆ و ئەریزۆنا لە هەندێک لێکۆڵینەوە و گفتوگۆی نێودەوڵەتی لە وەڵامی پێویستیی خێرا بۆ لێکۆڵینەوە لە گەنجینە ئاوهەڵگرە هاوبەشەکان بە درێژایی سنووری ئەمەریکا-مەکسیک دەستیان بە هاوکاری کرد. لە ئەنجامدا کۆنگرێسی ویلایەتە یەگرتووەکان لە ڕێکەوتی ٢٢ی دیسەمبەری ٢٠٠٦ (Alley, ٢٠١٣)، یاسای گشتیی ١٠٩-٤٤٨ وەکوو یاسای هەڵسەنگاندنی گەنجینە ئاوهەڵگرە سنووربڕەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان-مەکسیک (Transboundary

(Aquifer Assessment) پەسەند کرد کە بەپێی ئەو یاسایە لە ماوەیەکی ١٠ ساڵیدا، ٥٠ ملیۆن دۆلار بۆ ئەم بابەتە تەرخان کراوە (IBWC, ٢٠٠٩) کە تا ساڵی ٢٠١٧، تەنیا ٣ ملیۆن دۆلاری ئەو بڕە دابین کراوە (Carter et al, ٢٠١٧: ٤). هەنگاوی دواتر، داواکاری لە مەکسیک بۆ هاوکاری بوو. بەم شێوەیە ڕێکاری گفتوگۆ، هاوکاری و فێربوونی بەرانبەر دەستی پێ کرد کە لە کۆتاییدا و لە ساڵی ٢٠٠٩ بووە هۆی ڕێککەوتنی فەرمیی هەردوو وڵات، تاوەکوو زەمینەی لێکۆڵینەوەی گەنجینە ئاوهەڵگرە سنووربڕە نێودەوڵەتییەکان بهێنێتە ئاراوە.

یەکێک لە دەستکەوتەکانی ئەم ڕێککەوتنە، واژۆی هاوکاریی دوولایەنە لەنێوان ئەمەریکا و مەکسیک بوو کە بووە هۆی دروستکردنی تیمی کاری دوولایەنە و دەستپێکی هەنگاوی لێکۆڵینەوەی هونەریی دوولایەنە. هەروەها لەم پڕۆگرامەدا، هەندێک بۆشایی زانیاری وەکوو زانیاری و شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی پێویست بۆ ئەپدەیتی مۆدێلی ژمارەیی ڕێڕەوی ئاوی ژێرزەوی دۆزرایەوە. هەر چەندە تا پێش ساڵی ٢٠١٦، لێکتێنەگەیشتنەکان ڕێگر بوون لە جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە. گرنگیدان بەم بابەتانە دەتوانێت وەکوو ئەزموونێکی گرانبەها بۆ بەڕێوەبردنی گەنجینە ئاوهەڵگرەکان لە سیستمە هاوشێوەکان ئەژمار بکرێت (Callegary et al, ٢٠١٨).

ئاڵنگارییە دروستبووەکان بە هۆی هەڵەتێگەیشتنی هەردوو لا دەبن بە سێ بەشەوە: ١. ئەو ڕێگایانەی کە بە هۆیانەوە کارە نێودەوڵەتییەکان ئەنجام دەدرێن، ٢. ئەو پرۆتۆکۆلانەی کە دەبێت ئەنجام بدرێن، ٣. تێگەیشتن و پێناسەی دەستەواژە هونەرییەکان لای وڵاتەکان. یەکەم هەڵەتێگەیشتن لە دەستپێکی بەرنامەکەدا ڕووی دا کە بەشێک لە تیمی ویلایەتە یەکگرتووەکان وای دەزانی کە بە شێوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ویلایەتی مەکسیک کار بکات بەبێ ئەوەی ڕێککەوتنی دوولایەنەی دامەزراوەیی پێویست بێت. نموونەیەک لە خاڵی دووەم کاتێک ڕووی دا کە تیمی ویلایەتە یەکگرتووەکان پێشنیارەکانی خۆی بۆ باسی ئەرکە نێودەوڵەتییەکان پێش دانیشتنەکانی لیژنەی ڕاوێژکاریی دوولایەنە نەنارد و ئەو پێشنیارانەی تەنیا لە کاتی بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەکان خستە ڕوو. ئەم کارەش بووە هۆی ڕەتکردنەوەی زۆربەی ئەرکە پێشنیارکراوەکان. نموونەیەک لە خاڵی سێیەمیش لە کاتی بەکارهێنانی کورتکراوەی "TAAP" ڕووی دا. تا ماوەیەك دوای واژۆی ڕاپۆرتی هاوبەش، تیمی ویلایەتە یەکگرتووەکان کاتێک ئەم دەستەواژەیەی بەکار دەهێنا کە دەیویست ئاماژە بەو پڕۆژانە بدات کە سەرچاوەی داراییان لەژێر یاسای "TAA"ی ساڵی ٢٠٠٦ باس کراوە. لە کاتێکدا کە لە لایەن مەکسیکەوە، ئەم دەستەواژەیە بۆ گەڕانەوە

بۆ بەرنامەی گشتیی دوولایەنە بەکار دەهات. ئەنجامی ئەم کارە؛ سەرلیشێواوی و لە کۆتاییدا وەستانی چەندین ساڵەی کارە دوولایەنەکان لە یەکێک لە گەنجینە ئاوهەڵگرەکان بوو.

**٢-٤. گەنجینە ئاوهەڵگری گوارانی (ئەمەریکای باشوور)**

لە ئەمەریکای باشوور ٢٩ گەنجینە ئاوهەڵگری سنووربڕی هاوبەش بوونیان هەیە کە لە بارەی زۆربەیانەوە زانیارییەکی کەم لەسەر پانتایی، تایبەتمەندیی جیۆلۆجی، ڕێژەی ئاو، ڕێژەی وەبەرهێنان و ڕۆڵیان لە پێشکەوتن هەیە (Villar، ٢٠١٦: ١). هەر چەند ئەمەریکای باشوور خاوەنی ڕێژەیەکی زۆری ئاوی سەرزەوییە، بەڵام نزیکەی ٤٠٪ بۆ ٥٠٪ی پێداویستیی وڵاتانی ئەم ناوچەیە لە ئاوی ژێرزەوی دابین دەکرێت. گرنگیی ئەم بابەتە لەم ناوچەیەدا لەبەرانبەر شێوازی بەڕێوەبردنیدا مەترسیدارە و لە ئەدەبیاتی هونەریدا بە Hydroschizophrenia ناو دەبرێت )Villar, ٢٠١٦: ١).

لەم ناوچەیەدا تەنیا یەک ڕێککەوتنی نێودەوڵەتی واژۆ کراوە کە بەتایبەتی باسی ئاوی ژێرزەوی دەکات، ڕێککەوتننامەی گەنجینە ئاوهەڵگری گوارانی کە لە ساڵی ٢٠١٠-دا لەنێوان ئەرژەنتین، بەڕازیل، ئۆرۆگوای و پاراگوای واژۆ کرا. ئەم ڕێککەوتننامەیە یەکەمین ڕێککەوتن لە بارەی ئاوی ژێرزەویی سنووربڕی بوو کە لەژێر کاریگەریی بڕیاری (٦٣/١٢٤)ی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دانرا و تاکە بڕیار بوو کە بێ کێشە و ڕووبەڕووبوونەوە بۆ سوودوەرگرتن لە گەنجینە ئاوهەڵگرەکان پەسەند کرا (Villar and Ribeiro، ٢٠١١: ١).

گەنجینە ئاوهەڵگری گوارانی گەورەترین سەرچاوەی ئاوی ژێرزەوییە لە جیهاندا کە پانتاییەکەی ٤٥٠٠٠ کیلۆمەتری سێجا و ڕووبەرەکەی ١/٢ ملیۆن کیلۆمەتری چوارگۆشەیە (Newton, ٢٠١٣: ١). زۆرترین ڕووبەری ئەم گەنجینە ئاوهەڵگرە لە وڵاتی بەڕازیلە کە خاوەنی زۆرترین ڕێژەی بەکارهێنان گەنجینە ئاوهەڵگرەکەشە (٩٣/٦٪ی کۆی ئاوی دەرهێنراوە) ( OAS، ٢٠٠٩ و World Bank، ٢٠٠٩). پێویستە بوترێت کە زۆربەی گەنجینە ئاوهەڵگرەکە (٩٠٪)ی داخراوە (Confined) و تەنیا لە ڕێگەی ١٢٤/٦٥٠ کیلۆمەتر چوارگۆشەوە دەتوانرێت گەنجینە ئاوهەڵگرەکە تێر بکرێت (LEBAC/UNESP، ٢٠٠٨).

پرۆژەی سیستمی گەنجینە ئاوهەڵگری گوارانی (Guarani Aquifer System) لە ڕۆژی ٢٣ی مانگی مەیی ساڵی ٢٠٠٣ لەلایەن ئەرژەنتین، بەڕازیل، ئۆرۆگوای و پاراگوای بە پشتیوانیی ڕێکخراوە جیاوازە نێودەوڵەتییەکان دەستی پێ کرد. ئەم پرۆژە شەش ساڵییە (٢٠٠٣ تا ٢٠٠٩) بە شێوەیەکی بەرچاو لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی ئاسانکارییە ژینگەییەکان (Global Environmental Facility) سپۆنسەریی دارایی

کرا و لەلایەن بانکی نێودەوڵەتیی وەکوو ئاژانسی جێبەجێکار (Implementing Agency) و ڕێکخراوی "OAS" (Organization of American States) وەکوو ئیدارە و بەڕێوەبەر(Executive Agency) ئەنجام درا. لە ساڵی ٢٠٠٥دا ڕەشنووسی ڕێککەوتننامەکە بۆ واژۆی لایەنەکان ئامادە کرا. بەڵام جیاوازیی قووڵ لە بارەی یاساکان، ڕێگەی نەدا واژۆی کۆتایی لەسەر بکرێت. لە ساڵی ٢٠٠٥ تا ٢٠١٠، هیچ گفتوگۆیەک لەنێوان لایەنەکانی ڕێککەوتن ئەنجام نەدرا. بەڵام لەو ماوەیەدا لە چوارچێوەی پڕۆژەی "GAS"، هاوکاریی ئەرێنییان لەگەڵ یەکتر هەبوو (Sindico et al, ٢٠١٨: ٥).

یەکێک لە خاڵە ئەرێنییەکان سەبارەت بە گەنجینە ئاوهەڵگری گوارانی، بەشداریکردنی سەنتەرە تایبەتمەندەکانە لە ڕیزبەندکردنی ئەم گەنجینە ئاوهەڵگرە وەکوو سەرچاوەیەکی سروشتیی هاوبەش بوو: ٣٦) ٢٠١١ (Borghetti etal, .

بەبێ ئەم زانیارییانە، بەدڵنیاییەوە وڵاتەکان شێوەی هاوبەشبوونی ئەم گەنجینە ئاوهەڵگرەیان وەلا دەنا. هەروەها بەشداریی زانایان هاوکار بوو تا لەو بارەیەوە پەیوەندییەک لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دروست بێت و تا ئاستێک هاوکاریی داراییش بۆ پڕۆژەکە وەربگیرێت. لە ئەزموونەکانی تری ئەم پڕۆژەیە، ئەزموونی پڕۆژە تاقیکراوەکان بوو. لەم گەنجینە ئاوهەڵگرە، چوار پڕۆژەی ئەزموونی داڕێژران کە یەکێکیان لە بارەی چۆنێتیی چارەسەری کێشەکان بۆ بەکارهێنانی سەرچاوەکانی ئاو لەم ناوچەیە بوو. لە بارەی گەنجینە ئاوهەڵگرە گەورەکانی وەک گوارانی، گرنگیی بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو لە ئاستی ناوچەیی زیاتر دەردەکەوێت. ئەم جۆرە گەنجینە ئاوهەڵگرانە بەزۆری خاوەنی تایبەتمەندیی فیزیایی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و ناوچەیین کە بەپێی شوێنی وەرگرتنی ئاو ئەم تایبەتمەندییانە دەگۆڕدرێن. لەم ڕووەوە هەنگاوەکانی بەڕێوەبردن بۆ گەنجینە ئاوهەڵگرە سنووربڕە گەورەکان دەبێت بۆ ئەو ناوچانەی کە لەنزیک سنوورەکانی وڵاتانن؛ لە ئاستی ناوچەیی ئەنجام بدرێن (Kettelhut, ٢٠١٣). زۆربەی کێشەکان بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنی خێرا لەنێوان وڵاتان، بە هۆی نەبوونی زانیاری و داتا لە بارەی ئەم سەرچاوە ئاوییانەوە بوو. لەبەر ئەوە یەکێکی تر لە خاڵە ئەرێنییەکانی پڕۆژەی "GAS"، پێدانی زانیاری و داتای پێویست بە وڵاتانی ناوچەکە بوو تا بواریان پێ بدرێت بتوانن ڕێککەوتننامەی بەڕێوەبردنی تایبەت بە گەنجینە ئاوهەڵگری گوارانی واژۆ بکەن.

بەڵام گەورەترین گرفت لە بارەی ئەم ڕێککەوتنە، ئەنجامنەدانی هەنگاوی هاوبەش لەلایەن وڵاتانی ئەندامەوە بوو. لە کاتی واژۆی ڕێککەوتننامەکە لە مانگی ئاگۆستی ٢٠١٠، تەنیا ئەرژەنتین و ئوروگوای ئەم ڕێککەوتننامەیان پەسەند کرد. هیچ پڕۆژەیەکی هاوبەش بۆ

بەردەوامیی لێکۆڵینەوە یان چاودێری لەسەر گەنجینە ئاوهەڵگرەکە بوونی نییە و ژێرخانی ڕێکخراوەیی کە دروست ببوو، دەسەڵاتەکانی خۆی لەدەست دا و هەروەها سیستمی زانیاریی تایبەتمەندکراو بە گەنجینە ئاوهەڵگری گوارانی هێشتا بەردەست نییە. دەبێت بوترێت کە قۆناغی سێیەمی پرۆژەکە کە پێدەچێت لە ساڵی (٢٠١٧)ەوە کاری لەسەر دەکرێت، بە هۆی پەسەندنەکردنی کۆتایی ڕێککەوتننامەکە لەلایەن پاراگوای هێشتا نەچووەتە بواری جێبەجێکردنەوە (Sindico et al, ٢٠١٨: ٦).

**٤-٣. گەنجینە ئاوهەڵگری نۆبیان (کیشوەری ئەفەریقا)**

سیستمی گەنجینە ئاوهەڵگری چەو و لمی نۆبیان (The Nubian Sandstone Aquifer System) ناسراو بە "NSAS"، خاوەنی ڕووبەری نزیکەی ٢/٢ ملیۆن کیلۆمەتر چوارگۆشەیە کە بە گەورەترین گەنجینە ئاوهەڵگری فۆسیلی (fossil) دەناسرێت (١١٤: ٢٠١٣Ahmed, ). ئەم گەنجینە ئاوهەڵگرە لە سووچی باکووری ڕۆژهەڵاتی ئەفەریقایە و بە درێژایی سنوورەکانی وڵاتانی لیبیا، میسر، سوودان و چاد فراوان بووە. بڕی ئاوی کۆبووەوە لەم گەنجینە ئاوهەڵگرە، بە نزیکەی ٣٧٣٠٠٠ کیلۆمەتر سێجا دەخەمڵێنرێت. ئەم گەنجینە ئاوهەڵگرە کە گەورەترین سیستمی ئاوی ژێرزەویی نوێنەبووەوەیە (تجدید ناپذیر)، کە بە سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ بەکارهێنان بە مەبەستی خواردنەوە و کشتوکاڵ لەلایەن وڵاتانی میسر، لیبیا، چاد و سوودان ئەژمار دەکرێت کە لە ٤٠ ساڵی ڕابردوودا وەبەرهێنانێکی بەرچاو لەم سەرچاوەیە بەتایبەت لەلایەن وڵاتانی میسر و لیبیاوە کراوە (Nijsten et al, ٢٠١٨: ٢٦).

بە درێژایی چوار دەیەی ڕابردوو، وڵاتانی ناوبراو چەند هەوڵێکیان بۆ وەبەرهێنانی زیاتر لەم گەنجینە ئاوهەڵگرە ئەنجام داوە. لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٧٠، میسر و لیبیا هەوڵێکیان بە مەبەستی دروستکردنی هاوکاری لەنێوان وڵاتانی ناوچەکە لە بارەی بەڕێوەبردنی گەنجینە ئاوهەڵگری نۆبیان دەست پێ کرد. لە ساڵی ١٩٩٢، ئەم هاوکارییە بە شێوەیەکی فەرمی گەیشتە کۆدەنگییەکی هاوبەش بۆ بەڕێوەبردنی گەنجینە ئاوهەڵگرەکە. لەگەڵ ئەوەشدا تاکە ناچارکردنێك بۆ جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە، لە ڕاستیدا یاسا ناوخۆییەکانی کۆمەڵەکە بوو کە پێکهاتە و ڕێکاری ناوخۆیی و شێوازی بڕیاردان و بودجە و دارایی دامەزراوەکانی دیاری دەکرد. وڵاتی سوودان لە ساڵی ١٩٩٦ و وڵاتی چاد لە ساڵی ١٩٩٩ هاتنە نێو ڕێککەوتنەکەوە. هەروەها دوو ڕێککەوتنی تر لە ساڵی ٢٠٠٠ لەنێوان وڵاتانی هاوبەش لە گەنجینە ئاوهەڵگرەکە واژۆ کرا، کە ئاماژەی بەرەوپێشچوونی هاوکارییەکان لەنێو وڵاتانی هاوبەشی گەنجینە ئاوهەڵگری نۆبیان بوو و ئەوەی پیشان دا کە بۆ بەکارهێنانی بەردەوامی سەرچاوەکانی گەنجینە ئاوهەڵگرەکان، پێویستی

بە پاراستنی بەردەوام و ڕێکوپێك، ئەپدەیتکردن و خستنەڕووی زانیارییەکانە کە لەم بوارەدا وڵاتان لە "بەرنامەی پەرەپێدانی یەك ستراتیژیی ناوچەیی بۆ سوودوەرگرتن لە 'NSAS'" لەسەر بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان گەیشتنە ڕێککەوتن (Nijsten et al, ٢٠١٨). دابینکردنی سەرچاوە داراییەکان لەم بوارەدا هاوکارییە ساڵانەکانی وڵاتانی هاوبەش لە گەنجینە ئاوهەڵگرەکە و هاوکارییەکانی دامەزراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان لەخۆ دەگرێت. لە ڕاستیدا وڵاتانی میسر و لیبیا ٣٥٪، سوودان ٢٠٪ و چاد ١٠٪ی بودجە دابین دەکەن (Quadri, ٢٠١٧: ٢).

پێویستە بوترێت گەرچی ڕێڕەوی هاوکارییەکانی وڵاتانی سنووری ئەم گەنجینە ئاوهەڵگرە بەخاوی دەڕوات، بەڵام بە شێوازێکی بەردەوام بوونی هەیە. هەروەها ڕێککەوتننامەی "SAP" یان بەرنامەی کاریی ستراتیژی (Strategic action plan) لەلایەن وڵاتانی گەنجینە ئاوهەڵگری نۆبیان و کۆمەڵەی هاوبەش لە ساڵی ٢٠١٣ پەسەند کرا (IAEA, ٢٠١٣) و لایەنە جیاوازەکانیان بۆ ڕێککەوتن لە پانتاییەکی گەورەتردا ناچار کرد و بۆ بەڕێوەبردنی بەردەوامی گەنجینە ئاوهەڵگرەکە هانی دەدان (Nijsten et al, ٢٠١٨: ٣٠).

بە شێوەیەکی گشتی دانانی چوارچێوەیەکی بەڕێوبردنی هاوبەش کە تیایدا داتا و زانیارییەکان بخرێنە ڕوو، لە خاڵە بەهێزەکانی ڕێککەوتنەکانی ئەم گەنجینە ئاوهەڵگرەیە و نەبوونی پابەندی یاسایی لە کاتی بەڕێوەنەبردنی ئەرکەکان لەلایەن لایەنەکەوە لە خاڵە لاوازەکانیەتی کە هۆکاری سەرەکیی نەبوونی پشتیوانییەکی پێویست بۆ یاسا پەسەندکراوەکانە (بەزۆری لە ئەنجوومەنە ناوچەییەکان).

**٤-٤. گەنجینە ئاوهەڵگری جەنەوا (کیشوەری ئەوروپا)**

یەکێک لەو ئەزموونە سەرکەوتووانەی کە لە بواری بەڕێوەبردنی گەنجینە ئاوهەڵگرە هاوبەشەکان دەتوانین وەك نموونە بیهێنینەوە، گەنجینە ئاوهەڵگری جەنەوا (Genevese transboundary aquifer )یە. ئەم گەنجینە ئاوهەڵگرە لەنێوان وڵاتی سویسرا و فەرەنسایە و بۆ ئاوی خواردنەوەی نزیکەی ٧٠٠ هەزار کەس بەکار دێت. نزیکەی ٨٠٪ی ئاوی خواردنەوەی جەنەوا لە دەریاچەی جەنەوا و ٢٠٪ی لە بیرەکانی سەر گەنجینە ئاوهەڵگری جەنەوا دابین دەکرێت (de los Cobos, ٢٠١٨: ١). هەڵبەت پێویستە بوترێت کە تێرکردنی سروشتی ئەم گەنجینە ئاوهەڵگرە زیاتر لە ڕێڕەوی ڕووباری ئارڤ (Arve River)ە کە لە چیاکانی مۆنت بلان سەرچاوە دەگرێت و نزیکەی ٩٠٪ی کەوتووەتە خاکی فەرەنساوە. لە دەیەکانی ٦٠ و ٧٠، ئاستی گەنجینە ئاوهەڵگرەکە بە هۆی ڕاکێشان و بەکارهێنانی زیاد لە ئەندازە، زیاتر لە حەوت مەتر دابەزیبوو کە بووە هۆی لەناوچوونی نزیکەی یەک لەسەر سێی کۆی گشتیی ئاوی ژێرزەوی لە ماوەیەکی ٢٠ ساڵیدا (de los Cobos, ٢٠١٨: ١).

لە ساڵی ١٩٧٥دا فەڕەنسا ڕایگەیاند کە چیتر سوود لەو گەنجینە ئاوهەڵگرە وەرناگرێت و سوود لە سەرچاوەکانی تری وڵاتەکەی خۆی وەردەگرێت، بەڵام حەزی ئەوەی هەیە کە دەرفەتی بەشداریکردنی لە تێرکردنی گەنجینە ئاوهەڵگرەکە و بەکارهێنانی لە داهاتوودا پارێزراو بێت. لە ئەنجامدا بڕیار درا کە فەڕەنسا ساڵانە بەشێک بە گوڕی دوو ملیۆن مەتری سێجا لە گەنجینە ئاوهەڵگرەکە وەربگرێت. لەم سۆنگەیەوە ڕێککەوتننامەیەکی ٣٠ ساڵە لە ساڵی ١٩٧٨ واژۆ کرا (کە بە شێوەیەکی بەردەوام هەر پێنج ساڵ جارێک درێژ دەکرێتەوە، مەگەر ئەوەی لەلایەن هەر کام لە لایەنەکان بە ئاگادارکردنەوەی پێشوەختی یەک ساڵە بەکۆتا بێت). لەم ڕێککەوتننامەیەدا بابەتی وەکوو لیژنەی وەبەرهێنان (ئەندامان، ئامانج و شێوازی کارکردن)، بەرنامەی بەڕێوەبردنی ساڵانەی گەنجینە ئاوهەڵگرەکە، دامەزراوەکانی تێرکردنی گەنجینە ئاوهەڵگرەکە، ڕێژەی مافی دەرهێنانی ئاو، نرخی ئاو (کە لەژێر کاریگەریی خەرجییەکانی دروستکردن و وەبەرهێنان لە دامەزراوە نوێیەکان بوو) و یاسا جیاوازەکانی تر (وەکوو بابەتی تایبەت بە کوالێتیی ئاو) باسی لێوە کرابوو. هەر جۆرە ناکۆکییەک لە ئەنجامی جێبەجێکردنی ئەم پڕۆژەیە، دەبێت بگاتە دەست لیژنەی ناوچەیی هاوبەشی فەڕەنسا و سویسرا و لە ئەگەری چارەسەرنەکردنی گرفتەکە؛ دەبێت بابەتەکە لەلایەن لیژنەیەکی ڕاوێژکاری گفتوگۆی لێوە بکرێت و چارەسەر بکرێت. ئەم لیژنەیە دوای پەسەندکردنی ڕێککەوتننامەکە ڕۆڵی چاودێریکردن لەسەر بەڕێوەبردنی دەرهێنانی ئاو لەم گەنجینە ئاوهەڵگرە دەبینێت.

بە پێداچوونەوەیەک بۆ ٣٠ ساڵی یەکەمی ڕێککەوتنەکە و بەو ئەزموونەی لە داڕشتنی پڕۆژەکە و جێبەجێکردنی بەدەست هاتووە، دەتوانین بڵێین کە کلیلی سەرکەوتنی ئەم پڕۆژەیە، چارەسەری کێشەی سەرچاوە ئاوە سنووربڕەکانە لە ئاستی ناوچەیی نەک لە ئاستی نیشتمانی. هەروەها دڵنیایی دەدات کە هەموو بوارە هونەرییەکان (وەکوو لیکۆڵینەوە هایدرۆلۆژیکییەکان، بەڕێوەبردنی وێستگەکانی دەرهێنانی ئاو، هەڵسەنگاندی هایدرۆلیکیی ناوچەیی) بەردەوام دیاریکراو بوون و لەلایەن ڕۆڵگێڕانی ناوچەیی بڵاو کراونەتەوە و دواتر ئەم زانیارییانە گەیشتووەتە لای خاوەن بڕیارەکان لە ئاستی ناوچەیی. بە واتایەکی تر: ڕۆڵی لیژنەی دروستکراو وەکوو بەشداریکەری سەرەکی لە سەنتەری هەموو کۆڕ و کۆبوونەوکان، بۆ گەیشتن بەم سەرکەوتنە گرنگ بوو (de los Cobos، ٢٠١٨: ٩).

### ٤-٥. هەڵسەنگاندنی خاڵە بەهێز و لاوازەکانی ڕێککەوتننامەکان

لە کۆی ئەو هەڵسەنگاندنانەی کە لەسەر گەنجینە ئاوهەڵگرەکان کرا، بەو ئەنجامە دەگەین کە لە هاوکاری بۆ گەیشتن

بە سوودوەرگرتنی بەردەوام لە سەرچاوەی گەنجینە ئاوهەڵگرە سنووربڕەکان، پێویستە دوو بنەما ڕەچاو بکرێت: یەکەمیان ئەوەیە کە ڕێککەوتنەکان تەنیا و تەنیا بە شێوەیەکی پسپۆڕیانە لەسەر گەنجینە ئاوهەڵگرە سنووربڕەکان بێت نەک ئەوەی ڕێککەوتنێکی پەراوێزی بێت. دووەم: ڕێککەوتنەکان جەخت لەسەر هاوکاری و ئەرکە هاوبەشەکان بکاتەوە تا ئەوەی ڕێکەوتنێکی زۆرەملێ بێت لەسەر بەشکردنی مافەکان لەسەر گەنجینە ئاوهەڵگرەکە (Eckstein, ٢٠١١: ٢٨٤).

کاتێک کە ڕێککەوتنەکان لەسەر بنەمای گەنجینە ئاوهەڵگرێکی تایبەت دادەڕێژرێن، تایبەتمەندی و ڕێکارە تایبەتەکانیان تیشکی دەخرێتە سەر. ڕێککەوتننامە گشتگیرەکان بەگشتی ئەو تایبەتمەندییەیان نییە و بەبێ ڕەچاوکردنی تایبەتمەندییەکانیان لەوانەیە ببنە ڕێککەوتنێکی ناکاریگەر و تەنانەت تێکدەر. بۆیە دەبێت سیستمی بەڕێوەبردن، دابینکردن و پاراستنی دیاریکراو بۆ هەر گەنجینە ئاوهەڵگرێک دابنرێت. تایبەتمەندییە جیاوازەکانی هەر گەنجینە ئاوهەڵگرێک دەتوانێت لە ڕووی میکانیزمەکانی دەرکردن، سەرچاوەکانی تێرکردن، چوارچێوەی هایدرۆلیکی و جیۆمۆرفۆلۆژیکی لەبەر چاو بگیرێت. هەروەها دەتوانین بۆ هەر گەنجینە ئاوهەڵگرێک حاڵەتێکی تایبەتی کۆمەڵایەتی، کولتووری و ئابووری لەبەرچاو بگیرێت.

هەڵسەنگاندنەکان ئەوە پیشان دەدەن کە پێویستە پرۆسەی بڕیارسازی لە دەوڵەت ناوەندییەکانەوە بۆ کۆمەڵگە ناوچەیی و بەڕێوەبەرەکانیان لە هەردوو دیوی سنوور بگەڕێتەوە، تا بتوانن بگەنە ڕێگەچارەیەکی گونجاو و بەردەوام.

یەکێک لە گرفتەکانی گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی سەرکەوتوو لە ئاوە سنووربڕەکان، دیاریکردنی مافەکانی هەردوو لا لە ئاوەکەیە. لەژێر سایەی یاسا نێودەوڵەتییەکان، هەردوو لا دەتوانن بە شێوەیەکی لۆژیکی و بەئینسافەوە لە ئاوە سنووربڕەکان سوود وەربگرن، بەڵام بەو مەرجەی کە نەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە وڵاتانی تری بەشداربوو. بەم حاڵەوە دیاریکردنی ئەوەی ئەم یاسا بنەڕەتییانە چ شتگەلێك لەخۆ دەگرن، لێوانلێوە لە جیاوازیی بیروڕا و دەتوانێت ببێتە ڕێگرێک بۆ هاوکاری و هاتنەکایەی ڕێککەوتننامەکە.

لە بەرانبەردا بەشداریکردن لە چوارچێوەی ڕێکارێکی هاوکارانە، لەلایەن زۆربەی وڵاتانەوە بە هەڕەشەیەکی کەم بەرامبەر بە دەسەڵات و تەنانەت بە ئاسایی دادەنرێت، چونکە وەها ڕێککەوتنێک تەنیا کار لەسەر بەڵێننامە و زانیارییەکانی تایبەت بە ئاوە هاوبەشەکان دەکات و لە بارەی خاوەندارێتی و مافی ئەم ئاوانە دەست وەرنادات. ئەم بابەتە دەتوانرێت بە هۆکارێکی گرنگ بۆ دەستپێکی هاوکاری و متمانە دروستکردن دابنرێت. لە هاوکارییە

ڕێکارییەکاندا، میحوەری سەرەکیی هاوکارییەکان لەسەر بنەمای گۆڕینەوەی ڕێکوپێکی زانیاری و داتاکانی وەکوو جیۆلۆجی، هایدرۆلۆژیکی، کەشوهەوا، ژینگەیی سیستمی گەنجینە ئاوهەڵگرەکان و پێشبینییە پەیوەندیدارەکانە. بەداخەوە زۆرێک لە سەنتەری زانیارییەکان کە لە وڵاتان دروست دەکرێن، تا سنووری سیاسیی وڵاتەکە بڕ دەکات کە بە سیندرۆمی نەخشەی خاڵی (Blank map syndrome) ناو دەبرێت کە وڵاتان لە وردەکاریی نەخشەکە لە دەرەوەی سنوورەکانیان بێئاگان. پێویستییەکانی گۆڕینەوەی زانیارییەکان لە هاوکاریی ڕێکاری، ڕێکخستنی ڕێوشوێنەکان، تەکنیکەکان، ڕێکارەکان، تیۆرەکان و تەکنەلۆژیایە کە لەم بوارەدا بە مێتادەیتا (Metadata) ئەژمار دەکرێت. بە دیوێکی تر: بەشی سەرەکیی کارەکە دوای نووسین و واژۆی ڕێککەوتنەکە دەست پێ دەکات. خاڵە بەهێز و لاوازەکانی ڕێککەوتننامە واژۆکراوەکان لەنێوان سوودمەندان لەو گەنجینە ئاوهەڵگرانەی لێکۆڵینەوەیان لەسەر کرا لە خشتەی (١) کۆ کراوەتەوە و بەپوختی باس کراوە.


**خشتەی (١): خاڵە بەهێز و لاوازەکانی ڕێککەوتننامە واژۆکراوەکان لەو گەنجینە ئاوهەڵگرانەی لێکۆڵینەوەیان لەسەر کرا**

| ناوی گەنجینەی ئاوهەڵگر | خاڵی بەهێز | خاڵی لاواز |
|---|---|---|
| ئەمەریکا-مەکسیک | - دەستپێکردنی هاوکاریی ڕێکاری و دامەزراندنی سەنتەری زانیاریی هاوبەش بەبێ جەختکردنەوە لەسەر مافی لایەنەکان لە ئاو. | - لێکدانەوەی هەڵەی جیاواز لە ڕێککەوتننامەکان.<br>- نەبوونی هەماهەنگیی ئاوچەکانی بەڕێوەبردن لە هەردوو وڵات.<br>- زاڵبوونی بابەتە ئەمنییەکان لەسەر گەنجینە ئاوهەڵگرەکان لە |
| گوارانی | بەشداریی ناوەندە پسپۆڕییەکان کە ئەم گەنجینە ئاوهەڵگرە وەکوو سەرچاوەیەکی سروشتیی هاوبەش ناو دەبەن.<br>ئەنجامدانی پرۆژەی ئەزموونی (وەکوو جۆنیتیی چارەسەری کێشەکان لەسەر بەکارهێنانی سەرچاوەکانی ئاو لە ناوچەکەدا).<br>پێدانی زانیاری و داتای پێویست بە وڵاتانی ناوچەکە، بە مەبەستی ئاسانکاری لە بڕیاردان لە بارەی واژۆی ڕێککەوتننامەکە.<br>دروستکردنی دوو سندووقی دارایی، بە مەبەستی بەشداریی گشتی لەم پرۆژەیەدا لە ڕێی زانکۆکان و نوێنەرانی ڕێکخراوە ناحکومییەکان (NGOs). | هەڵنەگرتنی هەنگاوی هاوبەش لەنێوان وڵاتانی ئەندام بۆ پارێزگاری لە ڕێڕەوی هاوکارییەکان دوای واژۆی ڕێککەوتننامەکە.<br>واژۆنەکردنی ناوخۆیی ڕێککەوتننامەکان لەلایەن هەموو وڵاتانی ناوچەی سەر گەنجینە ئاوهەڵگرەکە.<br>ڕێگریکردن لە گەیشتن بە سیستمی زانیارییەکان (ڕێگری لە گەیشتن بە هەموو زانیارییە کۆکراوەکان بە درێژایی پرۆژەکە، بۆ ئەنجامدانی پرۆژەکانی دواتر).<br>پشتگیرینەکردنی لایەنە نێودەوڵەتییەکان لە پرۆژەی "GASP". |
| نۆبیان | دانانی جوارچێوەیەکی بەڕێوەبردنی هاوبەش لەلایەن وڵاتانی گەنجینەی ئاوهەڵگرەکەوە.<br>ئاڵوگۆڕپێکردنی زانیارییەکان و داتاکانی پەیوەست بە گەنجینە ئاوهەڵگرەکە. | نەبوونی پابەندییەکی یاسایی لە کاتێکدا کە یەکێک لە ئەندامەکان بە ئەرکی خۆی هەڵنەستێت (یاساکان تەنیا ناوخۆیین و لە ئەنجوومەن پەسەند کراون). |
| جەنەوا | گرنگیدان و جەختکردنەوە لە سەرچاوە ئاوییە هاوبەشەکان لەلایەن هەردوو وڵاتەوە.<br>چارەسەری گرفتە کارگێری و یاساییەکانی پەیوەست بە بەڕێوەبردنی گەنجینە ئاوهەڵگرەکە لە ئاستی ناوچەیی.<br>دەسەڵاتی بلۆکی جەنەوا لە بەڕێوەبردنی بابەتە سنووربڕەکان بە شێوەی ڕاستەوخۆ. | نەبوونی خاڵی لاوازی دیار. |

**٥. چوارچێوەی پێشنیارکراو: بەرەو هاوکارییە کردارییەکان**

لە بواری ناوچە ئاوڕێژە سنوورییەکانی وڵاتی ئێران، کۆمەڵێك لێکۆڵینەوەی گشتگیر کراوە. بۆ نموونە: لە ڕاپۆرتی ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی پەرەپێدان و ئایندەناسی (٢٠١٨) بە هەڵسەنگاندنی پێنج ناوچەی ئاوڕێژی سنووربڕ (دیجلە-فورات-ئەروەندرود (شەتەلعەرەب)، ناوچەی ئاراس، ناوچەی ئەتراک، ناوچەی هیرمەند و ناوچەی هەریرود)، دەرکەوت کە لە ڕووی چەندێتی، پێوەری ئاڵۆزی ئاو (تنش آب) و پێوەری پیسبوون، لە هەلومەرجێکی زۆر مەترسیداردان. بەپێی ڕاگەیاندنی سەرچاوەکانی ئاوی ژێرزەویی نێودەوڵەتی، وڵاتی ئێران خاوەنی شەش گەنجینە ئاوهەڵگری سنووربڕە لە ڕۆژهەڵات و پێنج گەنجینە ئاوهەڵگر لە ڕۆژئاوایە (Fereshtehpour et al، ٢٠١٥). گەنجینە ئاوهەڵگرەکانی ڕۆژئاوا پانتاییەکی فراوانتریان هەیە بە بەراورد لەگەڵ گەنجینە ئاوهەڵگرەکانی ڕۆژهەڵات. لەگەڵ ئەمەشدا، وتوێژە سنووربڕەکان لە ڕۆژهەڵات بە هۆی هەرێمی کەشوهەوای وشک و نیمچەوشک کە لەم ناوچەیەدا هەیە، زیاتر لەبەرچاون (Shahbazbegian et al، ٢٠١٦: ١٧٠; Najafi and Vatanfada، ٢٠١٣: ١٣٥). بەپێی ئەوەی کە باس کرا و ئەزموونەکانی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان، چوارچێوی خوارەوە بۆ هاوکاریی ئێران لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ پێشنیار دەکرێت.

بەپێی وێنەی (٢)، لە سەرەتادا دەبێت لێکتێگەیشتنی سەرەتایی لەنێوان وڵاتە هاوبەشەکانی گەنجینە ئاوهەڵگرەکە ئەنجام بدرێت و سەرچاوەیەکی دارایی بۆ گرتنەبەری هەنگاوی هونەری و جێبەجێکردنی دواتر دابین بکرێت. بۆ ئەم مەبەستە دەتوانرێت لە توانستی هونەری و دارایی ناوەندە پسپۆڕە نێودەوڵەتییەکانی وەکوو بەرنامەی ژینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان (United Nations Environment Programme)، بەرنامەی ئاوەدانکردنەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان (United Nations Development Programme)، کۆمسیۆنی ئابووریی کۆمەڵایەتیی ڕێکخراوی وڵاتانی ئاسیا و ئۆقیانووسیا (ئیسکاپ) (United Nations Economic and Social Commission for Asia and the Pacific)، کۆمسیۆنی ئابووریی کۆمەڵایەتیی ڕۆژئاوای ئاسیا (ئیسکوا) (United NationsEconomic and Social Commission for Western Asia )، تۆڕی بەرگری بەرانبەر کارەساتە سروشتییەکانی ئاسیا و ئۆقیانووسیا (APDRN)Asian Pacific Disaster Resiliance Network) ) و بەتایبەت سەنتەری ناوچەیی بەڕێوەبردنی زانیاریی کارەساتەکان بۆ ئاسیا و ئۆقیانووسیا (APDIM) (Asian and Pacific Centre for the Development of Disaster Information Management) سوود وەربگیرێت.




وێنەی (٢)

فلۆچارتی پێشنیارکراو بۆ هاوکاریی ئێران لەگەڵ دراوسێکانی بۆ داڕشتنی ڕێککەوتننامەی کاریگەر و بەکاربەر لە بارەی گەنجینە ئاوهەڵگرە سنووربڕەکان

قۆناغی دواتر، ڕێکخستنی ڕێکخراوەیی ناوەندە گرنگ و کاریگەرەکانە. بۆ ئەم مەبەستە، لەسەر پێشنیاری ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی پەرەپێدان و ئایندەناسی (٢٠١٨)، لیژنەیەکی دیپلۆماسیی ئاو دروست دەکرێت. ئەندامەکانی ناو ئەم لیژنەیە دەکرێ لە وەزارەتی وزە، وەزارەتی دەرەوە، وەزارەتی کشتوکاڵ، بەڕێوبەرایەتیی پلاندانان و دارایی وڵات، بەڕێوەبەرایەتیی پاراستنی ژینگە، بەڕێوبەرایەتیی کەشوهەوای وڵات و کۆمسیۆنی ئاو و کشتوکاڵی پەرلەمان بن، تا بتوانین بە زیادکردنی هاوکاریی نێوان توانستی پسپۆڕیی دەزگا جێبەجێکارەکانی ناوخۆی وڵات و توانستی دبلۆماسیی وەزارەتی دەرەوە بگەینە ئەنجامی بەرچاو بە ئاراستەی کۆنترۆڵکردنی کاریگەرە نەرێنییەکان کە بە هۆی کەمبوونەوەی ئاستی گەنجینە ئاوهەڵگرە سنووربڕەکان دێنە ئاراوە. ئەرکی سەرەکیی ئەم لیژنەیە، ستراتیژی، پلاندانان، پاراستن و سیاسەتڕێژییە لەمەڕ بابەت و ئاڵنگارییەکانی گەنجینە ئاوهەڵگرە سنووربڕەکان. سەرۆکی ئەم لیژنەیە لە ئەستۆی وەزیری وزەیە و نووسینگەی لیژنەکەش دەبێت لە ئەستۆی وەزارەتی وزە بێت. بەڕێوەبەرایەتیی پلاندانان و بودجە دەبێت هەڵسەنگاندنی ساڵانەی خۆی لەسەر پرسی کاریگەری و چاودێریکردنی کارەکان هەبێت. لە دوو قۆناغی دواتردا (کە لایەنی هونەریی هەیە) دەبێ بە دانانی وێستگەیەکی زانیاریی هاوبەش لەنێوان وڵاتانی سوودمەند، سەرەتا بۆشاییە زانیارییەکان بناسرێنەوە و دواتر ڕێکخستنی زانیارییە کۆکراوەکان لە سەرچاوە جیاوازەکان کاری لەسەر بکرێت و لە کاتی پێویستدا زانیارییە بێکەڵکەکان لا بدرێن.

دوای دانانی سەنتەر یان وێستگەی زانیاری، دەبێ هەڵسەنگاندنێکی ورد لە گەنجینە ئاوهەڵگرە سنووربڕەکانی وڵات لەسەر بنەمای پێوەرە جیاوازەکانی وەک چەندێتی، چۆنێتی، کۆمەڵایەتی و ئابووری بکرێت، تا ڕیزبەندییەکی ورد لە ڕووی چەندێتی و چۆنێتی لەنێوان گەنجینە ئاوهەڵگرەکان بۆ بڕیاردان و دیاریکردنی بودجە بکرێت. لەم قۆناغەدا دەبێت هاوشێوەی (وێنەی ١)، مۆدێل و جۆری گەنجینە ئاوهەڵگرەکە لە ڕووی پەیوەندیی هایدرۆلیکی لەگەڵ ڕووبارەکان و سنووردرابوونیان دیاری بکرێت. لە هەنگاوی دواتردا دەبێ لیژنەی جیاوازی هونەری، جێبەجێکار و ڕاوێژکاری دروست بکرێت تا بە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی زانستی، زانیارییەکانی بەردەست زیاد بکات و بتوانن بە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵایەتی کە لەلایەن ڕێکخراوە ناحکومییەکان ئەنجام دەدرێت، کار لەسەر ڕەفتاری خەڵکی لە

ڕووی بەکارهێنانی ئەم سەرچاوە ئاوییە گرنگانە بکەن. بۆ ئەم مەبەستە دەکرێت سوود لە ڕاگەیاندنی گشتی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی گشتی، بەشداریی زیاتری خەڵک و زیادکردنی توانای بەشداربووان بۆ پاراستنی سەرچاوەکانی ژێرزەوی وەربگیرێت.

دوای ئەنجامدانی ئەم کارانە، دەتوانرێت ڕێککەوتننامەیەکی گشتی (تێروتەسەل) لەنێوان وڵاتانی هاوبەش لە گەنجینە ئاوهەڵگرەکەدا دابڕێژرێت کە بۆ گرەنتیی جێبەجێکردنی دەبێت خاڵی گرنگی تێدا زیاد بکرێت. بۆ نموونە؛ وڵاتانی ناوچەی گەنجینە ئاوهەڵگرەکە لەوانەیە شێوازی بڕیاردانیان جیاواز بێت کە پێویستە تا ئاستی گونجاو ڕێکاری چارەسەر و گفتوگۆکان لە یەکتر نزیک بێت (وەکوو گەنجینە ئاوهەڵگری سنووربڕی ئەمەریکا-مەکسیک کە لە یەکێکیاندا ڕێکاری ویلایەتی و لەوەی تردا ڕێکاری ناوچەیی بۆ بڕیاردان لە ناوچەی گەنجینە ئاوهەڵگرەکە بوونی هەبوو). لەگەڵ ئەوەشدا تا دەکرێت دەبێت ڕەخنە و گرفتەکان لە ئاستی ناوچەییدا چارەسەر بکرێت و تەنیا لە حاڵەتی تایبەتدا ناوەندە حکومییەکان بێنە ناو بابەتەکەوە (هاوشێوەی گەنجینە ئاوهەڵگری جەنەوا). بە واتایەکی تر: لیژنەکان لەو ناوەندانە پێک بهێنرێن کە بەرپرسی دابینکردنی ئاوی هاوڵاتیانی ئەو ناوچەیەن، وەکوو کۆمپانیاکانی ئاوی ناوچەیی، وەکوو نوێنەری حکومەت لە شوێنی گەنجینە ئاوهەڵگرەکە، وەکوو بڕیارساز و ئەنجوومەنەکان وەکوو نوێنەری ڕاستەوخۆی خەڵک، بە مەبەستی باشترکردنی بڕیارەکان و ڕۆڵی ڕاوێژکارییان.

لەم ڕێککەوتننامەیەدا پێویستە ئەرک و هەنگاوەکانی هەردوو لا لە خولی زەمەنییە جیاوازەکان (بۆ کەمکردنەوەی دەرهێنان لە گەنجینە ئاوهەڵگرە سنووربڕەکە) ڕوون بکرێتەوە و هەروەها پێشبینیی جیاوازی یاسایی بۆ بڕیار و هەنگاوی پێویست لە کاتی پابەندنەبوونی یەکێک لە لایەنەکان بە بەڵێنەکانەوە ئەنجام بدرێت. بۆ ئەم کارە دەکرێت لە هەرەمەکانی فشار لە بوارەکانی تر (وەکوو بوارە ئابوورییەکان) سورد وەربگیرێت، بەو واتایەی کە هاوکاری لە بواری ئابووری پەیوەست بێت بە پابەندبوون بە بەڵێنەکانەوە. ئەم ڕێککەوتننامەیە دەبێت لە خولە زەمەنییە دیاریکراوەکان لە ڕووی جێبەجێکردنەوە لەلایەن ناوەندە حکومییەکان (وەکوو لیژنەی دبلۆماسیی ئاو) هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت و لە ئەگەری پێویستدا پێداچوونەوەی پێدا بکرێت. پێویستە بوترێت کە چوارچێوەی پێشنیارکراو، هەنگاوە سەرەتاییەکان بە ئامانجی گەیشتن بە هاوکارییەکی کردەیی دەگرێتە بەر.

**٦. ئەنجام**

جیهان لە دۆخی زیاتر بەکارهێنان و کەوتنە پێشی بەکارهێنانی ئاوە بە بەراورد بە توانای نوێبوونەوەی سەرچاوەکانی ئاو، ئەم دیاردەیە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەیەکی فراوان لە ڕێژەی ئاو. کێبڕکێ لەسەر وەبەرهێنان لەسەر سەرچاوە ئاوییە هاوبەشەکان، ئەگەرچی لەوانەیە بۆ ماوەیەکی کەم سوودی بۆ لایەنی باڵادەست دەبێ، بەڵام بە شێوەیەکی ڕەها لە ماوەی درێژخایەندا کاریگەریی نەرێنیی ئەم وەبەرهێنانانە بێسنوورە تووشی هەموو وڵاتانی هاوبەش لە ناوچە ئاوییەکە دەبێت. سەرنەکەوتنی زۆربەی وڵاتانی تازەپێگەیشتوو لە دانانی سیاسەتی سنووردارکردنی وەبەرهێنان لە سەرچاوەکانی ئاوی ژێرزەوی، دەرچەیەکی نیگەرانکەری ڕووبەڕووی ئەم وڵاتانە و تەنانەت هەموو جیهان کردووەتەوە.

لەگەڵ بوونی ئەزموونی فراوان و بەبەها لە هاوکاریی وڵاتانی هاوبەش لە ڕووبارە سنووربڕەکان و سەرەڕای زیاتر لە دەیەیەک بایەخدانی هونەری و سیاسی لە بەرزترین ئاستی نێودەوڵەتی بۆ گەنجینە ئاوهەڵگرە سنووربڕەکان، پێشکەوتنێکی زۆر کەم لە داڕشتن و بەرەوپێشبردنی ڕێککەوتنامەی تایبەت بەم سەرچاوانە بەدی دەکرێت. زانیاریی زانستیی تایبەت بە نزیکەی ٦٠٠ گەنجینە ئاوهەڵگری سنووربڕ کە پێدەچێت لە هەموو وڵاتێکدا بوونیان هەیە؛ زۆر لاوازە، تا ئاستێک ناسینەوەی ناوچەکانی ناکۆکیلەسەر، پیسبوونیان و...؛ زیاتر لە گومانێکی پسپۆڕانە نییە. کەمیی زانیاری و داتاکان لەم بوارەدا، دەبێتە هۆی وەڵامنەدانەوەی ئاڵنگارییەکانی بەردەممان.

لەم توێژینەوەدا دوای هەڵسەنگاندنی مۆدیلەکانی گەنجینە ئاوهەڵگرە سنووربڕەکان، کە جیاوازییەکانیان لەگەڵ سەرچاوەکانی ئاوی سەرزەوی نیشان دەدات، لێکۆڵینەوە لەسەر هەندێک لە گرنگترین ئەزموونەکان لە ئاستی نێودەوڵەتی لە کیشوەرەکانی ئەورووپا، ئەفەریقا و ئەمەریکا کراوە و ڕێککەوتننامەکان و بەڕێوەبردنی هەندێک لە گرنگترین سەرچاوەکانی ئاوی ژێرزەویی هاوبەش؛ تیشکی خراوەتە سەر. ئەنجامەکان ئەوە دەردەخەن کە لە چوار گەنجینەی ئاوهەڵگر کە لەم لێکۆڵینەوەدا کاری لەسەر کراوە و بە بەشێك لە گرنگترین گەنجینە ئاوهەڵگرەکانی ئەمەریکا، ئەورووپا و ئەفەریقا دادەنرێن، جگە لە گەنجینە ئاوهەڵگری هاوبەشی فەڕەنسا-سویسرا، ڕێککەوتننامەکانی تر بە هۆکاری جیاواز وەکوو پەسەندنەکردنی ناوخۆیی ڕێککەوتننامەکان، پشتیوانینەکردنی دارایی

لەلایەن ناوەندە فەرمی و نێودەوڵەتییەکان و... هتد، نەیانتوانیوە بگەنە ئامانجەکانیان بەو شێوەی کە دیاری کرابوون. لەسەر ئەم بنەمایە و بە سەرنجدان لە ئەزموونەکان، لە توێژینەوەی بەردەست چوارچێوەیەک بۆ هاوکاریی کرداریی ئێران و دراوسێکانی لە بارەی دارشتنی ڕێککەوتننامەی کاریگەر لەسەر گەنجینە ئاوهەڵگرە سنووربڕەکان پێشنیار کراوە. ئەم چوارچێوەیە لەسەر بنەمای خاڵە بەهێز و داپۆشینی خاڵە لاوازەکانی ئەو ڕێککەوتنامانەی کە لەم توێژینەوە کاریان لەسەر کراوە، خراوەتە ڕوو.

چوارچێوەی پێشنیارکراو لە چوار بەش پێک دێت کە لە بەشی یەکەمدا دەبێت لێکتێگەیشتنی سەرەتایی لەنێوان وڵاتانی سوودمەند لەگەڵ دابینکردنی سەرچاوەی دارایی سەرەتایی (وەکوو بەکارهێنانی توانستی ناوەندە نێودەوڵەتییەکان) ئەنجام بدرێت. لە بەشی دووەمدا، پێویستە هەموو ناوەندە گرنگ و کاریگەرەکان لە چوارچێوەی لیژنەی دبلۆماسی چالاک بن. لە بەشی سێیەمدا دەبێت بە مەبەستی ڕێکخستن، کۆکردنەوە و هاوتاکردنی بنکە جیاوازەکانی زانیاری، هەڵسەنگاندنی گشتی بۆ بارودۆخی گەنجینە ئاوهەڵگرە سنووربڕەکانی وڵات بکرێت و لە کۆتاییدا و لە بەشی چوارەمدا بە لەبەرچاوگرتنی شێوازی حوکمڕانیی وڵاتانی ناوچەی گەنجینە ئاوهەڵگرەکە، ڕێککەوتننامەیەکی گشتی و پوخت واژۆ بکرێت. پێویستە بوترێت کە چوارچێوەی پێشنیارکراو، پەیکەربەندییەکی چالاکی هەیە و دوای ڕێکخستنی ڕێککەوتننامەی هاوبەش، چالاکییەکانی پەیوەست بە نوێکردنەوەی زانیارییەکان لە هەر خولێك (وەکوو کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی داتا نوێیەکان، دابینکردنی سەرچاوەی دارایی نوێ و... هتد) بەردەوام دەبێت. توێژینەوەی بەردەست، هەنگاوی سەرەتایی بۆ گەیشتن بە هاوکاریی کرداری هەڵگرتووە و بە پەرەپێدانی زیاتری، دەستکەوتی باشتر بەدەستەوە دەدات.

پەراوێزەکان:

1 Transboundary Aquifers

سەرچاوەکان:

1. Ahmed, E. H. M. (2013). “Nubian Sandstone Aquifer System” Merit Research Journal of Environmental Science and Toxicology, v. 16, p. 114–118.

2. Alley, W.M., (2013). “Five-Year Interim Report of the United States – Mexico transboundary Aquifer Assessment Program: 2007–2012”.

3. Borghetti, N. R. B., Borghetti, J. R., & Rosa Filho, E. F. (2011). A integração das águas: revelando o verdadeiro aquífero Guarani. Curitiba: Edição da autora.

4. Callegary, J.B., Heilman, J.A., Tapia Villasenor, E.M., Knight, J.E., (2018). San Pedro River Aqui-

[In Persian]

13. Hatami, M. & Babaei, H. (2015). “Analyzing 2008 International Draft Articles on the Law of Transboundary Aquifers” Public Law Research, 16(44), 9-33. http://qjpl.atu.ac.ir/article_666.html.

14. IAEA, UNDP, GEF, (2013). Regional strategic action programme for the Nubian Aquifer System. Available at: https://www.iaea.org/sites/default/files/sap180913.pdf.

15. IBWC, (2009). Joint Report of the Principal Engineers Regarding the Joint Cooperative Process United States-Mexico for the Transboundary Aquifer Assessment Program. pp. 11 August 19, 2009.

16. IBWC/CILA, (2017). “Minutes between the U.S. and Mexican section’s of the IBWC.” Project IBWC/CILA 2017. http://www.ibwc.state.gov/Treaties_Minutes/Minutes_ByProject.html Accessed February 10, 2017.

17. IGRAC, (2015). Transboundary Aquifers of the World – The Special Edition for the 7 World Water Forum. Available at: https://www.un-igrac.org/ggis/transboundary-aquifers-world-map.

18. Kettelhut, J. T. (2013). Lessons learned from The Guarani Aquifer System Project Adopted In The La Plata Basin Framework Program. Environmental Development, 7, p. 109-118.

19. Margat, J., Gun, J. (2013). Groundwater Around the World: A Geographic Synopsis. Leiden: CRC Press/Balkema.

20. McCaffrey, S. C. (2011). "The International Law Commission's flawed Draft Articles on the Law of Transboundary Aquifers: the way forward." Water International, 36(5), p. 566-572. https://doi.org/10.1080/02508060.2011.597094

21. Mokhtari Hashi, H. (2013) “Hydropolytic of Iran; Geography of the water crisis on the horizon of 1404, Geopolitics Quarterly, 9 (31), p. 49-83.[In Persian]

22. Mokhtari Hashi, H., Ghaderi Hajat, M.

fer Data Release - Transboundary Aquifer Assessment Program (TAAP):U.S. Geological Survey Data Release. https://doi.org/10.5066/F72805RX

5. Carter, N. T., Mulligan, S. P., & Seelke, C. R. (2017). US-Mexican Water Sharing: Background and Recent Developments. Congressional research service, Congressional Research Service 7-5700 www.crs.gov.

6. Davies, J., Robins, N. S., Farr, J., Sorensen, J., Beetlestone, P., & Cobbing, J. E. (2013). “Identifying transboundary aquifers in need of international resource management in the Southern African Development Community region.” Hydrogeology Journal, 21(2), p. 321-330. https://doi.org/10.1007/s10040-012-0903-x

7. de los Cobos, G. (2018). “The Genevese transboundary aquifer (Switzerland-France): The secret of 40 years of successful management.” Journal of Hydrology: Regional Studies, 20, p. 116-127. https://doi.org/10.1016/j.ejrh.2018.02.003

8. de Oliveira Vieira, E., Sandoval-Solis, S., de Albuquerque Pedrosa, V., & Ortiz-Partida, J. P. (2019) Integrated Water Resource Management Cases from Africa, Asia, Australia, Latin America and USA. Springer Nature Switzerland AG.

9. Development and Foresight Research Center (2018) “Investigating the effects of water planning programs of neighboring countries in shared basins on Iran”. 11th Ed., 97-13-1029.[In Persian]

10. Eckstein, G.E., (2011). “Managing buried treasure across frontiers: the international Law of Transboundary Aquifers.” Water International 36, p. 573–583. https://doi.org/10.108002508060.2011.598642

11. Eckstein, Y., Eckstein, G. E. (2005) "Transboundary Aquifers: Conceptual Models for Development of International Law." Ground Water, 3(5), p. 679-690. https://doi.org/10.1111/j.1745-6584.2005.00098.x

12. Fereshtehpour, M., Roghani, B., Mianabadi, H (2015). “Transboundary groundwater governance challenges”.Geopolitics Quarterly, 11 (3), pp. 170-204.

aquifer resources management initiative (ISARM) of UNESCO at the global scale." Journal of Hydrology: Regional Studies, 20, p. 5-14.

30. Sanchez, R., & Eckstein, G. (2017). Aquifers shared between Mexico and the United States: Management perspectives and their transboundary nature. Groundwater, 55(4), 495-505. https://doi.org/10.1111/gwat.12533

31. Shahbazbegian, M., Bagheri, A., Mousavi Shafaei, S. M., (2016). "Analysis of the mechanisms leading to Hirmand River water harvesting in Afghanistan, with emphasis on the state-building project in that country". Geopolitics Quarterly, 12 (43), p. 168-190.[In Persian]

32. Sindico, F., Hirata, R., & Manganelli, A. (2018). "The Guarani Aquifer System: From a Beacon of hope to a question mark in the governance of transboundary aquifers." Journal of Hydrology: Regional Studies, 20, p. 49-59. https://doi.org/10.1016/j.ejrh.2018.04.008

33. Villar, P. C. (2016). "International cooperation on transboundary aquifers in South America and the Guarani Aquifer case." Revista Brasileira de Política Internacional, 59(1).

34. Villar, P. C. and Ribeiro W. C. )2011(. "The Agreement on the Guarani Aquifer: a new paradigm for transboundary groundwater management?" Water International, 36 (5), p. 646-660. https://doi.org/10.1080/02508060 .2011.603671

35. Wada, Y., & Heinrich, L. (2013). "Assessment of transboundary aquifers of the world—vulnerability arising from human water use". Environmental Research Letters, 8(2).

36. World Bank (2009). "Environmental Protection and Sustainable Development of the Guarani Aquifer System Project." Project ID: P068121. Available at: http://projects.worldbank.org/P068121/environmental-protection-sustainable-development-guarani-aquifer-system-project.

(2008) "Middle East Hydropolytics on the horizon of 2025 Case Study: Tigris and Euphrates basins, the Jordan River and the Nile River, Geopolitics Quarterly, 4 (11), p. 36-74.[In Persian]

23. Najafi, A., VatanFada, J. (2012). "Promoting transboundary water management, alternative ways in the Middle East case study: Iran and its neighbors' transboundary waters". Geopolitics Quarterly, 8 (28), 135-155. [In Persian]

24. Newton, J. (2013). "Case Study of Transboundary Dispute Resolution: The Guarani Aquifer. Oregon State University Program in Water Conflict Management and Transformation." http://www. transboundarywaters. orst. edu/research/case_ studies/ GuaraniAquifer_New. htm. Accessed, Feb. 26, 2019.

25. Nijsten, G. J., Christelis, G., Villholth, K. G., Braune, E., & Gaye, C. B. (2018). "Transboundary aquifers of Africa: Review of the current state of knowledge and progress towards sustainable development and management." Journal of Hydrology: Regional Studies, 20, p. 21-34. https://doi.org/10.1016/j.ejrh.2018.03.004

26. Puri, S., & Aureli, A. (2005). "Transboundary aquifers: a global program to assess, evaluate, and develop policy." Groundwater, 43(5), p. 661-668. https://doi.org/10.1111/j.1745-6584.2005.00100.x

27. Puri, S., Appelgren, B., Arnold, G., Aureli, A., Burchi, S., Burke, J., ... & Pallas, P. (2001). "Internationally shared (transboundary) aquifer resources management: their significance and sustainable management" IHP-VI, Series on Groundwater No 1 p. 66 (Paris: UNESCO) Available at: http://unesdoc.unesco.org/images/0012/001243/124386e.pdf.

28. Quadri, E. (2017). "The Nubian Sandstone Aquifer System–A case of cooperation in the making." In World Water Congress XVI, International Water Resources Association (IWRA). Cancun, Mexico.


29. Rivera, A., & Candela, L. (2018). "Fifteen-year experiences of the internationally shared

ئایندەناسی

# ڕاپۆرتی ئایندەیی

# پرسی ئاو؛ کلیل لە بەغدا و کێشە لە هەرێم

ئامادەکردن: عەدنان ئەحمەد



**بەرایی**

ماوەی چەند ساڵێکە لەگەڵ گۆڕانی کەشوهەوا و وشکەساڵی کە ڕووبەڕووی زەوی بووەتەوە، هەرێمی کوردستانیش ڕووبەڕووی وشکەساڵی بووەتەوە و بەشێک لە پسپۆڕانیش باس لە قەیرانی کەمئاوی و وشکەساڵیی قورس دەکەن. سەرەڕای گۆڕانە سروشتییەکان، پسپۆڕانی بواری ئاو باس لە ئیدارەدانی نەگونجاوی ئاو لەلایەن حکومەتی هەرێم دەکەن و دەڵێن حکومەتی هەرێم خاوەن سیاسەتێکی زانستی نییە بۆ ئیدارەدانی دەرامەتی ئاو

و ڕووبەڕووبوونەوەی قەیران و کێشەکانی تایبەت بە ئاو. بەڕێوەبەری هەردوو بەنداوی دوکان و دەربەندیخانیش سەرەڕای ئاماژەکردن بە کێشە و گرفت و مەترسییەکان، دەڵێن سەرەڕای وشکەساڵی و گرتنەوەی سەرچاوەکانی ئاو لەلایەن وڵاتانی دراوسێ و بەتایبەت ئێرانەوە، توانیویانە بەپێی پێویست ئیدارەی دۆخەکە بدەن، ئاستی زیانەکان کەم بکەنەوە و پێداویستیی خوار بەنداوەکانیش پڕ بکەنەوە. بە شێوەیەکی گشتی قەیرانی ئاو لە هەرێم سێ هۆکاری سەرەکییان هەبووە: یەکەم: گلدانەوەی ئاوی ئەو سەرچاوانەی کە لە ئێران و تورکیاوە دەڕژێنە خاکی هەرێمی کوردستان، دووەم: خراپیی ئیدارەدانی ئاو و نەبوونی بەنداوی پێویست، سێیەمیش: کەمبوونەوەی بڕی دابارین و وشکەساڵی.

**قەیرانی ئاو**

سەرەڕای دەوڵەمەندیی هەرێمی کوردستان بە ئاوی سەرزەوی و ژێرزەوی، بەڵام بە هۆی وشکەساڵی، ئیدارەی نازانستییانەی دەرامەتە ئاوییەکان و گلدانەوەی ئاو لەلایەن ئێرانەوە، ڕووبەڕووی کێشەی کەمئاوی بووەتەوە کە بەشێک لە پسپۆڕان بە قەیران ناوی دەبەن. د. هەڵەت ڕەشید؛ پسپۆڕی جوگرافیای سروشتی، لە بارەی ئەوەی ئایا دەتوانین باس لە قەیرانی ئاو بکەین لە هەرێمی کوردستان، دەڵێت پێوەری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەرکەوتەی تاک لە ئاستی جیهان بۆ ئاوی سازگار لەسەر زەوی؛ ١٢ هەزار مەتر سێجایە بۆ بەکارهێنانە جیاوازەکان. نەتەوە یەکگرتووەکان دەڵێت، هەر وڵاتێک بەرکەوتەی تاک بۆ ئاو تیایدا لەنێوان هەزار بۆ دوو هەزار مەتر سێجا بوو، ئەوا بە جۆرێک لە جۆرەکان قەیرانی ئاوی هەیە، هەر وڵاتێکیش کە بەرکەوتەی تاک لە هەزار مەتر سێجا کەمتر بوو، ئەوا وڵاتێکی هەژارە لە بواری ئاو. ئێمە لە کوردستاندا لە پێنج لقەڕووباردا لەگەڵ چەم و لقەکان، دەتوانین بڵێین ساڵانە بە شێوەیەکی ناوەندی (٤١) ملیار مەتر سێجا داهاتی ئاومان هەیە، واتە ئاوی ڕۆیشتوو، ئەگەر ژمارەی دانیشتووان بە پێنج ملیۆن کەس دابنێین، ئەوا بەرکەوتەی تاک نزیکەی هەشت هەزار مەتر سێجایە لە ساڵێکدا بۆ هەموو جۆرە بەکارهێنانەکان. واتە بەپێی پێوەری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەرکەوتەی تاک لە ئاوی ڕۆیشتوو، ئێمە وڵاتێکی دەوڵەمەندین و قەیرانمان نییە، بەڵام ئەگەر ئێمە لەسەر بنەمای ئاوی وەبەرهێنراو هەژماری بکەین، ئەوا دەتوانین بڵێین ئاوی وەبەرهێنراوی ئێمە بریتییە لە ئاوی بەنداوەکانی دوکان، دەربەندیخان و دهۆک، کە لە بەرزترین ئاستیاندا ساڵانە ١٠ ملیار مەتر سێجا ئاویان هەیە. ئەگەر بەرکەوتەی تاک لەم ڕێژەیە دەربهێنین، هەر تاکێک دوو هەزار مەتر سێجا ئاوی بەر دەکەوێت، کەواتە بەپێی

پێوەری نەتەوە یەکگرتووەکان ئێمە وڵاتێکین لە لێواری قەیراندایین. منیش پێم وایە پێویستە لە ئاوی وەبەرهێنراو بەرکەوتەی تاک دیاری بکەین، چونکە ئاوی ڕۆیشتوو هەژمار ناکرێت، لەبەر ئەوەی هەر ساڵێک باران کەم بوو، یان لەلایەن وڵاتانی دراوسێوە ئاوی ڕووبارەکان گل درانەوە و کۆنترۆڵ کران، ئەوا بەرکەوتەی تاک لە ئاوی ڕۆیشتوو سفر یان کەم دەبێتەوە، بۆیە پێویستە بەرکەوتەی تاک لە ئاوی وەبەرهێنراو دیاری بکەین، هەر چەندە ئاوی وەبەرهێنراویش جێگیر نییە، بەڵام کێشەی کەمئاوی چارەسەر دەکات. هۆکاری سەرەکیی قەیرانەکەمان کێشەی وەبەرهێنانە لە بواری ئاو، چارەسەری خێرا و کورتمەودا و درێژمەودای قەیرانی ئاویش دروستکردنی بەنداو و پڕۆژەی ئاودێریی ڕێکوپێکە، بۆ ئەوەی چیتر ئاو بەفیڕۆ نەچێت.

**بەنداوەکان**

نەبوونی بەنداوی پێویست لە هەرێمی کوردستان، لە کێشە گەورە و ستراتیژییەکانی هەرێمە کە بووەتە هۆی ئەوەی نەتوانرێت بەتەواوی ئیدارەی ساڵە وشکەکان بدرێت و بەپێی پێویست ئاوی وەرزە باراناوییەکان کۆ بکرێتەوە بۆ وەرزە وشکەکان. ڕۆژی سێشەممە، ٢٠٢١/١٢/٢١، بێگەرد تاڵەبانی، بە ئامادەبوونی لیژنەی هاوبەشی وەزارەت و وەزارەتی پلاندانان و ئەنجوومەنی وەزیران کۆبوونەوەیەکیان ئەنجام دا بە مەبەستی تاوتوێکردنی دوایین هەنگاوەکانی هەڵسەنگاندنی پرۆپۆزەڵی پێشکەشکراوی کۆمپانیاکانی بواری وەبەرهێنان و دروستکردنی پڕۆژەکانی ئاودێری و بەنداوەکان، بەتایبەتی دەربارەی دروستکردنی (٩) بەنداوە ستراتیژییەکانی هەرێمی کوردستان کە پێک هاتوون لە (مەنداوە، خێوەتە، باکرمان سارتک، دەلگە، دێرەلووک، تەقتەق، بەردەسوور، باصێ)، بەپێی سیستمی پەسندکراوی (PPP) وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو و حکومەتی هەرێمی کوردستان. لەگەڵ ئەم هەنگاوانەدا، بەڵام تا ئێستا یەکێک لە کێشە گەورەکانی بەردەم هەرێمی کوردستان، نەبوونی بەنداوی پێویست و کارنەکردنی چڕە لەم بوارەدا. کۆچەر جەمال تۆفیق؛ بەڕێوەبەری بەنداوی دوکان، دەڵێت لە هەرێمی کوردستان دوو بەنداوی گەورەمان هەیە، ئەوانیش دوکان و دەربەندیخانن، بەنداوی دوکان توانای گلدانەوەی حەوت ملیار مەتر سێجا ئاوی هەیە و بەنداوی دەربەندیخانیش لە توانایدایە نزیکەی سێ ملیار مەتر سێجا ئاو کۆ بکاتەوە، واتە بە هەردووکیانەوە ١٠ ملیار مەتر سێجا ئاو کۆ دەکەنەوە. بەنداوی دهۆکیش سێیەم بەنداوی گەورەیە. چەند بەنداوێکی بچووکیش تەواو کراون و بەشێک لە بەنداوەکانیش کاریان تێدا دەکرێت، چەند بەنداوێکیش بڕیارە لە داهاتوودا

کاریان لەسەر بکرێت کە بە دروستکردنیان؛ دەتوانرێت ڕێژەیەکی پێویست و تەواو ئاو گل بدەینەوە و کێشەی کەمئاوی لە هەرێم و عێراقیش کەم بکەینەوە. ڕەحمان خانی؛ بەڕێوەبەری بەنداوی دەربەندیخانیش دەڵێت لە ئێستادا پلانی بەنداوی دیکەش هەیە کە بڕیارە بەپێی گرنگی و ئەو بودجەیەی بۆیان تەرخان دەکرێت؛ دەست بە جێبەجێکردنیان بکرێت و تا ئێستا نزیکەی (١١) بەنداوی بچووک لە ناوچە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان دروست کراون کە بۆ ئەم ناوچانە گرنگیی خۆیان هەیە، هەروەک پلانیش هەیە کەرتی گشتی و تایبەت پێکەوە و بەهاوبەشی چەند بەنداوێک دروست بکەن. د. هەڵەت ڕەشید پێی وایە بوونی ژمارەیەکی زۆری بەنداو مەرج نییە، لە ئێستادا لە کوردستان پێویستمان بە دوو جۆر بەنداوە، خاڵی یەکەم: چەند بەنداوێکمان پێویستە بە هۆی ئەو سیاسەتەی ئێران لەسەر سیروان و زێی بچووک جێبەجێی دەکات، ئێمە چەند بەنداوێکمان پێویستە لە ناوچەکانی سەرووی بەنداوی دوکان و دەربەندیخان، بۆ ئەوەی لە ساڵانی پڕبارانی ئاو لەم دوو بەنداوەدا گل بدەینەوە، بۆ ئەوەی فشار نەکەوێتە سەر بەنداوەکان. بەم جۆرە بۆ نموونە هەم ناوچەکانی سەرووی زێی بچووک ئاودێری دەکەن، هەم ئاوەکەش دەڕژێتەوە بەنداوی دوکان، واتە پێویستمان بە بەنداوی پاڵپشتە بۆ بەنداوی دوکان، چونکە لە ساڵە پڕبارانەکان ئاوەکە بەفیڕۆ دەڕوات، چونکە لە کاتی پڕبوونیدا ناچارن بەنداوەکە بکەنەوە، تاکوو سەرڕێژ نەکات و زیان بە بەنداوەکە نەگات و لافاو دروست نەبێت. خاڵی دووەم: بەشێکی زۆری هەرێمی کوردستان خاڵییە لە ئاوی سەرزەوی و لقەڕووبار و چەمەکان، بەتایبەت ناوچەی باشووری چەمچەماڵ، هەولێر و بەشێکی زۆری گەرمیان، واتە لەم جۆرە ناوچانە هەموو جۆرە بەنداوێک پێویستە، بۆ ئەوەی ئاوی ژێرزەوی کۆ بکاتەوە و ئاوی پڕۆژە کشتوکاڵییەکانیش دابین بکات، بەتایبەت کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا ئاوێکی زۆری ژێرزەوی دەرهێنراوە.

### بەڕێوەبردنی ئاو

یەکێک لەو ڕەخنانەی پسپۆڕان ئاڕاستەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی دەکەن، ئەوەیە کە حکومەت نەیتوانیوە بەباشی ئەو ئاوە بەڕێوە ببات کە لەبەر دەستیدایە. د. هەڵەت ڕەشید لەم بارەیەوە دەڵێت نەتوانراوە بەباشی ئاو بەڕێوە ببرێت لە هەرێمی کوردستان، هەرێمی کوردستان لە ٣٠ ساڵی ڕابردوودا هیچ پڕۆژەیەکی ئاودێریی دروستی نەبووە بۆ بەڕێوەبردنی ئاوی لقەڕووبارەکان، بۆیەش دەڵێم لقەڕووبار، چونکە بەپێی پێوەری نەتەوە یەکگرتووەکان ئێمە لە هەرێمی کوردستان ڕووبارمان نییە،

بەڵام پێنج لقی سەرەکیمان هەیە کە ئیدارەی وڵاتێکی گەورەیان پێ دەکرێت، بەڵام ئێمە نەمانتوانیوە ئیدارەی بدەین لەگەڵ ئەوەی بارودۆخی سروشتیمان زۆر گونجاو بووە بۆ ئیدارەدانی ئاو، بەتایبەت دروستکردنی بەنداو و گواستنەوەی ئاو لە ناوچە شێدارەکانەوە بۆ ناوچە وشکەکان، چونکە ناوچەکانی باکووری هەرێم ناوچەی بەرزن و بەئاسانی دەتوانرێت پڕۆژەی ئاودێریی تێدا دروست بکرێت بۆ کشتوکاڵ و ئاوی خواردنەوە، بەڵام نەتوانراوە ئەم ئیدارەیە بکرێت، بۆیە دەتوانین بڵێین کێشەی ئاو لە هەرێمی کوردستان ڕەهەندی سروشتیی نییە، بەڵکوو نەبوونی بەڕێوەبردنێکی زانستیی ئاوە، لە کاتێکدا دەمانتوانی بەم ئاوە کەرتی کشتوکاڵ بە جۆرێک ببووژێنینەوە کوردستان بکەین بە ناوەندێک بۆ هەناردەکردنی بەرهەمی کشتوکاڵی بۆ ناوەڕاست و باشووری عێراق و تەنانەت وڵاتانی کەنداو.

بەڕێوەبەری بەنداوی دەربەندیخان بە باسکردن لە ساڵە وشکەکان و دابینکردنی ئاوی پێویست بۆ خەڵک و پڕۆژە کشتوکاڵییەکان، باس لەوە دەکات سەرەڕای وشکەساڵیی قورس، بەڵام توانیویانە ئیدارەی دۆخەکە بدەن و دەڵێت ئێمە لە چەند ساڵی ڕابردوودا چەند جارێک ڕووبەڕووی وشکەساڵی بووینەتەوە وەک ساڵەکانی (١٩٩٩، ٢٠٠٠، ٢٠٠١، ٢٠٠٨ و ٢٠٠٩)، بەڵام ئێمە توانیومانە بەباشی ئیدارەی ئاوی بەنداوەکان بکەین بۆ ئەوەی لانی کەم پێویستییەکانی خەڵک دابین بکەین. ئەمساڵیش کە یەکێک بوو لە ساڵە هەرە وشکەکان و ئاوێکی زۆر کەم هاتە بەنداوەکانمان، بەڵام ئێمە توانیمان ئیدارەیەکی باشی ئاوی بەنداوەکانمان بکەین و تا ئێستاش بەنداوەکانمان ئاوی تێدایە و ئەو شوێنانەشی کەوتوونەتە خوارووی بەنداوەکانەوە؛ نەمانهێشتووە بێئاوی بکێشن و لانی کەم ئاوی خواردنەوە و ئاوی پێویستیان بۆ دابین کراوە، تەنها ئەو شوێنانە تووشی کێشەی کەمئاوی بوون کە بەنداویان لێوە نزیک نەبووە و دوورەدەست بوون و لە زێکانەوە دوور بوون و جووتیارەکان تووشی زیان بوون.

بەڕێوەبەری بەنداوی دوکانیش لە بارەی ئیدارەدانی بەنداوەکان و ئەو ئاوەی لەبەر دەستیاندایە، باس لەوە دەکات ساڵانە لە یەکی دەوە ساڵی ئاوی دەست پێ دەکات و تا کۆتایی مانگی نۆی ساڵی داهاتوو بەردەوام دەبێت. لە مانگەکانی دوو، سێ، چوار و پێنج و هەندێک جاریش تا ناوەڕاستی مانگی شەشیش دەڕوات، کە لەم مانگانەدا ئاو کۆ دەکەینەوە و دواتر بەرنامەی بۆ دادەنێین و لە مانگەکانی دواتردا بەری دەدەینەوە، واتە هەموو ساڵێک بەپێی ئەو بڕە ئاوەی دێتە ناو دەریاچەکەوە؛ بەری دەدەینەوە و پلانیشی بۆ دادەنێین کە لە مانگەکانی

داهاتوودا چۆن سەرفی بکەین. ئێمە لە ڕابردوودا بەم جۆرە کارمان دەکرد. ساڵی پار ئیدارەیەکی باشتری ئاومان دا و ڕێژەیەکی زۆر کەمی ئەو ئاوەمان بەر دایەوە کە گلمان دابووەوە و تێبینیی ئەوەشمان کرد کە ڕێژەیەک بهێڵینەوە بۆ ئەمساڵ (٢٠٢٢) کە وا ئێستا تێیداین، نەوەک وشکەساڵ بێت، چونکە بەداخەوە لەدوای ساڵی (١٩٩٩)وە وشکەساڵەکان زۆر دووبارە بوونەتەوە. ساڵی ١٩٥٩ کە بەنداوەکە تەواو بووە، تا ساڵی ١٩٩٩ تەنها یەک ساڵی وشکەساڵ هەبووە کە لەناوەڕاستی هەشتاکاندا بوو، بەڵام لە ساڵی ١٩٩٩ تا ساڵی ٢٠٢١، شەش ساڵی وشکەساڵ هەبووە، واتە لە ئێستادا بەردەوام مەترسیی ئەوە هەیە وشکەساڵەکان دووبارە ببنەوە، لەبەر ئەوە بەردانەوەکەمان بەپێی ئەو ئاوەیە کە لەبەر دەستماندایە، واتە ئەگەر ئاوی زۆرمان بۆ بێت؛ ناتوانین ماوەیەکی زۆر بیهێڵینەوە لە دەریاچەکەدا و ئەو کاتە بە ڕێژەیەکی پێویست بەری دەدەینەوە و لە کاتی ئاساییشدا بە ڕێژەیەکی ئاسایی بەری دەدەینەوە، بەڵام لە وشکەساڵیدا ڕێژەیەکی کەمتر بەری دەدەینەوە. لە هەموو حاڵەتەکاندا ئەرکی ئێمە دابینکردن و بەردانەوەی ئاوی پێوستە بۆ خوارووی بەنداوەکانمان کە ئاوی خواردنەوەی نزیکەی سێ ملیۆن کەس لەسەر ئاوی بەنداوەکەیە، بۆیە ئاوی خواردنەوە لە ئامانجی سەرەکیمانە، پاشان پێداویستییە ژینگەییەکان و دواتریش کشتوکاڵ و پیشەسازی، بەڵام لە وشکەساڵەکاندا ناتوانرێت بەپێی پێویست ئاوی کشتوکاڵ دابین بکرێت، بۆیە لەو ساڵانەدا ڕێژەی کشتوکاڵ بەپێی ڕێژەی ئاوی بەنداوەکانمان دەکرێت، بۆ نموونە لە ساڵە وشکەکاندا نابێت ئەو بەرهەمانە بچێنرێت کە پێویستیان بە ئاوی زۆرە. ساڵی پاریش بەو پێیە ئیدارەی دۆخەکەمان دا و لە ٢٧ی (٣)، بەرزترین ئاستی ئاوی ساڵمان هەبوو، کە زانیمان ئاستەکە لەوە زیاتر بەرز نابێتەوە، بەپێی ئەو ڕێژەیە و بەرنامە دەستمان بە گلدانەوەی ئاوەکە کرد لە مانگەکانی چوار و پێنج و شەش و حەوت و دواتر، تێبینیی ئەوەشمان کرد کە بڕێک بۆ ئەمساڵ بهێڵینەوە نەوەک ئەمساڵیش وشکەساڵی بێت، بەڵام هەفتەی پێشوو (نیوەی دووەمی مانگی ١٢) بڕێکی باش لە باران باری، کە ١٨ سەنتیمەتر لە ئاوی دەریاچەکەی بەرز کردەوە، هەر چەندە ئەم بڕە کاریگەرییەکی کەمی هەبووە و دوای چەند ڕۆژێک ئاستی ئاوی دەریاچەکە بەنزیکەیی گەڕایەوە ئاستی پێشووی پێش بارانەکە. لە حاڵەتی ئاساییشدا ئاستی ئاوەکە لەم کاتەدا بەرز نابێتەوە، بەڵکوو لەدوای مانگی دوو کە زەوی تێر دەبێت و پێویستی بە ئاو نابێت، ئاوەکە دەبێت بە لافاو و دێتە ناو دەریاچەکە.



## کۆچەر جەمال تۆفیق

* ساڵی ١٩٧٢ لە شارۆچکەی دوکان لەدایک بووە.
* خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە دوکان تەواو کردووە.
* خوێندنی ئامادەیی لە سلێمانی تەواو کردووە.
* ساڵی ١٩٩٥، بەشی ئەندازیاریی شارستانیی لە زانکۆی سەڵاحەدین تەواو کردووە.
* لە ساڵی (١٩٩٦)ەوە لە بەنداوی دوکان وەک ئەندازیار کاری کردووە.
* ساڵی ٢٠١٤، بڕوانامەی ماستەری لە زانکۆی "ساوزرن کوینزلاند" لە ئوستراليا بەدەست هێناوە لە بواری بەنداودا.
* لە سەرەتای ساڵی (٢٠٢١)ەوە وەک بەڕێوەبەری بەنداوی دوکان دەستبەکار بووە.

### کێشە و هەڵەکان

بەڕێوەبەرانی هەردوو بەنداوی دوکان و دەربەندیخان باس لەو کێشە و گرفتانە دەکەن کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە کە بەشێکیان هونەرین و بەشێکیان ئیدارین و هەندێکیشیان سروشتین. بەڕێوەبەری بەنداوی دوکان دەڵێت، کەمیی بارانبارین یەکێکە لە کێشەکانی ئێمە، کە وا دەکات ڕێژەی ئاوی پێویست نەیەتە ناو دەریاچەکەوە کە لە ڕابردوودا هۆکاری سەرەکی بووە، بەڵام ئێستا کاریگەریی بەنداوەکانی ئێران کە لەسەر ڕووباری زێی بچووک دروستی کردووە، کاریگەریی گەورەیان دەبێت، ئێستا کاریگەرییەکە زۆر ڕوون نییە بۆ ئێمە، بەڵام بەدڵنیاییەوە بە ڕێژەیەک کاریگەرییان دەبێت، چونکە ئێمە ناوچەی دابارینەکەمان نیوەی لە کوردستانی باشوورە و نیوەی لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتە، ئەگەر نیوەی کوردستانی ڕۆژهەڵات بەکار بهێنرێت و ڕێگە نەدرێت بێتە ئەمدیو، ئەو کاتە ناوچەی دابارینەکەمان زۆر کەم دەبێتەوە، بەم جۆرەش هەردوو هۆکارەکە پێکەوە

کاریگەرییەکی زیاتریان دەبێت لەسەرمان. لە ڕووی هونەرییشەوە کێشەی گەورەمان نییە لە بەنداوەکەدا کە مایەی باسکردن بێت، هەر کێشەیەک لە توانای خۆماندا بێت؛ چارەسەری دەکەین، ئەوەشی لە توانای ئێمە گەورەتر بێت؛ بەرزی دەکەینەوە بۆ سەرووی خۆمان. بە هۆی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا، پێویستە بەڕێوەبردنمان جیاوازتر بێت لە جاران، بەتایبەت کە ئاو بووە بە کارت و بەکار دەهێنرێت و وڵاتانی دراوسێ ڕێگە نادەن ئاوی پێویست بگاتە ئێمە. ئەو کشتوکاڵ و پیشەسازییەی لای ئێمە هەن؛ پێویستی بە ئاوە و زیادبوونی دانیشتووانیش وای کردووە پێویستییەکی زیاترمان بە ئاو هەبێت. واتە ئێمە لەبەردەم کۆمەڵێک کێشەداین کە بریتین لە کەمبوونەوەی بارانبارین، گۆڕانکاریی کەشوهەوا، دروستکردنی بەنداو لەلایەن وڵاتانی دراوسێ و گرتنەوەی سەرچاوەکانی ئاو، زیادبوونی دانیشتووان، زۆربوونی کشتوکاڵ و پیشەسازی، هەموو ئەمانە وا دەکەن ئاو پێویستتر بێت. بەڕێوەبەری بەنداوی دەربەندیخانیش لە بارەی کێشەکانیانەوە باس لەوە دەکات دیارترین ئەو کێشانەی بۆ بەنداوەکان دروست دەبێت لە هەرێمی کوردستان، نەبوونی بودجە و هەماهەنگییە لەنێوان حکومەتەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق بۆ دروستکردنی بەنداو، کە لە ڕاستییشدا دەبێت حکومەتی ناوەند بودجەیان بۆ دابین بکات، بەتایبەت دروستکردنی بەنداوە گەورەکان و بەشدار بێت لە دروستکردنیان کە تا ئێستا بەغداد ئەمەی نەکردووە. بۆ بەنداوەکانی هەرێمیش، حکومەتی عێراق دەستی هاوکاری و ئامادەیی بۆ درێژ نەکردووین. ڕاستە ئەم بەنداوانە لە هەرێمی کوردستانن و وەک ئیدارە سەر بە هەرێمن، بەڵام بەشی زۆری بەرهەمی ئاوەکەیان بۆ ناوەڕاست و باشووری عێراقە کە لەژێر دەستی حکومەتی بەغدادان.

هەڵەت ڕەشید بە ڕەخنەگرتن لە حکومەتی هەرێم، باس لەو کێشە و هەڵانە دەکات کە بەشی زۆریان پەیوەندیی بە نەبوونی سیاسەتێکی ڕوونەوە هەیە بۆ ئاو و دەڵێت هەرێمی کوردستان سیاسەتێکی ڕوونی نییە بۆ ئیدارەدانی ئاو. هەر چەندە کات درەنگە، بەڵام دەتوانین فریا بکەوین. ئێمە لە ئێستادا قۆناغی وشکیمان تێپەڕاندووە، ڕەنگە تا ماوەیەکی تریش قۆناغی وشکی نەیەتەوە ناوچەکەمان، بۆیە پێویستە ئیدارەدانێکی زانستی پەیڕەو بکەین، یەکەم قۆناغیش دروستکردنی بەنداوە کە زۆر زۆر گرنگە، بەنداوی گەورە لەو ناوچانەی دەکەونە سەر زێیەکان، یان ئەو ناوچانەی کە سەرچاوەی ئاوەکە لەلایەن وڵاتانی دراوسێوە کۆنترۆڵ ناکرێت، ئەم مەرجەش لە زێی گەورە و بێخمەدا هەیە،

ئاوی بێخمە پێچەوانەی هەردوو زێی سیروان و بچووکە، کە ٦٥٪ بۆ (٧٠٪)یان لە ئێرانەوە هەڵدەقوڵێت و (٣٠٪)یان لە هەرێمی کوردستاندان، بەڵام زێی گەورە (٨٥٪)ی لە کوردستاندایە و تەنها (١٥٪)ی لە تورکیایە و ڕەنگە تورکیاش گرنگ نەبێت لەلای کۆنترۆڵی بکات، چونکە دەکەوێتە ناوچەیەکی شاخاوی و ڕەنگە کۆنترۆڵکردنی بۆ تورکیا قورس بێت یان سوودێکی ئەوتۆی نەبێت. بۆیە یەکێک لە هەڵەکانی حکومەتی هەرێم دروستنەکردنی بەنداوە. دووەم: نەپاراستنی ئەو بەنداوانەیە کە هەیەتی، بەوەی نەیتوانیوە بیانپارێزێت لە پیسبوون، چونکە تا ئێستا ئاوەڕۆی شار و شارۆچەکان ڕاستەوخۆ تێکەڵ بە بەنداوی دوکان و دەربەندیخان دەبن کە دەبێتە هۆی پیسبوونی بەنداوەکان. سێیەم: هەڵە سەوزنەکردنی دەوروبەری بەنداوەکانە، بۆ ئەمەش دەتوانێت پەرە بە کشتوکاڵ بدات و باخداری زیاد بکات، چونکە بە سەوزکردن ڕێژەی شێ زیاد دەکات، شێش زیادی کرد؛ بەهەڵمبوون کەم دەکات. یەکێک لە گرفتە گەورەکانی بەفیڕۆچوونی دەرامەتی ئاو لە هەرێمی کوردستان بەهەڵمبوونە، کە دەبێتە هۆی بەفیڕۆچوونی بەشێک لە دەرامەتی ئاو. چوارەم: هەڵەی حکومەتی هەرێم؛ دروستنەکردنی پرۆژەی ئاودێریی زانستیانەیە و پرۆژەی ئاودێریی کشتوکاڵیی تەندروستە بۆ جووتیار، چونکە شێوازە کلاسیکییەکە کە لە هەرێم هەیە؛ ڕێژەیەکی زۆر لە ئاو بەفیڕۆ دەدات، ئەو ئاوەشی دێتەوە ناو چەم و ڕووبارەکان ئاوێکی پیسە، چونکە پەیینی کیمیایی تێدا بەکار هێنراوە و دەبنە هۆی پیسکردنی بەنداوەکان. هەڵەی پێنجەمی حکومەتی هەرێم لە ئیدارەدانی ئاودا، دابەشنەکردنی ئاوی ماڵانە بە شێوازێکی تەندروست، چونکە پێویستە ئاوی ماڵان وەک کارەبا بێت، لە کاتی بەکارهێنانیدا لەسەری هەژمار بکرێت، بەڵام ئەوەی هەیە شێوازە کلاسیکییەکەیە کە بۆ چەند کاتژمێرێک ئاو بۆ ماڵان بەر دەدرێتەوە، هاوڵاتییش ناچارە ئەم کاتە ئاوەکەی هەڵبگرێت کە دواتریش ڕەنگە بەکەڵکی بەکارهێنان نەیەت، بەم جۆرەش ئاوێکی زۆر بەفیڕۆ دەچێت.

**ئێران و تورکیا**

ماوەی چەند ساڵێکە تورکیا لەسەر هەردوو ڕووباری دیجلە و فوڕات چەند پڕۆژە و بەنداوێکی دروست کردووە کە کێشەی گەورەیان بۆ سووریا و عێراقیش دروست کردووە، بەڵام ئەوەی کاریگەریی ڕاستەوخۆ و قورسی بۆ سەر دەرامەتی ئاو لە هەرێمی کوردستان هەبووە، پڕۆژەکانی ئێران بووە لەسەر ئەو ڕووبار و لقەڕووبارانەی کە دەڕژێنە هەرێمی کوردستانەوە، بەتایبەتییش زێی بچووک و سیروان. لەو بارەیەوە دکتۆر هەڵەت ڕەشید دەڵێت، پڕۆژەکانی تورکیا کە بە گاپ ناسراون و لەسەر دیجلە و



## ڕەحمان خانی

* عەبدولڕەحمان عەلی حسێن خانی
* لە ساڵی ١٩٦٨ لە کفری لەدایک بووە.
* خوێندنی ناوەندی و دواناوەندیی لە کەلار تەواو کردووە.
* لە ١٩٩٠دا بەکالۆریۆسی لە جیۆلۆجی لە زانکۆی موسڵ بەدەست هێناوە.
* لە کۆتایی هەشتاکانەوە نووسینی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاو کردووەتەوە.
* وەکوو فەرمانبەر و بەڕێوەبەر زیاتر لە ٢٠ ساڵە لە بواری بەنداو و ئاودا کار دەکات.
* ئێستا بەڕێوەبەری بەنداوی دەربەندیخانە.

فوڕات دروستیان دەکات، دەتوانین بڵێین کاریگەریی لەسەر هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم نییە، چونکە ئەم پڕۆژانە لەسەر دیجلە و فوڕاتن کە بە هەرێمی کوردستاندا تێناپەڕن، ئەوەی کاریگەریی گەورەیان لەسەر هەرێمی کوردستان هەیە پڕۆژەکانی ئێرانە، بەتایبەت کە پڕۆژەکانی ئێران بە شێوازێکن کە هەردوو زێی بچووک و سیروان وشک بکات. لەدوای دروستکردنی پڕۆژەکانی ئێران لەسەر هەردوو زێیەکە، بەردانەوەی ئاو لێیانەوە بۆ هەرێم سروشتی نییە، بەڵکوو ئاوێکی دەستکردە، چونکە ئێران ئاوی زۆر بوو؛ بەری دەداتەوە و کەم بوو؛ دەیگرێتەوە تا ئاستی سفربوونی، وەک ئەوەی هاوین لە سیروان ڕووی دا و زێی بچووکیش تا سفر نزیک بووەوە. بۆ ئەوەی ئێمە لەم مەترسییە ڕزگارمان ببێت، دەبێت بەنداوی دیکە دروست بکەین، بەتایبەت بەنداوی شوێنگرەوە بۆ دوکان و دەربەندیخان، بۆ ئەوەی ئەم دوو بەنداوە هەرەس نەهێنن، چونکە پڕۆژەی ئاودێریی چەند ناوچەیەک لەسەر ئەم دوو زێیەیە، بەتایبەت زێی بچووک کە سلێمانی و بەشێک لە قەزا و ناحیەکانی پشت بەم زێیە و بەنداوەکەی دەبەستن، تەنانەت کەرکووک و پڕۆژەی ئاوی نەوتی شارەکەش لەسەر

ئەم بەنداوەیە. بۆیە ئەگەر بەنداوی دیکە و پاڵپشت دروست نەکرێت و هەنگاوی خێرا نەنرێت، ئەوا ئەم دوو بەنداوە لەژێر مەترسیدان و لەبەررۆیشتنی ئاویش لەم دوو زێیە ئیتر سرشتی نین. پێویستیشە هەرێم لەسەر زێی گەورە پرۆژەی گەورە ئەنجام بدات، بەتایبەت بەنداوی بێخمە، بە دروستکردنی ئەم بەنداوە؛ دەتوانین ئاو بۆ سلێمانی و ناوچەکانی دیکەش بگوازینەوە، چونکە بەنداوی بێخمە دوو هێندەی دوکان و دەربەندیخان ئاو دەگرێت لە بەرزترین ئاستدا، دەتوانین بڵێین ئەمەش چارەسەری کێشەی ئاو دەکات بۆ ئایندەیەکی دوور.

بەڕێوەبەری بەنداوی دەربەندیخان کە بەنداوەکەیان لەسەر ڕووباری سیروانە و ساڵی پار تا ئاستی سفربوونەوە لەلایەن ئێرانەوە گیرایەوە، دەڵێت سەرچاوەی سەرەکیی بەنداوی دەربەندیخان و ڕووباری سیروان؛ (٧٠٪)ی لە دیوی ئێرانەوەیە و ئەگەر ئێران بەردەوام بێت لە گلدانەوەی سەرچاوەکان و دروستکردنی تونێلەکان بۆ گۆڕینی ڕێڕەوی ئاوەکان، ئەوا کێشەی گەورە بۆ داهاتی ئاوی بەنداوەکان دروست دەبێت بەتایبەت بەنداوی دەربەندیخان، بەتایبەت لە ساڵە وشکەکان کە ئەوان وەک خۆیان دەڵێن کێشەی کەمئاوییان هەیە و ڕێڕەوی ئاوەکانیان دەگۆڕن، بۆیە پێویستە ئەم کێشانە زوو چارەسەر بکرێن.

بەڕێوەبەری بەنداوی دوکانیش باس لە مەترسیی گرتنەوەی ئاوی زێی بچووک لەلایەن ئێرانەوە دەکات و دەڵێت، ئاوی زێی بچووک لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە دێت، ئێرانیش بە هۆی وشکەساڵی و گۆڕانکاریی کەشوهەواوە بیریان لە چارەسەری کەمئاوی کردووەتەوە، بۆ نموونە لەسەر زێی بچووک چەند بەنداوێکیان دروست کردووە. لە کاتێکدا دەبێت لە کاتی دروستکردنی بەنداودا خوارووی ئەم بەنداوانە لەبەرچاو بگیرێن، بەڵام بەداخەوە وڵاتانی دراوسێ بەم جۆرە مامەڵە ناکەن، بۆ نموونە ئێران لە وەرزی هاویندا ئاوی زێی بچووک بەتەواوی دەگرێتەوە، ئەویش لە ڕێگەی گلدانەوەی لە بەنداوەکانی سەر زێی بچووک لە دیوی خۆی، وەک بەنداوەکانی سێڵوە لە پیرانشار، بەنداوی کانی سیب لەخوار پیرانشار و بەنداوی کۆڵسەی سەردەشت کە ٣٠ کیلۆمەتر لەسەر سنوور دوورە. گرتنەوەی ئاوی زێی بچووک لە هاویندا لەلایەن ئێرانەوە، کێشەی ئاو لە قەڵادزە و گوندەکانی دەوروبەری دروست دەکات.

**ئاو لە هەرێم و دەسەڵات لە بەغداد**

گرتنەوەی سەرچاوە ئاوییەکان لەلایەن تورکیا و ئێرانەوە، عێراقی ڕووبەڕووی قەیرانی بێئاوی کردووتەوە و ئاستی ئاوی ڕووباری دیجلە و فورات و ڕووبارەکانی دیکەی بۆ کەمترین ئاست دابەزاندووە، لەگەڵ

ئەوەی حکومەتی عێراق دەڵێت بەردەوام لە گفتوگۆدان لەگەڵ هەردوو وڵات و چەند ڕێککەوتنیکیشیان لەو بوارەدا واژۆ کردووە، بەڵام تا ئێستا تورکیا و ئێران پابەند نەبوون بە بەڵێنەکانیانەوە و لە پرۆژەکانیان لەسەر ڕووبارەکان بەردەوامن کە پێچەوانەی یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتییەکانە. گرتنەوەی سەرچاوەکان زیانی گەورەیان لە هەرێم داوە، بەڵام هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی ئەوەی نییە لەم بارەیەوە گفتوگۆ لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ بکات. دکتۆر هەڵەت ڕەشید لە بارەی ئەم کێشەیەوە دەڵێت، ئیدارەدانی ئاو ئیدارەدانێکی سیادییە و پەیوەستە بە حکومەتی ناوەندەوە، لەگەڵ ئەوەشدا حکومەتی هەرێم دەتوانێت سیاسەتی ئیدارەدانی خۆی پەیڕەو بکات و سوود لەو بودجەیە وەربگرێت کە حکومەتی ناوەندی بۆی دابین دەکات. ڕاستە حکومەتی هەرێم ناتوانێت لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ گفتوگۆ بکات، بەڵام دەتوانێت گفتوگۆ لەگەڵ بەغداد بکات تاکوو لەگەڵ تاران قسە بکەن. یاسای نێودەوڵەتییش هەیە کە ڕێگا نادات وڵاتان بەتەنها ئاوە هەرێمییەکان بەکار بهێنن، کە لەنێوان دوو وڵات یان زیاتردا هاوبەشن و پرۆژەیەک دروست بکات کە زیان بە وڵاتێکی دیکە بگەیەنێت. ئەوەی ئێستا ئێران دەیکات، زیانگەیاندنە بە وڵاتی دووەم کە دەتوانرێت لە ڕێگەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە کاری لەسەر بکەن.

بەڕێوەبەری بەنداوی دوکانیش دەڵێت، ئەوەی ئێران دەیکات پێچەوانەی یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتییەکانە. لەبەر ئەوەشی ئاوەکان لە دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندیدایە، دەبێت بەغداد لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ گفتوگۆ بکات و کێشەکان چارەسەر بکەن کە بەدڵنیاییەوە دەبێت نوێنەری حکومەتی هەرێمیش لەو گفتوگۆیانەدا بەشدار بێت، بەڵام کێشەی کەمئاوی لە وڵاتانی دراوسێ، وای کردووە کەمتر گوێ لە داواکارییەکانمان دەگرن، بۆ نموونە چەندین جار ویستراوە سەردانی ئێران بکرێت و گفتوگۆیان لەگەڵ بکرێت، بەڵام هیچ وەڵامدانەوەیەکیان نەبووە. بەڕێوەبەری بەنداوی دەربەندیخانیش بەم جۆرە باس لەم کێشەیە دەکات، کێشەی بەردانەوەی ئاو لەلایەن ئێرانەوە پەیوەستە بە حکومەتی ناوەندییەوە و بەپێی مادەی ١١٠ی دەستوور، دەسەڵاتی ڕەهای حکومەتی ناوەندییە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ گفتوگۆ لەو بارەیەوە بکات، ئەگەرچی حکومەتی هەرێم لە ڕێگەی وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوەوە چەند جارێک لەگەڵ لایەنی ئێرانی گفتوگۆیان کردووە بۆ ئەو مەبەستە، بەڵام تا ئێستا نە لایەنی عێراقی و نە لایەنی هەرێم نەگەیشتوون بە ڕێککەوتن لەگەڵ لایەنی ئێرانی، چونکە ئێران پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە پێویستە هەموو گفتوگۆکان لەسەر ئاوە سنوورییەکان و ڕووبارە هاوبەشەکان



## د. هەڵەت ڕەشید عەبدوڵا

* لە ساڵی ١٩٨٢ لە چەمچەماڵ لەدایک بووە.
* ساڵی ٢٠٠٤، بەکالۆریۆسی لە زانکۆی سلێمانی تەواو کردووە.
* ساڵی ٢٠٠٧، ماستەری لە زانکۆی موسڵ بەدەست هێناوە.
* ساڵی ٢٠١٣، دکتۆرای لە بواری جوگرافیای سروشتی لە زانکۆی موسڵ بەدەست هێناوە.

لەسەر بنەمای ڕێککەوتننامەی جەزائیر بێت کە لەلایەن عێراقەوە ئەو ڕێککەوتننامەیە هەڵوەشێنراوەتەوە، بۆیە کێشەکە تا ئێستا بەهەڵواسراوی ماوەتەوە و هیچ جۆرە ڕێککەوتنێک لەگەڵ ئێراندا نەکراوە تا ئاوی پێویست لە ڕووبارەکانی سیروان، زێی بچووک، کەرخە و کارون بەر بداتەوە.

**بەراورد**

لەگەڵ ئەوەی لە نیوەی دووەمی مانگی کۆتایی ساڵی ڕابردوو (٢٠٢١) بارانێکی زۆر باری و لە هەندێک ناوچەش لافاو دروست بوو، بەڵام بەپێی قسەی بەڕێوەبەری بەنداوەکانی هەرێم دەڵێن کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبووە. بەڕێوەبەری بەنداوی دەربەندیخان دەڵێت، لە ئێستادا (٢٠٢١/١٢/٢٩) ئاوی بەنداوی دەربەندیخان حەوت مەتر و ٣٥ سەنتیمەتر لە ساڵی پار کەمترە، هەروەها نزیکەی ٢٦٠ ملیۆن مەتر سێجا ئاوی کەمترە لە ساڵی ڕابردوو. ئەو بارانەشی لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا باریوە، تەنها نزیکەی ٤٠ سەنتیمەتر ئاستی ئاوی لە بەنداوی دەربەندیخان بەرز کردووەتەوە و کاریگەرییەکی ئەوتۆ نەبووە، چونکە ئێمە لە ئێستادا تەنها پشت بە داهاتی ناوخۆ دەبەستین، لەبەر ئەوەی لە دیوی ئێرانەوە هیچ بڕە ئاوێک بە ئاراستەی بەنداوی دەربەندیخان بەر نەدراوەتەوە. بەڕێوەبەری بەنداوی دوکانیش دەڵێت، بارانەکە کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبووە. بەراورد بە ساڵی ڕابردوو، لە ئێستادا ئاوی دەریاچەکەمان نزیکەی شەش مەتر کەمترە و بارانی ئەمساڵیش کاریگەریی ئەوتۆی نەبووە بۆ زیادبوونی ئاستی ئاوەکەی، بەڵام هەر باشە کە ١٣٤ ملم باریوە و ڕێژەیەکی باشە.

**سیناریۆ و چارەسەر**

لە ئێستادا حکومەتی هەرێم باس لەوە دەکات بەردەوام لە هەوڵدان تاکوو کار بکەن ئایندەی ئاو لە هەرێم مسۆگەر بکەن و ڕێگە لەو سیناریۆ مەترسیدارانە بگرن کە ئەگەر هەیە ڕووبەڕووی دەرامەتی ئاو ببێتەوە. هەڵەت ڕەشید سەرەڕای خستنەڕووی سیناریۆ چاوەڕوانکراوەکان و ئەگەرەکان، چارەسەریش پێشنیار دەکات و دەڵێت سەرباری ئەوەی وشکەساڵی هەیە، ئێرانیش بەردەوامە لەسەر دروستکردنی پڕۆژە، بەدڵنیاییەوە لە ئایندەدا هەرێمی کوردستان تووشی مەترسیی گەورە دەبێتەوە لە بواری دابینکردنی ئاوی خواردنەوە بۆ ماڵان، کارگە پیشەسازییەکان و کەرتی کشتوکاڵ، بۆیە پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو مەترسییانە لەبەرچاو بگرێت لەسەر ئایندەی ئاو هەیە. دانیشتووان بەردەوام لە زیادبووندایە و ئاستی ئاویش جێگیرە، تەنانەت وشکەساڵییش نەبێت و وڵاتانی دراوسێش پڕۆژەکانیان دروست نەکەن، بەرکەوتەی تاک لە ئاو هەر کەم دەکات، ژمارەی دانیشتووان زیاد دەکات و ئاستی ئاویش جێگیر و دیاریکراوە و ڕێژەی هەڵگیراو دیاریکراوە، ئەمەش سیناریۆیەکی بەرچاوە کە ڕووبەڕووی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان دەبێتەوە. خاڵێکی دیکە، وشککردنی بەنداوەکانی دوکان و دەربەندیخانە کە چەندین شار و شارۆچکە ڕووبەڕووی گرفتی بێئاوی دەبنەوە و چەندین پڕۆژەی کشتوکاڵییش کە لەسەر ئەم بەنداوانە دروست کراون، بەتایبەت حەوزەکانی ماسی هەرەس دەهێنن، ئەمەش وەها دەکات هەم دانشتووان ڕووبەڕووی بێئاوی ببنەوە، هەم بەشێک لە خەڵک داهاتەکانیان لەدەست بدەن. سیناریۆیەکی دیکە، زیادبوونی وشکەساڵییە. بەپێی ڕاپۆرتێکی ساڵی ٢٠٢٠ی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە ناوچەکانی دەریای ناوەڕاست کە هەرێمی کوردستان بەشێکە لێی، بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی بە یەک پلە، ئەگەری وشکەساڵی حەوت پلە زیاتر دەبێت. کەواتە یەکێک لە مەترسییەکانی ئایندەمان، دروستبوونی وشکەساڵییە، وشکەساڵییش هۆکارە بۆ کەمبوونەوەی ئاستی ئاوی ڕۆیشتوو لە لقەڕووبارەکان، ئەمەش گرفت دروست دەکات، بەتایبەت کەمبوونەوەی ئاوی بەنداوەکان، تەنها بەرکەوتەی تاک کەم ناکات، بەڵکوو ئاستی پیسبوونیش زیاد دەکات. واتە یەکێکی دیکە لەو مەترسییانەی لەسەر دەرامەتی ئاو هەیە لە هەرێمی کوردستان، پیسبوونی یەکجارەکیی ئاوە کە ئیتر بەکەڵکی بەکارهێنان نەیەن. چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی هەن؛ ئاسانن، لەوانەش دروستکردنی بەنداوی بێخمە و چەند بەنداوێکی شوێنگرەوە، بەم جۆرەش مەترسییەکانی سەر ئایندەی ئاو لە هەرێمی کوردستان دوور دەخەینەوە. تەنها بە دروستکردنی بەنداوی بێخمە، بەرکەوتەی تاک بۆ ئاو بۆ دوو هێندەی ئێستا زیاد بکەین کە ئێستا دوو هەزارە و بەم هەنگاوە دەتوانین بەرکەوتەی تاک تا چوار بۆ پێنج هەزار مەتر سێجا بەرز بکەینەوە.

ئایندەناسی

# کتێبی ئایندەناسی

کتێبە ئایندەییەکان

خوێندنەوەی کتێبی:

# دوژمنسازی

# یاخود چۆن بە ویژدانێکی ئاسوودەوە بکوژیت؟

ناساندن: د.عابد خالد

ئەم کتێبە لە نووسینی بیرمەندی ستراتیژیناس و توێژەری ئەکادیمی و دیبلۆماتی فەڕەنسی "پیەر کۆنیسا" (Pierre Conesa)یە، کە ساڵی ٢٠١١ لەلایەن دەزگای "Robert Laffont" لە پاریس لەچاپ دراوە. دواتر لە ساڵی ٢٠١٥دا لەلایەن "نەبیل عەجمان" بۆ زمانی عەرەبی وەرگێڕدراوە، کە بە ناونیشانی "صنع العدو أو كيف تقتل بضمير مرتاح"، لە دووتوێی (٣١٨) لاپەڕەدا، لەلایەن دەزگای "المركز العربي للأبحاث والدراسات" لە دەوحە بڵاو کراوەتەوە.

پیەر کۆنیسا کە پێشتر مامۆستای مێژووی هاوچەرخ بووە لە زانکۆی پاریس و ماوەیەکی زۆریش لە لێژنەی کاروباری ستراتیژیی وەزارەتی بەرگریی فەڕەنسا کاری



کردووە، لەم کتێبەدا هەوڵ دەدات ئەوە ڕوون بکاتەوە کە بۆچی دەوڵەتانی هاوچەرخ و دەزگە هەواڵگرییەکانیان، سەنتەرەکانی توێژینەوە و پلاندانەرانی ستراتیژییان، سیاسەت دارێژەر و بڕیاربەدەستانیان؛ هەموو سەرقاڵی "دوژمنسازی" یاخود "پیشەسازیی دروستکردنی دوژمن"ن.

نووسەر لە پێشەکیی کتێبەکەیدا ئەوە دەخاتە ڕوو کە مەبەستی لە نووسینی ئەم کتێبە، دیاریکردنی شێوازێکی قبوولکراو یان قبوولنەکراو بۆ کوشتن نییە، بەڵکوو مەبەستی شیکردنەوەی چۆنێتیی بەکارهێنانی پەیوەندیی دوژمنایەتی و چۆنێتیی هەڵایساندنی جەنگەکانە بۆ ئامانجی سیاسی و ستراتیژی، چونکە "ئەفراندنی دوژمن" و "دوژمنداری" لە کۆمەڵگا هاوچەرخەکاندا بەر لە هەر شتێك؛ ئەرکێکی کۆمەڵایەتی و سیاسییە، هەم ئامرازێکە بۆ دەرکەوتنی سەرکردەکان و خۆدەرخستنی سیاسییەکان، هەم فاکتەرێکیشە بۆ یەکخستنی گەل و نەتەوەکان لەپشت ئامانجە پاوانخوازییەکان و دەستخستنی زۆرترین هێز لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵاتدا. زیاتر لەمەش، دوژمن و دوژمنداری هەمیشە دەرچەیەك بووە بۆ خۆقوتارکردنی دەسەڵاتی سیاسی لەو قەیران و ئاڵنگارییانەی لە ناوخۆی وڵاتدا دووچاری هاتووە. دواتر کۆنیسا، لە ڕێی پێکەوەگرێدانی هەردوو چەمکی جەنگ و دوژمن، ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە چۆن جەنگاوەرێک (سەرباز) کەسێکی تر (دوژمن) دەکوژێت بەبێ ئەوەی هەست بە سەرزەنشتکردن

**"کۆنیسا ئاماژە بەوە دەکات کە لە شۆڕشی فەڕەنساوە پیشەی دوژمنسازی تەنها ئەرکی پادشا (دەسەڵاتی سیاسی) نییە، بەڵکوو پڕۆسەیەکە چەندین چینوتوێژ ڕۆڵی تیا دەبینن و بە چەندین قۆناغدا تێدەپەڕێت: هەر لە ئاستی ئایدۆلۆژیا، ستراتیژی، گوتار، دروستکردنی ڕای گشتی، تا میکانیزمەکانی هەڵکشاندنی دۆخەکە بەرەو بەکارهێنانی توندوتیژیی کرداری و جەنگ**

بکات. ئەنجا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە جەنگ مۆڵەتێکی شەرعییە بۆ کوشتنی ئەو کەسانەی کە زۆربەی جار نایانناسین و هەر ناشزانین کێن، تەنها لەبەر ئەوەی سیفەتی "دوژمن" دراوەتە پاڵیان، بەڵکوو تەنانەت لەوانەیە بزانین کێن و بیشیانناسین، وەک لە دۆخی شەڕی ناوخۆدا، بەڵام لەپڕ سیفەتی دوژمن دەخەینە پاڵیان و ڕێگە بە خۆمان دەدەین بیانکوژین.

کۆنیسا درێژەی بیروبۆچوونەکانی کتێبەکەی لە سێ بەشی سەرەکیدا دەخاتە ڕوو، کە هەر بەشێکی لە چەند تەوەرێك پێك هاتووە: لە "بەشی یەکەم"دا، بە ناونیشانی "دوژمن چییە؟"، نووسەر هەوڵ دەدات پێناسەی دوژمن بکات و پێویستیی دەوڵەت و گرووپەکان بە دوژمن لە سەردەمی هاوچەرخدا نیشان بدات، کە بە ڕای ئەو لەم سەردەمەدا دوژمن بە بڕیاری

سیاسی دروست دەکرێت و پیشەسازییەکە کە چەند هێز و لایەن ڕۆڵی تیا دەبینن. بۆیە دروستکردنی دوژمن و دوژمنسازی لە ڕێگەی سیستمێکی ستراتیژییەوە ئەنجام دەرێت، کە لە کاتی پێویست و سەروەختی قەیرانەکاندا ئەرکی ئامادەکردنی ڕای گـــشتی و قەناعەتپێکردنیەتی بەوەی کە هیچ چارەیەکی دی نییە جگە لە جەنگ. ئەم سیستمەش زۆربەی کات پێك هاتووە لە لەشکرگەلێك لەو میدیاکار و ڕۆشنبیرانەی زۆرترین کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگا هەیە، کە ئەرکیان ناساندنی دوژمن و ئامادەکردنی ڕای گشتییە بۆ قبووڵکردنی بیرۆکەی جەنگ. بۆیە کۆنیسا ئاماژە بەوە دەکات کە لە شۆڕشی فەڕەنساوە پیشەی دوژمنسازی تەنها ئەرکی پادشا (دەسەڵاتی سیاسی) نییە، بەڵکوو پرۆسەیەکە چەندین چینوتوێژ ڕۆڵی تیا دەبینن و بە چەندین قۆناغدا تێدەپەڕێت: هەر لە ئاستی ئایدۆلۆژیا، ستراتیژی، گوتار، دروستکردنی ڕای گشتی، تا میکانیزمەکانی هەڵکشاندنی دۆخەکە بەرەو بەکارهێنانی توندوتیژیی کرداری و جـــەنگ. بە ڕای کۆنیسا، دوژمنسازی و جەنگ پەیوەندیی بەوەوە نییە کە ئایا دەوڵەت خاوەنی سیستمێکی سیاسیی دیموکراتییە یان دیکتاتۆری. لەم پیشەیەدا دەوڵەتـــانی دیموکراتیک زۆر جیاواز نین لە وڵاتە دیکتاتۆرییەکان، بەڵکوو خودی دیموکراســـی خۆی هەڵگری ئاشتی نییە، ئەگەرنا کۆڵۆنیالیزمی فەڕەنسی و بەریتانی




**لە "بەشی سێیەم"دا، بە ناونیشانی "لێکهەڵوەشاندنەوەی دوژمن"، سەرەتا کۆنیسا دەپرسێت: "ئایا دەتوانین بەبێ دوژمن بژیین؟" هەر زووش خۆی وەڵام دەداتەوە کە "مادام دوژمن بە هەوڵ و ستراتیژی جیاواز دروست دەکرێت، دەشتوانرێت هەر بە هەوڵ و ستراتیژی جیاواز هەڵبوەشێنرێتەوە".**

دروست نەدەبوو، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش لە چەندین جەنگی داگیرکاری لە ئەمەریکای لاتینی و ئاسیا و چەندین ناوچەی تر تێوە نەدەگلا.

لە "بەشی دووەم"دا، بە ناونیشانی "ڕووەکانی دوژمن: هەوڵێك بۆ پۆلێنکردن"، کۆنیسا هەوڵ دەدات جۆرەکانی دوژمن بخاتە ڕوو کە بۆ زیاتر لە هەشت جۆر پۆلێنی دەکات، هەر چەندە بە بڕوای ئەو ناکۆتا جۆری دوژمن هەیە، بەڵام تەنها بۆ مەبەستی توێژینەوە ئەو پۆلێنکردنەی کردووە، هیچ جۆرێکیش لەو جۆرانەی خراونەتە ڕوو؛ بەتەنها و بێ تێکەڵکردن لەگەڵ جۆرەکاني تر بوونی نییە. ئەو هەشت جۆرەش ئەمانەن: ١. دوژمنی نزیک: وەك لە ناکۆکییە سنوورییەکانی نێوان وڵاتانی دراوسێدا، ٢. دوژمنی جیهانی: وەک دۆخی شەڕی سارد و ڕکابەریی نێوان زلهێزەکان، ٣. دوژمنی هاوسۆز: وەك شەڕی ناوخۆ و براکوژی، ٤. دوژمنـــی بەربەری: وەك لە دۆخی داگیرکاریدا هەیە، ٥. دوژمنی پەنهان: وەك لە تیۆری پیلانگێڕی و لە کاتی کودەتاکاندا بەکار دەبرێت، ٦. دوژمنی چاکەخوازی: کە بە ناوی جەنگی خێر و باشە لە دژی شەڕ و خراپەیە، وەك لە ململانێ ئاینی و ئایدۆلۆژییەکاندا، ٧. دوژمنی وێناکراو: وەك جەنگی دەستپێشخەری و جەنگی دژ بە بڵاوکردنەوەی چەکی کۆکوژی و تیرۆریزم و پێکدادانی شارشتانییەکان، ٨. دوژمنی میدیایی: وەك شـــەڕی ڕاگەیاندنەکان، کە زیاتر لە سایەی بۆشایی ئایدۆلۆژی و ستراتیژیدا لەشکرگەلی میدیاکاران و ڕۆشنبیران پێشڕەویی دەکەن و بوق بۆ شەڕی کرداری لێدەدەن.

لە "بەشی سێیەم"دا، بە ناونیشانی "لێکهەڵوەشاندنەوەی دوژمن"، سەرەتا کۆنیسا دەپرسێت: "ئایا دەتوانین بەبێ دوژمن بژیین؟" هەر زووش خۆی وەڵام دەداتەوە کە "مادام دوژمن بە هەوڵ و ستراتیژی جیاواز دروست دەکرێت، دەشتوانرێت هەر بە هەوڵ و ستراتیژی جیاواز هەڵبوەشێنرێتەوە". لەم چوارچێوەیەشدا چەند نموونە و ستراتیژێک لەنێو میتۆدەکانی چارەسەرکردنی ژمارەیەکی زۆر لە ململانێکانی جیهاندا دەخاتە ڕوو، وەك هەوڵی ئاشتەوایی و دانانان بە بەرپرسیارێتی لە ئەڵمانیا ساڵی ١٩٤٥، هەروەها وەك ڕێککەوتننامەکانی چارەسەری ناکۆکییە سنوورییەکان، یان وەك ستراتیژەکانی جێبەجێکردنی دادپەروەری و "عەدالەتی ئینتیقالی" کە لای کۆنیسا دوو جۆرن:

١. دادپەروەریی بونیادنانەوە: کە تیایدا تۆڵە لە ئەنجامدەرانی تاوانە بەکۆمەڵەکان دەسەنرێتەوە.

٢. دادپەروەریی قەرەبووکردنەوە: کە تیایدا قوربانییانی تاوانە بەکۆمەڵەکان قەرەبوو دەکرێنەوە، بە ئامانجی بزواندنی دۆخەکە لە جەنگەوە بۆ ئاشتی.

هاوتەریب لەگەڵ ئەو ستراتیژانە، نووسەر ئاماژە بە ڕێچارەی تریش دەکات، وەك بڵاوکردنەوەی گوتاری ئاشتی و ڕەتکردنەوەی جەنگ و برەودان بە بەهای لێکبوردن و کولتووری ناتوندوتیژی.

ئایندەناسی

# فەرهەنگی ئایندەناسی

# تیۆری سڵپێکردنەوە

# (Deterrence theory - نظرية الردع)

ئامادەکردن: ئەژی ئازاد ئەبوبەکر

تیۆری سڵپێکردنەوە وەك چەمێکی ئاسایشی نێودەوڵەتی، بریتییە لە گرتنەبەری ڕێوشوێنی جۆراوجۆر لەلایەن دەوڵەتێك یان چەند دەوڵەتێك، بۆ بێهیواکردنی دەوڵەتێك یان چەند دەوڵەتێك لە بەردەوامبوون لەسەر سیاسەتە هەڕەشەئامێزەکانیان، یان ئەنجامدانی هەنگاوی بنەڕەتی بۆ پێشگرتن لە دەوڵەتێك لە گرتنەبەری هەنگاوێکی دەستدرێژیکەرانە، یان ستراتیژی جەنگی سنووردار لە ئەگەری ڕوودانی شەڕەکە و یان کۆمەڵە ڕێوشوێنێك کە بە سوودوەرگرتن لە ئامرازە دەروونی لەبریی ئامرازە لۆجستییەکان (فیزیکی) کە ڕێگری لە ڕوودانی جەنگ یان هەڕەشە دەکات. بە شێوەیەکی گشتی لە ئەدەبیاتی کلاسیکیی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، ئامانجی سڵپێکردنەوە ڕێگریکردنە لە لە جێبەجێبوون و بەکرداربوونی بڕیارە سەربازییەکان لەلایەن وڵاتی بەرامبەرەوە، بەم شێوەیە ستراتیژی سڵپێکردنەوە نەك بۆ جەنگ، بەڵکوو بە مەبەستی ڕێگریکردن و پاراستنی ئاشتییە و لایەنی بەرامبەر دەگەیەنێتە ئەو بڕوایەی کە لەنێو ڕێگە و سیاسەتە جیاوازەکان، دەستدرێژی و پەلاماری سەربازی کەمترین کاریگەریی دەبێ و بەپێچەوانەوە زیاترین تێچوونی دەبێ. بۆیە سڵپێکردنەوە لە ڕووی لۆجستییەوە بەرگری دروست ناکات، بەڵکوو لە ڕووی دەروونییەوە ڕێگری لە دەستدرێژی دەکات.

دەرکەوتنی تیۆری سڵپێکردنەوە بۆ سەرەتای شەڕی سارد، داهێنانی چەکی ناوەکی و بەکارهێنانی لەلایەن ئەمەریکا دەگەڕێتەوە، کاتێك کە لە کۆتاییەکانی دەیەی 1940 و 1950 گرووپێکی فراوان لە زانایان و زانستە ڕامیارییەکان، ئابووریناسان و بەشێك لە مێژوونووسان لە زانکۆ و پەیمانگاکانی ئەمەریکا هەوڵیان دا لەوە تێبگەن کە چۆن دەتوانرێت بە باشترین شێواز سوود لە هێزی نوێی چەکە ناوەکییەکان ببینرێت بۆ ڕێگری لە هێرشی یەکێتیی سۆڤیەت. بۆیە تیۆری سڵپێکردنەوە بە شێوەیەکی سەرەکی بە چەکی ناوەکی و چەکی کوشتاری بەکۆمەڵ بەستراوەتەوە و ئامرازێکی سەرەکیی گرتنەبەری ئەم ستراتیژیەیە لەلایەن ئەو وڵاتانەی کە خاوەنی ئەم جۆرە چەکانەن.

سەبارەت بە سڵپێکردنی ناوەکی و جیهانیی چەند جەمسەری لەپاش شەڕی سارد و بەتایبەتی لە پەیوەندییەکانی ئەمەریکا و ڕووسیا، بۆچوونێك پێی وایە کە ئەم سیاسەتە چیتر لە سیاسەتی مۆسکۆ و واشنتن وەڵامدەرەوە نییە و سەرەڕای ئەوەی کە ئەم دوو وڵاتە لە بەهێزکردنی سەربازی و ناوەکیی خۆیان بەردەوامن، بەڵام هاوشێوەی سەردەمی شەڕی سارد ترسیان لە هێرشی لەناکاوی ناوەکیی دژ بە یەکتر نییە. بابەتی سەرەکی ئەوەیە کە لە بەشێك لە ناوچەکانی جیهان وەك ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئاسیای باشوور و ڕۆژهەڵات، حەزی بەدەستهێنانی چەکی ناوەکی زیادی کردووە. بەو پێیەی کە ئەم ناوچانە ئامادەیی کەوتنەناو

قەیرانی گەورەی ناوەکییان هەیە، شێوازێکی نوێ لە سڵپێکردنەوە هاتووەتە کایەوە کە تێیدا هەڕەشە هەرێمییەکان لەگەڵ ناسیۆنالیزم، مەزهەب، بژاردەی سیاسی و هەستیاریی جیۆپۆلەتیکیی تێکەڵ بووە و سڵپێکردنەوەی سەدەی 21ی پێناسە کردووە. بە مانایەکی تر: بە دەرکەوتنی چەکە ناوەکییەکان، ئەم چەمکە زیاتر بۆ ستراتیژی سەرەکیی هێزە ناوەکییەکان بەکار هات. گریمانەی ئەم ستراتیژییەش ئەوەیە کە هەر هێزێکی ناوەکی ئاستێکی باڵا لە توانای وێرانکاریی خێرا و بەبڕشت لەبەرامبەر هەر هێرش و دەستدرێژییەك دەپارێزێت و ڕێژەیەك لە گومان و نادڵنیایی دەبەخشێتە وڵاتی هێرشبەر، کە ئەگەرچی توانیبێتی زیان بە ئامانجەکەی بگەیەنێ، بەڵام دەتوانێت تۆڵە بکاتەوە.

پاتریك مۆرگان لە کتێبەکەیدا بە ناوی سڵپێکردنەوە لە سەدەی ئێستادا (2003)، ئاماژە بە سێ فاکتەری سەرەکی دەکات کە هەر وڵاتێك بۆ سڵپێکردن پێویستی پێ دەبێ: 1. توانای سەربازیی کاریگەر، 2. توانای سەپاندنی تێچوونی قورس لەسەر لایەنی بەرامبەر، 3. توانای سوودوەرگرتن لە سیاسەتی سڵپێکردنەوە لە کاتی جەنگدا. مۆرگان بە لێکدانەوەی سەرجەم ئەم فاکتەرانە، سڵپێکردنەوەی ناوەکی بە باشترین ڕێگە بۆ مانەوە و خۆپارێزیی هەر وڵاتێك دەزانێت. هەر ئەم بۆچوونە وای کردووە کە بیرۆکەیەك بێتە ئاراوە کە دەستگەیشتنی وڵاتانی جیهان بە چەکی ناوەکی نەك تەنیا بە مانای هەڵگیرساندن و ئەگەری شەڕی گەورە نایەت، بەڵکوو وەك ستراتیژییەکی سڵپێکردنەوە، ڕێگری لە هەڵگیرساندنی شەڕە گەورەکان دەکات.

سەبارەت بە لایەنی دەروونیی سڵپێکردنەوە، ئەم ستراتیژە زیاتر لە هەر شتێك وابەستەی فاکتەرە دەروونییەکانە. لەم سیاسەتەدا هەوڵ دەدرێت بە دەرخستنی مەترسییە گەورەکان، لایەنی بەرامبەر لە گرتنەبەری هەنگاوی کرداری پاشگەز بکات. سەرکەوتنی ئەم سیاسەتە، پەیوەندییەکی بەتینی بە زانیاریی تەواو لەسەر جووڵە و مامەڵەی لایەنی بەرامبەر هەیە و لە ئاماجە سیاسییەکان، ئاستی هێزی کاریگەری سەربازیی وڵاتێك، لێکدانەوەی وڵاتی تر لەو هێز و توانایەیە. لەسەر ئەم بنەمایە، فاکتەرە دەروونییەکان گرنگییان کەمتر نییە لە لایەنی لۆجستی.

لە ئێستادا تیۆری سڵپێکردنەوە وەك چەمکێکی ئاسایشیی پەیوەست بە لایەنی سەربازی و توانای بەرگریی وڵاتان، بەکارهێنانی زیاتری لە ڕابردوودا هەیە و لە توێژینەوە ئایندەییەکان گرنگیی زیاتری پێ دەدرێت. بەشێکی ئەم گرنگیدانە بۆ هەوڵی بەشێکی وڵاتانی جیهان بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆ دەستکەوتنی چەکی ناوەکی یان پەرەپێدانی چەکی ناوەکی دەگەڕێتەوە کە ئامانج لێی دابینکردنی ئاسایشی ئایندەییە بەرامبەر هەڕەشە هەرێمییەکان. ئەمە جیا لەوەی پەرەپێدان بە تەکنەلۆژیای بەرهەمهێنانی چەکە دووربڕەکانی وەك مووشەکی بالستیك و سیستمی دژەمووشەك لەلایەن وڵاتانەوە، بایەخی ستراتیژی سڵپێکردنەوە لە پەیوەندییە نێودەڵەتییەکان زیاتر ڕوون دەکاتەوە.

سەرچاوەکان:

- ابراهیم متقی و روح الله ملکی عزین آبادی (1399)، "بازاندیشی در راهبرد بازدارندگی با کاربست نظریه سازه انگاری"، فصلنامه مطالعات بین رشته‌ای دانش راهبردی، سال دهم، شماره 38.

- Britannica (2021), “deterrence”, https://www.britannica.com/topic/deterrence-political-and-military-strategy.

- Scott D. Sagan (1991), “Review: History, Analogy, and Deterrence Theory”, the Journal of Interdisciplinary History, Vol. 22, No. 1.

# هەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی





سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies

ڕانانی ئایندەیی ژمارە (١)

ئایندەی عێراق و هەرێم
لە گێژاوی پرسە هەنووکەییەکاندا

خۆپیشاندان، پێکهێنانەوەی حکومەت، پرۆژەی هەرێمی سوننەنشین و کشانەوەی ئەمریکا

شوبات ٢٠٢٠

www.centerfs.org


سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies

ڕانانی ئایندەیی ژمارە (٥)

ئایندەی گفتوگۆ و ڕێککەوتنەکان
سێکوچکەی هەولێر – بەغدا – واشنتۆن
دەرفەت و کۆسپەکان

سلێمانی
حوزەیران 2020

www.centerfs.org


سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies

ڕانانی ئایندەیی ژمارە (٢)

پرسە دژوارەکانی هەرێمی کوردستان و ئایندەی چاکسازییان

ڤایرۆسی کۆرۆنا و ئاسایشی تەندروستی، کۆنگرەکان و دیموکراسیی ناوخۆیی پارتە سیاسییەکان

ئازار ٢٠٢٠

www.centerfs.org


سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies

قراءات مستقبلية رقم (٥)

مستقبل الحوارات والاتفاقيات
ثلاثية أربيل – بغداد – واشنطن
الفرص و المعوقات

السليمانية
حزيران ٢٠٢٠

www.centerfs.org


وەرزنامەی
ئێرانناسی
ژمارە (١) تشرینی یەکەمی ٢٠٢١، ساڵی یەکەم
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئاییندەیی
وەرزانە دەریدەکات
کابینەی ئیبراهیم ڕەئیسی،
گەڕانەوە بۆ حکومەتی یەکدەست
هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات و کابینەی نوێی حکومەتەکەی ئیبراهیم ڕەئیسی
عێراقی ئایندە لە دیدی ئێرانەوە، چاوپێکەوتن لەتەك "د. رمزا واعیزی"
شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران و پرۆسەی دەوڵەت-نەتەوە لە ڕوانگەی داریوشی ئاشوورییەوە
لیبراڵیزمی سیاسی و لێکدانەوەی لیبراڵیستی لە ئایین، ڕووناکبیرانی ئایینی لە ئێران
مەرجەعیەتی شیعە و کاریگەرییان لەسەر کایەی سیاسی
نزیکبوونەوەی ئێرانییەکان لە تاڵیبان: تێگەیشتن و بەردەوامیی گۆڕانکارییەکان


وەرزنامەی
ئێرانناسی
ژمارە (٢) کانوونی دووەمی ٢٠٢٢، ساڵی یەکەم
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئاییندەیی
وەرزانە دەریدەکات
مافی نەتەوەیی کورد
لە سیستمی سیاسیی ئێراندا
دەقاندنی حاکمییەتی ئیتنیکی-مەزهەبی مێژوو، ئیتنیسیتە و ناسیۆنالیزم
ڕاکەیاندن لەئێراندا، پێشینە، وابەستەیی و سانسۆر
بزاڤی چەپ لە ئێران، لە کەشەسەندنێکی خێراوە بۆ پووکانەوەی بەردەوام
ئێران و ئەتۆم، دبلۆماسییەتی ئەتۆمیی ئێران



الدراسات السياسية و الأمنية
مجلة معتمدة يصدرها مركز الدراسات المستقبلية
ISSN: 2617-0949 (Online) ISSN: 2617-0930 (Print)
DOI: https://doi.org/10.31271/jopss
Issue DOI: 10.31271/020419
دور النخبة السياسية في تأزيم السلم الأهلي في العراق بعد عام ٢٠٠٣
المقومات الاقتصادية والادارية والسياسية لبناء الدولة: العراق حالة دراسية (٢٠١٣-٢٠١٧)
ڕۆڵی ئەوتی کەرکوک لە دابەشکردنەوەی خاکی کوردستان لە مێژووی هاوچەرخدا
Actors, Conflict, and Competition in Iraq's Disputed Territories After the Islamic State: The Cases of Northern Diyala and Eastern Salahaddin
205


English
کوردی
العربية


سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies
ڕاپۆرتی ئایندەیی ژمارە (٤)
حکومەتی نوێی عێراق و فەیرانی ئابووریی هەرێمی کوردستان
لەمپەر و سناریۆکان


سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies
قراءات مستقبلية رقم (٥)
مستقبل الحوارات والاتفاقيات
ثلاثية أربيل - بغداد - واشنطن
الفرص و المعوقات
نيسان 2020


سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies
ڕاپۆرتی ئایندەیی ژمارە (٣)
ململانێ ئەستەمەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان
شیعە و پێکهێنانەوەی حکومەت، ناتەواویی، چارەنووسی دیلەکانی داعش



THE FUTURE OF
KIRKUK
between
Erbil and Baghdad
2017-2018



ململانێ ئەستەمەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان
نیسان 2020


سەرهەڵدانەوەی
گرووپە تیرۆریستییەکان
لەناوچە جێناکۆکەکان
2019


ئایندەی کەرکوک
لەنێوان هەولێرو بەغدا


ئایندەی عێراق و هەرێم
لە گێژاوی پرسە هەنووکەییەکاندا


The Reemergence of the
Terrorist Groups
in the Disputed Territories
2019


الدراسات السياسية و الأمنية
مجلة معتمدة يصدرها مركز الدراسات المستقبلية


پرسە دژوارەکانی هەرێمی کوردستان و ئایندەی چاکسازییان


انتعاش الجماعات الارهابية
في المناطق المتنازع عليها
2019


ئاییندەناسی
ناوچەکانی ماددەی ١٤٠
لە قەیرانی داراییەوە بەرەو ئابوورییەکی تۆکمە
پۆست کۆرۆنا
لە پۆلەکانەوە تا پشت لاپتۆپەکان
کوردستان لە تەنیشت شۆڕشی پیشەسازی چوارەمەوە
ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە ئاستانەی گۆڕانکارییە نێودەوڵەتییەکاندا



# ئایندەناسی

CFS

Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژیی دەدات
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات

ژمارە (١١) کانوونی دووەمی ٢٠٢٢، ساڵی دووەم